**وتەیەك بۆ "کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا"**

وتەیەك بۆ ئەم کتێبە

بەشێکی زۆری وردەکاری مێژوومان وا لە نێو بەڵگە و یاداشت و نامەکانی داگیرکەرانی کوردستان و کارەکتەرەکانیان لە قۆناغە جیاجیاکانی داگیرکاریدا. پشکنین و دۆزینەوەی لاپەڕە و دێڕ و ئاماژەکانی ئەو کەرەستانە و وەرگێڕانیان ئەرکێکی پێشمەرگانەیە جا ئەگەر دامەزراوەکان بیکەن، یان تاکە دڵسۆز و بە پەرۆشەکانی وەکو مامۆستا محەمەد حەمەساڵح تۆفیق. بێگومان دۆخی باش کاری بەکۆمەڵی دامەزراوەییە کە هەموو دەرفەت و توانایەکی پێویستی بۆ تەرخان کرابێت، بەڵام خەسڵەتی چاکی کاری تاکەکەسیش ئەوەیە ئیشی خۆی لە سەر مژدەی هاتنی بەهاری هەلومەرجیلەباری دامەزراوەیی و کاری بەکۆمەڵ، پەك ناخات. بە ئیرادەی تاکە کەس بە سەر پێویستی دابینبوونی هەلومەرجی لەبار زاڵ دەبێت و بەپەرۆشی لە ڕادەبەدەریش قەرەبووی تەنیا باڵی کار و کۆششی لەم چەشنە دەکاتەوە. ئەمە چیرۆکی سەرەکی کارکردنی مامۆستایە لە وەتەی کتێبی "جینۆساید لە عێرقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد" بە چەندین چاپەوەخستە خزمەتی کتێبخانەیکوردی و "کارێکی ژەهراوی" ی یووست هیلتەرمانی کردە کارێکی شیرینی وەرگێڕان و نهاش، لە پەناوە، "نامە کوردییەکانی" میس بێڵی بۆ ئامادە کردووین. تاڵە دەزووی باریکی کۆکەرەوەی ئەم کۆششانە و چەند وەرگێڕانێکی تری چەشنی "گۆڕینی رژێم، گەلە بەشخوراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەرکووك لە راپۆرتێکی نێودەوڵەتیدا"و گەلی کاری سیاسی و ئەدەبیی تر باش دەستنیشانکردنی کاری شایان بە وەرگێڕان و چاك وەرگێڕانێتی. کاری وەرگێڕان لە ئەزموونی مامۆستا محەمەددا هەر وەرگێڕان نەبووە و نییە، بەڵکو شتێکە هاوشانی کنە و پشکنین و لەسەر سەبکێکی کوردانە دەگیرسێتەوە. دەگوترێ لە دەورانی ئەدەبی کلاسیکی عەرەبدا شاعیر هەبووە بە داخی گەڕان بە دوای "حەتتا"دا مەمالیکی زۆر گەڕاوە. محەمەد حەمەساڵح تۆفیقیش لە وەرگێڕاندا وادەکات، بنەچەی ناوی ئاوایی و گوندی کورستان و ئیدیۆمێك لێرە نەدۆزێتەوە، گوند و ئاوایی دیکەی بۆ دەگەڕێت. ئەم کارەش لەوانی تر دەچێت ئەگەرچی تەنها وەگێڕانی راستەوخۆ نییە بەڵکو لە 633 نامەی میس بێڵدا، لەوانەی کە لە بەغدای بندەستی بەریتانیاوە بۆ لەندەنی ناردووە، دەمارە کوردییەکانی لێ دەرهێناوە، بەتایبەتی ئەوەی وەرگێڕی عەرەبی خۆی لێ لاداوە ئەم، وەك لە پێشەکی خۆشیدا لێی دواوە، ئەسڵە ئینگلیزییەکەی هێناوەتەوە و وەریگێڕاوە.

باسی کورد لە نامەکانی میس بێڵدا بەشی هەرە زۆری بە دڵی کورد نییە، بەڵام هەر دەبێ ئەم ژەهرە بخۆین تا بەشێکی هەستیاری مێژوومان بدۆزینەوە و لێی ورد بینەوە. حوکمەکانی میس بێڵ، بە چاك و خراپیەوە، مەرج نییە حوکمی مولزەم بن و ئێمە سەریان بۆ نەوی بکەین. باوکە دامەزرێنەرەکانی کوردایەتی، کە لە هەلومەرجێکی خراپدا بوون، ئەمەیان نەکرد ئێمە بۆچی دوای نزیکەی سەد ساڵ، کە کوردایەتی خەریکە لەسەر پێی خۆی رادەوستێت، وا بکەین؟ هێندە هەیە ئەوی میس بێڵ تۆماری کردووە هەڵسەنگاندنی زهنیەتی داگیرکەران و کارەکتەرەکانیمان بۆ دەرەخسێنێت تا بزانین لە ژێر چ هەلومەرجێك و بە کام پێوانە بڕیار و هەڵوێستیان بەرامبەر کورد و کوردستان وەرگرتووە؟ هەروەها ئەم نامانە و باسوخواسی ئینگلیز لەسەر کورد، لەبەر کەمیی نووسراوی کورد لەسەر خۆی، تۆمارێکیشە بۆ ژیانی رۆژانەی ئەو دەمەی کوردستان کە پسپۆران و شارەزایانی مێژوو دەتوانن نرخاندنی بۆ بکەن.

دوای باسی وەرگێڕ و باسی نووسەری نامەکان، گەرەکە باسی ئەوەش بکەین موددەعیی ئەم پێشەکییە چ کارەیە لەم کتێبەدا؟ لەڕاستیدا بەندە تەنها بە نوێنەرایەتیی رۆژنامەی کوردستانی نوێ ئەم پێشەکییە دەنووسم کە ئەڵقە جیاجیاکانی "کورد لە نامەکانی میس بێڵدا" بە چەند قۆناغێك لەسەر لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامەیە بڵاو کرایەوە. دەوری ئێمە وەك ئامرازی ئەنگێزە و هاندان بووین تا مامۆستا محەمەد کارەکە زوو تەواو بکات و بەشی پێویستی بۆ هەر قۆناغێك وەرگێڕێ و ئامادە بکات، تا خوێنەری بەپەرۆشی بەشێکی مێژووی نەتەوەکەی، لە نامەکانی بێڵ بۆ باوکی، بخوێنێتەوە. ئەم بەرهەمە لە وەختی خۆیدا توێشووی رۆژانە بوون بۆ خوێنەر و بەرهەمی بەپێز بوون بۆ رۆژنامەکەمان لە گەرمەی تەنگژەی دارایی وڵاتدا کە نەریتی پاداشتی نووسین و وەرگێڕانە بە مێژوو سپێردرا و کاری مامۆستا لەم بەستێنەدا بێکارییەك بوو بۆ خۆی. ئەم پێشەکییە دەنووسم تا بەڵگەیەکی بەرجەستە بێت لەسەر خزمەتی بێ بەرامبەری وەرگێڕ بۆ رۆژنامەوانیی کوردی و بۆ کتێبخانەی کوردی بێ ئەوەی بێ تاقەت بێ و کۆڵ بدا. ئەنجام ئەم بەرهەمەیە وا دەیبینن، شایانی ئەوەی بیخوێننەوە و ڕەخنەی بکەن و لەوەش گرنگتر خاوەنەکەی هان بدەن لە وێستگەی دیکەشدا دووبارەی بکاتەوە و وەك هەمیشە کۆڵی لێ نەدا.

ستران عەبدوڵڵا

پێشەکی

میس بێڵ کێیە و
ڕۆڵی چی بووە لە دروستکردنی عێراقدا

خاتوو گێرتروود مارگرێت لوسیان بێڵ (14ی تەمووزی 1868  12ی تەمووزی 1926)، خانمێکی ئینگلیز بووە و نووسەر، گەڕیدە، سیاسەتمەدار، رۆژهەڵاتناس، شوێنەوارناس و سەر بە دەزگای هەواڵگریی بەریتانیا بووە و کاریگەرییەکی هێجگار زۆری لە داڕشتنی نەخش و سیاسەتی ئیمپراتۆرێتی بەریتانیادا بە هۆی ئەو زانیاری و شارەزاییەوە کە لە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستیهێنابوو لە میانەی گەشت و گەڕانێکی چڕ و پەیوەندیی بەرفراوانی لە وڵاتانی  میسۆپۆتامیا و شام (سوریای گەورە) و ئاسیای بچووك (تورکیای ئەمرۆ) و نیمچە دوورگەی عەرەبداو بە زۆری بەوە ناسراوە کە لەگەڵ تۆماس ئێدوارد لۆرەنس (ناسراو بە لۆرەنسی عەرەب)ی هاوڕەگەز و هاوپیشەیدا یارمەتیدەری دروستکردن و دامەزراندنی مەملەکەتی هاشمی بوون لەو دوو وڵاتەی رۆژگاری ئەمرۆ بە عێراق و ئوردن ناسراون. ئەم خانمە بەریتانییە، کە زیاتر بە میس بێڵ و پاشان لە بەغدا بە خاتوون ناوبانگی دەرکرد لە سەروەختی داگیرکردنی ئەم وڵاتەی ئێستا عێراقە و پێشتر سێ ویلایەتی ئیمپراتۆرێتی عوسمانلی بوو، لە ئاخر و ئۆخری جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەلایەن بەریتانیاوە، لە سۆنگەی ئەو رۆڵە سەرەکییەوە کە گێرای لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقدا و بە سوود وەرگرتن لەو ئەزموونە جیاکار و دەوڵەمەندەی کە لە میانەی گەڕان و پەیوەندییەکانیدا دروستیکردبوون لەگەڵ دەمڕاست و سەرۆك هۆزەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە تایبەتیی عەرەبەکان. ئەم خانمە لە ماوەی ژیانیدا زۆر بەرز  دەنرخێنرا و متمانەی پێدەکرا لەلایەن کاربەدەستە باڵاکانی بەریتانیاوە و دەسەڵاتێکی زۆر بەرفراوانیان پێدابوو وەك ژنێك لەو سەردەمەدا و بەوە وەسف دەکرا کە "یەکێکە لەو کەمە

نوێنەرانەی حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا کە لەلایەن عەرەبەکانەوە بە سۆز و خۆشەویستییی یادی دەکرێتەوە".

بێڵ لە 14ی تەمووزی 1868 لە ناوچەی دورهامی هەرێمی ئینگلاند لە بەریتانیا لەدایکبووە و لە خێزانێکی دەوڵەمەندا گەورە بووە، کەوا کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لە کۆمەڵگەی ئینگلیزدا و هەر ئەم خوشگوزەرانییەش دواتر دەرفەتی گەشت و گەڕانی وڵاتانی بۆ دەستەبەر کردووە. باپیری یەکێك بووە لە سەرمایەدارە گەورەکانی وڵات و خاوەن کارگەی پیشەسازیی ئاسن بووە و لە هەمان کاتیشدا ئەندامێکی لیبراڵی پەرلەمان بووە و رۆڵی لە داڕشتنی سیاسەتی بەریتانیادا کاری کردووەتە سەر گێرتروودی کورەزای لە تەمەنی گەنجیدا کە بایەخ بە مەسەلە نێودەوڵەتییەکان بدات و پاشانیش مەراقی تیکەڵبوون بە سیاسەتی نێودەوڵەتی بکەوێتە سەر. سێر هیو بێڵی باوکی ماوەی چەندین ساڵ سەرۆك و کاربەدەستی گەورەی شار و ناوچەکەی خۆیان بووە و رۆڵی سیاسی و ئیداریی کاریگەر و بەرچاوی بووە. لە تەمەنی چوار ساڵیدا دایکی بە سەر لەدایکبوونی مۆریسی برایەوە دەمرێت. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا باوکی ژنی دووەم دەهێنێت و ئەم خانمە باوەژنەی کە ناوی فلۆرەنس بێڵ دەبێت و وەك ژنێکی نەریتی و موحافزەکاری سەردەمی ڤیکتۆریی کۆمەڵگەی ئینگلیزی رۆڵێکی کاریگەر لە پەروەردەی ئەم دوو منداڵەدا دەبینێ و جیایان ناکاتەوە لەو سێ منداڵەی کە لە ژیانی هاوسەریدا لە باوکی گێرتروود دەبیێت. فلۆرەنس بێڵی باوەژن نووسەری شانۆیی و چیرۆکی منداڵان بووە و بێجگە لەوەش نووسەری توێژینەوەیەك بووە لە سەر کرێکارانی کارگەکەی بێڵ و رۆڵێکی گەورەی بووە لە پێگەیاندن و داڕشتنی بنەما رۆشنبیرییەکانی گێرترووددا و رەنگە هەر ئەمەش کاری کردبێتە سەر هەڵوێستی دواتری میس بێڵ لە پێشخستنی باری پەروەردە و فێرکردنی ژنان لە عێراقدا.

گێرتروود خوێندنی مێژووی مۆدێرنی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواو کردووە و بە ماوەی دوو ساڵ و بە پلەی شەرەف کۆتایی پێهێناوە و بە شێوەیەك لەڕادەبەدەر زیرەك بووە. هەرگیز لە ژیانیدا هاوسەرگیریی نەکردووە و ئەزموونێکی سۆزداریی سەرنەکەوتووی هەبووە و دوای کوژرانی دەزگیرانە ئەفسەرەکەی لە شەڕی گالیپۆڵی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئیتر خۆی بە تەواوی تەرخان کردووە بۆ چالاکییەکانی کە دواتر باسیان دێت.

گەڕان و نووسینەکانی

ساڵی 1892 بێڵ سەفەرێکی ئێرانی کرد بۆ لای خاڵی، کە ئەو دەمە باڵیۆزی بەریتانیا بووە لە تاران و لە سەر ئەم گەشتەی کتێبێکی نووسیوە بە ناوی "سەفەرنامە، وێنەکانی وڵاتی فارس" کە ساڵی 1894 چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. پاشان ماوەی دە ساڵی بە گەڕان بردە سەر لە شوێنی جیاجیای دنیادا و بە تایبەتی وەك شاخەوانێکی سەرکێش لە چیاکانی سویسرادا و لەم ماوەیەشدا حەز و ئارەزووی خۆی بۆ ئارکیۆلۆجی و فێربوونی زمان پەرەپێدەدا و بە ڕەوانی عەرەبی و فارسی و فەرەنسی و ئەڵمانی فێربوو و کەمە کەمەش بە تورکی و ئیتاڵی قسەی دەکرد. لە ساڵی 1899 دا جارێکی تر گەشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردەوە و سەردانی فەلەستین و سوریای کرد و ساڵی 1900 لە گەشتێکی دوور و درێژیدا لە قودسەوە بۆ دیمەشق شارەزایی و ئاشنایی لەگەڵ دورزییەکانی "جبل الدروز" دا پەیدا کرد.

هەروەها لە ماوەی دوانزە ساڵدا شەش جار گەشتی کردووە بۆ نیمچە دوورگەی عەرەب

"سعوودیەی ئەمڕۆ" ئەم خانمە گەشتەکانی وڵاتی شام یان سوریای گەورەی هەموو تۆمار دەکرد و بە وردی لە سەر شار و شارۆچکەکانی دەدوا و وێنەی فۆتۆگرافی دەگرت وەك شارەکانی دیمەشق، ئۆرشەلیم (قودس)، بەیروت، ئەنتیوخ و ئەسکەندەروونە. پاشان هەموو ئەم باس و خواسانەی لە کتێبێکدا کۆکردووەتەوە بە ناوی "سوریا: بیایان و شارستانییەت" و ساڵی 1907 بڵاوی کردووەتەوە. باسکردنی ورد و ڕۆشنی ژیان لە وڵاتی شام و دوورگەی عەرەبدا دەرگای بیابانی عەرەبی بۆ جیهانی ڕۆژئاوا کردووەتەوە. لە ساڵی 1907 دا بێڵ گەشتی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی کردووە و لەگەڵ توێژەری بواری شوێنەوارناسی سێر ویلیەم ڕامسی دەستی بە کار کردووە و کنە و پشکنینیان لە شوێنەواری "بین بیر کڵیسە"دا کردووە و باسێکی دوور و درێژی زنجیرەبەندی مێژووییان لە سەر بڵاوکردووەتەوە و بە ناوی "هەزار و یەك کڵیسە" هەر لە هەمان ئەو ساڵەشدا کنە و پشکنینی شوێنەوارێکی تریان لە نزیکی ئەم لە باکووری سوریا لە سەر ڕووباری فورات کردووە.

ساڵی 1909، بێڵ چووە بۆ وڵاتی میسۆپۆتامیا و سەردانی شوێنەواری شاری کەرکەمیشی شارستانێتی حیسییەکانی کردووە و نەخشەی بۆ کردووە و ئەوجا سەری لە کەلاوەکانی کۆشکی ئوخەیزەر (قێر الڕخیچر) لە نزیکی کەربەلا و باسێکی وردی لە سەر نووسیوە و دواتر چووە بۆ شوێنەوارەکانی بابل و نەجەف و دیسان گەڕاوەتەوە بۆ کەرکەمیش و لەگەڵ دوو زانای شوێنەوارناسی تر کەوتە ڕاوێژ کردن، کە یەکێکیان تی. ئی. لۆرەنس بوو. گەشتەکەی ساڵی 1913ی بێڵ بە گشتی گەشتێکی پڕ لە زەحمەت بوو بۆ دوورگەی عەرەب و ئەو دووەم ژن بوو لە پاش "لەیدی ئان بڵانت" کە سەردانی حایل بکات.

لە دەمی دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی یەکەمدا داواکاریی بێڵ بۆ پێدانی پۆست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی سەرەتایی ڕەتکرایەوە و لەبری ئەوە بە خۆبەخشی کەوتە کارکردن لە خاچی سووردا لە فەرەنسا. دواتر لەلایەن دەزگای هەواڵگریی بەریتانیاوە داوای لێکرا ڕێنمایی سەربازانی بکات لە بیابانەکاندا و لە ماوەی ساڵانی جەنگی جیهانیی یەکەم و تا کۆتایی ژیانی تاقە ژن بوو دەسەڵات و کاریگەریی گەورەی هەبێت لە داڕشتنی سیاسەتی کۆلۆنیاڵیانەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە زۆری تیمێکی لۆکاڵی قایل و پەیدا دەکرد و ئاڕاستەی دەکردن بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی. ئەو لە ماوەی گەشتەکانیدا پەیوەندیی نزیکی دروست دەکرد لەگەڵ سەرۆك تیرە و هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و سەرەڕای ئەوەش وەك ژنێك بایەخی تایبەتی دەدا بە ژن و خێزانی سەرۆك خێڵەکان.

ساڵی 1915 بانگ کرا بۆ قاهیرە و لەوێ لە نووسینگەی بەریتانی بۆ کاروباری عەرەب دامەزرا و لەوێش دیسان لەگەڵ لۆرەنس یەکیانگرتەوە، کە هەردوکیان دەرچووی ئۆکسفۆرد بوون و هەردوکیشیان بە پلەی شەرەف تەواویان کردبوو لە مێژووی نوێدا. بێڵ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و فەرەنسی و ئەڵمانی دەزانی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شوێنەوارناس و گەڕیدە و فۆتۆگرافەر بوو لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا. ئەمان هەردوکیان بە پێی ڕاسپاردەی زانای شوێنەوارناس و مێژوونووس دێڤید هۆگارس لە ساڵی 1915 دا لە بارەگای هەواڵگریی سوپا لە قاهیرە بۆ خزمەتگوزاری جەنگ دامەزران، لە بەر ئەوەی هەردوکیان لە گەشت و گەڕانی چەندین ساڵی بیابانیاندا و دروستکردنی پەیوەندی و ئاشنایی لەگەڵ هۆزە و خێڵەکاندا شارەزای بیر و بۆچوونی خەڵك و ئەو وڵاتانە بوون لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا و هۆگارس لە پسپۆرییان

تێگەیشتبوو لە شوباتی ساڵی 1916 تەواوی زانیارییان دەستەبەر کرد لە سەر شوێن و ڕێگە و هەڵسوکەوتی ئەو خێڵە عەرەبانەی کە دەکرێ دەمیان چەور بکرێت و هان بدرێن بچنە پاڵ بەریتانیا لە دژی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و لۆرەنس ئەم زانیارییانەی لەگەڵ هەواڵگریی بەریتانیادا بەکارهێنا بۆ هاوپەیمانی کردن لەگەڵ عەرەبەکاندا.

لە 3ی مارتی 1916 دا جەنەراڵ کلەیتن بە پەلە بێلی نارد بۆ بەسرە، کە هێزەکانی بەریتانیا لە نۆڤەمبەری ساڵی 1914وە گرتبوویان، وەك ڕاوێژکاری پێرسی کۆکسی گەورە ئەفسەری سیاسی، چونکە ئەم شارەزاییە لە هەر کەسێکی ڕۆژئاوایی زیاتر بوو بۆ ئەو ناوچەیە. کۆکس لە بەسرە و لە بارەگاکەی خۆیدا ئۆفیسێکی بۆ کردەوە و بێل لەوێ نەخشەی دروست دەکرد بۆ یارمەتیدانی سوپای بەریتانی تاوەکو بە سەلامەتی بگەنە بەغدا و بوو بە تاقە ئەفسەری سیاسیی مێینە لە هێزەکانی بەریتانیا و ناونیشانی "ئەفسەری پەیوەندیی پەیامنێری قاهیرە" ی وەرگرت، (واتە بۆ بیرۆی عەرەبی کە تێیدا دامەزرابوو).

پاش ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە 10ی مارتی 1917 دا بەغدایان گرت بێل لەلایەن کۆکسەوە بانگکرایە بەغدا و ناونیشانی "سکرتێری ڕۆژهەڵاتی" پێدرا. ئەو و کۆکس و لۆرەنس لە نێو ئەو گرووپە پسپۆرانەی ڕۆژهەڵات بوون کەوا وینستن چەرچڵ بانگهێشتی کردن بچنە کۆنگرەی قاهیرەی ساڵی 1921 بۆ بڕیاردان لە سەر سنوورەکانی ماندێتی بەریتانیا و دەوڵەتە تازە دروستبووەکانی چەشنی عێراق.

بە درێژایی ڕۆژانی کۆنگرەکە کۆکس و لۆرەنس و بێل لێبڕاوانە کاریان دەکرد بۆ دروستکردن و گەڵاڵە کردنی وڵاتانی شەرقی ئوردن و عێراق تا بۆ هەردوو شازادە عەبدوڵا و فەیسەڵ بڕەخسێت ببن بە مەلیکی ئەو دوو وڵاتە، لە بەر ئەوەی کورانی هەڵگیرسێنەر و ڕابەری شۆڕشی عەرەبی دژ بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، کە حوسێن بن عەلیی شەریف و ئەمیری مەککە بوو (لە 1915  1916) دا. بێل تا کۆتایی ژیانی لە بەغدا و لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاریی کۆمیسیۆنی باڵای بەریتانی خزمەتی کرد لە عێراقدا، هەروەها وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لە عێراقدا بە خاتوون دەناسرا و جێمتمانەی مەلیك فەیسەڵ بوو و ڕۆڵێکی گەورەی بینی بۆ دەسنیشان کردنی فەیسەڵ لە نێو سەرکردەکانی تری عێراقدا.

لە کۆتایی جەنگدا و لە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، بێڵ دەسنیشان کرا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی شیکاری لە سەر بارودۆخی میسۆپۆتامیا و ئەویش لە ماوەی دە مانگی کارکردنی سەرومڕدا ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی ئامادە کرد بە ناونیشانی "پێداچوونەوەی بەڕێوەبردنی مەدەنی لە میسۆپۆتامیادا Review of the Civil Administration of Mesopotamia" و بەشی کۆتاییشی بە ناوی "بڕیاردان لە حوکمی خۆبەڕێوەبردن لە میسۆپۆتامیادا" بوو. دواتر ئەم ڕاپۆرتە شیکارییە بوو بە ڕاپۆرتی ڕەسمی و سەرەکیی سیستەمی سیاسیی بەریتانیا لە عێراق. ئەرنۆڵد تالبۆت ویڵسنی بریکاری حاکمی سیاسیی بەرتانیا لە عێراق بیر و بۆچوونی جیاواز بوو لەوەی کە عێراق چۆن دەبێ بەڕێوەببرێت و وای پێباشتر بوو حکوومەتێکی عەرەبی بێت لە ژێر ڕکێفی کاربەدەستانی بەریتانیادا و خۆیان کۆنترۆڵی ڕاستەقینەیان لەدەستدابێت، یان ببەسترێت بە حکوومەتە بەریتانییەکەی هندستانەوە.

لە ئۆکتۆبەری 1920 دا پێرسی کۆکس وەك کۆمیسیاری باڵا گەڕایەوە بۆ بەغدا و داوای لە میس بێڵ کرد وەك "سکرتێری رۆژهەڵات" بەردەوام بێت لە کارەکەیدا و وەك فەرمانبەری پەیوەندی کار بکات لەگەڵ ئەو حکوومەتە عەرەبییەی بەڕێوەیە لە عێراقدا کار بگرێتە دەست. راستێکەی بێڵ رۆڵی نێوانگری بینی لە نێوان حکوومەتی عەرەبی و کاربەدەستە بەریتانیەکاندا. هەروەها دەبوو فرە جار میانگیری بکات لە نێوان گرووپە جیاجیاکانی عێراق و لەوانە زۆرینەیەکی دانیشتووانی شیعە لە باشوور و سونە لە ناوەڕاست و کورد لە باکووری عێراق، کە بە هیوای سەربەخۆیی بوون. هێشتنەوەی ئەم گرووپانە بە یەکگرتووی زۆر پێویست بوو بۆ راگرتنی هاوتایی و لەنگەری سیاسی لە عێراق لەلایەك و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە لایەکی ترەوە. عێراق نەك هەر سەرچاوەیەکی بایەخداری نەوت بووە بەڵکو دەکرا وەك زۆنێکی بەربەست رۆڵ ببینێت، بە هاوکاریی کوردەکان لە باکوورەوە وەك سوپایەکی خۆراگر لە ناوچەکەداو پاراستنی لە تورکیا و ئێران و سوریا. کاربەدەستانی بەریتانی لە لەندەن و بە تایبەتی چەرچڵ، زۆر گرنگییان بە پرین یان کەمکردنەوەی خەرج و تێچووی قورس لە کۆڵۆنییەکاندا بۆ سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەی شەڕی دڕندانەی خێڵەکی. پرۆژەیەکی تری بایەخدار بۆ هەردوو لای بەریتانیا و حکومڕانە تازەکانی عێراق دروستکردنی ناسنامەیەکی نوێ بوو بۆ ئەم خەڵکە و بەو پێوەرە خۆیان بە یەك گەل پێناسە بکەن.

کاربەدەستە بەریتانییەکان هەر زوو لەو ستراتیجە تێگەیشتن کە حوکم کردنی راستەوخۆیان خەرج و مەسرەفێکی زۆر گرانی دەوێت و عێراق بە خەرجی کەمتر بەڕێوەدەچێت ئەگەر وەك دەوڵەتێك خۆی حوکمی خۆی بکات. کۆنگرەی ساڵی 1921ی قاهیرە بڕیاری سیاسی و جوگرافی خۆی داوە لە سەر ئەو پێکهاتەیەی کە دواتر دەبێتە عێراق و هەروەها رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ داوە. لەم گفتوگۆیانەدا گێرتروود بێڵ زانیاریی گرنگ و بەرچاوی دەدا و بەو پێیە بوو بە هۆکارێکی بنەڕەتیی دروستکردنی ئەم دەوڵەتە. لەم کۆنگرەیەدا بێڵ و لۆرانس زۆر بە گەرمی پشتگیریی فەیسەڵیان کرد وەك مەلیك دابنرێت، کە پێشتر لە سوریا کرابوو بە مەلیك بەڵام فەرەنسییەکان دەریانکردبوو. ئەڵبەتە هۆکاری بە مەلیك دانانی فەیسەڵ، بۆچوونی بەریتانیەکان، ئەوە بوو کە بە حوکمی ئەوەی لە بنەماڵەی هاشمییە و نەوەی پێغەمبەرە و توانایەکی دیبلۆماسیی باشی هەیە و گرووپە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکە ڕێزی دەگرن و هێشتنەوەی ئەم پێکهاتانە لە ژێر رکێفی عێراقدا پێویست بوو بۆ ئیمپراتۆرێتی بەریتانیا و لە بەرژەوەندیدا بوو کەوا هاوسەنگیی سیاسی و ئابووری رابگرێت.

بە گەیشتنی فەیسەڵ لە ساڵی 1921دا، بێڵ بوو بە ئامۆژگاریکەری لە گەڵیٚ مەسەلەی ناوخۆییدا و لەوانە جوگرافیای نیشتەجێ و قەڵەمڕەوی تیرە و هۆزەکان و کاروباری ناوخۆ. هەروەها سەرپەرشتیی دەسنیشان کردن و دانانی کەسایەتییەکانی دەکرد بۆ کابینەی وەزارەت و پۆستە باڵاکان لە حکوومەتی نوێدا. بە درێژایی ساڵانی بیستەکان میس بێڵ بەشێکی تەواوکەری کارگێری بوو لە عێراقدا و رژێمی پاشایەتیی هاشمی ئاڵای شەریفی مەککەیان بە رەسمی ناساند و فەیسەڵ لە 23ی ئابی 1921 دا تاجی شایی لەسەرنا.

میس بێڵ شەرەڕای رۆڵە سیاسییەکەی ڕۆڵێکی پێشەنگیشی بوو لە گەڵاڵە کردن و دامەزراندنی کتێبخانەی گشتیدا و لە ساڵانی     1921  1924 سەرپەرشتیی کۆمیتەیەکی دەکرد بۆ ئەو مەبەستە و سەرپەرشتیی کتێبخانەیەکی تایبەتیشی دەکرد لە بەغدا بە ناوی کتێبخانەی ئاشتی کە پاشان لە ساڵی 1924 دا رادەستی وەزارەتی پەروەردە (مەعاریف) کرا و بە کتێبخانەی گشتیی بەغدا دەناسرا. ئەڵبەتە یەکەم خۆشەویستی ئەم خانمە شوێنەوارناسی (ئارکیۆلۆجی)

بوو و هەر لە سەرەتای هاتنە بەغدایەوە و لە پاڵ ئەو هەموو جەنجاڵییە سیاسییەیدا بیری لەوە کردەوە مۆزەخانەیەکی شوێنەوار دابنێت، بە مەبەستی پاراستنی کولتوور و شارستانێتی وڵاتی میسۆپۆتامیا و لە زێد و وڵاتی رەسەنی خۆیدا بیانهێڵێتەوە. هەروەها سەرپەرشتیی هەڵکۆڵین و کنە و پشکنینی شوێنەوارەکانی دەکرد و دۆزراوە شوێنەوارییەکانی هەڵدەگرت لە بینایەکدا و دواجار لە حوزێرانی ساڵی 1926 و بە ماوەیەکی کورت پێش کۆچی دوایی بێڵ مۆزەخانەکە بە رەسمی کرایەوە و پاش مردنی و لە سەر پێشنیازی مەلیك فەیسەڵ قۆڵی راستی مۆزەخانەکە بۆ یادەوەری بە ناوی ئەمەوە ناونرا و دەبێ ئیشارەت بەوەش بدەین کە فەرمانگەی شوێنەواریش هەرە لەسەر دەستی ئەم دامەزرا.

ساڵی 1925 بێڵ بۆ ماوەیەکی کورت گەڕایەوە بۆ بەریتانیا و تەماشای کرد خێزانەکەی تووشی گرفتی دارایی بووەتەوە و زۆرێك لە سەروەت و سامانی لەدەستداوە لە ئەنجامی مانگرتنی کرێکارانی بەریتانیا لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و داڕمانی باری ئابووری لە ئەوروپادا. پاشان گەڕایەوە بۆ بەغدا و لێرە تووشی هەوکردنی سییەکان بوو و پاش چاکبوونەوەی هەواڵی پێگەیشت کە مۆریسی برا بچووکی بە نەخۆشیی تایفۆید (گرانەتا) مردووە.

لە 12ی تەمووزی 1926 میس بێڵ لە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و پێدەچێت زیاد لە پێویست حەبی خەوی قووتدابێت و نەزانرا ئاخۆ بە مەبەستی خۆکوشتن ئەو کارەی کردووە یان هەر رووداوێکی ئاسایی بووە چونکە بە کارەکەرەکەی وتبوو لە خەو هەڵیسێنێ. هەر ئەو رۆژە بۆ ئێوارەکەی بە ڕێورەسمێکی گەورە بەرەو گۆڕستانی سەربازیی بەریتانییەکان لە ناوچەی بابولشەرقیی بەغدا بەڕێیان خست بە بەشداربوونی ژمارەیەکی هێجگار زۆری خەڵك، لەوانە هاوکارانی لە کاربەدەستانی بەریتانی و مەلیکی عێراق. لەم ڕێورەسمەدا هێنری دۆبسی کۆمیسیاری باڵای ئەو دەمەی بەریتانیا لە عێراق وتەیەکی خوێندەوە و لە کۆتاییەکەیدا وتی "ئەو ئێستا لەو شوێنەدا راکشاوە کە خۆی دەیویست و ئەویش خاکی عێراقە".

رەنگە کاریگەرترین وتە لە پاش مەرگی ئەوە بێت کە تۆماس ئێدوارد لۆرەنسی هاورێی لە نامەیەکدا بۆ سێر هیو بێڵی باوکی نووسیوێتی و تێیدا دەڵی "نامەکانی ئاوێنەیەکی وردی ناخێتی. ئەو زۆر بە پەرۆش بوو، بەوپەڕی دڵگەرمییەوە گرنگیی بە دەوروبەری خۆی و رووداوی رۆژانەی دەدا و هەمیشە چوست و چالاك بوو بێگوێدانە شەکەتی و ماندوێتی گرنگیی بەو کەسە دەدا کە سەردانی دەکرد. پێموانیە تا ئێستا کەسێکم بینیبێت لەو شارستانیتر بووبێت لە هەموو شتێکدا، لە هەستیدا بە هەموو هاوسۆزیی هزرییەوە .. پێموایە لە کاتی مردنیدا لەوپەڕی بەختەوەریدا بووبێت، چونکە کارە سیاسییەکەی کەوا گەورەترین کار بوو ژنێك لە ئەستۆی بگرێت، زۆر ورد بوو چەشنی کارەکەی من. ئەم دەوڵەتی عێراقەی ئەو خۆی بۆ تەرخان کرد تەلارێکی قەشەنگە، تەنانەت ئەگەر چەند ساڵێکی کەمیش بەپێوە بمێنێت". لەیدی فلۆرەنس بێڵی باوەژنی میس بێڵ، لە دوا پرگەی پێشەکیی بەرگی دووەمی کتێبی "نامەکانی گێرتروود بێڵ"دا، کە خۆی ئامادەی کردووە، دەنووسێت ".. با بۆ ئەو ئەجەلە نەگرین کەوا بەم خێراییە و لەم ناوەختەدا دەستی پێگەیشت.. ژیان بە حەتمی و بەبێ وەستان بەرەو خوارەوەی لێژایی گلیدەکردەوە، بەڵام مەرگ هەر لە لووتکەدا هێشتیەوە". ماوەتەوە بڵێین کە توانا لەڕادە بەدەرەکانی ئەم خانمە و فشاری گەورەی نووسینی ئەو هەموو بەرهەمەی کتێب و نامە و نامەکاری و راپۆرتی هەواڵگری و رۆژانە نووسین و گەڕان بە دوای سەرچاوەدا و کۆبوونەوە و سەردان و سەرقاڵی و راپەڕاندنی ئەرکە

قورسەکانی کارگێڕی و مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە کۆتایی نەهاتووەکانی عێراقدا و گەڕانەوە سەری نەخۆشیی بۆری هەوا و سییەکان و ساڵانی زۆری جگەرە کێشان لەگەڵ دەستە و یاوەرانی ئینگلیز و عەرەبدا و سەرباری گەرمای تاقەت پڕووکێنی هاوینی بەغدا هەموو بە قورسیی لە سەر تەندروستیی کەوت و دواجار لەڕ و لاوازی کرد و نەخۆشی خست. میس بێڵ لە کۆتاییەکانی ئەم تەمەنە جەنجاڵەیدا گەلی جار لە نامەکانی و لە نووسینەکانی تریدا ئەوەی دووپات دەکردەوە کە "پڕوا بکەن دروستکردنی مەلیکەکان هێند ماندووی کردووم کە جارێکی تر هەرگیز دووبارەی نەکەمەوە".

کارەکانی میس بێڵ بە تایبەتی لە پەرلەمانی بەریتانیا باس کراون و ویسامی ئیمپراتۆرێتی بەریتانیای پێبەخشراوە لە پای ئەو خزمەتە گەورەیەی بە وڵاتەکەی کردووە، بە تایبەتی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا و رۆڵی بەرچاوی لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئەو دەمەی وڵاتەکەیدا و ئەمەش گەورەترین خەڵاتە لە بەریتانیادا. هەندێك وایدادەنین کە ئەم کێشانەی ئێستای عێراق لەو هێڵانەی سنوورەوە سەرچاوەی گرتووە کەوا کاتی خۆی بێڵ هاوکار و کاریگەر بووە لە کێشانیدا. ئەگەرچی رەنگە واشبێت بەڵام راپۆرتەکانی ئەم ژنە ئاماژە بەوە دەکات کەوا کێشەکان پێشبینی دەکران و بە روون و ئاشکرا دەزانرا کەوا چارەسەری هەمیشەیی نیە بۆ هێور کردنەوەی ئەو هێزانەی مایەی دووبەرەکین لە مامەڵە کردنی ئەو بەشەی جیهاندا.

میس بێڵ یەکەم ژنە لە مێژوودا کەوا تۆماری سیاسیی مێژوویی خۆی نووسیبێتەوە لە نامەکانیدا و نووسینەکانی رۆژانەیدا کە دواتر لە چوارده بەرگی کتێبدا بڵاوکراونەتەوە، بێجگە لە حەوت هەزار وێنە لە میانەی گەشت و گەڕانەکانیدا شایانی باشە کەوا فلۆرەنس بێڵی باوەژنی، کە لە تەمەنی حەوت ساڵی گێرترووددەوە شووی کرد بە باوکی و رۆڵی دایکی بۆ بینی، نامەکانی بە دوو بەرگی گەورە بڵاکردووەتە بە ناوی "گێرتروود بێڵ لە نامە تایبەتییەکانیەوە" کە یەکەمیان بۆ ساڵانی 1889 1914 و دووەمیان بۆ ساڵانی 1914 1926. نامەکان سەرجەمیان 1600 نامەیە بۆ باوکی و لەیدی بێڵی باوەژنی. شایانی باسە ئەم نامانە بەشێکی زۆر بچووکیان بە لای ژیانی تایبەتی و شەخسیدا دەچن و لە هەر نامەیەکدا چەند دێڕێکی کەمن، بەڵکو بە زۆریی راپۆرت ئاسا و باسی بارودۆخی سیاسی و کارگێڕی و ئابووری و جۆراوجۆرن کە خۆی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و بڕیاری کۆتاییان لە سەر دەدات و بۆ گەلێکیان داوای راوێژ لە باوکی دەکات. لەو ژمارەیەی سەرەوە 633 نامەیان لەو دەمەوە نووسیوێتی کە هاتووەتە عێراق و لە ساڵی 1916وە بۆ ساڵی 1926 کە ساڵی مردنێتی لە بەغدا. زۆربەی نامەکانی کە باسی کوردیان تێدایە دەکەونە ساڵەکانی 1921 و 1922 و 1923 وە، هەرچەندە لە پێش و پاشی ئەم ساڵانەش لەو چەشنە نامانە هەن بەڵام کەمترن. نامەکان هەندێکیان سەرومڕ باسی کورد و مەسەلەی کوردن و هەندێکیشیان هەر تەنها بە چەند بڕگە و دێڕێك باسی کوردیان تێدایە و لەمانەدا من تەنها هەر ئەو بڕگە و دێڕانەم کردووەتە کوردی و باس و خواسەکانی تریم بە پێویست نەزانیوە. ئەڵبەتە وەك ئەمانەتێك ڕا و بۆچوونی لە سەر کورد چۆن بووە وەك خۆی بی دەسکاری کردن گواستوومەتەوە و بە گشتیش خراپ بووە بە تایبەتی دەرهەق بە شەخسی شێخ مەحموود و بزووتنەوەکەشی و تەواوی کۆششی خۆی تەرخان کردووە بۆ درووستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی لە عێراقدا وەك خۆی راشکاوانە پێی لێدەنێت چ لە نامەکانیدا و چ لە بۆنەی تردا.

ئەو بەرهەم و كتێبانەی
كەوا گێرتروود بێڵ خۆی نووسیوێتی:

سەفەرنامە، وێنەكانی وڵاتی فارس، 1894.
هۆنراوە لە دیوانی حافزەوە، لەندەن، 1892.
سوریا، بیابان و شارستانیەت، 1907.
چیاكان و خزمەتكارانی خودا، 1910.
لە مورادەوە بۆ موراد، 1911.
كۆشك و مزگەوتی ئوخێزەر، لێكۆڵینەوەیەك لە بارەی سەرەتاكانی تەلارسازیی موحەممەدییەكانەوە، 1914.
شوێنەواری هەزار و یەك كڵێسە.
ئەمە و بێجگە لە دەیان كتێب و نووسین لە سەر میس بێڵ و كارەكانی، كە لێرەدا چەند نموونەیەكی كەمی دەهێنینەوە و ئەوەی مەبەستی بێت زۆرێك لەو كتێب و سەرچاوانەی دەست دەكەوێت لە رێگەی ئینتەرنێتەوە.
هاوێل، جۆرجینا، گێرتروود بێڵ: شاژنی بیابان و پێكهێنەری وڵاتان، 2006.
واڵاش، جانێت: شاژنی بیابان، 1996.
ئادەمز، ئەماندا: خانمان لە مەیداندا، ژنە شوێنەوارناسەكانی بەرایی و لیكۆڵینەوە و سەركێشییان، 2010.
لوگیتز، لیۆرا: گەڕانێك بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گێرتروود بێڵ و دروستكردنی عێراقی نوێ، 2006.
هۆگارس، دێڤید: پرسەنامە، گێرتروود لۆسیان بێڵ (ساڵی 1926 لە جۆرناڵی جوگرافیدا بڵاوبووەتەوە)

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەشێك لەو پێشەكیەی جەعفەر خەیات بگوێزمەوە بۆ وەرگێرانی كتێبەكەی گێرتروود بێڵ بە ناوی "فێول من تاریخ العراق القریب كتاب یبحپ عن العراق فی عهد الإحتلال البریگانی 1914 1920" واتە چەند بەشێك لە مێژووی نزیكی عێراق، لە بارەی عێراقەوە لە سەردەمی داگیركردنی بەرتانیادا"، كە بە عەرەبیەكەی 510 لاپەڕەیە و ئەمە هەر هەمان ئەو راپۆرتەیە كە میس بێڵ ساڵی 1920 لە ماوەی دە مانگ ئامادەی كردوە، لە سەر داوای حكوومەتی ئەو دەمەی بەریتانیا و لە رێگەی بریكاری حاكمی مەلەكیی عێراقەوە و پێشتر باسمان كردووە.

ئەرنۆڵد ویڵسن دەریدەخات كە میس بێڵ چەند ورد بووە لە نووسین و ئامادە كردنی ئەم كتێبە راپۆرتەدا و كاتی خۆی پەرلەمان و حكوومەتی بەریتانیا زۆر بە بایەخەوە وەریانگرتووە و ڕاو بۆچوونی ئەم خانمەشیان زۆر بە هەند وەرگرتووە و لە گەلێ رووی دروستكردنی عێراق و تەنانەت مەسەلەی كوردیشەوە لە قسەی ئەم دەرنەچوون و هەرچەندە لە بازنەی كاربەدەستانی باڵای وەزارەتی كۆڵۆنییەكانی بەریتانیادا جیاوازیی ڕاو بۆچوون زۆر بووە، بەڵام لە مەسەلەی ماندێت و سەربەخۆیی یان حوكمی ئەهلیی عێراقدا بە مەسەلەی كوردیشەوە هەر ڕای ئەم و لۆرانس سەركەوتووە و لەم سۆنگەیەشەوە بووە كەوا چەرچڵ بانگهێشتی هەردوكیان كردووە بۆ كۆنگرەی ساڵی 1921ی قاهیرە، لە سەر عێراق و ناوچەكە و لەوێ بە تەواوی ڕاو بۆچوونی ئەمان وەرگیراوە و هی كەسانی تری ئینگلیز دراوەتە دواوە.

جەعفەر خەیات ساڵی 1971 ئەم کتێبەی لە چاپخانەی "دار الکتب"ی بەیروت چاپ کردووە و ئەمەی کە ئێستا لای منە هەر ئەو چاپەیە بەڵام لەم ساڵانەدا تازە کراوەتەوە و ساڵەکەی نەنووسراوە. پێشتریش من کتێبێکی تری وەرگێردراوی جەعفەر خەیاتم، لە بنکەی ژین دەستکەوت بە ناوی "العراق فی رسائل المس بیل"، واتە عێراق لە نامەکانی میس بێڵدا و لەلایەن "الموسوعە العربیە للدراسات و النشر"ی لوبنانییەوە ساڵی 2003 چاپکراوەتەوە و پێموایە چاپی یەکەمی ئەمیش هەر لە ساڵانی حەفتاکاندا بووە. بە سوپاسی بنکەی ژینەوە وەك لەو زنجیرەدا کە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوبووەتەوە، من چەند نامەیەکم سەبارەت بە کورد لە وەرگێرانەکەی وەرگرت و بڵاویشم کردەوە. پاشان کە تەواوی دەقی ئینگلیزیی نامەکانی میس بێڵم دەستکەوت و کاتێ بەراوردیان دەکەم، تەماشا دەکەم بە کەیفی خۆی لێی هەڵبژاردوون و لە هەر پرگەیەکدا کە لە سەر کورد کورد تەرجەمەی کردووە باری نەتەوە پەرستییە عەرەبیەکەی زاڵ بووە بە سەریدا و هەر قسەیەك لە بەرژەوەندیی کوردا بوویێت ئەم قرتاندوویەتی و زۆر نائەمینانە وەریگێراوە و ناچار بووم جارێکی تر راستی بکەمەوە، ئیتر نازانم لە نامەکانی تریشدا لە بارەی عەرەبی سوننە و شیعە و نازانم چییەوە هەر وایکردووە یان نە و پێموایە وەرگێران و بە تایبەتی لە مێژوودا ئەمانەتە و من بەش بە حاڵی خۆم هەرگیز رێگەم بە خۆم نەداوە کاری وا بکەم و بە لۆجیکی "ولا تقربوا الێلاه" بۆ نموونە "ورنتم سکاری"کەی ئایەتی قورئان بقرتێنم و ئەوی خۆم دەمەوێ باسی بکەم. بە هەرحاڵ هەر ئەو نیە و گەلێ نووسەر و وەرگێری تری عەرەب ئەم کارەیان کردووە و مێشێکیش میوانیان نەبووە. جەعفەر خەیات لە بەشێکی وەرگێرانی "چەند بەشێك لە مێژووی نزیکی عێراق" کە شێواندنی ناونیشانە راستەقینەکەی باس و توێژینەوەکەی میس بێڵە و بەم جۆرەیە "پێداچوونەوەیەك بە بەرێوەبردنی مەدەنی لە میسۆپۆتامیادا 1914 1920"، دەڵێ "کاتێ بەریتانیای مەزن لە هاوینی ساڵی 1920 باری گرانی ماندێتی خستە ئەستۆی خۆی، یان هەر خۆی داوای کردبوو، حکوومەتی بەریتانیا لە بریکاری حاکمی مەلەکیی گشتی لە عێراق (ئەی. تی. ویڵسن) داوای کرد راپۆرتێکی دوورو درێژی بداتێ لە بارەی بارودۆخی گشتیی عێراقەوە و لەم ماوە سەختە پر لە رووداوەدا چی بەرپابووە، ئەمیش مەسەلەکەی خستە ئەستۆی میس بێڵی سکرتێرە بەتواناکەی خۆی و زۆر بە جوانی ئەنجامیدا لە سۆنگەی زیرەکی و توانا و ئاگابوونی تەواوی لە سەر ئەم وڵاتە و حاڵ و باری دانیشتووانی و لە ماوەی دە مانگدا راپۆرتێکی گشتگیری دانا لە دە بەشدا و ناوی نا (پێداچوونەوەیەك بە بەرێوەبردنی مەدەنیی میسۆپۆتامیادا)، پاشان راپۆرتەکە بەرز کرایەوە بۆ دەزگا تایبەت و پەیوەندیدارەکان و (وەزارەتی هندستان) لە 3ی دیسەمبەری 1920 چاپی کرد و بە فەرمانی خاوەن شکۆ مەلیکی بەریتانیا درایە هەردوو ئەنجومەنی پەرلەمان و "فەرمانگەی پەڕاوگەی خاوەن شکۆ" ژمارە (سی. ئێم. دی 1016)ی دایە. لە نامەیەکی میس بێڵ خۆیدا (17ی کانوونی دووەمی 1921) باسی ئەوە هاتووە کەوا راپۆرتەکە بە کتێبی سپی ناونراوە و رۆژنامەکانی لەندەن بە ستایشێکی زۆرەوە پێشوازییان لێکردووە کاتێ کە خراوەتە بەردەمی پەرلەمانی ئینگلیزی. میس بێڵ خۆی دەڵێ کەوا حکوومەتی هندستان، کە بەرپرس بووە لە ئیدارەی مەدەنی لە عێراقدا لەو دەمەدا، داوای کردووە کە ئەم (واتە میس بێڵ) خۆی بینووسێت، نەك مستەر ویڵسنی بریکاری حاکمی مەلەکیی گشتی و ئەمیش پێی لە سەر ئەوە داگرتووە کە بە شێوازی تایبەتی خۆی بینووسێت و هەرواش کەوتەوە".

هەروەها نووسەری ناوداری عەرەب، عەبدولڕحمان مونیف، لە پێشەکییەکیدا بۆ کتێبی"جیرترود بیل من ٍروراقها الشخێیە 1914 1926" ترلیف: ٍرلیزابیپ بیرغوین، ترجمە و تعلیق و تحریر: نمیر عباس مقفر، بە ناوی "المرره التی ٍرنشٍرت دوله و نێبت ملکا"، واتە ئەو ژنەی دەوڵەتێکی

دروستکرد و مەلیکێکی دانا، چاپی یەکەم 2002، دەڵێ "لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دەرکەوت کەوا ئیمپراتۆرێتی عوسمانی ناتوانێ چیتر بمێنێتەوە و لاوازیی بنکۆڵی کردووە و گەندەڵی هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە و کێشە و گرفت تێیدا تەقیوەتەوە و لە هەموو لایەکەوە تەماحی تێکرابوو. هەرێمە عەرەبییەکان، کە بەشێك بوون لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، لە حاڵەتی ژان و کوڵاندا بوون و لە هەوڵی بچڕینی سەربەخۆیی و ئازادیانەدا بوون لەم ئیمپراتۆرێتە پیرە و دەیانویست پشتگیریی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بەدەستبێنن و ئەمانیش وا خۆیان پیشاندەدا کە پشتیوانن بەڵام نیازی تریان هەبوو، لە بەر ئەوەش کە ئەو دەوڵەتانە کۆڵۆنیاڵی بوون خۆیان مەڵاس دابوو بۆیان و بۆ ئەوەش زوو کەوتنە خۆیان و لە ناو یەکدا رێککەوتن میراتی ئەم ئیمپراتۆرێتە چۆن بەش بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانیان و چاوەکانیان، لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا، ناردە هەرێمەکانی ئەم ئیمپراتۆرێتە و بە تایبەتی وڵاتانی عەرەب، کە تێیاندا بگەڕێن و لە بارودۆخیان بکۆڵنەوە و زەمینە خۆش بکەن بۆ ئەوەی بە ئاسانترین رێگە دەستیان بە سەردا بگرن و سامانیان ببەن و گەلانیان بندەست بخەن.

لەناو نێردراواندا بۆ ئەم مەبەستە و هەر لە زووەوە نێردە مەسیحییە مژدەدەرەکان (مسیۆنێرەکان) و ئەوانەی بە دوای شوێنەواردا دەگەڕان و توێژەرانی زمانە رۆژهەڵاتییەکان و ئەوانەی بایەخیان بە خێڵ و هۆز و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کەمینەکان دەدا و ژمارەیەکی بەرچاوی ئەوانە وابەستەی بازنەکانی هەواڵگری بوون و بە فەرمان و رێنمایی ئەوان کاریان دەکرد.

ئەڵبەتە لۆرەنس و فیڵبی و میس بێڵ لەو جۆرە کەسانە بوون و لۆرەنس لەو دوانەی تر ناوبانگی زیاتری پەیدا کرد و بایەخی زۆرتری درایە و زۆرتر لە سەری نووسرا. فیڵبی بە پلەی دووەم دێت و ئەمیش بە تایبەتی لە وڵاتانی دوورگەی عەرەبدا کاری گەورەی ئەنجامدا. بەڵام میس بێڵ لەو دوانەی تر کەمتر ناوی دەرکرد و زیاتر لە عێراقدا ناسرا".

ئەڵبەتە میس بێڵ بە حوکمی توانا و بەهرەکەی و بە حوکمی ئەو پۆستەی کە پێی سپێردرابوو بە چالاکی لە عێراقدا کەوتە کار بۆ دروستکردنی مەلیك و هەڵبژاردن و دیاریکردنی وەزیر و ئەوەی ئەو رای لێبوایە بازی بەختی بە سەرەوە دەنیشت و بەم پێیە خۆنزیك کردنەوە و بەدەستهێنانی متمانەی بوو بە ئامانجی گەلێك لە سیاسییەکان و ئەوانەی بە تەمای پۆست و دەسەڵات بوون. ئەوانەش کە رکابەرییان دەکرد ڕقی لێهەڵگرتن و پاشان بە هەر شێوەیەك بووە دووریدەخستەوە و ئەمەش زیاتر لە سەید تالیب نەقیب روویدا و دووریخستنەوە بۆ هندستان و تا بەردرا فەیسەڵ کرابوو بە مەلیك. بێگومان بەریتانییەکان بیریان لە سەید تالیب کردبووە کە بیکەنە مەلیك چونکە گەورەترین دەسەڵاتی بوو لە ویلایەتی بەسرەدا و لەگەڵ ئەمیش بیر لە شێخ خەزعەل ئەمیری موحەممەرە و عەبدولڕەحمانی نەقیب و هادی پاشای عومەری لە مووسڵ و عەبدولعەزیز ئیبن سعوودی حوکمڕانی نەجد و والیی پشتکۆی لورستان کرابووەوە، بەڵام بە پشتگیری و پێداگرتنی میس بێڵ و هێزی قەناعەت پێکردنی توانی فەیسەڵ بسەپێنێ و بۆ ئەمەش گەلێ سەرچاوەی بەریتانی خۆیان ئاماژە بە جۆرە پەیوەندییەکی سۆزداریی ئەم ژنە دەکەن لەگەڵ فەیسەڵدا و تەنانەت لە دووتوێی هەندێك لە نامەکانیشیدا پەرۆشییەکی سەیری پێوە دیارە بۆ مەلیك و خێزان و بنەماڵەکەی و دوور نیە دەزگای هەواڵگریی بەریتانیا خۆی دەستی هەبوویێت لەم مەسەلەیەدا بۆ ملکەچ پێکردنی زیاتری فەیسەڵ و دەستەمۆ کردنی، کە لەڕاستیدا زۆر دەستەمۆ بووە و هیچ کاتێ لە ئامۆژگاری و ڕا و تەگبیری میس بێڵ دەرنەچووە، هەرچەندە مەلیك لەسەرێکی ترەوە

نەتەوەپەرستێکی تەواوی عەرەب بووە و من بە دووریشی نازانم هەڵوێستی سەلبیی میس بێڵ لە بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود و کورد پەیوەندییەکی ئەم لایەنەشی تێدا بوویێت. باشە کە حەزی بە شێخ مەحموود نەبوو و لە نامەکانیدا تانە و تەشەری زۆر خراپی دەداتە پاڵ، ئەی خۆ گەلێ سەرۆك هۆزی کورد لەو کاتەدا هەبووە لە فەیسەڵ خراپتر ئەڵقەلەگوێی میس بێڵ و سیاسەتی کۆڵۆنیاڵیی بەریتانیا بوون ئەی بۆچی بە بۆنەی ئەمانەوە لایەك لە کورد و مەسەلەی سەربەخۆییەکەی نەکرایەوە، یان ئەوەتا سیاسەتی بەریتانیا وایدەخواست کە سەروەت و سامانی ئەم کوردستانە کە لە جوغزی ویلایەتی مووسڵدا بوو و نەوت لەسەروبەندی ئەوەدا بوو بایەخێکی ئابووریی جیهانی پەیدا بکات و ململانێی سەختی دەوڵەتە کۆڵۆنیاڵییەکانیش لەو دەمەدا زیاتر لە سەر بایەخی نەوت  بوو و لەم نێوەندەدا مافی کورد و ئەرمەن و زۆرێکی تریش لە میللەتانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانیی رووخاو پێشێل کرا.

جارێکی تریش عەبدورەحمان مونیف لە شوێنێکی تری ئەو پێشەکییەدا باس لەوە دەکات کەوا "دەسنیشان کردنی پیاوێکی وەك فەیسەڵ بۆ عەرشی عێراق کارێکی زۆر قورس بوو، ئەگەر نەشڵێین مەحاڵ بوو، بێ هەوڵی میس بێڵ چونکە ئەم پیاوە هەرچەند مانگێك بوو لە سوریا لەلایەن فەرەنسییەکانەوە دەرکرابوو و کەسێکی غەریب بوو لەم وڵاتەدا و تەنانەت لە ناو بنەماڵەکەی خۆیشیدا ڕکابەری هەبوو و بەدەر لە کەمینەیەك لە پیاوەکانی خۆی کەس نەیدەناسی.

...ئەڵبەتە فەیسەڵ هێند لاواز بوو کە بەرگەی کۆمەڵێك کێشە و گرفتی قورسی ئەم وڵاتەی نەگرت و بەنیاز بوو واز لە دەسەڵات بێنێ و ئەم ئەرکە قورسە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، ئەگەر میس بێڵ و ژمارەیەك لە پیاوەکانی نەبوونایە کە دەستیان دایە باڵی و سەرلەنوێ هەڵیانساندەوە. بەم رەنگە میس بێڵ زۆربەی کاری رۆژانە و تەنانەت تایبەتیشی گرتە ئەستۆی خۆی و بۆ هەموو شتێك فەیسەڵ دەگەڕایەوە بۆ ڕاو بۆچوونی ئەم و کار گەیشتە گومان و تێکەڵ و پێکەڵی لە پەیوەندیدا و میس بێڵ خۆشی باسی لە چەند حاڵەتێك دەکات کەوا فەیسەڵ بانگهێشتی دەکات بۆ باخەکەی لە خانەقین بۆ ئەوەی هەندێ کاروباری لەگەڵ باس بکات، یان چی لە ئەقڵ و دڵیدایە پێی بڵێ!"

ڕاستیەك هەیە کە دەبێ بیزانین، ئەویش ئەوەیە کەوا ئەم نامانە تۆمارێکی مێژوویی نیە بۆ سەردەمی داگیرکردنی بەریتانیا و دوای ئەوەش بەڵکو مێژووی میس بێڵ خۆیەتی لەو سەردەمەدا، بەڵام بە سەرلەنوێ خوێندنەوەی نامەکان و بەراورد کردنیان بە مێژووی ئەو سەروەختەوە گەلێ راستیی شاراوەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە نامەکان لە کەسێکی ئاساییەوە نەبووە و بۆ کەسێکی ئاساییش نەنێردراوە، بەڵکو بە کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی بەئاگا لە هەموو کەین و بەینێك و بۆ باوکێك کە ئەویش دەسەڵاتدارێکی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەی ئینگلیزی بووە و سەردانی عێراقی کردووە و بەشی خۆیشی خاوەن ڕاو بۆچوون بووە لە مەسەلەکاندا و بەشێکی نامەکانیش بۆ باوەژنەکەی بووە کە ئەمیش نووسەرێکی بەتوانا بووە و ژنێکی ئاسایی نەبووە و بێڵ وەك دایك مامەڵەی لەگەڵ کردووە و دوای مەرگیش ئەم باوەژنە لە دوو بەرگی گەورەدا سەرجەمی نامەکانی بڵاوکردووەتەوە.

من پێموایە، ئێمەی کورد، ئەگەر ئەم نامانەی پەیوەندیی بەو سەردەمانەوە هەیە کە بەریتانیا بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە ڕێگەی کاربەدەستانی باڵادەستی وەك سێر پێرسی کۆکس و

ویڵسن و میس بێڵ و مێجەر سۆن و لۆرەنس و ئەدمۆنز و چەندینی ترەوە بڕیاری لە سەر چارەنووسی کورد داوە و بێ خواستی خۆی لکاندوویەتی بەم کیانەوە کە ناونرا عێراق و وەك تەوقی عەزازیل چووە ملمان، من دڵنیام بە خوێندنەوەیەکی نوێ و بەراوردکارانە بە بەڵگە و مێژووی نووسراوی تر گەلێ پەندی بۆ ئەمڕۆمان لێوەردەگرین و بە قەولی عەرەب "ما ٲشبه اليوم بالبارحه" لە گەلێ سەرەوە ئێستاشمان وەك نزیکەی سەد ساڵی پێش ئەمڕۆیە و هەندێك رووداوی دەقاودەق دووبارە دەبێتەوە و ئەمڕۆ لە جیاتی ئەو ناوانەی دوێنێ تەنها ناوی تر هاتوونەتە گۆڕێ، ئەوە نەبێ ئاڵۆزی و پێچاوپێچی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەندێك ئاڵۆزتر و شەیتانانەتر بوون و ئێمەش هەروەك سەردەمەکەی شێخ مەحموود و سەید تەها و سمکۆ و کێ و کێ واین و بگرە کەمێك خۆشبڕواتر بووین و نەوت و "سامانە سروشتییەکان" ئێستاش هەر پاژنەکەی ئەخیڵە و ئێستاش هەر نەفرەتی فیرعەونەکانە و ئەگەر وریا نەبینەوە بە ناخی زەویماندا دەبات و جارێکی تر هەڵسانەوەمان بۆ نیە. یان ئەوەیە ئێمەش بەشی خۆمان شەیتانمان تێدا هەڵکەوتووە و لە نێو چاوانمان کل دەفڕێنن و سەد چەمۆڵەیان داوە بە ناوشانی مافیای رووسی و ئیتاڵیدا و ئەڵبەتە کەڵەکە بوونی سەرمایە نیشتمانی نیە و لە هەر کوی قازانج و بەرژەوەندیی هەبوو کوڕی ئەو شوێنەیە و بێشك نیشتمان و نەتەوە و تەواوی بەهاکانی مرۆڤیشی دەکاتە قوربان. ئەگەر ئەو دەمە تەنها سوورەی چاوشینی ئینگلیز بڕیاری لە سەر چارەنووسمان دەدا خۆ ئێستا ناحەزی ناوخۆ و دراوسێی گورگی لە کەوڵی مەڕدا بووی زۆرمان بۆ پەیدا بووە و "موقەددەراتی" میللەتیش یارییەکی زۆر شەیتانانە و دزێوی پێدەکرێت و لە ئێستادا کەوتووەتە نێو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەی بێئامانەوە و دەستی مافیای ناوخۆیی و دەرەکیی خراوەتە بین و خەریکە تەواوی خەونە رەوا و رەنگینەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیمان لەباردەچێت.

محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق
تێبینی: بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

نامەکانی میس گێرتروود بێڵ
Gertrude Bell LettersMiss-
Janet Wallach: Desert Queen, The Extra Ordinary Life
of Gertrude Bell,London, 1969.
Gertrude Bell from the Wikipedia.
جیرترود بیل من ٲوراقها الشخێیه، 1914  1926، تٲلیف: إلیزابیپ بیرغوین، ترجمه: نمیر عباس مڤفر، المؤسسه العربیه للدراسات والنشر، بیروت، 2002.
المس غیرترود بیل: فێول من تاریخ العراق القریب 1914  1920، ترجمه: جعفر الخیاگ، مگبعه دار الکتب، بیروت، 1971.
جعفر الخیاگ: العراق فی رسائل المس بیل، المؤسسه العربیه للدراسات والنشر، بیروت، 2003.
خلق الملوك، رسائل المس بیل لٲبیها، ترجمه عبدالکریم النایٛری، جمع وتحقیق، بپینه النایٛری، بغداد، 1973.

1

13 ی کانوونی یەکەمی 1917

باوك و دایكی ئازیزم، تا ئێستا پۆستەم دەست نەكەوتووە و تاقە سەرچاوەی هەواڵی دنیای دەرەوەم لە ئاژانسە خراپەكەی ڕۆیتەرەوەیە. مۆڵخواردنی ئەڵمان لە بەرەی رۆژئاوادا جێی مەترسییە و نازانین ئەنجامی چۆن دەبێت. ئەمریكییەكان هێز و چەكێكی زۆر دێنن و تۆ بڵێی لە گشت دەریاكان بپەڕنەوە؟ ئەگەر وا بێت پاڵپشتێكی باش دەبن. لێرە جەنگ لە كۆتاییدایە بەڵام بەڕێوەبەرێتی هەر لە جێی خۆیدایە و ئێمە دۆڵی فوراتمان تا باشووری رۆژئاوا گرتووە و چووینەتە ئەو ناوچانەوە كە نەخشەیان بۆ نەكراوە و شتێكی ئەوتۆش لە بارەی هۆزەكانی ئەو ناوە نازانین. من لە كۆتایی مانگدا بۆ ئەو ناوچانە شۆڕ دەبمەوە. حاڵی حازر من تاوتوێی جوگرافیای حەوزی فورات دەكەم و بە پێی توانا سكێچی بۆ دەكەم، ئەمەش لەو جۆرە كارانەیە كە تا ڕادەیەك مەحاڵە لە ئۆفیسدا ئەنجام بدرێت چونكە هەموو دەم كارت پێدەپڕدرێت و بە گشتی من كتێب و نەخشەكان دەبەمە ماڵەوە و دوای نانخواردنی نیوەڕۆ كاریان لە سەر دەكەم. ڕۆژ بە فڕین دەفڕێت و هەفتەش بە پەلە دەڕوات و زۆر قورسە بیر لەوە بكەیتەوە كە ئێمە ئێستا لە نزیكەی نیوەی زستانداین. تا ئێستا ئەو بارانەی حەزی لێدەكەین نەباریوە بەڵام ئەوە هەفتەیە سەرماكەی بەدڵمانە و حەوزی ئاوی باخچەكەم ئەو دوو بەیانییە دەیبەستێ و ئەمە زۆر خۆش و جێی سەرسوڕمانە. دوێنێ بەرەبەیان چووم بۆ دەرودەشت و زۆر كەیفم بە تەزینی بەر ئەو هەوا ساردە دەهات و لە پاش سەعاتێك ئەسپ سواری دەست و قاچم سڕ بووبوو. دوای نیوەڕۆیەك چووم بۆ شوێنی پێشبڕكێی ئەسپ لە دەرەوەی شار، كەوا كاپتن لۆپتن سەرپەرشتی دەكرد. بە ڕاستی شوێنێكی خۆش بوو و لەو ناوەدا ئەسپ لە تەویلەی گەورەدا یارییان دەكرد لە ژێر دارخورمادا و كێڵگەی گەنمە شامی و جۆ و سەوزەواتیان بە تەنیشتەوە بوو. كاپتن لوپتن ماینێكی زۆر جوان و ڕەخشنی عەرەبی پێبەخشیم بە مەرجی ڕەزامەندیی جەنەراڵ هۆڵدسوێرس، بۆ ڕۆژی دوایی ئەم پیاوەم لە سەر جادە بینی و بە پێشنیازەكە ڕازی بوو، بەڵام بەو مەرجەی بە تەواوی ئاگام لێبێت و چاودێریی بكەم. دوێنێ دوای نیوەڕۆ سواری بووم و تەماحم خستە بەر سێر پێرسی بچێتە بەشی چاودێریی ئەسپ و داوا بكات جەنەراڵ ئەسپێكی باشی بداتێ و مەیتەرە عەرەبەكەم هۆشداریی ئەوەی دامێ كەوا ئەم ماینە ڕانەهاتووە بە عەرەبانەی ترام و ئۆتۆمبیل و جادەش پڕە لەمانە.

جەنەراڵ هۆڵدسوێرس پیاوێكی خۆش مەشرەبە و سەرەوكاریی كۆمەڵێك تەویلە دەكات كە دوو هەزار ئەسپیان تێدایە. پێم بڵێ مستەفا پاشات لەبیرە؟ ئەم پیاوە كوردێكی دەسەڵاتدار و دەسڕۆی خانەقینە لە سەر سنووری ئێران (1841 1921) و لە مانگی مایسەوە هاتووەتە ئێرە پاش ئەوەی ڕووسەكان بێ ماڵ و حاڵیان كرد كاتێ لەوێ بوون. من ساڵی 1911 لای ئەو ماومەتەوە و زۆری هاوكاریی كردم. هەفتەی پێشوو ژنەكەی گەیشتە ئێرە و ڕوخسارێكی جوان و قەشەنگی هەیە و وەك زۆربەی كوردەكان سوورو سپی و ناسكە و هاوینی رابوردووی لە چیاكان و ناو هۆز و خێڵەكاندا بەسەربردووە و پاش ئەوەی ڕووس خانەقینیان بەجێهێشت گەڕایەوە ئەوێ. من بانگهێشتم كرد بۆ ئێرە چونكە كاتێ لەوێ بووم بووبووینە هاورێ و باسی ئەوەی بۆ كردم كەوا چۆن هەموو چاوەڕێیان كردووین تا فڕۆكەیەكی ئینگلیز دەركەوتووە و بەمە زانیویانە
ئێمە نزیكبووینەتەوە و هاكا لە دەست تورك و ڕووس ڕزگارمان كردن. بە هەر حاڵ ئێمە ئەوێش دەگرین، بەڵام ئەگەر ڕووس بە تەواوی لەو سنوورە نەمان، وەك چاوەڕوان دەكرێت. ئەو دەمە ڕەنگە تووشی كێشە و گرفت ببین لەگەڵ ئێراندا چونكە ئەڵمان تۆڕێك سیخوڕ و كرێگرتەیان دروست كردووە.
سوریا شوێنێكی باش و پرشنگدارە بەڵام دەترسم تا سەر وا نەبێت. ڕژێمە تازەكە بە باشی

بەڕێوەدەچێت و من سبەینێ لەگەڵ (س) نانی نیوەڕۆ دەخۆم و پیاوێکی خۆش مەشرەبە. لە ناو تازە دامەزراوەکاندا کوڕێکی سێر وینگەیتی تێدایە و دوێنێ نانی لەگەڵم خوارد و چیرۆکی دڵتەزێنی لە بارەی ڕووسیاوە باس دەکرد و کچێکی پرۆفیسۆر ڤینۆگرادۆڤی خواستووە و وای بۆ دەچێت تەواوی خەڵکانی چینی باڵادەست لەناوبرابێتن و کەمیان بە زیندوویی ڕزگاری بووبێت و من لام سەیرە ئەگەر ئەوە ڕاست بێت. ئاخۆ هیچ هەواڵێکی متمانە پێکراو هەیە لە بارەی ئەوەوە کەچی ڕوویداوە؟ پێدەچێت سرووشتی ئەو هەواڵانەی وەریاندەگرین بە تەواوی پشت بە بیروڕای ئەو لایەنە ببەستێت کە سەرەوکاریی وێستگەکانی بێتەل دەکات.

کچی دڵسۆزتان

گێرتروود

2

29 ی کانوونی یەکەمی 1917

... ڕۆژی جەژنی لەدایکبوون لەگەڵ سێر پێرسی چووین بۆ ئاهەنگێکی چای خواردنەوە کە لە نەخۆشخانەی سەربازی سازدرابوو. بۆ ڕۆژی دواتر چووم بۆ نەخۆشخانەی مەدەنی کە تازە چاکمان کردبووەوە و سەردانی هەموو نەخۆشەکانم کرد بە عەرەب و جوولەکە و ئەرمەنەوە و گفتوگۆم لەگەڵ کردن، هەروەها لەگەڵ دەستە خوشکی دێرینم مەدام مستەفا پاشای کورد، )کە دایکی سەرهەنگی خانەنشین عەزیز یامڵکییە(. ئەم خانمە پێش ماوەیەك نەشتەرگەرییەکی بۆ کرابوو، بەڵام بینیم لە سەر جێگەکەی دانیشتبوو و مێزەرێکی کوردیی بەستبوو بە سەریەوە و لە کاتی قسە کردنماندا خەریکی جگەرە کێشان بوو.

3

28 ی حوزێرانی 1918

... پلانی گەشتەکەم بۆ ئێران بە تەواوی دانراوە و فەرماندەی گشتی کە بە مۆڵەت دەچووە هندستان لەو کاتەدا پێشنیازی بۆ کردم ئۆتۆمبێلەکەی ئەو بەکاربێنم. (ئەو دەمە جەنەراڵ ولیەم مارشاڵ فەرماندەی گشتی بوو، کە لە شوێنی جەنەراڵ ستانلی مۆد دانرابوو لە دوای مردنی و ئەم فەرماندەیە ساڵی 1939 کۆچی دوایی کردووە و). هەروەها جەنەراڵ گیلمان هەموو ئامادەکارییەك دەکات لە پێویستییەکانی گەشتەکە وەك ئەسپ و هێستر و شتی لەم چەشنە. لە ئێستادا سەرۆکی ئاینیی یەزیدییەکان سەردانمان دەکات کە پیاوێکی خۆش مەشرەبە و هەستێکی باشمان هەیە بەرانبەرە. ئەمانە لە باکووری مووسڵدا دەژین و زۆر پەرۆشن بچینە ناوچەکانیان و یارمەتییان بدەین لە دژی تورکەکان و ئەمەش لە ئێستادا کارێکی وا ئاسان نیە. من بە هیوام بتوانین یارمەتییان بدەین و دۆستایەتیی کۆنم لەگەڵ هەندێکیان هەیە و خەڵکێکی باشن. (ئەو دەمە هێشتا مووسڵ داگیر نەکرابوو و).

4

30 ی ئابی 1918

ئەگەر سێر پێرسی  زستانی ئەم دواییە لێرە بوایە ئەوە دەیانتوانی کارەکان بێ من رایی بکەن، بەڵام من لەو ساتەوەی کە گەڕامەوە، کاپتن ویڵسن هەواڵێکی زۆر ناخۆشی پێراگەیاندم ئەویش دامەزراندنی سێر پێرسی بوو لە تاران. بەڵام لێرە نەبوونی وایلێکردم کەوا من لە سەر هەق نەبم کە لە میانەی زستانی رابوردوودا لەوێ نەبم. ئەوەش شتێکی ئازاربەخش بوو، وا نیە؟ چونکە من پاش ئەم هەموو ماوەیە بە شێوەیەك چاوەڕێم دەکرد وەك لەسەر ئاگر بم.
من کوردستانم خۆشویست بە وڵات و خەڵکەکەیەوە و زمانە فارسییەکەم بەس بوو کەوا گفتوگۆی خۆشیان لەگەڵ بکەم، چونکە فارسی وەك دەزانن تا بڵێی ئاسانە (لێرەدا مەبەستی ناوچەکانی کوردستانی ئێرانە  و). من لەو سێ هەفتەیەدا کە بە سواری ئەسپ بە سەرمبرد لە گەشتەکەمدا لەوە زیاتر فێر بووم ئەگەر لە ماوەی چەند مانگێکدا بە ئۆتۆمبێل بسووڕامایەتەوە لەو وڵاتەدا. بەڵام ئەمە کارێکی پڕ زەحمەت و ماندوێتی بوو، چونکە رێگە و بانەکان بێئەندازە خراپ بوون و کەش و هەوا هێجگار گەرم دەبوو لە نێوەڕواندا و ساتەوەختی تاقەت پرووکێنم تووشهات لە ماندوێتی و بێزاری کەوا لە رۆژانە نووسینمدا باسم نەکردووە، بەڵام هەرگیز لە خەیاڵ و یادەوەریم دەرناچێ. لەگەڵ ئەوەشدا پاش گەڕانەوەم تەواوی چالاکی و ئامادەیی کارکردنم بۆ گەڕایەوە.
ئەو دوو مانگەی لە ئێران بە سەرمبرد وزەی زۆری پێبەخشیم و ئەمەش کارێکی باشە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئاگاداریی کاروبار بووم و وایلێکردم شتەکان باش هەڵبسەنگێنم، بۆیە دەڵێم گەشتەکە ئەو زەحمەت و ماندووبوونەوەی دەهێنا، بێجگە لە خۆشی و کەیف و سەفاکەی.

5

31 ی ئابی 1918

... وەك دەزانن سێر پێرسی رۆیشت بۆ تاران و منیش هزرو ئەندێشەم دابەشبووە بە سەر لەدەستدانی بۆ جاری دووەم و خۆشحاڵیم بەوەی کەوا دواجار هەل و دەرفەت رەخسا کەوا کەسێك دەتوانێت بارودۆخی قورسی ئەوێ چارەسەر بکات، لە کاتێکدا کە سێر مارلینگ نەیتوانی ئەو کارە بکات، لە بەر هۆکاری زۆر کەوا هەمووی لە ئەنجامی هەڵەی ئەوەوە نەبوو.
رووس بە شێوەیەك کوردستانی وێران کردووە کە ناچێتە ئەقڵەوە و زستانی رابوردوو هێند کاریگەریی داگیرکردنی رووسی بە سەرەوەیە کە بە ئەندازەی هەر وڵاتێکە تووشی وێرانکاریی جەنگ بووبێت. لە هەندێ شوێن پێنجیەکی دانیشتووانی لە برسا مردوون، چونکە سەرجەمی بەروبوومیان دەستی بە سەردا گیراوە و زۆربەی گوندەکانیان وێران کراوە. ئەو ناوچانەش کە ئێمە توانیومانە دەستی بە سەردا بگرین ئەوە خواردنمان داوە بە خەڵکەکەیان و ئاسایشمان بۆ گێراوەتەوە. لێرە هەمووان پێ لەو چاکەیە دەنێن با زمان درێژان لە تاران بۆ خۆیان بڵێن. لە کوردستان هەژار و دەوڵەمەند هەموویان بەپەرۆشن بۆ ئێمە و ئاواتەخوازن وڵاتەکەیان بەڕێوەببەین.

6

9 ی مایسی 1920 (شەخسی و نهێنی)

... رۆژی هەینی مستەفا پاشای باجەڵان سەردانی کردم و زۆر لام دانیشت. ئەی. تی. ویڵسن نامەیەکی توندی بۆ ناردبوو و ئاگاداری کردبوو کە هەقی بە سەر هیچەوە نەبێت و بچێت بە لای کاری خۆیەوە، لە بەر ئەوەی مستەفا تکای بۆ ئەم و ئەو کردبوو، بەڵام وەڵامەکە بە تەواوی رووشکێنییەکی ناپێویست بوو. داماوە مستەفا پاشا بۆ پۆزش هێنانەوە لە رێگەی منەوە و دەیوت پێی بڵێ کەوا "إنکسر خاگره"، واتە خاتری نەگرتووم و شەرمەزاری لای خەڵکی کردووم. دوێنی ژنەکەشی هاتە لام چایەکم لەگەڵ بخواتەوە و تا دوای رەمەزان ناڕواتەوە بۆ خانەقین و هەر لە بەغدا لە ماڵی باوکی دەمێنێتەوە ئەگەر پاشا مۆڵەتی بدات. ژنێکی ژیر و ئاقڵە و دەزانێت چۆن دڵی مێردەکەی رازی بکات.
... یاداشتێکی نایابمان لە وەزارەتی جەنگەوە پێگەیشت و بۆ ئاگالێبوون نێردراوە بۆ ئێمە و وەزارەتی جەنگ و لەم یاداشتەدا سەرنجمان بۆ لای ئەو گەوجێتییە بێسنوورە رادەکێشێت کە لە مەرجەکانی ئاشتیدایە لەگەڵ تورکیا. هەروەها یاداشتەکە دەسنیشانی ئەوە دەکات کەوا کێ نیشتەجێ کردنی ئەرمەن لەئەستۆ دەگرێت کە لە زەوییەکانی تورکیا بۆیان تەرخان کراوە. ئێستا ئەستەمبووڵ بە تەواوی دەستەوسانە لە جێبەجێ کردنی هەر حوکمێك کە دەریدەکات، تەنانەت ئەگەر مەرجەکانیش قبووڵ بکات. ئەوجا بە چ هۆکارێك پێشنیازی پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردیی خاوەن ئۆتۆنۆمی دەکات و وەزارەتی جەنگ رادەسپێرێت کەوا پێویست دەکات هیچ شتێك لە مەرجەکانی ئاشتیدا دانەنێت کە ئەگەری قبووڵ کردنی نەبێت، چونکە هیچکام لە ئێمە ئامادە نیە پارە و سوپای پێویست دابین بکات بۆ مەبەستێك کە ناکرێت قبووڵ بکرێت بە زەبری هێز نەبێت. لە بەر ئەوە چاوەڕوان دەکەم بانگەوازێکی نوێی ناردبێت بۆ ئەمەریکا و داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کردبێت کەوا بەرپرسیارێتیی کێشەی ئەرمینیا لە ئەستۆی خۆی بگرێت. بە هەر حاڵ ئەوان ئەمە رەتدەکەنەوە و ئەگەریش پرس بە منیش بکرێت هەر رەتیدەکەمەوە. لە هەمان کاتدا نەستوورییەکان (ئاسوورییەکان) بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان کەوا لە ژێر دەستی کوردەکاندایە و هەفتەی پێشوو شەش هەزار کەسیان لەوی هەڵاتبوون و ئێمە لەمەشدا ناتوانین یارمەتییان بدەین. من زۆر بە ترسەوە دەڕوانمە ئەم کێشەیە و پروام وایە دەبوو یەکەمجار کەسانێك بنێردرایەن بۆ رێگە خۆشکردن و ترسی ئەوەم هەیە دەردەسەرییەکی خراپ رووبدات و ئەگەر روویشیدا ئەوا ئێمە ناتوانین ویژانی خۆمانی پێ ئاسوودە بکەین. من پێموایە ئەم بزووتنەوەیە خراپ دەورووژێت بە هۆی ئەوەی کە مەرجەکانی ئاشتی هەستی موسڵمانانی ئەنەدۆڵ دەورووژێنێت و دەبێتە هۆی کوشتوبڕێکی گشتی بۆ مەسیحییەکان. پێویستە وەك کۆمێنتێك ئەوە بڵێم کە ئێمە دەتوانین لە ئەستەمبووڵدا هەر شتێك بمانەوێ بیکەین بەڵام ناتوانین لە ناوەڕاستی ئاسیای بچووکدا هیچ شتێك بکەین.
7

2 ی ئابی 1920

... دوێنێ دوانیوەڕۆ دوو کاتژمێرم بە مشتومڕ و گفتوگۆ بردەسەر لەگەڵ حەمدی بەگی باباندا سەبارەت بە دامەزراندن و چێکردنی دام و دەزگا ئۆتۆمییەکان لە باشووری کوردستاندا و هیوای خواست بە ئاکام بگات و بابەتەکەم خستە ناو یاداشتێکی دوورو درێژەوە بۆ ئەی. تی. ویڵسن ئەم بەیانییە. من ئومێدی هەموو چاکە و سەرکەوتنێك دەخوازم بۆ حەمدی بەگ بەڵام گومانم هەیە ئەم لەو پیاوانە بێت کە بتوانێت دەرەقەتی ئەم ئەرکە بێت و ئەگەر بتوانێت ئەوە بۆ ئێمە لەبار و گونجاو دەبێت و ئەی. تی. ویڵسنیش هەر ڕای وابوو.

8

5 ی ئەیلوولی 1920

دایکی ئازیزم، بە ڕاستی گەرما تەواو شەکەت و ماندووی کردووم و وا هەست دەکەم ئەم مانگی ئەیلوولەم لێناڕوات. چەند ڕۆژێکی ئەم هەفتەیە گڕەیەکی پیس هەڵیکردبوو بەڵام ئێستا کەمێك باشترە و تا دەی سەرلەبەیانی پێویستمان بە پانکە نیە، بەڵام لە دوای نیوەڕۆدا پانکە ببێت و نەبێت پلەی گەرما لە سەدی فەهرنهایت نزیك دەبێتەوە. ئەم نامەیەی من وەڵامی نامەکەی 28ی تەمووزی تۆیە (بە هەمان شێوە ئەوەی باوکیشم)، چونکە تۆ لە سەر تێبینییەکانی من قسەت کردووە لە بارەی سڵێمان فەیزییەوە. ئەو لەو جۆرە پیاوانەیە کە شت قورس دەگرێت و زەحمەتە لێی تێبگەیت و ئەو یەکێکە لە جێگرانی جارانی کۆمیتەکەی سەید تالیب. تۆ وا دەزانی لە هەوڵی چارەسەرێکی بەجێدایە، نەخێر وانیە و لە پاش ئەو مشتومڕە بە ماوەیەکی کەم بە دزە خۆی گەیاندەوە بەسرە و لەگەڵ پیاوماقووڵانی ئەوێدا هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا بۆ بەرپا کردنی ڕاپەڕینێکی چالاك و پێیوتوون کەوا شوورەییە بۆیان کە نادەنە پاڵ بەغدا. پێموایە دەیەوێ لەگەڵ ئەحمەد پاشای سەنادا حیزبێك دروست بکات ئەگەر ئەمیان بە قسەی بکات. بەشێکی مشتومڕەکەی لەسەر ئەوە بوو کەوا من و سێر ئێدگار بە توندی بەرهەڵستیی کۆمیتەکەیانین. کاتێ کلکی خستە ناوگەڵی و بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە بۆ بەغدا ناردمە شوێنی و پێموت هەموو شتێکم بیستووە و لەمەدا سوپاسی ئەحمەد پاشا دەکەم.
هەروەها بیروڕای خۆمم لە بارەیانەوە بۆ ڕوونکردنەوە، کەچی سووك و ئاسان کەوتە درۆ کردن و نکوولیی لە هەموو شتێك دەکرد و بەردەوامیشە لە سەر ئەوپەڕی هەوڵدانی بۆ ناکۆکی نانەوە. باشە دەبێ چۆن لەگەڵ ئەو جۆرە پیاوانەدا هەڵسوکەوت بکەیت؟ ئایا دەکرێ ڕێزیان لێبگیرێت؟ من ئەو ڕۆژە گفتوگۆیەکی خۆشم لەگەڵ نەقیبدا هەبوو، وابزانم پێشموتی. نەقیب وتی: "تا چەند باشە بۆ تۆ ئەگەر من لە ڕەمەزاندا چوومە سەر مینبەر و بە خەڵکم وت کەوا مەولوود و زکریان بۆ مەبەستی سیاسیی پێچەوانەی ئیسلامە؟ من کاریگەریم تا سنووری هندستانیش پڕ دەکات و مەسەلەکە وا دەکەوێتە کە من کافرم و ئینگلیز کڕیومی. باشە ئەمە یارمەتی من یان تۆ دەدات؟ تۆ دەزانی من بە تەواوی مەیلم بە لای ئێوەوەیە، بەڵام ئەگەر بە کافر لە قەڵەم درام پێتوایە چیتر کەڵکم بۆتان دەبێت لە ناو ئیسلامدا؟". ئەڵبەتە ئەم پرسیارە وەڵامی نیە تا ئەو کاتەی ئەقڵییەتی موسڵمانەکان دەگۆڕێت و ئەمەش کاتی دەوێ.
جەنگ لێکەوتە و دەرەنجامی خۆی هەیە و کۆسپ و ئاستەنگیش بەردەوامن. من بەهیوام ئەم هەفتەیە ئیمتیازی هێڵی ئاسنی ئێران بەدەستبێنین. وا ئەفسەرێکی ترمان لەدەستچوو، کە جێگری حاکمی سیاسیی کفری بوو، من ئەم ئەفسەرەم نەدەناسی و لەلایەن خێڵەکانەوە دەستبەسەر کرابوو و بە دیلیی کوشتبوویان، وەك بزانم . ئەمە چیرۆکێکی ڕاچڵەکێنە بەڵام کە خەڵکی کێوی شەڕ دەکەن کاری دڕندانە ئەنجامدەدەن و کەس ناتوانێ لەم چەرخ و زەمانەدا بەر لە دڕندەیی ئەمانە بگرێت. ئێمە دەنگوباسی ئەم جۆرە کوشتنانە هەر دەبیستین ئەگەر بێت و هەندێك دەستکراوەیی بۆ سەربازە ئاساییەکانمان نەڕەخسێنین و وابزانم ئەمە ڕای ئەی. تی. ویڵسنیشە . بە گشتی من لە ڕووی بەراوردەوە ئەم دۆخە بە ئێرلاند دەشوبهێنم و کێشەکە لە پاشەڕۆژدایە چونکە خێڵەکان نایانەوێ ببنە بەشێك لە دەوڵەتێکی یەکگرتوو، شارەکانیش بێ ئەمە بەڕێوە ناچن. کەواتە چۆن پشتگیریی توخمەکانی جێگیربوون بکەین و بیانپارێزین و لە هەمان

کاتیشدا بیگونجێنین لەگەڵ باری ئابووریی وڵاتەکەدا چونکە حکوومەتێکی سێنتراڵت نابێ ئەگەر کەس باج نەدات و زۆرینەی دانیشتووان نەیانەوێت باج بدەن و ناتوانن کاروباری بازرگانی ڕایی بکەن؟ کارەکە بەو جۆرەش ناڕوات کەوا لۆرەنس لە سەر کاغەز نووسیوێتی. قسە کردن لە سەر پێکهێنانی دوو فیرقە لە سوپایەکی عەرەبی بە تەواوی بێمانایە، چونکە بێجگە ئەفسەران چ کەرەستەیەکی ترمان نیە و سوپایەك تەنها لە ئەفسەر پێکهاتبێت هیچ سوودێکی نیە. ئێمە بە شێوەیەکی بچڕبچڕ لەشکرێکمان لە کرێکاران دروستکرد و ژمارەی گەیشتە نزیکەی بیست هەزار و وا ئێستا من بە سەر بیر و بۆچوونەکانمدا دەچمەوە. لەشکری کرێکاران شەست هەزار کەسێك دەبن و من باسی ئەوەم کرد کەوا لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵدا بیست هەزار پیاومان
دەستکەوتووە بێ سەربازگرتنی زۆرەملێ بەڵام ناتوانی بیانکەیتە سوپایەك تۆکمە لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا. هەموو کەس دەزانێ کە لێرە بارگرانیی لە سەر کۆمەڵگەی کشتوکاڵی لەڕادە بەدەرە و لە هەندێ وەزری ساڵدا پێداویستیی کشتوکاڵ زیاد دەکات وەك پەین کردنی دارخورما و دروێنەی مەرەزە و جۆ و شتی لەم جۆرە کە پیاوی زۆری دەوێ و کەواتە ئەم دوو فیرقەیەت لە کوێ پەیدا کرد؟ ڕەنگە بتوانی دوو لیوا پێکەوە بنێی و تەنانەت ئێستا سێ هەزار لێڤی یان زیاترمان پێکەوەناوە و لە حیللە کاری باش دەکەن. بەڵام من تا ڕادەیەك دڵنیام لەوەی کە وەختێکی زۆری دەوێ پیاوی تەواو لەم وڵاتەدا پەیدا بکرێت بۆ دەستەبەر کردنی یاسا و نیزام. تورکیا تورکی بەدەستەوەیە و ناتوانن یاسا و نیزام بچەسپێنن و لەگەڵ ئەوەشدا سەربازگیریی زۆرەملێیان هەیە و من بەگومانم لەوەی حکوومەتێکی عەرەبی بتوانێ سەربازگیریی زۆرەملێ بسەپێنێ. من ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کەوا بۆچی ئۆفیسەکانی هندستان ڕێگە بەم خراپی و گەندەڵییە دەدەن و سوورییەکان لەمەدا خراپیان کرد. با جارێکی تر بێینەوە لای تی. ئی. لۆرەنس کاتێ کە دەڵێ ئێمە بە زۆر زمانی ئینگلیزیمان بە سەر خەڵکی وڵاتەکەدا سەپاندووە تەنها هەر درۆ ناکات بەڵکو زۆر باش دەزانێ ئەوە درۆیە و لێرە ورد و درشتی کاروباری ڕەسمی هەر بە زمانی عەرەبییە و لە قوتابخانە، دادگا، نەخۆشخانە زمانی تر بەکار ناهێنرێت و ئەمە یەکەمجارە شتی وا ڕوودات لە سەردەمی ڕووخانی عەباسییەکانەوە.
دوێنێ ئێوارە لەگەڵ سەید تالیب ئێوارە خوانێك کۆیکردینەوە بە ئامادەبوونی جەنەراڵ هەمبرۆ، ئەیلمەر، کاپتن کلەیتن، ئەی. تی. (ویلسن)، سێر ئێدگار و مستەر بۆلارد و ئاهەنگێکی خۆش نەبوو بەڵام وابزانم سەید تالیب پێیخۆش بوو. ئەی. تی. خراپ نەخۆش کەوتبوو و من تەواو دڵم پێ دەسووتا و ئاگام لێبوو، من هەمیشە سەرنەکەوتووم لە پەیوەندیدا و لێی تێناگەم و سەرسام بووم بەوەی دڵی هەر لای میسۆپۆتامیا بوو. ڕاستە ئێمە بە تەواوی دەناڵێنین بە دەست بارودۆخێکەوە کەوا کۆنترۆڵی ناکەین بەڵام دۆخی هەڵوەشاوی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە سوریادا و هەمان دۆخی ئیسلام لە تورکیادا بە تەواوی بۆ ئێمەی سەلماندووە کە پێویستە دووربین بین و نامانبەخشێ لەوەی کە کوێر بین لە ئاستیدا.
9

5 ی کانوونی یەکەمی 1920

دوێنێ دواینێوەڕۆ بە سواری چووم بۆ کازمێن (کازمییە) بۆ بینینی خانمە شازادەیەکی تەمەنداری ئێران، کە نازناوی بانوو عوزمایە و کچی ناسرەدین شایە. حەمید خان (ئامۆزایەکی ئاغا خانە و یاریدەدەرێکی سیاسیی کەمبایەخی ئەم خانمەیە). لە نەجەف لە دەروازەی شارەکە بینیمی و بردمی بۆ ماڵی ئەم خانمە. حەمید خان ئینگلیزییەکی باش دەزانێت و ناوبەناو ئەگەر هەڵەیەکی

بکردایە بە قۆشمەیی دایدەپۆشیٚ. بانوو عوزما خانوویەکی لە نەجەف کڕیبوو بەو ئومێدەی پاش مردنی لێرە بنێژرێت. ئەو بە سەردان هاتبوو بۆ کازمێن و لێرە خانوویەکی بچووکی بە کرێ گرتبوو. لەوێ بینیم لە هۆدەیەکی بچووکدا بوو کە بە سەر حەوشەکەدا دەکرایەوە و لە ناوەوە فەرشی تێدا راخرابوو و پەردەش بە پەنجەرەکانەوە بۆ گلدانەوەی سەرما و لەولاشەوە مەقەڵییەکی خەڵووز و تووتییەك لە قەفەزێکدا ناو ماڵەکەی تەواو کردبوو. خانم لە سەر دۆشەكێك كە بە سەر فەرشی ناو هۆدەکەدا راخرابوو پاڵکەوتبوو و بە لێفەیەکی خوری داپۆشرابوو. سەرتاپا جل و بەرگی لە چەناگەیەوە بۆ پەنجەی پێی قەڵاخیی رەش بوو. ئەوەی کە بە دەرەوە بوو دەست و دەم و چاوی و جووتێ چاوی زل لە پشت چاویلکەکەیەوە و ئەوە دەگەیەنێت کەوا لە رۆژگاری خۆیدا زۆر جوان بوویێت و ژنە قاجار بەناوبانگ بوون بە بەژن و روخساری جوانیان. خانمی شازادە بە فارسییەکی ناسك و خۆش و لەسەرخۆ قسەی دەکرد، شیرین و نەرم چەشنی سێبەری دەنگێکی سەرسوڕهێن و پێی وتم کەوا میسۆپۆتامیا چەند نەفرەتی و دۆزەخ ئاسایە پاش ئەوەی باخ و باخاتە خۆشەکەی ئەسفەهانی بەجێهێشتبوو چۆن خەریکە لە گەرما دەپڕووکێ. پاشان لە بارەی ئەو پلانەیەوە قسەمان کرد سەبارەت بە دروستکردن و بەخشینی نەخۆشخانەیەك لە نەجەف و هەروەها لە بارەی کوڕە خراپەکانیەوە کە دەیانەوێت ملك و ماڵی داگیر بکەن. ئەم خانمە ژنێکی ئازا و دلێرە و دژ بە پیاوانی خزمی خۆی وەستاوەتەوە و بە رووپۆشی و بە دەگمەن دەچێتە ناو نەجەفەوە و پێیوتم کە زۆر هەست بە تەنیایی دەکات و داوای لێکردم سەردانی بکەمەوە و بەدڵنیاییەوە منیش جێبەجێی دەکەم. ئەو لە ئێستادا بە دەست رۆماتیزمەوە گرفتارە و دەیەوێت بچێتە نەخۆشخانە مەدەنییەکەمان و بەهیوام ئەم کارەی بۆ ئاسان بکەم چونکە ئەم خانمە شازادە بە تەمەنانەی قاجار کەوا ناوە ناوە و بە زۆریش بۆ زیارەت دەردەکەون بە شێوەیەکی نائاسایی خۆش مەشرەبن و ئەمانە خانمگەلێکی زۆر  گەورە و میهرەبانن، بەڵام من لە ڕادەبەدەر بانوو عوزمام خۆشدەوێت و پێموایە هەرگیز کەسێکی خۆولاتیی جیاکاری گەورەی وەك ئەم خانمە بەسالاچووە ئێرانییەم نەبینیوە کە لە سەر ئەرز راکشابێت.
کاپتن کلەیتن و مێجەر مورەی و من لەگەڵ ماڵی مستەر تۆددا ئێوارە خوانێکمان ڕێکخست بۆ بینینی ساسۆن ئەفەندی و جەعفەر پاشا و لە راستیدا ئێوارەیەکی زۆر خۆش بوو. لەوێ کەوتینە قسە کردن لە بارەی تورکیاوە و من سەبارەت بە ئەنوەر لە ساسۆنم پرسی و ئەویش بە سەرکردەیەکی سەبازیی بلیمەت وەسفی کرد کە زۆر ئازا و چاونەترسە بەڵام لە ڕووی رۆشنبیرییەوە کزە و بایەخێکی ئەوتۆی نیە؟ هەروەها وتیشی ئەو پڕوای وابوو کە ئەڵمانیا لە جەنگدا دەیباتەوە و هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو کە تورکیای لە جەنگەوە گلاند و تا سێپتەمبەری 1918ش کە بە ئاشکرا روونبووەوە ئێمە براوەین ئەو هەر قەناعەتی وابوو ئەڵمانیا سەرکەوتوو دەبێت.
من باس و خواسێکی دوور و درێژم لەگەڵ جەعفەر کرد لە بارەی سوپای نیشتمانییەوە و ئەو ڕای وابوو کە هیچ شتێك ناکرێت بێ پلان و بەرنامەیەکی بە سەربازگرتنی زۆرەملێ لە پیاوانی شارەکان و لای ئەم پیاوانی خێڵ و هۆزەکان هیچ بایەخێکی نابێت بۆ هێزە نیزامییەکان.

10

12 ی کانوونی یەکەمی 1920

... مستەر گاربێتی داماو بە فڕۆکە ویستی بچێت بۆ کەرکووك بۆ بەشداربوون لە کۆنفرانسێکدا

بەڵام فڕۆكەكەیان لای تاوق (داقوق) تێكشكا و ئەم بە بریندارى گەیەنراوەتە نەخۆشخانە لە كەركووك و قۆڵێك و دوو پەراسووى شكاوە و بیستوومانە كەو نیشانەى نەخۆشیى سنگ و سییەكانى لێدەركەوتووە و دەترسم پەراسووە شكاوەكانى چەقیبێتە سییەكانى. لە رووداوەكەدا فڕۆكەوانەكە مردووە و بە ڕاستى ئەمە كێشەیەكى ناخۆشە و ئەوان ویستوویانە بە ناچارى بنیشنەوە و خۆیان كێشاوە بە تەپۆڵكەیەكدا. ئەمە یەكەم فڕینى مستەر گاربێت بووە و پێموایە بەسەرهاتە بێماناكەى ئەى. تى. ویڵسنم بۆ نەگێراونەتەوە كاتێ كە بە فڕۆكە چووە بۆ هەولێر و مووسڵ لە مانگى سێپتەمبەردا و هەر كە ئەوێی بەجێهێشتووە كەوتووەتە ناوجەرگەى ئەو خێڵ و هۆزانەى لە یاخیبووندان و فڕۆكەكەى تێكچووە و ئەگەر بهاتایە و بە ناچارى بنیشتایەتەوە ئەوە بە مسۆگەرى خێڵەكان دەیانكوشت. ئەو رێك لەو كاتەدا كە (كەركووك یان هەولێرى بەجێهێشتووە) لە بنكەى فەرماندەییەوە برووسكەیەكى پێگەیشتووە بە دەقى ئەم وشانە "ئەگەر كۆمیسیارى مەدەنى بەردەوام بێت لە رۆیشتن بۆ مووسڵ كارێكى باش دەكات ئەگەر بۆمبێك بە سەر باتاسدا بەربداتەوە"، بێگومان باتاس لەو كاتەدا بە تەواوى لە حاڵەتى یاخیبووندا بوو و ئەڵبەتە ئەوەش جۆرێك بوو لە خۆشبەختى كەوا ویڵسن بەرهەڵستیى جێبەجێكردنى نەكرد بەڵام داڕشتنى وشەكانى برووسكەكە وەك بێمێشكییەكى ناوازە ئازاریدام.
11

22 ى كانوونى دووەمى 1921

... لەم رۆژانە بانگهێشتێكى نانخواردنى ئێوارەم ساز كرد كەوا بەشداربووان تێیدا كاپتن كوك لە وەزارەتى ئەوقاف و شاكر بەگ كە دەسنیشان كراوە بۆ پۆستى قایمقامى دەڵتاوە (خاڵس  و) و یوسف بەگى ژنبراى كە لە وەزارەتى پەروەردەیە. شاكر بەگ كۆڵۆنێلێكى پێشووى توركیایە و هەرچەندە عەرەبێكى بەغدادییە بەڵام لە تایپى راستەقینەى توركە و چووەتەوە سەر هوون (واتە خێڵە تۆرانییەكانى ناوەڕاستى ئاسیا  و). ئەو دەڵێ كەوا هۆزەكانى دیالە تەنها پێویستیان بە ئیدارەدانێكى توندوتۆڵە و لەمەدا راست دەكات و پاش مانگێك دوان لە دەستبەكاربوونى خۆى دەزانێت چۆن هێوریان دەكاتەوە و لە شوێنى خۆیان دادەنیشن. ئەم پیاوە هەمیشە مەیلى بە لاى ماندێتى بەریتانیاوەیە و بەشدار نەبوو لە ئاژاوەگێرییەكەى هاویندا كەچى لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانى ئینگلیز بە گومانێكى زۆرەوە چاودێرییان دەكرد و پێموایە ئەوەش هەڵە بوو. ئەو دەزانێ كەوا زۆر كەس پلە و پایەى باشیان بووە لە سەردەمى توركدا و رایشى وایە كەوا هیچ حكوومەتێكى عەرەبى ناتوانێت لە سەر پێى خۆى بوەستێت ئەگەر هێزى بەریتانیا پشتیوانیی نەكات. رەنگە یوسف بەگ نەتەوە خوازێكى بەپەرۆش و دڵسۆز بێت و لێى پرسیم ئاخۆ دڵنیام لەوەى كەوا تورك نەیانویستووە سەربەخۆیى بدەنە عەرەب، منیش پێموت زۆر دڵنیام كە نەیانویستووە و ئەگەر گەرەكیشیان بووایە نەیاندەتوانى لە بەر ئەوەى پارە و هێزى پێویستیان نەبوو بۆ ئەو مەسەلەیە. ئەم مشتومڕە ئەوەى دەگەیاند كەوا ئەو پێ لەوە دەنێت كە توركەكان لە ماوەى سێ ساڵدا زۆر نەگۆڕاون و هەروەك خۆیان دەمێننەوە. من زۆر ژنەكەى شاكر بەگم خۆشدەوێ كە خوشكى یوسف بەگە و هەر كاتێ چوون بۆ دەڵتاوە سەردانیان دەكەم.
ئێوارەى دواتر بانگهێشتى چەند كەسێكى ترم كرد بۆ نانى شێوان، لەوانە مستەر موور، كە پەیامنێرى رۆژنامەى تایمزە لە تاران و هاتووەتە ئێرە بۆ نووسینى چەند بابەتێك لە سەر میسۆپۆتامیا و پیاوێكى چاك و زیرەكە، هەروەها مێجەر لۆنگریك لە كەركووك و مستەر هێكس گاوەر كە یەكێك لە ستافەكانى كۆڵۆنێل ناڵدەرە لە مووسڵ. مێجەر لۆنگریك كە من پێموایە یەكێكە

له بەتواناترین پیاوە گەنجەکانمان و کوردەکانی زۆر بەدڵ بوو. ئەو پێیوابوو کەوا کوردەکانی سنووری میسۆپۆتامیامان بە تەواوی خواستی خۆیانەوە دێنە ژێر رکێفی حکوومەتی عەرەبی ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و من دەزانم کۆڵۆنێڵ ناڵدەریش هەر وا بیر دەکاتەوە. سلێمانی کێشە و گرفتێکی قورسە بۆمان و پێموایە بە تایبەتی لە بەر ئەوەی مێجەر سۆنی  حاکمی سیاسی هەموو بیر و بۆچوونێکی دامەزراوە لۆکاڵییەکانی ڕەتکردووەتەوە و لەوە تێناگات کەوا ئیدارەی بەریتانی دەبێ هەر کۆتایی پێبێت.
 ئێمە دەبێ شێوەیەك لە شێوەکانی حکوومەتی کوردی لۆکاڵیمان هەبێت کەوا باشترە پەیوەندیی بە میسۆپۆتامیاوە ببێت بۆ بەرژەوەندیی هەموو لایەکی پەیوەندیدار و تاقە ئەڵتەرناتیڤیش بۆ ئەم دۆخە ئەوەیە کە بچینە دەرەوە و مەسەلەکە هەر بە پشێوی و ئاڵۆزی بهێڵینەوە. بەڵام بیر و باوەڕەکانی ئەی. تی. ویڵسن دەکرێ کاڵ بێتەوە و بگۆڕێت کەچی مێجەر سۆن هەرگیز کۆڵ لە ئایدیا و باوەڕی خۆی  نادات و خۆشبەختانە وا بۆ مانگێك دوان مۆڵەت وەردرەگرێت و مێجەر لۆنگریك بە تەواوی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرێت و هاوکار دەبێت لەگەڵمان.

12
13 ی شوباتی 1921

باوکی ئازیزم، وا خەریکم وەڵامی نامەکەت دەدەمەوە کە لە 12ی کانوونی دووەم بۆت ناردم و خۆزگەم دەخواست کە لە موحازەرەکەتدا بەشدار بوومایە، دەستخۆش و خوا سەلامەتت بکات. من دڵنیام کە زۆر خۆش بووە و بە کارتەکەدا دیارە کە بە شێوەیەکی سەرسامکەر هەمەلایەنە بووە. من کە ئەم نامە دوور و درێژانەت بۆ دەنووسم چونکە تاقە شێوەی رۆژانە نووسینەکانمە کە بیپارێزم و نامەوێ کۆپیی لێبپارێزیت تەنها یەك دوو رۆژ نەبێت کە رەنگە بمەوێت و کێ دەزانێت؟ ئەم هەفتەیە بە شێوەیەکی بەرچاو سەرنجڕاکێش بوو کە تێیدا بیست کەس لە دوورخراوەکان گەڕانەوە کەوا ئەی. تی. ویڵسن ناردبوونی بۆ هەنجام و یەك لەوانە سەید ئەحمەد داودی سەرۆکی ئاژاوەگێڕانی بەغدا بوو کەوا وڵاتی بە سەر یەکدا تێکدابوو. ئەڵبەتە سلێمانی کوریشی لەگەڵ تاقمێك ئاژاوەگێڕی تردا گیران و ئەمانە نووسەر و هەواخوای رۆژنامەی ئیستیقلال بوون کەوا هەفتەی رابردوو کورتەیەکیم لەبارەوە بۆ ناردیت. قەدەغە کردنی رۆژنامەکە بۆ ماوەیەك بوو بە مایەی مشتومڕ بەڵام مەسەلەکەی سپاردە وەزارەتی ناوخۆ و دواجار سەید تالیب  بوێریی خۆی کۆکردەوە و کارەکەی جێبەجێ  کرد و ئەمەش کارێکی شکۆمەندانە بوو لەلایەن ئەوەوە و پێدەچێت بە تەواوی تێیدا سەرکەوتوو بێت. من هیچێکی وام نەبیستووە هەندێ دەربڕین و گوزارشتی فریاکەوتن نەبێت لەملاولاوە، بە تایبەتی قەناعەت هێنانی دوو عالمی بەتەمەنی نەجەف و هەندێ شێخ و سەیدی دیوانییە لە بارەی یاخیبوونی ئێستای دژ بە ئێمە و لێرەش تکاکارن لە سێر پێرسی بۆ بەردەوامی پێدانی بەڕێوەبەرێتیی بەریتانیا! ئەوەی ئەوان دەیڵێن گوایە بەغدا پێشتر فێڵی لێکردوون و بۆیە ئەوان سزایان وەرگرتووە و ئێستا دەڵێن خوا شایەتە کە بەغدا دەیەوێت دیسان هەمان گەمە بکاتەوە. ئەڵبەتە ئەمەش دانپیانانێکی ناوخۆیی سەیرە کەوا بەم ئاسانییە و بۆ دووەمجار فێڵیان لێکراوە. حکوومەتەکەی ئێستا هێشتا دەستی بە سەر لیواکاندا ناڕوات بەڵام پێموایە لێرە (واتە بەغدا  و) جێگەی خۆی کردووەتەوە و ئەم دۆخەش تا ڕادەیەك وایلێکردووین کە سوپاسی سەید تالیب بکەین و چاوەڕوانی و بۆچوونەکانی باشترن و دیارە زۆر باش گەمەکە دەکات، بەڵام هێشتا هەر قەناعەتم پێ نیە.
... بەڵام من گومانم لەوە هەیە کەوا ئێمە کاتمان هەبێت بۆ پەیرەویکردنی ئامۆژگارییەکانی

عیززەت پاشا و لێگەڕێین شتەکان ڕێچکەی خۆیان بگرن بۆ چەند مانگێك و کۆنگرەی پاریس ڕەنگە دەرفەتێك بداتە ئیمارەتی میسۆپۆتامیا بۆ تورکیا یان بە نەخێر بشکێتەوە. لە کۆبوونەوەی نێوان سێر پێرسی، وینستن (چەرچڵ) و ئەللێنبی و سەمۆییڵ لە سەرەتای مارتدا، ئەوە بەدڵنیاییەوە سێر پێرسی دەیەوێت من لەگەڵ خۆی ببات و منیش ئامادەییم دەرپڕی بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە زۆر هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەم لە بەجێهێشتنی وڵات بۆ چارەنووسی خۆی لە غیابی سێر پێرسیدا و قەناعەتم وایە کە باشترە من لێرە بمێنمەوە تا ئەو ئاستەی کە هەر کەسێك هەر شتێك بکات بۆ لە چوارچێوە گرتنی رای گشتی ئەوە من باوەڕم وایە کە من یەك لەو کەسانە بم ئەو کارە دەکەن و ڕەنگە ئەگەری ئەوەش هەبێت کە من هەڵە بم. هەروەها دەیویست ساسۆنیش لەگەڵ خۆی ببات و وایبۆدەچم ئەمە زیرەکییەکی تەواوە و ئەمەش یارمەتیی سێر پێرسی دەدات کە هەستی حکوومەتێکی عەرەبیی ڕاستەقینە بداتە کۆنگرەکە و حکوومەتەکەش وا هەست بکات کە لە سەر زەمینەیەکی پتەو وەستاوە. من زۆر جار لە پێشبینییەکانم بە هەڵەدا دەچم بەڵام لەمەدا باوەڕم وایە کە ئەگەر ماندێت ڕەتبکەینەوە ئەوە هاتوهاوار و غەڵبەغەڵب لە وڵاتدا بەرز دەبێتەوە و تکامان لێدەکەن کە قبووڵی بکەین. من گومانم هەیە کە فەرەنسییەکان هەر خەریکی فرۆفێڵە ئاساییە ڤێزەونەکانیانن و عیززەت پاشا ئاگاداری کردوومەتەوە کە بە دڵنیاییەو فەرەنسییەکان خەریکی دنەدان و هاندانی کوردەکانن کەوا لەگەڵ عێراقدا نەڕۆن بەڵکو داوای ماندێتی فەرنسییەکان بکەن! لە ئێستادا کوردێکی پیرە ساڵ لە پاریسە و ناوی شەریف پاشایە و لە ڕێگەی ئەمەوە فەرەنسییەکان هەوڵی خۆیان دەدەن وەك عیززەت باسی دەکات.
مەسەلەیەکی گەرمی تر لە ئارادایە کە ئەویش لێبووردنی گشتییە و من دڵنیام کەوا کاتی هاتووە، یان زۆر نزیکبووەتەوە و پێویستە دەستپێشخەریی تێدا بکەین. ئەمە لە لایەن دەسەڵاتدارە سەربازییەکانەوە بە توندی بەرهەڵستیی دەکرێت و حاڵی حازر سێر ئەیڵمەر ناڕەزایی دەردەبڕێت لە سەر گێرانەوەی دوورخراوەکانی لە پێشەوە باسم کردن. من پێموانیە سێر ئەیڵمەر رای تایبەتی خۆی هەبێت چونکە هیچ کاتێك نیەتی بەڵام هەندێ لە ستافەکەی دەیخەنە سەر ئەو ڕا و بۆچوونە. ئەوان لەوە تێناگەن کە حکوومەتێکی عەرەبی هیچ کات رازیی نیە بە سەپاندنی سزا لە سەر یاخیبووانی دژ بە کارگێریی سەربازیی بەریتانی. ئێستا من دەمەوێ سەربڵندیی ئەوەمان پێببرێت کەوا خۆمان ئەو هەنگاوە بنێین و ڕێگە نەدەین عەرەبەکان فشارمان بخەنە سەر بۆ ئەو کارە و ئێمە هەرگیز شتەکان لە کات و ساتی خۆیاندا ناکەین و سێر پێرسی زۆر بە ڕەقی بڕیاریداوە کە بیروبۆچوونە ڕاستەکان ئەنجام بدات. بەم ڕەنگە ئەگەر من کارەکە چێبکەم پێموایە ئەو رازی بێت لە سەری. ئەم ئێوارەیە جەعفەر پاشا و کاپتن کلەیتن لای من نانی شێوان دەخۆن و ئەم مەسەلەیان لەگەڵ باس دەکەم.

13

29 ی مایسی 1921

... هەوڵەکانی ئەم هەفتەیەکمان بە شێوەیەکی سەرەکی ئێرانە و کەوتنی سەید زیائەدین ئێران دەخاتە نێو مەنجەڵێکی کوڵاوەوە و دەترسم زۆر بە توندی بتەقێتەوە. قەوزاقەکانی ڕەزا خان لێی هەڵگەڕاونەتەوە و ڕەزا خان خۆیشی سەربازێکی نەزان و نەخوێندەوارە و زۆر نەگونجاوە بۆ بەڕێوەبردن و پەرۆشی دامەزراندنی دکتاتۆرێتێکە. هەر کە هێزەکانمان لەوێ کشانەوە هێزی کاریگەری وڵات کەوتە دەستی و شای ئاگادار کردووەتەوە کەوا سەید زیا دەستی لەگەڵ

بەلشەفیکەکاندا تێکەڵ کردووە بۆ رووخاندنی ئەم و پشتگیریی لە پاشماوەکانیان دەکات. بەڵام ڕاستێکەی ئەو ئێرانی وا لێدەکرد کە خاکێکی بەپیت نەبێت بۆ بەلشەفیزم بە بنکۆڵ کردن و لابردنی ئەو زەمینەیەی بەلشەفیزمی لە سەر وەستابوو. بە پێچەوانەوە وەزیرە تازەکە پشتی رەزا خانی دەگرت چونکە وای بڵاو دەکردەوە کە سەید زیا لە نزیکەوە بووبووە داردەستی راوێژکارە سەربازی و داراییە بەریتانییەکان. هەرچەندە هێشتا زووە بۆ پێشبینی کردن بەڵام پێدەچێت ئەم کوودەتایە وا بکات لە باکووری ئێران کە جارێکی تر بکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی رووسیا واتە رووسیای نوێ کە سیاسەتی دەرەوەی زۆر نەگۆڕاوە لەگەڵ رژێمی پێشوو. ئەوان رەنگە وڵاتەکە بکەنە بەلشەفیك، لە حاڵەتی تێکچوونی شیرازەی حوکم و ئاژاوە و پشێویدا و هۆزە گەورە و دەسەڵاتدارەکان هەرچییان دەست بکەوێت لە شارەکاندا بیفڕێنن و بیخەنە ژێر رەحمەتی خۆیانەوە، یان بە شێوازی کۆن ئێران لاواز بکەن، بەڵام سەید زیا هەوڵی دەدا لەو دۆخە بیپارێزێت.
سبەینێ لێبووردنی گشتییەکە دەردەکەوێت، سوپاس بۆ خوا و ئەمە دەستی ناسیۆنالیستەکانمان دەکاتەوە بۆ کارکردن. بە ڕاستی گوتارەکەی مستەر چەرچڵ بۆ پەرلەمان روونکردنەوەیەکی ئیزافی بوو، چونکە دەبێ شتێك بڵێ لە بارەی ئەوەوە کە فەیسەڵ کاندیدێکی پەسەندە لای خاوەن شکۆ (مەلیکی بەریتانیا و) کە بە فراوانی رەچاوی ئەوە دەکرێت وەك زۆرترین پەسەندکراو. ئەم هەفتەیە گرژییەکی سووك روویدا لە سەر پێکهێنانی سوپای عەرەبی و کۆڵۆنێڵ جۆیس پرۆژەیەکی خستە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ناردنی لایەنەکانی ئەفسەرە دامەزراوەکانی عەرەب و لەگەڵ نەیاریی سەلبی بەرامبەر دەوەستنەوە.
ئەنجومەنیش، کە ڕەنگە جەعفەر تێیدا تاکە ناسیۆنالیستی دەرکەوتوو بێت، زۆر ئەنجومەنیش کە ڕەنگە جەعفەر تێیدا تاکە کەسی ناسیۆنالیستی دەرکەوتوو بێت، زۆر بە دڵنیاییەوە هەست بەوە دەکەن کەوا سوپا دەبێتە لانکەی ناسیۆنالیزم و ئەفسەرە دامەزراوەکانیش پرۆپاگەندەی نەتەوەیی لە وڵاتدا بڵاو دەکەنەوە. بەم پێیە ئەنجومەن بەرهەڵستیی خۆی راگەیاند و مەسەلەکەی دواخست و پاساوی ئەوە بوو کە لە ئێستادا هێزی لێڤی بەسە و بە رەخنە گرتنی توند لە ئەفسەرە عێراقییەکان کۆتاییان پێهێنا کەوا خزمەتی سوریایان کردووە. بۆ بەیانیی رۆژی دواتر عەبدولمەجید شاوی هاتە لام و لە بارەی مەسەلەکەوە چۆن کەوتەوە لەگەڵم دوا و داوای راوێژی لێکردم کە چۆن دەنگ بدات کاتێ کە گفتوگۆ دوادەخەنەوە. بۆ ئێوارە کۆڵۆنێل جۆیسم بینی و سبەی بەیانیش بە ڕێکەوت نەقیبم بینی و مەسەلەی سوپای خستە بەر باس و وتی کەوا لەوە دەترسێ ئەوەی لە سوریا روویدا لێرەش دووبارە بێتەوە، کەوا توندوتیژیی سەربازی حکوومەتێکی نیشتمانیی رووخاند و رەنگە هەمان ئەو کەسانە لێرەش ئەکتیڤ بن. منیش وتم هاوتەریبییەك لە مەسەلەکەدا نیە، چونکە لە سوریا ئەوان شەڕیان لەگەڵ دەسەڵاتی ماندێتدا دەکرد و لای ئێمە کارەکە بەو جۆرە نیە.
... من نیازم وایە لە کۆتایی هەفتەدا بۆ ماوەی چەند رۆژێك بچم بۆ سلێمانی و دوو شەویش لە کەرکووك بمێنمەوە و بە ئۆتۆمبێل بڕۆم. سلێمانی لە راپرسیدا ئەوەی رەتکردەوە کە بێنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عەرەبی و حاڵی حازر بەرەو ئەوە دەڕوات کە ببێتە ناوچەیەکی بچووکی کوردی و راستەوخۆ لەلایەن سێر پێرسییەوە بەڕێوە ببرێت. ئێمە بەهیواین لە دواجاردا بێتەوە ناو عێراق بەڵام کارێکی باش نیە ئەگەر مەسەلەکە زەبری هێزی تێبکەوێت. دانیشتووانی ئێرە سەرلەبەر کوردن و دەڵێن کەوا نایانەوێت ببنە بەشێك لە دەوڵەتێکی عەرەبیدا. من هەرگیز نەچووم بۆ ئەوێ و بەتەماین هەواڵی مامەڵەی چاك ببیستین لە فەرمانگەی کۆمیسیۆنی باڵاوە.

14

5 ی حوزێرانی 1921

... ئێمە لە کاتێکی زۆر دژواردایین. ئێران گومانێکی زۆری بۆ دروست کردووین بەڵام جارێ هەر بە خامۆشی ماوەتەوە. ئەو پیاوەی خراوەتە جێگەی سەید زیائەدین، واتە قەواموڵسەڵتەنە کەسێکی بەتوانایە وەك سێر پێرسی دەڵێ و نوێنەرایەتی ئەرستۆکراتە لیبراڵەکان دەکات، بەڵام ئاخۆ هیچ ئەرستۆکراتێك هێند لیبراڵە کەوا دژ بە بەلشەفیزم بوەستێتەوە، ئەوە من گومانم هەیە. ئارمیتاج سمیس ماوەیەکە کاری خۆی راگرتووە بەڵام من لاموایە ئەمە شووم و چارە ڕەشییە و کۆڵۆنێڵ هادڵستۆنی راوێژکاری سەربازیی بلیمەت باس لە ڕێگا چارەیەك دەکات. ئەگەر سمیس بڕیاریدا بڕوات من هیواخوازم کاروباری لێقی بەڕێوەببات لە شوێنی ئایرنساید.
سەید زیا ئێستا لێرەیە و (واتە بەغدا و) بە رێگەوەیە بەرەو هندستان و پاشان بەریتانیا. پێدەچێت بەریتانیا ببێتە داڵدەدەری نەتەوەخوازە لە کارخراوەکان یەکەمجار فەیسەڵ و دواتر سەید زیا!
ئەڵبەتە ئەمەش شتێکی سەیر و سەمەرەیە، کاتێ کە بیری لێدەکەیتەوە کەوا زوڵم و ستەمی ئیمپریالی وەك بەلشەفیکەکان لە سەرانسەری ئاسیادا ناویان زڕاندووە، دەبێ لە ژێر باڵی خۆیدا نیشتمانپەروەرە لەکارخراوەکان کۆبکاتەوە. سەید زیا پیاوێکی زۆر خۆش مەشرەبە و جارێکیان لە نێوەڕۆخوانێکدا لە تاران لەگەڵ خانەوادەی کۆکسدا کۆبووەوە و بۆ سەبەینێش لەگەڵ مندا بۆ بینینی جەعفەر و ئاشنایی پەیداکردن لەگەڵی و من و ئەو پێکەوە بە فارسی و فەرەنسی قسەمان دەکرد. ئەو هۆکاری رووخاندنی خۆی کە تەواوی دەگێڕێتەوە بۆ پیلانگێڕیی شا چونکە لە پرۆژەکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی ئەم دەترسا و بڕیاری دابوو بیگۆڕێت. من ناخوازم ئێران بکەوێتە ناو ئاژاوە و پشێوییەکی بەلشەفیکانەوە، بەڵام ئەوە مایەی پێکەنینمە کە ببینم شا ئاوها نوقمی بووە.
... پێموایە ئاگادارم کردوویتەوە کە لە ئەنقەرەدا پەرگرەکان دەستێکی باڵایان پەیدا کردووە کە لە دیدو بۆچوونی ئێمەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئاژاوەگێڕیی تورکیا بەردەوام بێت لە ناوچە سنوورییەکانی باکوورماندا. دوا رووداو ئەوەیە کەوا ئەفسەرێکی تورك لەگەڵ 13 کەسدا لە رەواندزدا بینراون، کە شارۆچکەیەکی کوردنشینە لە چیاکانی رۆژئاوای مووسڵدا و بەشێکی زۆری دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە بەم دواییە عەرزەوحاڵێکیان بۆ ناردووین و داوا دەکەن بخرێنە سەر عێراق و لە ژێر ماندێتی ئێمەدا بن. بەڵام دەرکەوتن و پەیدابوونی ئەم دەستە و تاقمە ترس و لەرزی خستووەتە هەموو ناوچە سنوورییەکانی کوردنشینەوە کە چاوەڕوانن ئاخۆ ژمارەی زیادی تری تورك دێنە ئەم ناوە و دەبێ ئینگلیزەکان چیبکەن. وەك خۆشت دەزانیت ئێمە هێزێکی سەربازیی وامان نیە بۆ بەرگری کردن لەم سنوورانە دژ بە دەسدرێژیی تورك و گریمانەش لە قاهیرە ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ تورکیادا لە حاڵەتی ئاشتیدایین.

15

14 ی ئابی 1921

باوکی ئازیزم، ریفراندۆمەکە تەواو بووە و ئێمە تەنها چاوەڕێی دوا ئیمزای ئەنجامەکان دەکەین بۆ ئەوەی لە لیواکانەوە بگات و پاشان فەیسەڵ وەك مەلیك رادەگەیەنرێت بێ دواکەوتن.
هەڵبژاردنەکە بە کۆی دەنگ ئەویان دیاری کردووە بەڵام لە ژمارەیەکی هێجگار زۆری دەنگەکاندا کە

دەتوانم بڵێم زیاد لە نیوەی وڵاتە  خەڵکەکە لای خۆیانەوە مەرجێکیان داناوە و دەڵێن هەتا ئەو کاتەی ئەم مەلیکە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیادا دەپارێزێ ئێمە قبووڵمانە یان تا ئەو کاتەی کە لە ژێر پارێزگاریی بەریتانیادا دەنێن. داڕشتنی ئەم ئیزافەیە لای هەر یەکە و بە جۆرێکە بەڵام هەموویان لە سەر هەمان شت کۆکن و تاقە بواردنێکیش لەم مەسەلەیەدا کەرکووکە. وەك خۆت دەزانی لەوێ خەڵکی عەرەبیان ناوێ و لە ناو تورکەکاندا پرۆپاگەندەیەکی زۆری داتاشین بە لای تورکیادا هەیە. دوو گەڕەکی شاری کەرکووك داوای فەرمانداریێکی تورکیان کردووە و کوردەکان دژی ئینگلیز نین بەڵام حکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆیان دەوێ لە ژێر سایە و پارێزگاریی ئێمەدا و ئەمەی ئەوان گەرەکیانە نە خۆیان و نە کەسی تریش سەری لێدەرناکات، چونکە ئەوان بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە بە هیچ شێوەیەك نایانەوێ ببەسترێنەوە بە لیوا کوردییەکەی سلێمانییەوە، کەوا پێش هاتنی فەیسەڵ دەنگی بەوە داوە کە لە دەرەوەی دەوڵەتی عێراق بێت. بە هەر حاڵ، ناسیۆنالیزمی کوردی لەم چەند مانگەی دواییدا زۆری ڕست و زۆری وڕێنە کرد، کە رەنگە بیستبێتت، تا لە ڕاستیدا سێر پێرسی توانی قەناعەت بە کەرکووك بکات بێنە سەر ڕێ و گوێ لە ئەقڵ و مەنتیق بگرن. ئەربیل و تەواوی ناوچە کوردییەکانی دەوروپشتی مووسڵ هاتوونەتە ژێر بار، چونکە دەزانن کە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریيان بەستراوە بە مووسڵەوە. ئەوان سەودا و مامەڵەیان لە سەر ئەمە کردووە و هەمان ئیمتیازیان دەست دەکەوێ چەشنی کاربەدەستانی کورد. هەندێك لەوان داواکارن کەوا خوێندن لە قوتابخانەکاندا دەبێ بە کوردی بێت و ئەمەش داواکارییەکی رەوا و بەجێ نیە ئەگەر ئەو ڕاستییە رەچاو نەکرێت کەوا کوردی بە دەگمەن زمانی نووسینە و هیچ مامۆستایەکی کوردیش نیە و ئەوان دەتوانرێ تەنها بە عەرەبی راهێنانیان پێبکرێت، لە بەر ئەوەی بە هیچ کلۆجێك کتێبی کوردی نیە.

ئای دنیا چەند سەیر و سەمەرەیە!

... رەنگە بەشێکی بە هۆی کەشوهەواوە بێت و بەشێکیشی بە هۆی خراپی و بێمانایيەوە بێت کە وایلێکردم شێت و هار بم بە دەست رۆژنامە لۆکاڵییەکانەوە. رۆژنامەی "دیجلە" لەلایەن کابرایەکی گەنجی گەوج و بێئەقڵەوە دەردەکرێت کە هێرش دەکاتە سەر هەموو کەس و گوێ نادات بەوەی کێیە و کێ نیە. ئەم بڵاوکەرەوە بێئەقڵە بازاڕییە کە خۆی بە ئۆپۆزسیۆنێکی گەردوونیی دەزانێت رۆژنامە شەق و شڕەکەی بە پەرۆشەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کەوا بنوێنێ نەیاری ئێمەیە و خۆی وا لە قەڵەم دەدا کە نیشتمانپەروەرێکی ئاست بەرزی عەرەبە بە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەو سەرکەوتنانەی تورکیا لەم شەش هەفتەیەی رابوردوودا بێ ئەوەی بیر لە رۆژ و بەروار بکاتەوە. دواجاریش راستیی دەردەکەوێت لە نێو  تەمومژدا و هەمان ئەو رۆژەی ئەو جاڕیدا کە گریکەکان (یۆنانییەکان) بە کەشتی لە ئیزمیر هەڵاتوون کەچی هەر لەو رۆژەدا ڕۆیتەر لە رۆژنامەیەکی تری پەیوەندیدار بە عەرەبەوە رایگەیاند کەوا تورکەکان ئەنقەرەیان چۆڵکردووە و ئەمەش لەوە قورستر بوو کە من پێم قووت بدرێ. تۆ دەزانی کە لێرە لە ئاستی میللیدا خەڵك رقیە لە سەرکەوتنەکانی گریك و ئافەرینی هەر کەسێ دەکەن کە لە بارەی سەرکەوتنەکانی تورکیاوە دەدوێ سەرباری ئەوەش رۆژنامەکەی دەکڕن و لە بنەڕەتدا منیش هەمان هەستم هەیە. من هەر هیچ نەبێ نامەوێ گریك لە ئاسیای بچووکدا ببینم و لەوێ جێگیر بن، بەڵام ئەرکی من لە ئێستادا دروستکردن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبییە لە میسۆپۆتامیادا، لە بەر ئەوە تاقە دوژمنێك کە لە ئێستادا دەیبینم کەمالییەکان و هاوپەیمانییانە لەگەڵ بەلشەفیکەکاندا. ئەوان لەم ساتەدا بە هێزێکی شەست کەسییەوە پارچەیەك لە وڵاتە شاخاوییەکەی ئێمەیان داگیر کردووە کە دەکەوێتە باکووری ئەربیل (هەولێر)ەوە و حکوومەتێکی تورکییان تێدا دامەزراندووە و مەسەلە تەنها هێزە و هیچی تر، بەڵام ئێمە هێزی تەواومان نیە بینێرینە سەرەوە بۆ ئەو شاخانە و تەنها دەتوانین بە

هێزی ئاسمانی مامەڵەی لەگەڵ بکەین کە ئەویش بەس نیە. بەم پێیە جارێ لێگەڕاوین و ئەنجامەکەشی ئەوەیە کەوا هەر سەلکە زۆڵێك بە درێژایی ئەو سنوورانە خۆی پێدا بکات. لە کاتێکدا کەوا رۆژنامەی "دیجلە" برووسکەی سەرکەوتنەکانی تورکیا بڵاودەکاتەوە، جەعفەر ناردبووی بە شوێن ناونووسین و دامەزراندن لە سوپای عەرەبیدا بەڵام کەسی دەست نەکەوتبوو، چونکە خەڵك هزر و ئەقڵی شێواوەوە کەوتوونەتە قسە و باسی لە ئەگەری گەڕانەوەی تورکەکان! ئەمەش لە رۆژهەڵات خەڵك حەزی پێدەکات.

16

28 ی ئابی 1921

باوکی خۆشەویستم، پاش ئەوەی دوو هەفتە بوو نامەم بە دەست نەگەیشتبوو، ئەم هەفتەیە دوو نامەم بە دەست گەیشت کە لە 19ی تەمووز و 27یدا نووسرابوون بە باسکردنێکی قووڵ و خۆشیHeart of Yourkshire من وا نامە بۆ دایکم دەنووسم و نامەکانم هەمان شێوازی پەرۆشیی جارانیان پێوەیە. هەرچۆنێك بێت هەفتەیەکی ترسناکمان بردە سەر و مەلیکەکەمان تاجی لەسەرنا و سێر پێرسی و منیش لە سەر ئەوڕایە کۆکین کەوا نیوەی دەریامان پڕیوە و نیوەکەی تریش کە ماوە مەسەلەی پەرلەمان و دەستوورە. بەینی خۆمان بێت خۆ ئەوەم بۆ نووسیت کەوا حکوومەتی خاوەن شکۆ چ کێشە و گرفتێکی بۆ دروستکردین لە دوا ساتدا و وەڵامی فەیسەڵ و سێر پێرسی.
حکوومەتی خاوەن شکۆ وەك من ناوم لێناوە تازە بە تازە خەریکی دارەدارەیە لەمڕووەوە و ئەمە هەمووی هەڵە بوو و دوور لە نیازی ئەوان بۆ دەستێوەردان و خوا کەریمە و ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە بەرەو پێشەوە دەچین. شەوی دووشەممە ئاهەنگێکی نانخواردنی خێزانیمان ساز کرد لەگەڵ جەعفەر و نوری و ژنەکانیان، هەروەها برایەکی گەنجی جەعفەریش کە ناوی تەحسین بوو بەشداری کردین، ئەم برایەی پشکنەری پۆلیسە لە سامەڕا و گەنجێکی زۆر باش و بەتوانایەو بە ڕاستی شەوێکی خۆش بوو. جەعفەر و نوری یەکبینە لەخۆشییاندا خەریکی نوکتە گێرانەوە بوون و منیش بۆم دەسەندنەوە. ڕێورەسمی تاج لەسەرنان رۆژی سێشەممە کاتژمێر شەش دەستی پێکرد و زۆر جوان بەڕێوەچوو، سەکۆیەکی 2 × 6 پێ بەرز لە ناوەڕاستی حەوشەی سەرای گەورەدا دانرابوو، لە پشتیەوە جێگەی فەیسەڵ تەرخان کرابوو لەگەڵ شوێنی گەورەی پێشوازیی حکوومەت و لە پێشەوە جێگەی ئێمەش ڕیز ڕیز دیاریکرابوو: ئینگلیزەکان، کاربەدەستانی عەرەب، پیاوماقووڵانی شار، وەزیرەکان، نوێنەرە ناوخۆییەکان و تێکڕا ژمارەی ئامادەبووان دەگەیشتە هەزار و پێنجسەد کەس. ئێمە لە دەروازەی سەراوە بە پسووڵە دەهاتینە ژوورەوە و کاتێ مەراسیمەکە دەستی پێکرد پۆلیسی عەرەب نەیهێشت کەس بێتە ژوورەوە و زۆرێك لەو کەسایەتییە پایەبەرزانەی درەنگ هاتن نەیانتوانی بێنە ژوورەوە. ئەمە هەموو ڕێکخستنی عەرەب بوو و بە تەواوی ڕاست و دروست بوو. من پێش ئەوەی ماڵەکەم بەجێبێڵم حاجی ناجی بەرەو ئاهەنگەکە بەڕێکەوت و بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆم سەرمخست و پێکەوە ڕۆیشتین. من و لەیدی کۆکس و گاربێت و خاتوو سلەیتەر و یەك دوو پیاو لە بارەگای حکوومەت لە ڕیزی پێشەوەی ئینگلیزەکان بووین. ڕێك کاتژمێر شەش فەیسەڵمان بینی بە بەرگی ڕەسمییەوە، لەگەڵ سێر پێرسیدا بە دەستەجلێکی سپیی یونیفۆرمەوە بە تەواوی شریت و ئەستێرەکانیەوە، سێر ئەیلمەر، مستەر کۆرنواڵیس و تاقمێك بەدوایانەوە بە سەر فەرشی درێژدا هەنگاویان دەنا و

گاردی شەرەفیان دەپشکنی و بەرەو سەکۆکە دەچوون. لە ناو ئەوانەدا سەید مەحموودی کوڕە گەورەی نەقیب و سەید حوسێن ئەفنانی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئامادە بوون. ئێمە هەموو هەڵسااینە سەرپێ کاتێ ئەوان هاتنە ژوورەوە و ئەوجا دانیشتین کاتێ کە جێگای خۆیان لە سەر سەکۆکە وەرگرت. فەیسەڵ زۆر بە شکۆوە دەرکەوتبوو بەڵام بە تەواوی شڵەژابوو و ساتەوەختێکی پڕ کەف و کوڵ بوو. ئەو چاوی بەڕیزی پێشەوەدا دەگێرا و چاوی خستە سەر من و سڵاوێکم لێکرد، پاشان سەید حوسێن ئەفنان هەڵسا و بەیاننامەی سێر پێرسیی خوێندەوە و ڕایگەیاند کەوا فەیسەڵ بە دەنگی 96% ی خەڵکی میسۆپۆتامیا بە مەلیك هەڵبژێردرا. بژی مەلیك! لێرەدا ئێمە هەڵسااینە سەرپێ و سڵاومان بۆ کرد و ئاڵای نیشتمانی لە تەنیشتیەوە بەرز کرایەوە و تیپی مۆسیقایش سروودی "خوایە مەلیك بپارێزی"ی خوێند، چونکە تا ئێستا سروودی نیشتمانییان نیە (ئەڵبەتە ئەمە سروودی نیشتمانیی بەریتانیا بوو وەرگێڕ) و لە پاش سڵاوی نیشتمانی بیست و یەك گوللە تۆپ تەقێنرا و لەو کاتەدا سەید مەحموود زۆر بە شێوەیەکی نەشیاو دۆعای سوپاسگوزاریی خودای خوێند و لەجیاتی ئەنجومەنی وەزیران بەیعەتی مەلیکی کرد. مێجەر دیچبێرن لە ناوچەی ناسرییەی دوورەدەست پێیوتم کاتێ تۆپەکان تەقین یەکێك لە سەرۆك هۆزەکانی سەعدوون کە لە هەڵۆ دەچوو و بە تەنیشتیەوە دانیشتبوو وتوویەتی "هادە الحچی، واتە ئەمەیە قسە!" (مەبەستی ئەوە بووە کە ئیش هەر لە خۆیان دێت و) و وا دیارە بووە بە قسەو باسی هەموو شوێنێك. دواجار مەلیك فەیسەڵ وتارێکی بۆ خەڵکەکە داو ئێمە تێکستی وتارەکەمان بە برووسکە بۆ ناردوون و دەتوانن بیخوێننەوە، پاشان کە مەلیك هاتە سەر پرگەی بەریتانیای مەزن ئاوڕی بۆ لای سێر پێرسی دایەوە. بە هەر حاڵ وتارەکە زۆر جوان و سادە و دڵگیر بوو. لە پاش ئەمە دەرچوونە دەرەوە بەو شێوەیەی کە هاتنە ژوورەوە و ئێمەش تاوێك دانیشتین تا سێر پێرسی و جەنەراڵ بە ئۆتۆمبێلەکانیان ڕۆیشتن و پاشان ئێمەش بە ڕێککەوتن بە دەم قسە کردن و گۆڕینەوەی سڵاو و پیرۆزباییەوە. شتێکی سەرسامکەر بوو کە هەموو عێراق لە باکوورەوە بۆ باشوور ببینی لەوێدا پێکەوە کۆبوونەتەوە و لە مێژوودا یەکەمجارە ئەمە ڕوویدات. پاشان من چووم بۆ ئۆفیس و لەگەڵ خانەوادەی کۆکسدا قاوەڵتیمان کرد و دواتر پێشوازیم لە کۆمەڵێك خەڵك کرد کە هەر یەکەیان بەیت و باوێکی ئەو بەیانییەی لەلابوو کە یەك لەوانە عەلی سلێمانی دلێم بوو کە دەیوت "بەو خوایە سێر پێرسی کۆکس وەك مانگ لە ناویاندا دەدرەوشایەوە (مانگ لای عەرەب بۆ نێرینەیە) و ڕوخساری لە هی فریشتە دەچوو". من لە خەڵکی ترم بیست کەوا گەورەترین ئاسوودەیی و کەیفخۆشیی شێخەکانی ناوچە دوورەکان ئەوە بووە کە چاویان بە سێر پێرسی بکەوێت چونکە پێشتر نەیانبینیبوو. ئەمە شتێکی چاکە کەوا کەسایەتییەکی لەم چەشنەیە، بە باڵای بەرز و باریکی و لووتی پڵنگ ئاسای. بۆ ئێوارە ئاهەنگێکی نانخواردنم بۆ هەشت کەس ساز کرد کە مێجەر دیچبێرن و موتەسەڕیفی لیواکەی کە ئیبراهیم بەگی سەعدوونە و پۆستەکەی وەك موتەسەڕیف کەمێك زەحمەت بوو چونکە خوێندەواریی نەبوو، هەروەها عەبدوڵا بەگی سەعدوون کە هەفتەی پێشوو بۆم باسکردی، عەبدولمەجید شاوی، مستەفا چەلەبیی سابوونچی کە یەکێکە لە پیاوماقووڵانی مووسڵ. بەهیوام دوو کەسایەتییەکەی ترم بیر بێتەوە کە ناوەکانیانم لەبیرچووەتەوە. هەردوو سەعدوون جلی بەدەوییان پۆشیبوو، چەلەبی کەواو مێزەر، عەبدولمەجید بە جلی ئەوروپی و فێسێکی لە سەر نابوو. کارەکە بە باشی بەڕێوەچوو. ئەحمەد پاشای سەنا لە بەسرە، کە نەهات بۆ بانگهێشتنەکە، چایەکی لەگەڵ خواردمەوە و بە دوور و درێژیی لە بارەی دۆخی بەسرەوە دوا و باسی ئەوەی دەکرد کە بەسرە دەیەوێت ببێتە بەشێك لە عێراق و دەخوازێ پەیوەندیی نزیك و بەهێزمان هەبێت زیاتر لە هەر بەشێکی تری عێراق. منیش وتم ئەمە هەمووی ڕاستە کاتێ کە ئەوان بەشێکی تەواوکەر و

دانەپڕاو بن لە عێراق و ئەندامانیان بنێرنە ئەنجومەنی هەڵبژێردراو.
بۆ بەیانیی ڕۆژی ئاینده سێر پێرسی و ستافەکەی یەکەم کەس بوون بچنە خزمەتی فەیسەڵ. ئەمە کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی دەستی پێکرد و یەکەمجار سێر پێرسی رۆیشت ئەوجا مستەر گاربێت و دوای ئەوانیش من. فەیسەڵ لە پێش تاجەکەیدا وەستابوو، سێر پێرسی لە لای ڕاستیەوە، مستەر گاربێت لە لای چەپیەوە و منیش پاش ئەوەی بۆی نووشتامەوە چوومە لای چەپی سێر پێرسی، لە کاتێکدا هەموو ستافە بەریتانیەکان بەوێدا تێپەڕین. (من ئەستێرەکەم و هەر سێ ویشاحی جەنگم بەستبوو، بۆ یەکەمجار لە کاتی تاج لەسەرناندا). ئێمە هەرسێکمان لەگەڵ فەیسەڵ و دواتریش مستەر کۆرنواڵیس لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتین و کەوتینە قاوە خواردنەوە تا ئەو کاتەی هاتن و وتیان ئاهەنگەکە سازە و ئەوجا ئەوێمان جێهێشت درەنگانێکی پاش نیوەڕۆ خانەوادەی کۆکس ئاهەنگێکی بچووکیان ساز کرد لە باخچەکەیاندا و فەیسەڵ هەواڵی لێگێراینەوە کە حەز دەکات بێت بۆ ئەوەی سوپاسی سێر پێرسی بکات. مستەر کۆرنواڵیس، کۆڵۆنێل جۆیس و تاقمی سێر پێرسی و ماڵی گاربێت و من لەوێ بووین. ئاهەنگەکە ئەوپەڕی خۆش و قەشەنگ بوو لە سەر سەوزەگیای ژێر دارخورماکاندا. فەیسەڵ پێنج شەش کەسی دەستە و تاقمەکەی خۆی هێنابوو، هەموو دانیشتن بۆ ماوەی سەعاتێك و شیرینی و ساردەمەنیمان خوارد. پاشان من بانگهێشتێکی ترم هەبوو بۆ نانخواردنی ئێوارە بۆ هەشت کەس کە عەبدوللەتیف پاشای مەندیل و حاجی مەحموود وەزیری ئەوقاف و قایمقام و نەقیب و قازی بوون و دانیشتنێکی زۆر خۆش بوو. قازیی مووسڵ ڕەنگە خۆشەویستترین پیرەمێرد بێت لە هەموو عێراقدا، کە پیاوێکی سپی پێست لە جبە و مێزەرێکی سپیدا و زۆر قەشەنگ و ژیر دەینواند، وەزیری ئەوقاف کەسێکی ڕووخۆش و ئاقڵ، نەقیب پیاوێکە تەمەنی کەمێك سەروو هەفتا ساڵە و مێزەرێکی سەوزی تێری بە سەرەوەیە و زۆر بایەخێکی ئەوتۆی نیە بەڵام هەر ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ نەوەی پێغەمبەرە و بنەماڵەکەی فەرمانی نەقیبیان هەیە لە زەمانی تەیموورلەنگەوە. ئەمەش بە شێوە تورکییەك نووسرابوو کە نەیاندەتوانی بیخوێننەوە و بەڵگەنامەیەکی ڕێزلێنان بوو. سەیدەکانی مووسڵ بەشێکی زۆر بایەخدار بوون لە  شاردا و ئەمانە هەر هەموو نەوەی یەك باپیرە گەورەن و نزیکەی هەشت سەد لەمەوپێش هاتوونەتە مووسڵ. لە نێو ئەم تاقمە دێوانە و دەروێشەدا عەبدوللەتیف مەندیل کەسێکی جیاواز بوو و ڕوخسارێکی نەجدی و شێوازی عەرەبێکی قووڵایی وڵاتی عەرەبستانی هەبوو. باوکی لە بەسرە نیشتەجێ بووە و ئێستا کە تالیب دەسەڵاتی نەما پێموایە بەهێزترین کەسایەتییە لە وڵاتدا و هەر ئەویش داواکاریی خەڵکی بەسرەی ڕێکخست بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمە بمێنێتەوە. باشە بۆچی؟ ئاخر ئەو بازرگانێکی گەورەیە و دەیەوێ لە ئاوی مەنگ و هێمندا ڕاوە ماسی بکات و گوزارشی تەواو بەهێزی دەکرد لە دید و بۆچوونی خۆی لەم ئێوارە خوانەدا. پاشان هاتینە سەر گفتوگۆ کردن لە سەر کەرکووك و وەزیری ئەوقاف کەوتە دوعا و پاڕانەوە لە خوا کەرکووك لە عێراق جیابێتەوە چونکە وەقفەکانیان هیچ نانێرن و لە ناو خۆیاندا هەر خەریکی شەڕ و ئاژاوەن و لێرەدا مەجلیسەکە هەموو دایانە قاقای پێکەنین، بەڵام قازی سەری هەڵبڕی و بە هەندێك دوور و درێژی و زۆر ئاقڵانە لە سەر مەسەلەی کورد دوا. لێرەدا دوو میوانەکەی ترم بیرکەوتەوە کە لە ئاهەنگەکەی یەکەمجاردا هاتبوون، ئەوانیش موتەسەڕیفی عەمارە ساڵح باش ئەعیان بوو کە لە زیرەکیدا مەیموونیش گرەوی لێنەدەبردەوە و من زۆرم خۆش دەوێ، لەگەڵ عەبدولقادر باش ئەعیانی خوشکەزایدا کە ئاهەنگێکی گەورەی لە قاهیرە بۆ جەعفەر سازکردبوو.
سێر پێرسی زۆر نەخۆش بوو، بەڵام لە ڕۆژی تاج لەسەرناندا تەندروستیی باشتر بووبوو و ئێستا بە تەواوی چاکبووەتەوە، لە بەر ئەوە من کە بۆ ماوەی هەفتەیەك نەمدەهێشت خەڵك بچێتە لای و

بۆنەیەکم ڕێکخست بۆ پیاوماقووڵان کەوا سەردانی بکەن و سڵاوی لێبکەن و دوو ڕۆژمان بۆ ئەوە دانا، کە هەینی و بەیانیی شەممە بوو. زەحمەتە پێت بڵێم لە یەك کاتدا چەند کەس لە ئۆفیسدا بوون و زۆرم لا خۆش بوو ئەوانە ببینم کە هی وایان تێدابوو لەوەوپێش هەرگیز نەمدیبوو، هەروەها زۆرێك لەوانە پێشتر بەغدایان نەدیبوو. بەسرە و عەمارە ڕۆژی هەینی هاتن، حیللە و مووسڵ ڕۆژی شەممە و هەر هەموو گەورە پیاوانی ئەو شوێنانە بوون. لە ناو ئەمانەدا مووسڵ لە هەمووی خۆشتر و سەرسامکەرتر بوو و من کردمن بە سێ تاقمەوە: یەکەم بۆ گەورە پیاوانی شاری مووسڵ کە میوانەکانی من و هاوەڵەکانیان بوون، ئەوجا قەشە و مەترانەکانی مەسیحی کە زۆرن لە مووسڵدا لەگەڵ گەورە ڕابی و حاخامی جوولەکە. یەك لە مەسیحییەکان مار شەمعوونی بچکۆلە بوو کە مەتران و فەرمانڕەوای نەستوورییەکان بوو و ئەم پۆستە لە بنەماڵەکەیاندا بە میراتی لە باوباپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە و ئەمیش پار ئەم جێگەیەی وەرگرتووە. ئەم کورە بچکۆلە ڕۆحسووکە تەمەنی دە ساڵ بوو و بە تەواوی بە پێی داب و دەستووری کەنیسە هاتبوو، خاچێکی زێڕی گەورە و زنجیرێکی لەملدا بوو و چارەنووس بۆی دانابوو کە ببێتە مەتران. گرووپی سێهەم لەوانیتر خۆشتر و سەرنجڕاکێشتر بوو ئەویش سەرۆکە کوردەکانی ئەو سنوورانە بوون کە هەڵبژێرابوون بێنە ناو دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەو دەمەی کوردستانێکی سەربەخۆ گەڵاڵە دەبێت و خواستیان دێتەدی. من پێشتر تەنها یەك کەسم لەوانە دەناسی ئەویش سەعید بەگی سەرۆکی ئایینیی ئێزیدییەکان و ئەو دەمەی لە ساڵی 1909 دا من لەگەڵ باوکیدا بووم ئەو منداڵێکی حەوت هەشت ساڵان بوو. دەستمان کردە ملی یەکتر و بە تەواوی ئەوەی لەبیر بوو کە هەموو جار دەهات لە خێوەتەکەمدا لەگەڵم دادەنیشت. هەندێکی تریان خەڵکی زۆر کەتە و زل بوون و لەوانە شێخ نوری بریفکانی کە سەری پاك سپی و مێزەر و جبەشی هەر سپی بوو و دەسەڵاتی ئاینی و دنیایی بە سەر بەشێکی زۆری خەڵکی سنووردا دەڕۆیشت. قادر ئاغای شووش لە ناوچەکەدا زۆر دەستباڵا بوو و لە زمانی کوردی بەولاوە هیچی تری نەدەزانی و پیاوێکی کەتە و لەڕادە بەدەر قەڵەو بوو، دەستەجل و شەرواڵێکی پانوپۆڕ و خەتخەتی لە بەردا بوو لەگەڵ پشتێنێکی گوڵگوڵی و گەورەترین مێزەری کوردیی بە سەریەوە و شاڵێکی گەورەشی بە دەورەوە پێچابوو، بە ڕاستی بینینی ئەم پیاوە شتێکی خۆش بوو. پاش ئەوەی چارەکە سەعاتێکیان لەگەڵ سێر پێرسی بردە سەر، هەر هەموو بە نۆرە هاتنەوە لای من و لەوێدا کوردەکان هاتن و زۆر لام دانیشتن. قایمقامی زاخۆ قسەی دەستپێکرد و وتی دەرفەتی ئەوەیان نەبووە باسی پاشەڕۆژی کوردستان بکەن لەگەڵ سێر پێرسیداو لە بیروڕای منیان پرسی لەو بارەیەوە، منیش پێموتن کەوا ڕام وایە ئەو ناوچانەی ئەوان لێیەوە هاتوون لە ڕووی ئابوورییەوە پشتیان بە مووسڵ بەستووە و بەم پێیە بێت دەبێ چەند کوردستانێك دروست بێت. ئەوان قەناعەتیان بەم قسەیە کرد، بەڵام شێخ نوری وتی دەبێ کاربەدەستی کوردمان هەبێت و منیش وتم ئەمە کارێکی زەحمەت نیە. هەروەها داواکارییان ئەوە بوو کە منداڵان بە کوردی بخوێنن لە قوتابخانەکاندا، بەڵام من ڕام وابوو ئەو کارە زەحمەتە تا ڕادەیەك چونکە یەك دانە کتێبی قوتابخانە و بگرە هی تریش نیە کە بە کوردی نووسرابێت. لێرەدا هەڵوەستەیەکیان بۆ کرد و پاش تێڕامانێك وتیان قەیدی نیە با خوێندن بە عەرەبی بێت، بەڵام ئەی بەڕێوەبردن و ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی چۆن دەبێت؟ منیش وتم: "باشە لەو بارەیەوە قسەتان لەگەڵ فەیسەڵی گەورەماندا کردووە؟ وتیان: "نەخێر" منیش پێشنیازم کرد "چاکە وا باشترە دەسبەجێ بچن بۆ لای و ئەوەی لەگەڵ باس بکەن، ئەگەر دەتانەوێ دیدارێکتان لەگەڵیدا بۆ ساز بکەم؟" وتیان: "بەڵێ". بەمجۆرە تەلەفۆنم کرد بۆ ڕۆستەم حەیدەر و دواینیوەڕۆی دوێنێم ڕێکخست بۆ ئەو چاوپێکەوتنە، چونکە خۆیشم بەپەرۆش بووم بزانم فەیسەڵ لەم بارەیەوە چی دەڵێ. سەیرە، وا نیە.

ڕۆژی پێشتر دوو سەعاتم لەگەڵ فەیسەڵدا بەسەربرد و داوای چای بۆ کردم و وێنەکانی سەیرانەکەمانم بۆ برد (ئەوەی کە بۆم باسکردیت) لەگەڵ نەخشەیەکی سوریادا، لە تایمسەوە وەرگیرابوو، بەو شێوەیەی کە فەرەنسییەکان سوریایان لەتوپەت کردبوو بە سەر ویلایەتی جیاجیادا. فەیسەڵ زۆری حەز لە وێنە بوو و سوێندی لە سەر نەخشەکە خوارد "بەخوا، ئەمە حەرامە" و ئێمە پێشتر لەو بارەیەوە ئەمەی سوریامان بە کوفر و ناڕەوا داناوە. هەر لەو کاتەدا نوری و ڕۆستەم بە دوای جەعفەردا خۆیان کرد بە ژووردا (ڕۆستەم خەڵکی سوریا بوو). من پێموتن کەوا بێجگە لە ڕۆستەم وا بزانم لە هەر یەکێك لە ئێوە باشتر سوریا دەناسم و زیاترم خۆش دەوێت، گوند بە گوند و شاخ بە شاخ و ڕووبار بە ڕووبار و باوەڕم وابوو تاقە یەك هیوا هەیە بۆ سوریا، کە دەبێ لێرە بە تەواوی دانیشتن و ورتەمان لە دەم نەیەتە دەرەوە و خەریکی کاری خۆمان بین. کاتێ کە ئێمە میسۆپۆتامیامان کردە دەوڵەتێکی نموونەیی عەرەب هیچ عەرەبێکی سوریا و فەلەستین نەبوو حەز نەکات ببێتە بەشێك لەو دەوڵەتە و من بەهیوام پێش ئەوەی بمرم فەیسەڵ لە سنووری ئێرانەوە تا دەریای ناوەڕاست حوکم بکات. بەڵام ئەگەر لێرەوە ئاژاوەمان بەرپا کرد و پەنجەمان بەرز کردەوە و دەنگمان هەڵبڕی ئەوە سوریا و عێراق وەك یەك خاپوور دەبن. ئەمە تا ڕادەیەك بە هۆی مەولوود پاشاوە بوو کەوا دەردی جەعفەر پێی دەڵێ "کەری نمرە یەك" و لە بارەی مووسڵەوە دەیوت هەر کاتێ فەیسەڵ فەرمان بدات سوریا دەگرمەوە، هەروەها ئەو بوو کە ساڵی پار سەرکردایەتیی هێرشێکی کرد دژی ئێمە لە سەر فورات و فەرمانەکانی فەیسەڵی فەرامۆش کرد. مەسەلەیەکی سەیر و سەمەرە ئەگەر لە پاش داگیرکردنی دێرەزور (دیر الزور) لە باکوورەوە و دەرپەڕاندنی ئیدارەی بەریتانی لە ساڵی 1920 دا، بێت دێرەزور لە باشوورەوە بگرێت و ئیدارەی فەرەنسی لە ساڵی 1921 دا دەردەپەڕێنێت! بەڵام بێگومان ئێمە ڕێگەی پێنادەین. پاشان سەعاتێکی خۆشمان بەسەربرد و گفتوگۆمان لە سەر ئەم شتانە کرد: (ئە) سنووری بیابانمان لە باشوور و رۆژئاواوە، (بێ) ئاڵای نیشتمانی و ئاڵای شەخسیی فەیسەڵ و بۆ ئەمەی دواییان بە شێوەیەکی کاتی ئەم سێکچەمان ڕێکخست و ئاڵای حیجاز لەگەڵ تاجێکی ئاڵتوونیدا لە سەر سێگۆشەیەکی سوور و با ئەوەشت پێبڵێم کەوا سوور ڕەنگی خانووەکەیەتی بۆیە دەیەوێ ناو و مۆرکی خۆیی بخاتەسەر. باوکە لە ڕێی خوادا پێم بڵێ ئایا ئاڵای حیجاز لە ڕووی ڕەسەنایەتییەوە ڕاستە؟ بە برووسکە بۆم بنێرە و پێموایە ئاڵایەکی زۆر باشە و دەتوانین لەمەی عێراقدا گۆڕانکاریی تێدا بکەین و ئەستێرەیەکی ئاڵتوونی بخەینە سەر شریتێك قوماشی ڕەش یان سێگۆشەیەکی سوور. ئەنجومەن ڕاستەوخۆ ڕەزامەندیی لە سەر دەردەبڕێت کاتێ کۆبووەوە و تکایە لە کاتی گونجاوی خۆیدا ئاگادارم بکەرەوە و ئەگەر هەر پێشنیازێکیشت هەیە بۆ ستانداردەکەی فەیسەڵ بۆم بنێرە.

بە هەر حاڵ لە پاش خۆرئاوا لێبووینەوە و فەیسەڵ خێرا ڕاپەڕی و کڵاوەکەی لەسەرنا و وتی: "دەبێ ئێستا بچم بۆ نوێژ کردن" و هەر کە ئەو چووە دەرەوە من و جەعفەر ویستمان لە ژووری تاجەوە پڕۆین بەڵام جەعفەر وتی "خاتوون کەمێك چاوەڕێ بکە" و بردمیە ئەو باڵکۆنەی کە بە سەر دیجلەدا دەیروانی. ئەوەی کە ویستی پرسیارم لێبکات لە بارەی کابینە نوێکەوە بوو. شتێکی سەرسورهێنەر بوو، ڕووناکییەکی سوور بە سەر دیجلەوە، شەوێکی گەرم و قسە پڕ دڵەڕاوکێکەی جەعفەر و بە شێوەیەکی سروشتی هیچ شتێکی تر باس نەکرا. یەك لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ خەڵاتێکی دانابوو بۆ هەر کەسێك بە ڕاستی مەزەندەی ژمارەی کاندیدی حکوومەت بکات. ئەم دواینیوەڕۆیە ناجی سوەیدی هاتە لام و وتی وەزارەتی ناوخۆم ناوێت (کەوا بایەخدارترین وەزارەتە)، چونکە وەك دەیوت خەڵکی لێیدەئاڵین و کاریان لێدەوێ. من پێموت بیستوومە کەوا وەزارەتی داد بۆ تۆ دانراوە و وتی پێی ڕازیم. ئەمە سەلماندنێکی گرنگ بوو چونکە نە سێر پێرسی و نە نەقیب، کە

داوای لێکرابوو پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، ناجییان خۆش نەدەویست. ئەوان وایاندەبینی کەوا کەسێکی زۆر بەتوانایە بەڵام تەواو جێگیر نیە بۆ ئەم کاتە ناسکە. من لای خۆمەوە وای بیر لێدەکەمەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە هەموو شتێك بە ڕێکی ئەنجام بدات و بە تایبەتیش فەیسەڵ پێی باشە و بەڵام دەزانێ کە سێر پێرسی حەزی لێناکات و زیاتر بە دوای کەسێکی دڵسۆزدا دەگەڕا و جەعفەری زیاتر پێ پەسەند بوو.

جەعفەر تا سەر ئێسقان دڵسۆزە بەڵام ناتوانێ ناوخۆ بەڕێوە ببات و لەوەش ئەولاتر نابێ وەزارەتی بەرگری وەربگرێت لە سەروبەندی دروستکردنی سوپایەکی عەرەبیدا. جەعفەر بەوە دەستی پێکرد و پاشان پێشنیازی ناجی کرد و منیش ڕێك ئەوەم پێوت کە ناجی  پێیوتم و ئەمەش کارتێکی زۆر سوودبەخش بوو. پاشان جەعفەر ناوی حەمدی پاچەچی هێنا کە هەرگیز نەیدەکرد، چونکە کابرایەکی بێکەڵکی لووتبەرز بوو. وابزانم لەو ڕووەوە جەعفەرم قەناعەت پێکرد و ئەویش وتی "ئەی نوری چۆنە؟" لە وەڵامدا وتم من نوریم خۆش دەوێ بەڵام ئەو هێشتا زۆر گەنجە و ئەزموونی بەڕێوەبردنی نیە. جەعفەر زۆر بە شڵەژانەوە تەماشای دەکرد و پێموت: "ئێستا دەبێ پێت بڵێم ئەو پیاوەی سێر پێرسی بۆ ئەم سەردەمە کاتییە گەرەکێتی و لەم کاتەدا کە بانگهێشت و ڕێنمایی نوێنەران دەکەین بۆ داڕشتنی یاسای بنەڕەتی، ئەحمەد پاشای سەنائە. جەعفەر و نوریش هەر بیریان لەم  کردووەتەوە و ئێمە بە تایبەتی ئەحمەد پاشا دەناسین. بۆیە وامبیستووە کەوا ئەگەری دامەزراندنی ئەویان باس کردووە". جەعفەر وتی "بەڵێ بەڵام ترسم لەوەیە پەڕگر و توندڕەوان ناڕەزایی توند دەربڕن". من داکۆکیم لەوە کرد کەوا هەموو خەڵکانی کاریگەر وەك گەرەنتییەك تەماشای ئەم پیاوە دەکەن بۆ جێگری و بێجگە لەوەش ئەگەر تۆ پیاوێکی خەڵکی بەسرەت لە وەزارەتێکی گرنگدا دانا ئەو کاتە زۆر زەحمەتە بەسرە سوور بێت لە سەر جیابوونەوەی ئیداری لە عێراق. لەم کاتەدا فەیسەڵ، کە لە نوێژ کردن بووەوە، گەڕایەوە و مستەر کۆرنواڵیسیش گەیشت بۆ ئەوەی سەبارەت بە ئیش و کار قسەی لەگەڵ بکات. بەم ڕەنگە منیش ئەوێم بەجێهێشت و کاتێ کە لەگەڵ جەعفەردا بە قاڵدرمەکاندا دەچووە خوارەوە جەختم لە سەر دوا مشتومڕیان کرد و بە تەواوی سەری سوڕمابوو. بەهیوام بەهەڵەدا نەچووبێتم بەڵام ئەمە خواستی سێر پێرسی یە و بە زۆری ئەو هەڵە ناکات. بۆ سبەی بەیانی تەواوی مشتومڕەکەم بۆ فەیسەڵ باس کرد و ئەویش سەری ڕەزامەندیی بۆ لەقاند.

کچی دڵسۆزتان                    گێرتروود

17

17 ی ئەیلوولی 1921

باوك و دایکی ئازیزم، ئەمڕۆ نامەکانی 16 و 17 ی ئابی ئێوەم پێگەیشت و تیایاندا باستان لە بابەتێکی نابەجێ کردووە کەوا لە سەر من لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك هێراڵدا New York Herald بڵاوکراوەتەوە و باستان نەکردووە کەچی تێدا وتراوە و وای بیر لێدەکرێتەوە کە لەوەی کە هەیە خراپترە. من هەرگیز ناوی جۆن ماکهاف ستیوارتم نەبیستووە و پێستی سەری بە نەعلەت بێت. بە پێچەوانەی ئەوەوە هەموو هەواڵەکانی ترتان دڵخۆشکەرن و من خۆشحاڵم بەوەی چێژ لە نامەکانم دەبینن و سوپاستان دەکەم. ئەوە هەمووی ڕاست نیە کە من بڕیار لە سەر تەواوی چارەنووسی عێراق دەدەم، بەڵام ئەوەیان ڕاستە کە من تا سەر ئێسقان لەگەڵ دروستکردنی

حکوومەتێکی عەرەبیدام و مەسەلەیەکی زۆر ناسك و هەستیارە هێند جێی متمانەیان بم و زۆر بەئاگام لەوەی کە لووت نەژەندمە هەموو کاروبارێکیانەوە و هەر کاتێ ئەوان سەرقاڵی شتی تر بوون ئەوە من دەچمە لای کاری خۆمەوە. پاشان هەر هەموو بە هەناسە سواری هانام بۆ دەهێننەوە! چونکە کاریان مەیسەر نابێت و بە هەڵەداوان دەخوازن کاری ئاڵۆزیان بۆ ساز و چارەسەر بکەم و ڕەنگە بەمە کەمێك هۆشیان بێتەوە سەر و شتێك فێر بن لەوەی کە من گاڵتەیان پێدەکەم، بەڵام ڕاستیەکەی لەوەدایە کە نیشتمانپەروەریی ڕاستەقینە لەم وڵاتەدا زۆر کەمە (هەرچەندە ئاسان نیە کە بیزانن) و هەر واشدەبێت تا خەڵکی ئەوە نەبینن کە حکوومەتە عەرەبییەکە و ئێمەش لە پشتیەوە، بەرەو شکست و هەڵدێر دەچێت. حاڵی حازر ڕێژەیەکی بەرچاوی گەوج هەن کە قەناعەتیان وایە یان دەبێ کاروباری شانۆکە ئەوان ڕایی بکەن یان هەڵیدەگێڕنەوە و ئەڵبەتە هێچکامێکیشیان پێناکرێت. مەسەلەیەك نیە بەلای منەوە ئەوانە تێدەگەن یان نە، چونکە ئەوانە هیچ بایەخێکیان نیە و تەنها پەرۆشم کە ئەوانیتر بزانن کەوا ئەوانە بێبایەخن. سێشەممەی رابوردوو پانزەی موحەڕەم بوو کە عاشوورایە و لووتکەی شین و شەپۆڕە بۆ یادی کوشتنی حوسەین، من چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی ڕێورەسمەکە لە کازمیەدا بینم، بەڵام لە ڕاستیدا نایانبینی چونکە دەچنە ناو مزگەوتەوە، بەڵام قایمقامی کازمییە هۆدەیەکی لە خانوویەکی چۆڵدا بۆ ئامادە کردبووین کەوا ڕوویکردبووە مزگەوتەکە و لەوێ دانیشتین چاودێریی خرمەی پێی ئەسپەکانمان دەکرد. گرووپی ئێمە مستەر گاربێت و من و خەڵکی جۆراوجۆری تری ئۆفیسەکان بووین. من و مستەر گاربێت کاتژمێر پێنج و نیو بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشتین و ئەوانی ترمان لەوێ بینی. خانووەکە خانوویەکی زۆر کۆنی مۆدێل ئێرانی بوو بە پەنجەرەی تەلبەندەوە، کە هی کەسێکی خەڵکی نەجەف بوو. هەر کە ئێمە گەیشتین فەیسەڵیش هات و چووە ناو مزگەوتەکەوە بۆ شوێنێکی تایبەتی چون سندووق کە بە تایبەتی بۆ ئەویان تەرخان کردبوو لە حەوشەکەدا بۆ تەماشا کردنی ڕێورەسمی موحەڕەم، کە بێگومان ئێمە نەماندەبینی. ئەوان تەواوی دیمەنی مەرگی حوسەینیان دەنواند، هێرشی لەشکری معاویە و کوشتنی تاقمی ژمارە کەمی حوسەین یەك لە دوای یەك، سووتاندنی خێوەتەکانیان و پڕینی سەری کوژراوەکان و ناردنیان بۆ معاویە (راستێکەی بۆ یەزیدی کوری معاویە بووە و). بەڵام پێش نمایشکردنی ڕێورەسمەکە مەوکیب لە دوای مەوکیب تێدەپەڕین بە بەر پەنجەرەکەی ئێمەدا و لە ناو ئەوانەدا تاقمی فیداییەکانی حوسەین بوون کە دوو جۆر بوون: تاقمێکیان بە هێمنی سینگیان دەکوتا و تاقمێکی تری پیاوان خۆیان بە شمشێر لەتوپەت کردبوو. لە زەمانی تورکدا هەندێك لەم تاقمەی دواییان خۆیان دەکوشت هێند شمشێریان لەخۆ دەدا، بەڵام ئێستا پۆلیس ڕێکیاندەخات و بەو ڕادەیە مەترسیدار نیە. پرۆسەکە بەم جۆرەی خوارەوەیە: زۆر بە چاکی سەرت تاشیبێت و ڕووتت کردبێت و وەك بەشدارێکی توندڕەو و پشکنەرێکی پۆلیس بە شمشێر گەلێ برینی قووڵ دەکاتە تەوقە سەرت و برینەکان خوێنیان لێدەچۆڕێت و خوێن سەر و دەم و چاوت سوور دەکات و کاتێ دەست دەکێشی بە سەرتدا و پاشان دەیدەی بە کەوا سپییەکەتدا یەکپارچە پەڵەی خوێن و دیمەنێکی سەرسامکەر دروست دەکات. هەندێك لەوانە کەواکەیان لە دواوە بە تەواوی شەلاڵی خوێن دەبوو، من فرە جار وام بەبیردا دەهات کە ئەوە خوێنی شتێکی تر بێت و ڕەنگە خوێنی مەڕ بێت. لە هەمان کاتدا زۆرێك لەوانە بە تەواوی تێکچووبوون و لەتریان دەدا و هاوەڵەکانیان گرتبوونیان و یەکێکیان هەر بوو بە لاشە و بە چواردەستە بردیان. پاشان هەر هەموو بە پرتاو لە مزگەوت وەدەرکەوتن و شمشێر و تیغەکانیان ڕادەوەشاند و زیرەکانە بەکاریاندەهێنا و پشکنەری پۆلیس لە ساتەوەختی دڵگەرمییاندا نەیدەهێشت چیتر خۆ بکوتن و ببڕن. ئەمە هەموو کاری دڕندەیی نائاسایی بوو و سونییەکان ڕقیان لێدەبۆوە و وای بۆ دەچوون کەوا کارێکی شوورەییە لە ئیسلامدا و

ئەوجا هەر وایشە.
بارودۆخەکە لە کوردستان بە شێوەیەکی سەیر پەرەیسەندووە و لەو کاتەوە کە فەیسەڵ گەیشتووە بەردەوام لە گەورە پیاوانی کوردەوە لە ناوچەکانی باکوورەوە نامە و پەیامی پێدەگات و دەڵێن دەیانەوێ لە دەستی تورك ڕزگاریان بێت و کوردستانێکی ئۆتۆنۆمیی دروست ببێت و فەیسەڵ مەلیك بێت و لە ژێر سایە و پارێزگاریی بەریتانیادا بن (بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك دەوڵەتی نەمسا مەجەر). وا ئێستا داوای لێدەکەن لە بەغدا کۆنفرانسێك بۆ سەرۆکە کوردەکان ببەسترێت، کە هەندێکیان لە پاریسن و هەندێکیش لە ئەستەمبووڵ. فەیسەڵ ئێمە لە هەموو شتێك ئاگادار دەکاتەوە و ئەگەر ئەوەشی نەکردایە ئەوە بەردەوام خەڵکی خەفیە دەهاتن و چی لە نامەکاندا نووسرابوو پێیاندەوتم و تەنانەت پێش ئەوەی بگەیشتنایەتە دەستی ئەو من دەمزانی چییان تێدایە. فەیسەڵ بە عادەت دەیویست سیاسەتی حکوومەتی خاوەن شکۆ بزانێ و مەسەلەکە بە هۆی ئەم فاکتەرانەوە ئاڵۆز بوو:
1 هەرگیز دوو کورد لە سەر شتیك ڕێکنەدەکەوتن لە پراکتیکدا.
2 ئەو بەشەی هەرێمەکە کە پێشنیازیان دەکرد دەوڵەتێکی کوردیی لێپێکبێنن لە ژێر سایە و پارێزگاریی بەریتانیادا دەکەوتە بازنەی دەسەڵاتی فەرەنساوە.
هەرچۆنێك بێت و کوردەکان هەرچییەك بکەن لەگەڵ فەرنسییەکاندا من باوەڕ ناکەم بتوانن زۆر لە کوردەکان بکەن دەسبەرداری دەوڵەتی کوردی بن، با لە بازنەی دەسەڵاتی ئەوانیشدا بن. ئێمە توانیمان عەرەبەکان بکەینە دوو کەرتەوە و دوو وڵاتی جودایان بۆ پێکبێنین بەڵام هەردوو وڵاتەکە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی فەرەنسا و بەریتانیادایە، بەڵام حاڵەتەکە لەگەڵ کوردستاندا وا نیە و فەرنسییەکان لە ڕووی سەربازییەوە هیچ بەشێکی وڵاتی ئەوانی داگیر نەکردووە. کەواتە لەم حاڵەتەدا کێ دانیشتووان ناچار دەکات ئەگەر دانانی ئەو هێڵی سنوورە دەستکردانە ڕەتبکەنەوە کە لەندەن و پاریس لە سەری ڕێککەوتوون؟
دوێنێ ئێوارە نانی شێوانم لەگەڵ هەندێ کەسی هاکەزاییدا خوارد کە بریتی بوون لە یوسف غەنیمەی مەسیحیی بچکۆلە و قەشەنگ کە ئەمینداری کتێبخانەی گشتیی سەلامە و من سەرۆکیم، سەرنووسەری یەك لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان، عەبدوڵڵەتیف فەلاحیی کە کابرایەکی بۆش و بەتاڵە، دوکتۆر مەعلووف کە دوکتۆرێکی سەربازیی زۆر ڕێکوپێکە (لە سوپای عەرەبیدا) و سوورییەکی سادە و بەڕێزە و حەسەن ویفقی، بە ڕاستی ئێوارەخوانێکی پڕ لە خۆشی و پێکەنین بوو.

18

25 ی ئەیلوولی 1921

... بارودۆخێکی زۆر دڵخۆشکەر شکستی هێرشەکەی تورکە لە باکووردا. لەم ماوەیەدا ئەفسەرێك و نزیکەی شەست سەربازی تورك ڕەواندزیان داگیر کرد (کە ئێمەشی تێدا نەبووین) و کەوتنە هاندانی هەندێ خەڵکی یاخی لە ناو خێڵە کوردەکاندا و پێشڕەوییان کرد بۆ تاڵان کردن و وێرانکردنی باتاس و رانیە. ئێمەش بە زەبری بۆردمانی فڕۆکە و هێزی لێڤی و عەشیرەتەکانەوە هەردوو شوێنەکەمان لێسەندنەوە و راستێکەی باشیی کارەکە و دەستوبرد و کارامەیی هێزە ناوخۆییە نیمچە مەشقپێکراو یان هەر مەشق پێنەکراوەکان بوو بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانیدا کە بە خەستیی بۆمبارانی دەکرد و رێگەی دەکردەوە بۆ پیادەڕۆیی هێزە ناوخۆییەکان کە

وەك ئامێر ملیان دەنا و هێرشیان دەكرد. ئەوە مژدەیەكی زۆر باشە بۆ سوپای عەرەبی  كە بە هاوكارییەكی كەمی ئێمە لە ڕێگەی فڕۆكەوە ئەو نەبەردییە ئەنجام دەدات.
... وەك دەزانیت كەوا ئارمیتاج سمیس بەم دواییە رۆیشتەوە بۆ ئێران و جێگرەكەی مستەر بەلفۆر هاتووە بۆ ئێرە لە ڕێگەیدا بۆ سەفەری وڵات. ئارمیتاج چووەتەوە بۆ ناو  بەختیاری و ناوچەی بوشەهر و زۆر حەز بە ئیش دەكات لە ئێراندا و وەك مستەر بەلفۆر دەڵێ دۆخی ئێستای ئێران خراپتر بووە. پێدەچێت دوو ئەڵتەرناتیف لە ئارادا بێت و رەنگە وڵاتەكە ببێتە دوو بەشەوە و ئەم پرۆسەیە لە ئێستادا دەستیپێكردووە و هەردوو ئوستانی ئازەربایجان و گەیلان جاڕی سەربەخۆییان داوە و لە حكوومەتی ناوەند جیابوونەتەوە. یان بەلشەفیكەكان بێنە ناوەوە، چونكە نزیكەی سەد هەزار سەرباز لە هێزەكانی بەلشەفیك رۆڵی كەرت كردن ببینێت لەگەڵ حكوومەتی ئێراندا و لە یەكەمجاردا ئێران دەبێتە وڵاتێكی پڕ ئاژاوەی بێنرخ و پاشاگەردانی دەبێت و دووەمجاریش بەلشەفیزم بە لووشدانی وڵاتێكی تری موسڵمان بە تەواوی سووك و لەكەدار دەبێت لە جیهانی ئیسلامیدا. بەم پێیە من وایبۆدەچم كە هیچ ئەڵتەرناتیڤێكیان لێرە زیان بە ئێمە ناگەیەنێت و ئەوەش ئێستا لە ئێراندا روودەدات زۆر بەلامەوە گرنگ نیە، چونكە ناتوانین هیچ شتێك بكەین.

19

17 ی تشرینی یەكەمی 1921

باوكی ئازیزم، دوێنێ یەكشەممە ڕۆژێكی خۆشم بردەسەر. كوڕێكی گەنج هەیە ناوی كاپتن ڕیدە و ئێستا ڕاوێژكارە لە باقووبە و كوڕێكی زۆر باشە و من ماوەیەكی دوور و درێژە دەیناسم، بەڵام تووشی خوویەكی دوورەپەرێزیی خراپ بووە و هەرگیز نایە هیچ كەسێك لە ئێمە ببینێ و لە ڕاپۆرتەكانیدا هەستی ئەوەم لا دروست بووە كە بە تەواویی حاڵی خراپە و لەدەست دەرچووە، بۆیە برووسكەم بۆ كرد و پێمڕاگەیاند كە دەچم نانی نیوەڕۆی لەگەڵ دەخۆم و بۆ ئەو مەبەستە ئۆتۆمبیلێكم بە كرێ گرت و گەشتێكی سەرلەبەیانیی پڕ خۆرەتاوم دەستپێكرد و كاتژمێر یانزە و نیو گەیشتمە باقووبە و لەو كاتەدا ئیتر خۆرەكە گەرمی كرد. ئەم ناوچەیە جوان بوو لەگەڵ دۆڵ و شیوی پڕ لە باخاتی پرتەقاڵدا و چەم و ئاوێكی بچووك كە كلكەی چەمی خۆراسان بوو و بە ناوەڕاستیدا دەڕۆیشت. من یەكسەر چووم بۆ سەرای و لەوێ كاپتن ڕید و ئەحمەد حاڵەت بەگی موتەسەڕیفی پیر و ڕۆحسووكم بینی كە جارێكیان لایدابووە لام بەڵام من لە دەرەوە بووم و بە دیداری شاد نەبووم و ئەمە پیاوێكی بەشكۆ و ڕێزە و لە چاكترین جۆری كاربەدەستانی توركی كۆنە. من زۆرم لا خۆش بوو ئەو دۆستایەتییە بەتینەی نێوان ئەم پیاوە و كاپتن ڕیدم بینی و ئەگەر پرسیارت لە هەر كامێكیان بكردایە ئاوریان بۆ لای یەكتر دەدایەوە و بۆ دڵنیا بوون لە دروستیی وەڵامەكانیان. هەرسێكمان لە ئۆفیسی موتەسەڕیف دانیشتین و ماوەی نیو سەعاتێك لە بارەی كاروباری دیالەوە دواین و پاشان من بۆی نووشتامەوە و پێموت تۆ سەرقاڵیت با لە كاتت نەگرم و لە ئۆفیسەكەی كاپتن ڕید چاوەڕێت دەكەم تا كاتی نانخواردنی نیوەڕۆ، بەڵام سوودی نەبوو موتەسەڕیف بە غاردان شوێنمان كەوت و لەوێ دانیشت دەستی كردە قسە و دەمەتەقێ لە كاتێكدا كەوا كاپتن ڕید خەریكی ئیمزا كردنی نامە و نووسراوەكانی بەردەمی بوو، پاشان پێی لە سەر ئەوە داگرت كە هەموو سەراییم پێشان بدات، ئەو شوێنەی كە لە هەرا و ئاژاوەكەی پاردا سووتا و هەردوكیان لەوێ كەوتنە باسی نیازی چاككردنەوەی. دواتر لەگەڵ كاپتن ڕیددا چووم بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لە خانووە بچكۆلە شەق و شڕەكەیدا بێئەوەی بوارم هەبێت تۆسقاڵێك پشوو

بدەم. چەرچەفی سەر خوانەکە بە دڵنیاییەوە مانگێك بوو نەشۆردرابوو و نانی نیوەڕۆمان گۆشتی پۆڕ بوو، پاشان کاڵەکی نایابی قزل ڕەباتمان خوارد، کە بەناوبانگە بە کاڵەکی بەتامی و بە درێژایی ماوەی نانخواردن کاپتن ڕید بەردەوام قسەی لە سەر موتەسەڕیف و دەستە و دایەرەکەی دەکرد. من زۆر بەپەرۆش بووم بۆ قسەکانی، بەڵام ئەگەر واشنەبووما یە ئەو هەرچییەکی لەدڵدابوو هەر هەڵیدەڕشت سەبارەت بەو شتانەی زۆر نزیکن لێیەوە: خێڵ و عەشیرەتەکانی، شێخەکانی، موتەسەڕیفەکەی و چۆن کاری خۆی بە جوانی ڕادەپەڕێنێ و چۆن بە سەر سەربازەکاندا دەگەڕێ و تەنانەت شەو لە خێوەتی عەرەبێکدا دەباتە سەر و ئەمە شتێکە باوەڕ ناکەم هیچ موتەسەڕیفێك لە سەردەمی تورکدا وایکردبێت و چۆن لەگەڵ خەڵکدا باشبووە و لە یەکتر تێگەیشتوون و تێکەڵ بوون. پاش نانی نیوەڕۆ بە ئۆتۆمبیل چووین بۆ دەڵتاوە، کە نزیکەی دە میل لە باکووری باقووبەوە بوو، بە سەر ناوچەیەکدا دەڕِوانی کە بە دار و دەوەن داپۆشرابوو چون مێرگێکی ئینگلیزی ئەوە نەبێ کە ئەمەی ئێرە قاوەیی و زەرد بوو لەبری سەوز و پەمەیی. چەمی خوراسان ئاوی ئەم ناوە دەدا و لە هەموو شوێنێك باخی دارخورما دەبینی. دەڵتاوە خۆی، کە من پێشتر هەرگیز نەمدیبوو، وەك هەر گوندێکی نموونەیی عێراقی کەوتبووە ناو باخی خورما و پرتەقاڵەوە. لەوێ چووین بۆ ماڵی قایمقام کە دۆستێکی نزیکمە و ئەڵبەتە لەو دواینیوەڕۆ زووەدا بێئاگاداری سەردانمان کرد و لە تویێی بیجامەدا بوو، بەڵام کاتێ کە من چوومە سەرەوە بۆ بینینی ژنەکەی (کە کچێکی بەغدایی بوو و چاکم دەناسی)، قایمقام بە پەلەپرووزێ قاتی چاکەت و پانتۆڵی لە بەر کرد و کاتێ دابەزیم و چوومە دیوەخانی پیاوان ئەم بە تەواوی لە شکۆ و ڕێزی خۆیدا بوو. بە درێژایی ڕێگای ڕۆیشتن و گەڕانەوە بۆ دەڵتاوە کاپتن ڕید لە قسە کردن نەکەوت.

ئەمانە بە ڕاستی سەیرن، ئەم کورە گەنجە ئینگلیزانە، کە فڕێدراونەتە لیواکان بە کەیفی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن. ئەوان لە ناو ئەو دەوروبەرەیاندا وا خۆیان لە قەڵەم دەدەن کە هیچ شتێکی تر ئەو بایەخەی نیە لایان، بەڵام ئەگەر وایان بە خەیاڵدا هات کە تۆ کەیفت پێیان دێت ئەوە وەك گوڵ دەگەشێنەوە بۆ سەرسامی و ئارامیت کە چۆن ئەم ساڵانەیان گوزەراندووە.

پاشان دۆعاخوازیم لە کاپتن ڕید کرد و بەڵێنی ئەوەم لێوەرگرت ئەمجارە کە هات بۆ بەغدا موتەسەڕیفیش لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ ئەوەی پێکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆین. منیش بەڵێنی ئەوەم پێدا بەم زوانە  بێمەوە و شەو لە شارەبان بەسەرببەین، کە قایمقامە تازە دامەزراوەکەی خەڵکی بەغدایە و زۆرم خۆش دەوێ.

ئەمڕۆ سەید فەیسەڵ لە مووسڵ گەڕایەوە و کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی گەیشتەوە و ئێمە هەموو بۆ پێشوازیی چووین بۆ وێستگەی شەمەندەفەر. سێر پێرسی، سێر ئەیڵمەر، گشت وەزیرەکان و خەڵکێکی زۆر لەوێ بوون و ئاهەنگێکی خنجیلەی سەرکەوتوو سازکرا و لە دەرەوەی وێستگەکە خێوەتێکی بچووکی پڕ لە رایەخ و فەرش هەڵدرابوو کە مەلیك تێیدا بە راوەستانەوە تەوقەی لەگەڵ خەڵکەکە دەکرد کە هاتبوونە پێشوازی، پاشان من و مستەر کۆرنواڵیس و یەك دوو کەسی تری بانگ کرد و قاوەیەکمان خواردەوە و تاوێك پێکەوە قسەمان کرد. پێدەچوو فەیسەڵ دڵی خۆش بێت بە سەرکەوتنی سەردانەکەی مووسڵی و سوپاس بۆ خوا کە بە سەلامەتی گەڕایەوە!

مێجەر یۆنگ بە فڕۆکە لە ئۆرشەلیمەوە گەیشت و من ئەم بەیانییە بۆ تاوێك لە وێستگە بینیم و وەك هەمیشە بە کەیف و خۆشحاڵی هاتە بەرچاوم و بۆ سبەینێ بانگهێشتم کرد بۆ ئێوارە خوانێك لە ئەنجومەنی وەزیران.

دایکە، بۆ ئاگاداریت رۆبە شینەکەم و عەباکە لە خانم بێڵەوە  گەیشتن و بە ڕاستی بەڕێز و میهرەبانن، من زۆر سوپاسگوزاری ئەوانم کە زۆر زەحمەتیان پێوەکێشام.

24 ی تشرینی یەکەمی 1921

... هەفتەیەکی جەنجاڵم بەسەربرد و شتێکی زۆر تایبەت نیە بیخەمە ڕوو، جارێ با پێتان بڵێم کە مێجەر یۆنگ زۆر لەوە میهرەبانتر بوو کە چاوەڕێی بووم، ڕۆژی 18ی مانگ نانی نیوەڕۆم لە ماڵی گاربێت خوارد و لەوێ چاوم پێکەوت و زۆرمان گفتوگۆ کرد، بۆ سبەی ئێوارەش لەگەڵ من شیوی کرد و لەم بانگهێشتنەدا مستەر کۆرنواڵیس بەشدار بوو لەگەڵ ناجی سوەیدی، ساسۆن ئەفەندی، سەید داود (کە ئامۆزای خانەوادەی نەقیبە) و عەبدوڵڵەتیف مەندیلی بەسرە کە وەزیری بازرگانییە. لەم ڕۆژانەدا و لە ئێوارە خوانێکی زۆر خۆشی مەلیکدا زمانە عەرەبییەکەی مێجەر یۆنگ زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش بوو کە تێیدا ماڵی سڵەیتەر، کۆڵۆنێل جۆیس (کە تازە ژنی هێنابوو بەڵام ئەو ئێوارەیە ژنەکەی لەوێ نەبوو)، کاپتن کلەیتن و چەند وەزیرێکیش بەشدار بوون. خانمی سڵەیتەر و من بەرانبەر بە فەیسەڵ دانیشتین و لە بەر ئەوەی ئەم خانمە هیچ قسەیەکی نەکرد ئەوە دەمەتەقێکە بە زۆری ڕووی دەکردەوە کۆتایی مێزەکە کە ناجی سوەیدی و منی لێبووین و جەعفەریش بەرانبەرمان دانیشتبوو و لەگەڵ مەلیکدا کەوتبوونە گفتوگۆیەکی خۆشەوە.

ئەو دواینیوەڕۆیە هەموو لە ڕەیسس بووین و زۆر خۆش نەبوو چونکە دنیا زۆر گەرم و وەڕسهێن بوو، بەڵام لە بەر ئەوەی یەکەم هاتنی فەیسەڵ بوو من بە فەخری جەمیلم وت بێت و منیش بگەیەنێت. من دەبوو چاودێریی بکەم بزانم پیاوماقووڵانی تر لەوێن (کە زۆر کەم بوون) و بانگهێشت کرابوون بۆ شوێنی تایبەتی مەلیك. ڕێکخەرانی بۆنەکە باش نەبوون لە کارەکەیاندا و کەمتەرخەمیی پێوە دیار بوو، بەڵام زۆر دەرفەت و کاتی باش رەخسا بۆ گفتوگۆ کردن لە سەر پاشەڕۆژی کوردەکان و دوو پیاوماقووڵی پیر و شکۆدار لێرەن، وەك نوێنەری کۆمەڵگەی نەتەوەیی لە ئەستەمبووڵ، کە هاتوون بزانن هیچ شتێك دەکرێ لە مەسەلەی سەرپێخستنی کوردستانێکی سەربەخۆدا. ئەوان کاتێکی زۆریان لەگەڵ من بردەسەر و بە تەواوی نائومێد بوون لە قبووڵ کردنی هەر شێوەیەکی حکوومەت، نیشتمان یان هەر شتێکی تر بۆ ئاغا کوردە کێوییەکان لە وڵاتێکی شاخاوی و کێویتردا. من هەست و سۆزێکی گەرمم بۆ ئەم دوو پیرە بەڕێزە دەرپڕی و ئێوارەی 21ی مانگ لەگەڵم شێویان کرد و کاپتن کلەیتنم بانگ کرد بیانبینێ و تا کاتژمێر 11ی شەو لە سەر مەسەلەی نەتەوەیی کورد گفتوگۆمان کرد. بۆ سبەی بەیانیی کاتژمێر هەشت یەکێکیان هاتە ئۆفیسەکەم و ئاڵایەکی نەتەوەیی کوردیی تازە داهێنراوی پێشاندام و هاوزەمان بە نهێنی پێیوتم کە زۆر لە هاوەڵە پیرەکەی تری دەترسێت هەموو کەشتییەکانی لە ئەستەمبووڵ سووتاندبێت بە هاتنی بۆ ئێرە و ڕەنگە ناچار بێت، ئەگەر ئێمە پشتگیریی نەکەین، خۆی بکاتە سەرۆکی تاقمە جەردەیەکی کورد و بە تەنها پەلاماری تورکەکان بدات و ئەوجا بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە وتی:

"وەك دەبینی، هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تری نیە". من قەناعەتم وایە کەوا ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بۆ رەفعەت بەگ ڕەنگە خانوویەکی بچکۆلەی قەشەنگ بێت لە قەراخ شاردا، بەڵام ئەوەیان گونجاو نیە بوترێ و بەو پێیە منیش ئەوە بە باشتر دەزانم بۆ هاوەڵەکەی. من پێشنیازم کرد بۆ سێر پێرسی کەوا گۆڕانکارییەکی خۆشە بۆ من ئەگەر بە شاژنی تاج لە سەر نەنراوی کوردستان دابنرێم و نامەوێ کۆسپ بخەمە ڕێگەی ئەگەر حەزی بەم کارە بێت و ڕەنگە ئێمە خەت و شێری بۆ بکەین.

ئەم دواینیوەڕۆیە چووم چایەکم لای فەیسەڵ خواردەوە و سەبارەت بە دانانی یاسا و ڕێسایەك بۆ

میسۆپۆتامیا قسەمان کرد (چونکە دەبێ چوارچێوە و دیکۆرێکی خۆمان هەبێت). لەو دانیشتنەدا قسە و باسێکی زۆرمان لە سەر کوردستان کرد کە بە ڕای من مەلیکی خاون شکۆ  ژیری و داناییەکی گەورەی تێدا خستەڕوو، کە بە ڕای ئەو بە هیچ شێوەیەك گونجاو نیە بۆ ئێمە و بۆ ئەویش دەستمان بە سەرکێشییەکی کوردی بسووتێنین و یەکەم شت ئەوەیە کەوا دەبێ داوا لە کوردەکان بکرێت کەسێك لای خۆیانەوە دەسنیشان بکەن بۆ پۆستی مەلیك یان سەرۆك و کاکڵەی بزووتنەوەیەك دروست بکەن  واتە لە ڕاستیدا فەیسەڵێکی کورد گەلاڵە بکەن. من پڕوا ناکەم هیچ کەسێکیان هەبێت و قەناعەتم وایە کە لەگەڵ کوردستان و ئەرمینیادا جاڕدانی ئاگربەسمان زیاتر دەبێت لە توانای جێبەجێ کردنمان و دەبێ لە ئێستادا زۆر بە وردی ئاگاداری ئەوە بین کە بە راشکاوانە ئەوە بسەلمێنین کەوا پوولێکمان نیە لە مەسەلەی سەربەخۆیی کورددا سەرفی بکەین، چونکە ئەگەر ئێمە خەڵکی وەك دوو برادەرە ئەستەمبووڵییەکەی من هان بدەین دەبێ تەنها بۆ ئەو ساتەوەختە دایاننێین کە پێویستمان پێیانبێت و ئەمەش ڕەنگە خراپترین ئەگەر بێت. ئەمە بەسە بۆ کورد، بەڵام ئەوان کاتی زۆریان دەوێ و من سەرلەبەیانییەکی تەواوم تەرخان کرد بۆ نووسینی دوو یاداشت لە بارەی ئەوانەوە بۆ سێر پێرسی و کۆڵن گاریێت.

دوێنێ، یەکشەممە، ئازادیم بە خۆم دا و لەگەڵ فەخری ئەفەندی بە ئۆتۆمبیل چووم بۆ باخەکانی سەرووی باقووبە و کاتژمێر 8ی بەیانی کەوتینەڕێ و دیمەنێکی هێند جوان بوو باوەڕ ناکەم هەرگیز بینیبێتم. ئەمساڵ خورما درەنگ پێگەیشت و هێشتا هەر بە دارخورماکانەوەیە بە هێشووی ئاڵتوونیی گەورە گەورە و لە ژێریشیاندا هەنار بە دارەوە شۆڕ بووەتەوە و دار پرتەقاڵەکانیش بەریان خەریکە پێدەگات و پرتەقاڵی سەوز ماتەی زەردیی داوە و ئەم باخە بەهەشتێکی خوا بوو بۆ خۆی. من لە ناو باخەکەدا بە سەرسوڕمانەوە پیاسەم دەکرد و مێو بە سەر دار و کەپردا پەلی کوتابوو و لە ئاخر و ئۆخری بەریدا بوو، هێشووی زل زلی ترێی سپیش سێبەر و ساباتی بۆ کرابوو تا خۆر لێیان نەدات. دواجار نانی نیوەڕۆمان لەو دەشت و دەرە بۆ لێنرا کە بریتیبوو لە برنجی نایاب و مریشك و گۆشتی کوڵاو لە سەر ئاگری کز، لەگەڵ شەربەتی هەناردا بۆ خواردنەوە، کە لە ژێر سابات و کەپری داردا دانیشتینە سەری. پاشان جووتیار و باخەوانەکانی فەخری هاتن بۆ لامان و بە چواردەوردا دانیشتن و لەگەڵمان کەوتنە دەمەتەقێ و ئێمەش خەریکی ناندان بووین بۆ ئەو پیرەمێردە هەشتا ساڵەی باپیری کە هەموو ئەوانیتری دەناسی، وەك لە دێبەرێکی گەورەی بەریتانیادا، تەنها ئەوەبوو کە ئەوان شەرمیان کەمتر بوو لە جووتیار و باخەوانەکانی ئێمە، کە سادەتر بوون. پاش نانخواردنی نیوەڕۆ چووین بۆ بینینی کورانی نەقیب: سەید سەفائەدین و سەید محێدین لەو ماڵەدا کەوا کاتی خۆی من و تۆ نانی نیوەڕۆمان تێدا خوارد و باخەکەیان لەو کاتەدا جوانتر دێتە بەرچاو کە تۆ لێرەبوویت و پڕە لە داری میوەجات.

سەید محێدین پیاوێکی قورسە و زۆر سادە نیە و سیناتۆرێکی تورکییە و وابزانم دەیەوێت وەك تورك بمێنێتەوە و لە پێش هاتنی فەیسەڵدا خانەنشین بووە و لە باخەکەی خۆیدا لە دیالە ژیان دەباتەسەر و لەو کاتەوە هەرگیز نەگەڕاوەتەوە بۆ بەغدا. من خۆم شەخسی زۆرم خۆشدەوێ و باشترین کورانی نەقیبە، بەڵام دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە ئایا خۆی بە ڕەعییەتێکی عێراقی دەزانێ یان تورکی، خۆ ئەگەر ئەمەی دواییان هەڵبژێرێ وا چاکترە بچێتەوە بۆ ئەستەمبووڵ.

من هەستێکی تەواوم هەیە کە ئێمە لە پێشکەوتنداین چونکە سەردانەکەی فەیسەڵ بۆ مووسڵ سەرکەوتنێکی گەورە بوو و کاریگەرییەکی زۆر باشی لە بەغدا دروستکرد و مووسڵییەکان بایەخێکی گەورەیان پێدا و ئەو زۆر بە خۆشحاڵی لای ئەوان و مستەر ناڵدەر گەڕایەوە و لەهەردوولا هەستێکی پڕ متمانە هاتە کایەوە. ئێستا ئەو کەوتووەتە هەستکردن بە بایەخی ئەو کەسانەی ئێمە پڕوامان پێیان هەبوو و مایەی ڕەزامەندی بوون لامان، نەك لە بەر ئەوەی ئێمە پەسەندمان

دەکردن بەڵکو ئەو خۆی تاقیکردنەوە و بۆی دەرکەوت چەند لە ناخەوە پاك و باشن. مستەر ناڵدەر لە لایەك و لەولاشەوە شێخ عەلی سلێمانی دلێم کە هاتە بەغدا و بە دڵگەرمی لەگەڵ خاوەن شکۆ دوا کە هەڵوێستی ئەمی لەبیرە و خەڵکێکی زۆر هەن بەوە دەزانن کە نەیداوەتە پاڵ ڕاپەرینی پار ساڵ و هاوکار بووە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشدا و ئەو ئەمەی لە پێناوی حکوومەتی عەرەبی و حکوومەتی بەریتانیادا کردووە. فەیسەڵ زۆر خۆشحاڵ بوو بە دیداری و عەلی سلێمانیش، کەوا کەسایەتییەکی گەورەی عێراقە، بە کەیفخۆشییەوە ڕۆیشت. ئەمە ڕێك ئەوەیە کە دەیخوازیت ببینی و ئەویش دروستکردنی متمانەی دووسەرەیە لە نێوان پاشا و ڕەعییەتدا. رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەم پیاوە زۆر یارمەتیدەری بوو و خێرا پێزانین و ناسینی دەوروبەری ڕۆڵی گەورەیان بینی لەمەدا.

سبەینێ مەلیك دەچێ بۆ گەشتێکی یەك هەفتەیی لە ناوچەی حیللە و هیوادارم بە قەد سەردانەکەی مووسڵ پڕ بەرهەم بێت. لەم ماوەیەدا پەیماننامەی نێوان بەریتانیا و حکوومەتی عێراق تەواو دەبێت و ئەم بەیانییە فەیسەڵ و سێر پێرسی و مێجەر یۆنگ یەکەم کۆنفرانسیان بەست و سێر پێرسی پێیوتم کەوا چاوەڕێی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك ناکات و کاتێ کە ڕایی کرا و خرایە نێو چوارچێوەی خۆیەوە ئەوە گەورەترین کۆسپ لە ڕێگەی ئێمەدا تەخت دەبێت. فەیسەڵ زۆر هەست بە مەترسی دەکات لەمە و ترسی ئەوەی هەیە لەوانەیە حکوومەتی بەریتانیا داوای لێبکات ڕازی بێت لە سەر هەل و مەرجێك کە ناسیۆنالیستەکان پێی ڕازی نەبن، وەك ئەوەی کە حکوومەتی فەرەنسی کردی لە سوریادا. لە بەر ئەوە تا ئەو مۆتەکەیە نەڕەوێتەوە ئەو هەست بە ئەمان ناکات، بەڵام من پێموایە هیچ هۆکارێك نیە بۆ ئەم دڵەڕاوکێیەی ئەو. سێر پێرسی زۆر باش دەزانێ کەوا چەند شتی جۆراوجۆر دەبێ تاوتوێ و چارەسەر بکرێت، سەرباری ئەوەش ئێمە پێشتر بینیومانە، هەر کاتێ سێر پێرسی بڕیارێك بدات دەبێ مستەر چەرچڵ بە تەواوی پابەندی بێت. (ئەم بڕگەیە با هەر بۆ خۆمان بێت)! ئێمە ناتوانین بە ڕق و کینەوە متمانە بدەین بە شتێك و فەیسەڵ هەموو جار ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا ئەو هیچ توانا و دەسەڵاتێکی نیە بێ یارمەتیدانی ئێمە و ئەڵبەتە هیچ هۆیەك نیە کەوا گومان لە دڵسۆزیی ئەم پیاوە بکەین (من هیچ گومانێکم نیە). هەروەها دەبێ دید و بۆچوونی ئەو ڕەچاو بکەین کاتێ دەڵێ ئەگەر بڕوا بە بەرپرسیارێتیی من دەکرێ کە بووم بە مەلیکی عێراق ئەوە دەبێ بوارم بدرێتێ کە مەلیکێکی ڕاستەقینە بم، نەك دروستکراوی هێزێکی بێگانە، بە پێچەوانەوە کۆت و پێوەندێکی قورس دەخرێتە دەستی لە جێبەجێ کردنی ئەرکێکدا کە لە باشترین حاڵەتیدا ئاسان نیە.

21

27 ی تشرینی یەکەمی 1921

سەرلەبەیانیی 25ی مانگ لەجیاتی سێر پێرسی چووم بۆ بینینی فەیسەڵ و لەوێ من و مستەر کۆرنواڵیس و هەموو وەزیرەکان و زۆرێك لە پیاوماقووڵان لە مەجلیسەکەیدا بووین و پاش ئەوە لەگەڵ مستەر کۆرنواڵیس قاوەڵتیی بەیانیمان کرد. لای منەوە کاتم زۆر کەمە و بەردەوام مێشکم ماندووە و کارەکانم بە تەواوی ڕاناپەڕێنم و وای بیر لێدەکەمەوە هەفتەی داهاتوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بچمە سلێمانی. دوێنێ سێر پێرسی ئاهەنگێکی لە باخچەکەی خۆیدا سازکرد بۆ چاوپێکەوتنی مێجەر یۆنگ و یەکەمجار بوو مەجلیسێکی لەو جۆرە نێکەڵ ببەستین کە وەزیرە عەرەبەکان و هەندێك لە پیاوماقووڵان تێیدا بەشداربن و پێموابێت سەرکەوتنێك بوو. ئەمڕۆ هەوڵ و

تەقەلای ئاسایی خۆمان دا بۆ تەواو کردنی ئەو شتانەی کە سبەینێ بە پۆستی ئاسمانی دەڕوات و من نابینم ڕۆڵێکی بایەخدارم تێدا گێرابێت. ئەمەریکییەك لە تارانەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئێرە و ناوێکی بێفەڕی هەیە جۆن دۆس پاسۆس John Dos Pasos و پەیامنێری ڕۆژنامەی نیویۆرك تریبیۆن New York Tribune هات بۆ لام چایەکی لەگەڵ خواردمەوە و پیاوێکی خۆش مەشرەب و ڕۆحسووکە و گەشتێکی لە ئەستەمبووڵەوە کردووە بە سەر قەوقازدا و فرە چیرۆك و بەسەرهاتی پێیە بیگێڕێتەوە.
دوو نامەی شیرینی تۆ و دایکمم پێگەیشتووە کە هی 20 و 28ی سێپتەمبەرن و زۆر سوپاسی دایکم دەکەم بۆ گرفت و سەرئێشەکەی بە بۆنەی وتارەکەمەوە و بڵاوکراوە نیومانگییەکە جوانە، بەڵام دەترسم نەتوانم چیتر بۆیان بنووسم چونکە من هەموو دەم لە بەغدام و هیچ شتێك گونجاو نیە لە سەری بنووسی. من زۆر هەست بە لاوازی و بێتاقەتی دەکەم و هەر شتێکیش بوو لە بارەیەوە بنووسم هیچم پێناکرێت و هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە ئەم نامەیە هێند بڵحە.

کچی دڵسۆزتان
گێرتروود

22

9 ی تشرینی دووەمی 1921

باوکی خۆشەیستم، شتێکی باش نیە پێت بڵێم لە کوێم، چونکە بە پێی ئەوەی لە نەخشەی جەنگیدا دیاریکراوە دەبێ پابەند بم پێیەوە. من شەوی 2ی نۆڤەمبەر بەغدام بە شەمەندەفەر جێهێشت. ئەڵبەتە تووشی سەرسورمان نابیت ئەگەر ئاگاداری بارودۆخی هێڵی ئاسنی میسۆپۆتامیا بیت و ئەوە ببیستی کە پێش ئەوەی دەست بە جووڵە بکات مەکینەکەی شکا و دوو سەعات دواتر و لە نیوەشەوداو دواجار کاتێ کە لە خەو هەڵسام لە قزل ڕەبات بووین، ڕێك لەو شوێنەدا کە هەردوکمان پێکەوە بەرەو سنووری ئێران دەڕۆیشتین. گرد و بەرزاییەکانی ئێران لە حوکمی چاودا بوون و شنەبایەکی خۆش و فێنکی ئەو بەرزاییانە پێشوازیت لێدەکات وەك خێر و بەرەکەت. ئێمە کاتژمێرێك یان زیاتر لە قزل ڕەبات ماینەوە و لێرە بە تۆبزی پری پێنج ڕوپێ سزا بۆ هەر پاسپۆرتێکی حاجییە ئێرانییەکان وەردەگیرێت (مەبەستی زیارەتکەرانی شارە پیرۆزەکانی کەربەلا و نەجەفە و) کە خۆیان دزیوەتەوە لە داواکاریی پۆلیس کە ئەو پرە پارەیە لە بەغدا بدەن و سەرپێچییان کردووە. پاشان خۆم گۆری و بە هێلکەی کوڵاو قاوەڵتیم کرد لەگەڵ چایەکی گەرمی چاکدا و بەرەو کنگربان کەوتینەڕێ و موعجیزەیەك بوو بۆ خۆی کە فارگۆنەکەی من لەوانیتر نەترازا، چونکە هێڵە ئاسنەکانی میزۆپۆتۆمیا هەژدە مانگ لەو دەمە کۆنترن کە تۆ بینیتن و ئێمەش پارەمان نیە بۆ کڕینی پێچکەی نوێ و کەرەستەی یەدەك و چاککردنەوە و جا وەرە بیر لە ئەنجامەکەی بکەرەوە. دەسکی دەرگاکان لە کردنەوەدا بەدەستتەوە دێن، ئەگەر نەزانی و ئاگات لە خۆت نەبوو پەنجەرەیەکت کردەوە ئەوە جارێکی تر داناخرێتەوە، بەلووعە لە حەمام و دەستشۆرەکاندا لە کارکەوتوون و ئەگەر بمەوێ ئاوی گەرمم لە مەکینەکەوە دەست بکەوێت دەبێ کونی حەوزەکە بە کاغەز بگرم. لە کنگربان ئۆتۆمبیل چاوەڕێی دەکردم و کاتژمێر شەشی ئێوارە گەیشتمە کەرکووك و لەوێ لەگەڵ ڕاوێژکاری لیواکە، مێجەر مارشاڵ مامەوە. هەمان هۆدە لە حەوشە بچوکەکەدا و جۆگە ئاوێکی پێدا تێدەپەڕی. بیرت دێتەوە کە تۆ لە هۆدەکەی ئەوبەر بوویت؟ من گفتوگۆیەکی دوور

و درێژم کرد لەگەڵ مێجەر مارشاڵ سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکانی ناوچەکە و خۆت دەزانی کەرکووك زۆر بە توندی سوێندی بەیعەتی بۆ فەیسەڵ ڕەتکردەوەو ئێرە نیوەی تورکە و نیوەی کوردە و خەڵکە تورکەکەی راشکاوانە دەخوازن بگەڕێنەوە سەر تورکیا و لە بەر ئەوەی کەرکووك دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراقەوە ئەو مەسەلەیە سەرناگرێ و بەشە کوردەکەشی ئەگەری ئەوە هەیە بدەنە پاڵ دەوڵەتێکی کوردی ئەگەر هاتە ئاراوە. ئێستا تەواوی لیواکە لە ژێر ڕکێفی موتەسەڕیفێکی عەرەبدایە کە زات ناکات ئاڵای عەرەبی هەڵبکات و ناشتوانێ ئاڵای بەریتانیا هەڵبکات و بەو ڕەنگە هیچ ئاڵایەکی هەڵنەکردووە. فەتاح پاشای موتەسەڕیف هات بۆ ئێوارە خوانێك کە بۆ من ساز کرابوو، فەتاح پاشا کەم تا زۆر کاربەدەستێکی شکۆداری سەر بە قوتابخانەی کۆنە و خۆی لە دۆخێکی زۆر ناسکدا دەبینێ و تەنها قەرەبووی ئەو دۆخەی دۆستایەتییە بەتینەکەیەتی لەگەڵ ڕاوێژکاردا.

بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر گەورە پیاوی شار سەردانێکی کردم، کە تورك بوو و کەسی سەرەکی بوو لە بزووتنەوەی سەر بە تورکدا، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا دۆخی کەرکووك دیاری نەکرابوو هیچمان باس نەکرد لە باسی کەشوهەوا و بەروبووم بەولاوە. هەر ئەمڕۆش کاتژمێر 11 بە ئۆتۆمبێل بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتم بۆ سلێمانی ڕێگەکە یەکەمجار بە دێهاتی ناڕێکوپێکدا دەڕۆیشت بە ناو گرد و تەپۆڵکەی بچووکدا و وردە وردە هەردە و هەڵەت خۆیان کۆدەکردەوە و بەرزاییەکیان پێکهێنا و شۆڕ بووەوە بۆ دەشتایی و نزماییەکی پڕ گژوگیا کە بەهارێکی بچووك سەریهەڵدابوو و گوڵی پەمەیی پەیدا بووبوو. کاتێ گەیشتینە ترۆپکی بەرزاییەکە لە خوارەوە دۆڵی چەمچەماڵمان بینی کە ڕیزە شاخێکی ڕاستەقینە لەوسەریەوە بوو، ڕووتەن و بەردین. لە پشتی ئەویشەوە زنجیرە لە دوای زنجیرە چیا بەرزاییەکانی هەرێمی کوردیان پێکدەهێنا و تا بەرەو سنووری ئێران پرۆیشتیتایەی بەرزتر دەبووەوە. دوور بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات پرۆیت هاوینە هەواری قەندیل داغە کە لووتکە بە بەفر داپۆشراوەکانی چووە بە ئاسماندا. گرد و دۆڵەکان تا ڕادەیەك وەك یەك بوون نە خەڵکیان تێدابوو و نە کشتوکاڵ و تا چاو پڕ بکات فەرشی گژوگیا ئەو ناوەی گرتبوو و ترۆپکە شاخی بەردین لووتی ژەندبووە ئاسمان و هیچ شتێکی تر نەبوو. لەو ناوەدا تەنها لە بەر پێماندا گوندی چەمچەماڵ دیاربوو، خانووی قوری ساپیتە فلات لە بن گردێکی کۆنی میدییەکاندا بە تەنیشتی یەکترەوە دروستکرابوو (چەمچەماڵ لەو دەمەشدا شارۆچکەیەك بووە نەك گوند  و). ئەمە وڵاتی عەشیرەتی هەمەوەندی بەهێز بوو کە بەردەوام مایەی ترس و تۆقاندن بوون بۆ حکوومەت و لەو گوندە پەرت و بڵاوانەی نێوان گرد و تەپۆڵکە و دۆڵەکاندا دەژیان و تا ئەو دەمەی ئێمە هاتین و تەماشامان کرد. هەمەوەند کۆمەڵێکن لە نزیکەی دوو سەد ئاغایەکی چاوچنۆك زیاتر نین و لەلایەن جێگرێکی ئەفسەری سیاسیی بەریتانییەوە کۆنترۆڵ و جڵەو کراون و ئێمە تەنها خانوویەکی گەورەمان بۆ دروستکردبوو کە ئاڵای بەریتانیای بە سەرەوە دەشەکایەوە، بەڵام هێشتا نەچووەتە ناوی و من لە ماڵە کوردێکی بچووکدا بینیم لە سەر سندووقێکی هەڵەوگێڕاو نانی نیوەڕۆی دەخوارد و ئاغایەکی هەمەوەندیش بە تەنیشتیەوە چوارمشقی دانیشتبوو، بۆ خۆیان دەمەتەقێیان دەکرد. من دە دەقیقەیەك لە لای دانیشتم و لەو کاتەدا تایەیەکی ئۆتۆمبیلەکەیان گۆڕی و پاشان بە سەر ناوچەیەکی هەردەو هەڵەتدا ڕێمان گرتەبەر و وردە وردە بەرەو دەروازەی زنجیرە شاخێك هەڵکشاین کە دەربەندی بازیان بوو، ئێمە لێرە لە هاوینی 1919دا هێزەکانی شێخ مەحموودمان شکاند و تەفروتوونامان کردن . ئەوەش چیرۆکێکی دوور و درێژ و پڕ لە پێچ و پەنایە و تەماشای هەر کتێبێکی سپی بکەیت تێدەگەی مەسەلە چی بووە (ئەو کتێبە یان ڕاپۆرتە بەرگ سپییەیە کە دەوڵەت دەریدەکرد لە سەر مەسەلە یان کێشەیەك و). لە دەربەندەکەدا ژنە کوردێکی بەژن و باڵا گۆشتنی ڕووگەشمان بینی کۆرپەیەکی بە کۆڵیەوە

دابەستبوو و مانگایەکیش بە بارەوە هێدی هێدی لە پێشیەوە دەڕۆیشت و ئاژەڵێکی بارهەڵگری سەیر بوو. هەر کە ئێمەی بینی سڵەمییەوە و دای بە تاوێر و بەردی قەراخ ڕێگەکەدا و بە بارەوە گلاو کەوت. منداڵەکە دەستی کردە گریان و ژنە کەوتە لێدانی مانگاکە و ئەمیش کەوتە لنگە فرتێ و وامزانی هەر ئێستا قاچی دەشکێ. ئێمە بە ئۆتۆمبیلەکەمان لە کوردستان ئەم هەراو بەزمەمان نایەوە! لە بەر ئەوە بە هەڵەداوان ڕامانکرد و بارەکەمان لە مانگاکە داگرت و هەڵمانسانە سەر پێ و منداڵەکەمان گرت تا دایکەکە سەرلەنوێ بارەکەی توند کردەوە و ئەوجا بە خۆشییەوە هەر یەکە بە ڕێی خۆماندا ڕۆیشتین. ڕێگەی ئێمە خۆش و پان و پڕ بوو و بە دۆڵی بازیاندا خلۆر بووینەوە کە بە پڵ و پووشی زەردی ئاڵتوونی داپۆشرابوو، لەوبەری دۆڵەکەوە زنجیرە شاخێکی نزمترمان چاو کرد کە تاسڵووجە داغی ناو بوو. لێرە بە لێژاییەکی پڕ لە پووشی نەرمدا وەستاین بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ و لەولامانەوە خێزانێکی کورد لۆکەیان دەچنی لە مەزرایەکی بچووکدا و نەمزانی ئەمانە لە کوێوە هاتوون چونکە هیچ گوندێکم لەو ناوەدا بەرچاو نەکەوت و پاشان دەربەندی تاسڵووجەمان پڕی و چووین بە دیوی دۆڵی سلێمانیدا کە زۆر بەرفراوانتر بوو لە بازیان و چەمچەماڵ. دوور لە خواری دۆڵەکە دار و خانووەکانی شاری سلێمانیمان بەدیکرد، کە لە نزیکەی کاتژمێر پێنجدا پێیگەیشتین و لەو ناوەدا لەملاو لەولاوە چەند گوندێکمان بینی و خەڵك بە ڕێگاوە بوون بۆ ماڵی خۆیان و ئافرەتان گورزە پووش و چیلکەیان بە کۆڵ هەڵگرتبوو کە 8 تا 10 پێ درێژ و 4 پی پان بوو. ئەوان وەك هەندێ جۆری قالۆنچەی سەیر دەهاتنە بەرچاو کە کۆمەڵە پووشەکە بە سەر پشتی چەماوەیانەوە بوو و هیچی تر نەدەبینرا لە دوو قولەپێی بەهێز بەولاوە و لەرەلەری گورزەیەك. خۆر لە ئاوابووندا بوو کە ئێمە گەیشتینە سلێمانی و یەکڕاست چووین بۆ ماڵی مێجەر گۆڵدسمیس، کە خانوویەکی قەشەنگ بوو لە سەر شێوەی ئێرانی و باخێکی تێدابوو پڕ لە دار هەناری گەڵا زەرد هەڵگەڕاو لەگەڵ چەند ڕیزە کۆسمۆسێکی درەنگ گوڵکردوو. بە هۆڵێکی بچووکدا دەچیتە ژوورەوە بۆ دیوەخانێکی گەورە و فراوان و چەند کۆڵەکەیەکی دارینی تێدایە و دەڕوانێتە سەر باخچەیەکدا و لەوێ دانیشتین و چایان بۆ هێناین. هۆدەی خەوتنەکەی من، وەك هەر هۆدەیەکی خەوتنی ئێرانی پەنجەرەی تەلبەندی هەبوو و بە سەر باخچەکەدا دەیڕوانی لە بەرانبەر هۆدەی دیوەخانەوە و لە پشتیشیەوە هۆدەیەکی گەورەی پێشوازی خرابووە سەر خانووەکە. شوێنەکە خۆش و دیوارەکان سپی و تاقمی جوان لە دیوارەکاندا هەبوون و بنمیچی دارین و ئاگردانی گەورە گەورە زۆری دڵخۆش کردین کە لە ئێوارەدا ئاگری دارمان دەبینی دەسووتا. سلێمانی دەکەوێتە سەر بەرزیی 2 3 هەزار پێ (لە ڕووی دەریاوە) و وەرزی ئەم درەنگانی پایزە زۆر خۆشە. لێرە کاپتن بێلی، کە دەمێکە دەیناسم و خۆشمدەوێ، یاریدەدەری مێجەر گۆڵدسمیسە، سکرتێرەکەشی کاپتن هۆڵتە (کە ڕۆژی دوای ئەوەی من گەیشتم تووشی ئاوڵە بوو و لە جێگادا کەوتووە، داماو خۆی)، هەروەها ئەفسەرەکانی لێڤی کاپتن ماکانت و کاپتن بۆرن بوون، یەکەمیان کەسێکی چاك بوو کە بە عادەت زۆربەی کاتی لەگەڵ من بە سەردەبرد کاتێ کە دەهات بۆ بەغدا. ئێمە سلێمانی وەك لیوایەك بەڕێوە دەبەین کە هەموو دانیشتووانی کوردن، ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی کۆمیسیاری باڵادا و جیا لە عێراق و هیچی تری لەگەڵ ناکرێت. لێڤییەکانی کوردن و هێزی بەریتانیمان لەوێ نیە و هەموو کاربەدەستان کوردن و هەموو کار و ڕایی کردنی مامەڵەیەك هەر بە زمانی کوردی دەکرێت. ئێمە ئێستا وا خەریکی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوین کە پێکهاتووە لە چوار ئەندامی حکوومەت (مێجەر گۆڵدسمیس خۆی و سێ کاربەدەستی کورد)، چوار نوێنەری شاری سلێمانی و یەك نوێنەریش لە هەر قەزایەك لە چوار قەزاکە. ئەم چوارەیان ئێستا لە پرۆسەی هەڵبژاردندان و کارێکە پێی ئاشنا نین چونکە پێشتر هیچ کەس هەڵنەبژێردراوە و کاندیدەکان زۆر شەرم دەکەن بێنە پێشەوە، بە ڕادەیەك کە دەبێ ئەفسەرە سیاسییەکان ڕازییان

بکەن و هەوڵیان لەگەڵ بدەن. بە هەر حاڵ ئێمە کەم تا زۆر هەر نوێنەرایەتییەکی وڵاتمان دەستدەکەوێت وردە وردە بەرپرسیارێتیی دەخەینە ئەستۆ. لە ئێستادا مێجەر گوڵدسمیس دەبێتە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە چونکە کەسێك نیە لەو شیاوتر بێت بۆ ئەو پۆستە، بەڵام دواتر بەهیواین بتوانن کەسێك هەڵبژێرن بۆ ئەو شوێنە و ڕەنگە پیاوێکی خوێندەواری خۆوڵاتی بێت، کە زۆرێکیان لە ئەستەمبووڵ فێر بوون، چونکە تورکەکان کاتی خۆی زۆر لە بنەماڵە گەورەکانیان بردووە بۆ پایتەخت. هەر کاتێکدا کە ئەوە ئەنجامدرا ئەوە پێکهاتەکە تەواو دەبێت، کە قەوارەیەکی ناوخۆیی حوکمی حکوومەتی کوردی دەکات لە ژێر دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی باڵادا و ئەڵبەتە ئەمە شتێکی سەرسامکەرە کە لەم ماوەیەدا کار لەم بوارەدا کراوە. لە کاتی دەسەڵاتی تورکدا تەواوی هەرێمەکە لە پشێوی و نائارامیدا بووە و هیچ ڕێگاوبانێك سەلامەتی و ئەمانی تێدا نەبووە و هیچ کارێکی حکوومەت جێبەجێ نەدەکرا، بەڵام ئێستا بە ئاشتی و ئارامی کار بەڕێوەدەچێت و چاوچنۆکی و تەماحکاریی سەرۆك و ئاغای تیرە و هۆزەکان بەری لێگیراوە و جووتیار ڕەز و باخی خۆی دەکێڵێ و تووتنی خۆی دەکات و بەروبوومی خۆی بە سەلامەتی دێنێتە بازاڕی سلێمانییەوە و ئێستا بە سەرپەرشتییەکی کەم خەڵکەکە خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبەن. داهاتی کورد بە ڕەسمی دەخەمڵێنرێت و هەروەها ئەرك و کارەکانی لێقیش، بەڵام دەفتەر و تۆمارەکانی دەبێ بخرێنە بەر پشکنینی کاربەدەستی بەریتانی لە هەموو شوێنێك بۆ پشکنین و ڕێکخستن و ڕاست ڕاگرتنی ژمێریاری بە شێوەیەکی دروست و ئەڵبەتە کاربەدەستی بەریتانی هەموو ئەوانە بە کوردی دەکات. من ڕۆژانی پێنج و شەشی ئەم مانگەم لە سلێمانی بەسەربرد و یەکەم ڕۆژم تەرخان کرد بۆ بینینی ئەم شارە جوان و بچووکە و گەڕان بە ناو بازاڕە قەشەنگەکانیدا. کوردەکان خەڵکێکی ڕووخۆش و بە وێڵ و ماریفەتن. مێزەری زلی تێکەڵاویان (مەبەستی تێکەڵکردنی مشکی و جامانەیە کە ئەو دەمە باو بووە وەرگێر) شەرواڵی فشەڵ و پانوپۆریان کە لە ناوقەدیانەوە بە چەندین یارد پشتێنی قوماشی لۆکە بە شێوەی قوڵف و گرێ گرێ دەیبەستن و چاکەتێکی کورتی بە سەردا لە بەر دەکەن و سەیر دەنوێنێ لە تەماشا کردندا. پیاوانی شار کەوای رنگاورەنگ یان بە ئاورێشم چنراو لە بەر دەکەن لە ژێر چاکەتێکی زۆر کورتدا (مەبەستی سەڵتەیە و) و خەنجەرێکی مشتوو زیو دەکەن بە بەر پشتێنەکەیاندا، بەڵام کەس ئێستا پێویستی بەوە نیە چەك هەڵبگرێت و بچێ بۆ سەر ئیشی ڕۆژانەی و بەم پێیە ئەگەر ڕەزنێ دوان فیشەك لەخۆ بدەیت و بە چواردەوری شاردا بسوورێیتەوە و خۆت با بدەیت قەیناکە بەڵام نەك لە ناو شاردا. لای ئێوارە هەر سێ کاربەدەستەکەی حکوومەت هاتن بۆ لام، کە قازی و ماڵ مودیری (بەڕێوەبەری داهات) و دادوەر بوون. ئەمان هەموویان بە عەرەبی قسەیان دەکرد و خێرا خێرا جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە بۆم کە هیچیان لەگەڵ عێراق و فەیسەڵدا نیە.

سلێمانیی سەربەخۆ من تەنانەت ناڵێم کوردستان شتێکە کە ئەوان فەرامۆشیان کردووە و لەگەڵ ئێمەدا هاوکار بن و ئامۆژگاریی کاربەدەستانی کورد بکەن و ئەگەر توانیمان پارە پەیدا بکەین هێڵێکی ئاسن لە کەرکووکەوە ڕاکێشین بۆ ئێرە ئەوە منەتبار دەبن، بەڵام من پێمڕاگەیاندن کە ئەم خاڵەیان پێدەچێت جێبەجی نەبێت. ڕۆژی شەشی مانگ باران بوو بەڵام من سەرلەبەیانییەکەی بەخۆشییەوە لە بناری شاخدا ئەسپ سوارییەکی چاکم کرد و جەندرمەیەکی عەرەبیزان وەك ڕێپیشاندەر یاوەریی دەکردم. پاش نیوەڕۆ لەگەڵ کاپتن ماکانت سەردانی سەربازگەی لێقیم کرد لەگەڵ نەخۆشخانەی سەربازی و چەند شوێنێکی تر و یەك لە سەربازگەکانیان خانووە گەورەکەی شێخ مەحموود بوو. دواتر هەر چوار ئەندامە هەڵبژێردراوەکەی ئەنجومەن هاتنە لام و پێکەوە چایەکمان خواردەوە و سیانیان بە عەرەبی قسەیان دەکرد و هیوام بۆ خواستن بە گشتی سەرکەوتوو بن لە کاروباری ئەنجومەن و حکوومەتەکەیاندا و وتیشم ئێمە دەمانەوێ لە هەلومەرج

و دۆخێکی باشدا بن لەگەڵ عێراق و چ حکوومەتێك هەڵدەبژێرن لای خۆتانە. هەروەها ڕەزا بەگی قایمقامیش هات و ئاماژەی بەوە کرد کەوا ڕەنگە کەرکووکیش بیەوێت بێتە سەر سلێمانی بەڵام من ئەو مەسەلەیەم پێ قبووڵ نەبوو و بەدڵنیاییەوە ئەو هەستەم لا دروست بووبوو کەوا کەرکووك نادانە پاڵ کەس pour le bon motif. بە هەر حاڵ ئەوان دەبێ نەخشەی کاری خۆیان داڕێژن بۆ ڕزگار بوون بەڵام ئومێدم وایە ڕێگای گەوجانە نەگرنە بەر. سەرلەئێوارە بوو بە باران و هەورە گرمە و لە بەر ئەوە زۆرم هیوا نەما بەو گەشتەی بەنیازی بووم لە ناوچە شاخاوییەکاندا بەڵام بۆ بەیانیی حەوتی مانگ هەور بە ئاسمانەوە نەما و دنیا لە دوای ئەو بارانە ساف و ڕوون بوو. بەم پێیە بەیانیی کاتژمێر نۆ  من و کاپتن بێلی کەوتینەڕێ بە یاوەریی دووسێ جەندرمە کە بەرگی ڕەسمیی سەرنجڕاکێشیان پۆشیبوو بە جۆرێك کەوا لەگەڵ پێگە و پایەبەرزیی ئێمەدا بگونجێ (یەکێکیان کە ناوی ساڵح بەگ بوو و عەرەبی زانێکی باش بوو بە دەستەجلێکی قاوەیی و نەخشی چنراوی ئاڵتوونییەوە، کەوتە تەك من) و زەیا بە جووتێ هێسترەوە کە جانتا و تفاقمانیان هەڵگرتبوو بە دوامانەوە بوو. من هیچێکی ئەوتۆم لەگەڵ خۆم نەبردبوو بێجگە لە کورسی و دەستشۆر و دەستێك جل و کیسە خەوێك و ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە لە کوردستاندا پێویستت پێیانە و تۆش لەوە تێدەگەیت کەوا جارێکی تر دڵم کەوتە ترپە ترپ بە زرنگەی زەنگی کاروان لە ئاوزەنگییەکانی لای پاژنەمەوە. ئێمە بە سوارییی ئەسپ یەکڕاست بە شاخەکەی پشتی شاری سلێمانیدا سەرکەوتین و لەوێوە و لە سەر لووتکەی شاخەوە بە سەر تەواوی وڵاتەکەدا دەمانڕوانی و دنیایەك زنجیرە شاخی پڕ دارستانمان بینی و لووتکە شاخێکی ڕووتەنیش کە سنووری ئێرانی دیاری دەکرد. کاتێ چووینە ئەودیودا وردە وردە دەوەن و داربەڕووەکان گەورەو گەورەتر دەبوون، لێرە و لەوێ هەندێك گۆڕستانمان بینی کە دار تیایدا پیرۆزە و تەنانەت نابێ لقە دارێکیشی لێببڕیت بۆ سووتاندن و داری زل زل سێبەریان کردبوو بۆ کێلە بەردی سەر گۆڕەکان. من وایبۆدەچم کە ئیسلام بە سووکی تەماشای خەڵکی چیانشین دەکات، چونکە لە هەموو لا گۆڕی پیرۆزت بەرچاو دەکەوێت پیاوچاکێکی لەبیرکراو یان تەواو خەیاڵی لە ناویاندا نێژراوە و کۆمەڵە بەردێکی لە سەر کەڵەکە کراوە بۆ دیاری کردنی مەزارەکەی و داربەڕووی لارولوێریان لە سەر دەڕوێ و ڕێبواران پارچە قوماشی شەکاوە بە لقەکانیدا هەڵدەواسن لە هەر لایە ترۆپکی گرد و  تەپۆڵکەیە و مەزاری ئەم حاجی و ئەو شێخن وەك خواپەرستێکی کۆن لە موسڵمانانی ئەمڕۆ دەخوازن پارچە پەڕۆ یان نازانم چییەك بکەنە نەزر بۆ ئەو شوێنەی باوباپیرانیان کڕنووشیان بۆ چیاکان و نووری بەهەشت بردووە. بەم جۆرە بە دۆڵێکی قووڵدا شۆڕ بووینەوە کە لاپاڵەکانی بە داربەڕوو داپۆشراوە و هەموو شتێك جوانیی ئەو پایزە درەنگوەختەی دەنواند. داربەڕووەکان پڕپڕ لە بەرگی  قاوەیی و سەوزدا دەدرەوشانەوە، داربی، دارچنار و سپیندار لە بنی دۆڵەکەدا دیمەنێکی دڵڕفێنی زەرد و ئاڵتوونییان دەنواند. لێرە و لەوێش ڕەزە ترێ هێشتا هەندێ لە دوا گەڵامێوی درەوشاوەیان پێوە مابوو، یان چڵە مێوێك لە سەرەوە تا خوار خۆی لە داربەڕوویەك ئاڵاندووە. لەو کاتەدا هێزێکی سوارە هاتە سەر ڕێگەمان و ئەمانە قایمقامی ئەو ناوچەیە و دەستوپێوەندی بوون و هاتبوونە پێشوازیی کاپتن  بێلییەوە و کەوتنە تەکمان بۆ بارەگای قەزا، کە گوندێکی بچووك بوو پێیان دەوت کانی سارد و لەوێ لە بیناکانی حکوومەتدا دایانبەزاندین. ڕەنگە وابزانن خانووی گەورە و پۆشتە و پەرداخ بوویێتن؟ با بۆت باس بکەم چۆن خانوویەك بوو، سێ ژووری لە قوڕ و بەرد دروستکراو بە سەر هەیوانێکی قوڕدا کراوەتەوە و بنمیچەکەی قامیش و چەند لقە دارێك بوو، هەر سێ دەرگاکە قاپیی پێوە نەبوو، ئەم هۆدانە هیچ پەنجەرەیان تێدا نەبوو لە کونێك زیاتر لە بنمیچی هۆدەکاندا بۆ ئەوەی دووکەڵی ئاگردانی ناوەڕاستی هۆدەکانی لێوە دەرچێت کاتێ ئاگریان تێدا دەکرێتەوە. من زانیم دووکەڵ دەرناچێت چونکە بە شەو جەندرمەکانمان لە هۆدەکەی بەرانبەری

ئەوەی من ئاگریان کردەوە و دووکەڵەکەی هەموو هاتە ژوورەکانی ترەوە تا بە شتێك گرتیان. لە هەیوانەکەدا سفرە ڕاخرا و نانێکی بەتامیان بۆ کردبووین کە بریتی بوو لە برنج و گۆشتی کوڵاو و ماستاوی سوێر و ترێی ڕەشی بچووك کە دوا بەری ترێ بوو لەم شاخانەدا. کاپتن بێلی دواینیوەڕۆکەی زۆر سەرقاڵ بوو و یەکەمجار پێنج شەش بازرگانی کۆکردەوە کە لە سلێمانییەوە هاتبوون بۆ کڕینی تووتنی ئەو وەرزە لە دێهاتی ئەو دەوروبەرە و لەگەڵیاندا ئەو نرخەی بڕییەوە کە ئامادە بوون بیدەن بۆ کڕینی  تووتن و بەو پێیە دەکرا دە یەکی حکوومەت بە ڕاستی بخەمڵێنرێت. دوای ئەوە چووە سەر حیسابی عەبدوڵا ئەفەندیی کاربەدەستی ناوخۆیی داهات و چاوی بە کارەکانیدا خشاندەوە لە دەفتەر و تۆمارەکانیدا و پەڕە پەڕە هەڵیدایەوە کە هەمووی بە زمانی کوردی نووسیبووەوە و عەبدوڵا ئەفەندی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش   دەفتەر و تۆمارەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی ڕاگرتبوو. بەڵام من بەجێمهێشتن و بۆ خۆم کەوتمە گەڕان لە دۆڵەکەدا لە خوار ئاواییەوە بە ڕاڕەوە پڕ گژوگیاکاندا و بە ناو پەڵە تووتنە چێنراوەکاندا و پەڵە جۆی سەوزی زستانەدا، تا گەیشتمە بن دارتوویەکی ئاڵتوونی و لەوێ بۆ خۆم پاڵمدایەوە و تەماشای زنجیرە شاخی شین و دارچنارم دەکرد کە لە ناو چەمەکەوە هەڵکشابوون و دەدرەوشانەوە. دەمەو خۆراوا گەڕامەوە و ڕوانیم کاپتن بێلی ژمێریاریی خۆی تەواو کردووە و لە پێش نانی ئێوارەدا چەندین پیاڵە چای شیرینیان بۆ هێناین و هەر کە پیاڵەیەکت دەخواردەوە خێرا یەکێکی تریان بۆ دەهێنایت و هیچ سوودی نەبوو بتوتایە بەسە ئیتر ناخۆمەوە. لەوێ باسی گالیپۆڵی مان کرد کەوا کاپتن بێلی شەش مانگی تێدا بەسەربردبوو وەك ئەفسەری تۆپخانە تا تووشی نەخۆشیی تایفۆیید (گرانەتا) بووبوو و لە پێش هێرشەکەدا ناردبوویانەوە بۆ ماڵەوە. لەم شەڕەدا چل ئەفسەر بێسەروشوێن بوون لە فەوجەکەدا و بگرە فەوجەکە خۆیشی نەما و تەفروتوونا بوو. وادیارە باوەڕ ناکرێ لە ناو ئەم چیا هێمن و بێدەنگانەی کورددا شێت و شبرێکی لەم چەشنە لە ماوەیەکی کەمدا دنیا بگەڕێ. بۆ نانی شێوان لە نانخواردنی نیوەڕۆ زیاترمان خوارد و دواتر هەر لە هەیوانەکەدا لێی خەوتم، چونکە شەو لە کانی سارددا بە واتا خەوتن. بۆ سبەی بەیانیی 8ی نۆڤەمبەر، کەشێکی خۆش و بێ هەوری هەبوو، تەنها ئەوەندە سارد بوو ناچا بیت بە دوای گەرمیی خۆردا بگەڕێیت کە سێ سەعات زیاتر بوو هەڵاتبوو بەڵام ئەوەندە تینی نەبوو وا هەست بکەم جلە تەنکەکانی ئەسپ سواریم لێ ببێتە بار. کاپتن بێلی بە ئەرك گەڕایەوە بۆ سلێمانی و زۆرم خەفەت خوارد بۆ ئەو جیابوونەوەیە و بەیانیی کاتژمێر هەشت لەگەڵ ساڵح بەگ و زەیا و دوو هێستر و سێ جەندرمەی تر بەڕێکەوتم، نەك لە بەر سەلامەتی بەڵکو بۆ ڕاگرتنی  شان و شکۆی کاروانەکەم. گەشتەکەم حەوت کاتژمێری سواریی برد بۆ شیوەکەڵ کە نیو سەعات لە سنووری ئێرانەوە دوور بوو. من هەرگیز وڵاتی وا جوان و دڵڕفێنم بە چاو نەدیوە و سێ جار ڕاڕەوی هەورازمان هەڵکشا بۆ دوو یان سێ هەزار پێ و پاشان دوو یان سێ هەزار پێ شۆڕ دەبووینەوە بۆ شیوێکی تر و بە ناو پەڵە داربەڕووی قاوەیی سوورباودا بەو لاپاڵ و نشێویانەدا و زینی ئەسپەکانمان لەم هەوراز و لێژییەی  دۆڵ و شیوەکاندا دەخزا و لارەسەنگ دەبوو. چەم و شیوەکان پڕبوون لە دار قەزوان و چنار و سپیندار و بی و تووتڕك بە گوێی جۆگە ئاوەکاندا و ئێمە لە سێ چەم و ئاومان دا و پەڕینەوە چونکە وەرزەکەی پایز بوو و لە بەهاراندا هەرگیز بواری پەڕینەوە نادەن لە بەر ئاو زۆرییان. هەموو قەدپاڵی گرد و چیاکان یەکپارچە ڕەزو دار و دەوەن بوون و سەوزەگیایەکی نەرمیش سەری دەرهێنابوو، بەڵام ئەم ناوە هەمووی چۆڵ بوو و بە درێژایی ڕۆژەڕێیەکمان چل کەس کەمترمان بینی بە کاروانی بچووك بچووك کە بارە تووتن یان گوێزیان پێبوو بۆ بازاڕی سلێمانی لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی ئاوارەی ئێران کە لە بەر ئاژاوە و پشێویی ئەو سنوورانە هەڵاتبوون و هەندێ شڕکە و پڕکەی ناوماڵیان لەگەڵ خۆ هێنابوو. کوردستانی بەری لای ئێمە بووبووە جۆرێك لە  پەناگە

و داڵده به هۆی ئاشتی و ئارامی و بەڕێوەبردنی  دادپەروەرانەوە و چاودێریی ژمارەیەکی کەم گەنجی ئینگلیزەوە. له هەر شوێنێکی ڕێگا تووشی هەر پیاوێك ببوایەم دەوەستا و سڵاوی بۆ دەکردم، نەك له بەر شەخسی خۆم بەڵکو له بەر گەورەیی و خێرخوازیی حکوومەتەکەم بێجگە لەوەش کە غەریب بووم و بۆ ماوەیەکی کاتی له ناو خەڵکێکی میوان پەروەردا بووم.
پاش ئەوەی چەمی سێهەممان پری، که له هەمووی جوانتر و دڵڕفێنتر بوو، ڕێك بەرەو شاخەکەی سنوور هەڵدەزناین بەڵام به ڕێگایەکی پێچاوپێچی بێکۆتاییدا. شتێکی زۆر گرنگە که هاتنت بۆ کوردستان تەنها له پایزدا بێت بۆ بینینی گوڵی سۆرنجانی زەرد. هەموو قەدپاڵێکی بەردین تۆپی ئاڵتوونیی گوڵی ئەو ڕووەکەی له سەر پەرت و بڵاو بووەتەوە و خۆی له بەر خۆر هەڵخستووە و چەشنی ئەستێرە ئەو خاکە سوورباوەی گرتووەتەوە و جریوەی دێت له سەری.
ئێمە هەر هەڵکشاین و هەڵکشاین و له بەر ئەوەی هیچ گوندێکمان نەهاتەڕێ تەواوی ڕۆژەکە هیچمان نەخوارد و له بەر ئەوەی ڕێگەی نێو چیاکان به لێژایی تووش و سەختدا شۆڕ دەبووەوە من به زۆری به پێیان دەڕۆیشتم بۆ ئەوەی ماینەکەم بپارێزم له گلان و پێش ئەوەی تەلانەکانی شیوەکەڵ بەدی بکەین من هەستم به برسێتیی زۆر دەکرد. ئێمە له ناو پەڵە تووتنەکاندا ڕێگەمان ونکرد و که هاتینەوە سەر ڕێ تووشی مودیر بووین که لەگەڵ سوارەکانیدا هاتبوونە پێشوازیمانەوە، چونکە کەمێ پێش ئەوە پیاوێکمان ناردبووە لایان که هەواڵیان بداتێ وا گەیشتین.
شیوەکەڵیش وەك هەموو گوندە کوردەکانی تر به لاپاڵێکی تووش و له گوێ چەمێکدا دروستکرابوو، له پێشەوە خانووەکان له دوو نهۆم دروستکرابوون، خوارەوەیان بۆ ئاژەڵ و پاتاڵ و سەرەوەش بۆ نیشتەجێی خۆیان، له پشتیشەوە بنمیچەکە لەگەڵ ڕاڕەوەکەدا  یەکسانە و خانووەکە لەوەی سەرەوەی خۆی جیادەکاتەوە. نهۆمی سەرەوە له دواوە به سەر ساپیتەی گەورەکەوەیە و به پەیژەیەکی داریندا سەردەکەویت و دەچیتە دیوەخانێکی گەورەوە که بنمیچەکەی به کۆڵەکە دار ڕاگیر کراوە و لێرە له سەر قاڵی و دۆشەك دادەنیشیت و چەند کەسێکیش خەریکی چای لێنانن. ئاگر له ناوەڕاستی دیوەخاندا دەکرایەوە که یەکپارچە دەیکردە چەڕە دووکەڵ، یان له ئاگردانێکی ناو دیوارەکەدا له هۆدەکەوە ئاگر دەکرایەوە و دووکەڵی کەمتر بوو، لەم وڵاتەدا وا دیارە دووکەڵیش بەکار نەدەهات. هۆدەیەکیش له پشتی دیوەخانەوە هەبوو زۆر تاریك بوو و تەنها له دەرگا و هەندێ کونی دیوارەکەیەوە کەمێك ڕووناکیی پێدەگەیشت و لێرەدا ئەندامانی خێزان له شوێنێکی هێند پیسدا دەژیان که هەر باس ناکرێت. له لایەکیشەوە هۆدەیەکی درێژ و تەسك هەبوو، به درێژایی دیوەخان و هەیوانەکە، کەوا بزانم له زستاندا وەك دیوەخان بەکاردێت کاتێ که دنیا زۆر ساردە و ناکرێ له دالاندا دانیشن، بەڵام به زۆری ئێستا بەتاڵە و ئەمە ئەو هۆدەیە بوو که بۆ من تەرخان کرا وەك شوێنی حەوانەوە و خەوتن. لێرەدا نەخشەی خانوویەکی کوردی دەخەینەڕوو که له زۆر شوێن بەمجۆرەیە به هەندێ جیاوازیی کەمەوە لێرە و لەوێ (به داخەوە له دەقە ئینگلیزییەکەدا وێنەکە هاوپێچ نەکرابوو  و). سەرنج بدە که هۆدەکەی من لەو ڕووەوە باش بوو که دوو پەنجەرەی تێدابوو به سەر ساپیتەی گەورەکەدا دەکرانەوە و به ئەڵقەڕیزێکی دارین دادەخران و تەلبەندێکی دارینیشیان پێدا گیرابوو که دەکرانەوە. پەنجەرەکان شووشەیان پێوە نەبوو و زەویی هۆدەکان هەر به قوڕ سواغ درابوو، دیوارەکانیش هەر قوڕ بوون و له کون و درزی ژوورەکەوە گیانلەبەری خشۆك و جۆراوجۆر دەردەچوون که نەمدەخواست بیانبینم، بەڵام سوپاس بۆ خوا وەرزی کێچ خەریکبوو به سەردەچوو.
با ئێستا بێینەوە لای شیوەکەڵ.
ئێمە چووینە ماڵێکەوە که مودیری تێدا بوو، چونکە ماڵی خۆی لەم گوندەدا نەبوو و له دیوەخاندا دانیشتین. دەربەندێکی تەنگەبەری بچووك له خوارمانەوە پڕ بوو له دار قەزوانی جوان و خورەی

ئاوەکەی بووبووە مۆسیقا لە گوێی مندا، بەڵام هێندەم برسیبوو زۆرم چێژ لە بیستنی ئەو هاژەی ئاوە وەرنەدەگرت و خۆشترین ساتەوەخت ئەوە بوو کە مودیر چای ئامادە دەکرد و تەبەقێك نانی تەنکی کوردی و ماستاوی سوێر و چەند شیشێك کەبابی گەرمی هێنا. پاشان بە زمانێکی فارسیی سەر و گوێلاك شکاو کەوتمە دەمەتەقێ لەگەڵ مودیر و زۆربەیان کەمێك قسەیان پێدەکرد، چونکە ئێرە سنووری ئێران  کوردستان بوو. پاش تاوێك من چوومە ژوورەکەی خۆم بۆ تەواوکردنی ئەم نامەیە بۆ تۆ (واتە بۆ باوکی  و) کە هەمووی هەر لە ساتەوەختی ناڕێك و ڕەوتەنیدا نووسراوە. دواتر کاتژمێر شەش گەڕامەوە بۆ ئەوەی نانی شێوان لەگەڵ مودیردا بخۆم. کاتژمێر هەشت زەیای دڵسۆز ئاوی بۆ گەرم کردم و خۆم شۆرد و ڕێك 10 کاتژمێری تەواو لێی خەوتم بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکەمەوە و ئێستا دوای ئەوەی هەفتەیەکە بەغدام جێهێشتووە وا هەست دەکەم کەسێکی ترم.
لێرە نەك هەر تەنها خەڵك کەمە بەڵکو سەیر ئەوەیە باڵندە و ئاژەڵیش کەمن. لە ڕێگەماندا بەرەو شیوەکەڵ هەندێك بزنە کێوی و مەڕە کێویمان بینی کە پێشتر نەمدیبوون، هەروەها کەوی قاچ سووری سەر بەرد و هەندێك قەلە بازەڵە و هەڵۆ، ئەمە هەموو ئەو باڵندە و ئاژەڵانە بوون کە بینیمن. لە بەهاراندا تەواوی وڵاتەکە دەبێ بە بەهەشتی گوڵ و گوڵزار و زەنبەقی ڕەش ڕێك لە زەوی ڕاستبووەتەوە، زافەرانی شین و زەردی پایزە، دیانساسی پەمەیی و نەعنای سوورباو هەموو ئێستا گوڵیان کردووە و هەموو جۆرەکانی ڕوەکی پیازی و  سەلك و ڕەگ و جۆرەکانی تر هەموو ئێستا نەماون. یاوەرەکانم هیچ لە پایز ڕانەدەمان و کاتێ من بە سەرسامی لە بەردەمی شکۆی دار قەزوانەکان و ڕەزی سوور هەڵگەڕاودا ڕادەوەستام و ئەوان تەنها ئەوەیان دەوت کە ئێرە لە بەهاراندا زۆر جوانە. گوندی شوێن بەرزی وەك شیوەکەڵ، کە نزیکەی هەشت هەزار پێ لە ڕووی دەریاوە بەرزە، ساڵانە ماوەی 3  4 مانگ لە ژێر بەفردا دەمێنێتەوە. من سەرم لەوە سوردەمێنێ چۆن خەڵکی بە زیندوویی هەڵدەکەن کاتێ کە شەکر و چایان لێدەبڕێت و بەفریش ڕێگای سلێمانییان لێدەگرێت. ئەوان دارێکی زۆریان هەیە بۆ سووتاندن و داربەڕووەکانیشیان ئالیکی ئاژەڵیان بۆ دابین  دەکات و لە ناو لقەکانی هەر دەوەنێکی بەڕوودا لە نزیك گوندەوە باوەشێك گەڵا دەبینی. ئێمە لە نۆڤەمبەردا دیسان کەوتینەڕێ و مودیر و ئەو کەسانەمان کەوتنە تەك کە لە شیوەکەڵدا بوون وەك کارمەندی داهات بۆ ئەوەی ماوەی چەند میلێکی کەم کەشوفش بە کاروانەکە بدەن و ڕێگامان بۆ یەکەم قۆناخی ڕۆژ بە قەدپاڵەکانی سنووری ئێراندا هەر هەوراز و نشێومان دەکرد و بە ناو دارستانی بەڕوودا ئەمسەر و ئەوسەرمان دەکرد. دوو جار بە ناو گوندێکی بچووکدا تێپەڕین کە لە گوێ چەمێکدا دروستکرابوو و پڕ بوو لە دار قەزوان و بی و دەوەنی تووتڕك، هەروەها پەڵە تووتن و جۆی زستانە هەموو لاپاڵەکانی گرتبووەوە. بەڵام هەرگیز بیر لەوە مەکەرەوە کە لەم گوندە برسییانەدا جووتیار خاوەنی زەوی بێت چونکە تەواوی زەوی و زار یان لانی کەم بەشی زۆری مڵکی مودیرن، لە بەر ئەوەی باوکی لە سەردەمی تورکدا قایمقام بووە و بەو پێیە هەموو شتێکی بۆ خۆی قۆرخ کردووە. ئەو خانووەی من لە شیوەکەڵدا تیایدا خەوتم هی بازرگانێکە و لەو گوندەشدا کە پیایدا تێپەڕیم سەرنجی خانوویەکی نائاسایی باشم دا و دواتر زانیم ئەویش هی هەمان بازرگانە و لە هەر یەکێکیاندا ژنێك و خێزانێکی هەیە و لە شوێنی تریش هەمان شتی  هەیە و بەو ڕەنگە بۆ هەر شوێنێك بچێت بۆ کار و بازرگانی ماڵێکی خۆی هەیە. وەك باواپیرانی ئیسپانیی تۆ، گوندی سێهەم کە زۆر لەوانیتر گەورەتر بوو، ئەوەبوو کە مودیری لێدەژیا. ئێمە کاتژمێر 11 گەیشتینە ئەوێ و بۆ نانی نیوەڕۆ لاماندا. من لەو ناوەدا گەڕام و وێنەم گرت و لە دیوەخانەکەی مودیردا لە بەر خۆر دانیشتم و کەوتمە چای خواردنەوە لە چاوەڕوانیی نانی نیوەڕۆدا، کە نانێکی زۆر تایبەت و چاك بوو لەگەڵ گۆشتی کوڵاوی نایابدا لە سەر برنج، بێجگە لە نانی گەرم

و ماستاو و قووڵینەیەك ترێ. ماڵی مودیر گەورە و فراوان بوو، دوو هێندەی ئەوەی من نەخشەم بۆ کێشابوو، واتە دوو بەرە خانوو بوو کە دووەمیان بۆ ژنەکان بوو، هەروەها دەتتوانی بە قاڵدرمەیەك سەرکەوی بۆ دیوەخانەکەی.
پاش نانخواردنی نیوەڕۆ سەرلەنوێ کەوتینەوە ڕێ و مودیر ماوەی نزیکەی نیو سەعاتێك بە سواری کەوتە تەکمان. ڕێرەومان بە شانێکدا دەڕۆیشت و پاشان شۆڕ بووینەوە بۆ گوندێکی بچکۆلانەی جوان کە ناوی سوورەبان بوو. شتێکی سەیر بوو کە ئەم گوندە و هەروەها نۆرکی گوندەکەی مودیریش لە نەخشەی جەنگیدا دەسنیشان کرابوون، بەڵام ناوەکانیان هێند بە نامۆ و زەحمەت حینجە دەکرا کەوا کەس نەیدەناسینەوە. من لام سەیر نەبوو، چونکە ئەگەر ئاشنا نەبوویتایە بە زمانی کوردی نەتدەتوانی بیانناسیتەوە و بە پێی ڕەگی وشەکە دەگۆڕان. بۆ نموونە چووڵەغان ڕەگێکی هەبوو و نۆرکیش لە ڕەگێکی ترەوە دەهات. لە پاش سوورەبان و کێڵگە بچووکە بەیەکەوە بووەکانی، هاتینە ناو چەم و دۆڵێکی بەرفراوانتر کە ناوی ئاوی سیوەیل بوو. چەمێکی پڕ لە گاشە بەردی دڵڕفێن و ئەملاو ئەولای لێژگەیەکی تووش و سەخت و بە درێژایی ماوەی ڕێکردنمان بە سواری هەمووی ڕووەکی سۆرنجان بوو. پاشان هێدی هێدی لە چەمەکە پەڕینە ئەوبەرەوە کە کێڵگەی درێژ و بەرفراوان و پڕ لە دار و دەوەن و جۆگە ئاو و دۆڵ و کەندڕ بوو، ئەمە هەمووی دەستکردی سروشت بوو و کەسی تێدا نەدەژیا و کەسیش نەیکێڵابوو، بەڵام گاگەل و مانگای گوندێکی ئەو نزیکانەی تێدا دەلەوەڕا کە ئێواران دەیانبردەوە بۆ گوند. لێرەدا مودیر سەرنجی ڕاکێشام بۆ لای ئارامیی ناوچەکە و پاش ئەوەی دابەزین وەختەکەمان هەموو بە دەمەتەقێیەکی مودیر و ساڵح بەگ بە سەربرد. ساڵح بەگ پیاوێکی زۆر دڵپاك و کراوە و ڕێکپۆش بوو بەڵام کەمێك بێئەقڵ بوو، کە ئەمەی خوارەوە شێوازێکی قسەکانمان بوو:
ساڵح بەگ: خاتوون، ئەو کچە دەبینی؟ دایکی تەمەنی هەشتا ساڵ بوو کە ئەو لەدایکبوو.
گێرتروود بێل: هەشتا ساڵ! دەی وەڵڵاهی ئەوە تەمەنێکی زۆرە.
ساڵح بەگ: بەڵێ هەشتا یان شەست، دەی با شەست بێت.
من مەزەندەی ئەوەم کرد ڕەنگە تەمەنی دایکەکە 35 بووبێت.
ئەو هیچ کاتێ بۆ وەڵام دانەدەما و من لێمدەپرسی ئەم ڕێگا یان ئەویتر بۆ کوێ دەچێت و هەرچەندە ئەو بچووکترین شارەزایی نەبوو بەڵام یەکسەر دەیوت: "خاتوون ئەم ڕێگەیە دەچێ بۆ فلانە ناوچە لە فلانە شوێن" و بێ ئەوەی هیچ گومانێك پیشان بدات دەستی بۆ ئەو لایە ڕادەکێشا. کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ بەرەو سپیارە هەڵکشاین، کە دەبوو لەوێ چاومان بە مودیری پێنجوێن بکەوێت. من نەمدەزانی ئەم چاوپێکەوتنە لەوێ لە سەر چ بنەمایەکە و ئەگەر من مودیر بوومایە کەس قەناعەتی پێنەدەکردم کە تاقە شەوێکیش لە سپیارەدا ببەمە سەر. خوایە گیان ئەمە چیەو بە هەر حاڵ دێهاتییەکان هەمیشە بە ویڵ و کەماڵن و هەموو لە ژێر دار قەزوانێکی گەورەدا کۆبووبوونەوە بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنمان کاتێ کە دەگەین و ئەوان ئەمە پیشەیانە هەر کاتێ سەردانی گوندەکەیان بکەیت. ئێمە پێنج دەقیقەیەك پێش گەیشتنمان پیاوێکمان نارد هەواڵیان بداتێ بۆ ئەوەی کۆببنەوە. ئەگەر تۆ چارەکە سەعاتێك تەرخان بکەیت بۆیان ئەوە چاوت بە پێنج کەسی داماوی جل شڕ دەکەوێت بە ترسێکەوە سڵاوت لێدەکەن و ئەوجا بە ڕێزەوە پاشەوپاش دەکشێنەوە. خەڵکی سپیارە وەك خەڵکی شوێنەکانی تر بەڕێز و نەزاکەت بوون بەڵام ئەم گوندە هەژارترین و پیسترین ئەو گوندانە بوو کە من ڕێم تێکەوتن. پاشان بردمیان بۆ دیوەخانی ماڵێك و خێزانی ماڵەکە بە ترس و شپرزەییەکی زۆرەوە چوونە هۆدەیەکی ڕەشی تاریکەوە، بەڵام ئەوان کێچەکانیان لەگەڵ خۆیان نەبرد و منیش بۆم دەرکەوت کە لەو گریمانەمدا ڕاست نەبووم کەوا وەرزی کێچ بەسەرچووە و بە قەد بەرزیی شوێنی سپیارە کێچ کەڵەکە بووبوون و باوەڕ ناکەم

کەس لە دنیادا بە ئەندازەی ئەم کوردانە پیس بێت هەرچەندە خەڵکێکی زۆر باش و دڵپاکن. ئەوان ناتوانن بە درێژایی 4 5 مانگی زستان خۆیان بشۆن لە بەر ئەوەی زۆر ساردە و پێدەچێت لەو باوەڕەدا بن کە خۆشۆردن لەو مانگانەدا بێسوودە و چاکترە خۆیان لە مانگەکانی تردا بشۆن و هەرگیز جلە زۆرەکانی بەریان داناکەنن زستان بێت یان هاوین، بە تایبەتیش مێزەرە زلەکانی پیاوان و ژنان کە قەت لە سەری داناگرن. ژنیان قژ بە لاجانگیاندا و بە سەر گوێچکەدا بەردەدەنەوە و بە زۆریش پەلکی ڕەشیان دەبەنە دواوە و لە ژێر سەرپۆشدا دەیشارنەوە. هەرکە بەهار هات کێچ هێند زۆر دەبێت لە ماڵەکاندا تاڕادەیەك کە کوردە سەرەتاییەکانیش بەرگەی ناگرن و تەواوی گوند چۆڵی دەکات بۆ خانووی هاوینە کە وا لە گەڵا و لقی داربەڕوو دروست دەکرێ بە لاپاڵەکانەوەو منیش بەم حاڵ و بارەوە ویستم لە سپیارەدا بخەوم! پاش ئەوەی گەیشتم فرەی پێنەچوو جێگرێکی مودیر بە سواری هات کە گەنجێکی کەتە بوو و زۆر جار بینیبووم چونکە هۆدەکەی من ژووری تۆمار کردنی ئەو بوو کاتێ کە خەریکی کاروباری گومرگ دەبوو. ئێمە هێشتا هەر نزیکەی سەعاتێك لە سنووری ئێرانەوە دوور بووین. پاش ئەوەی شەو داهات هیچ ڕووناکییەك نەبوو ڕووناکیی ئاگری داڵانی دیوەخانەکەی لێدەرچێت و نانی شێوانمان چەند مریشکێك بوو لە سەر برنج بە نان و ماستاوی سوێرەوە. من پرکێشیم کرد کە پارەی خواردن و خەوتن بدەم وەلی ئەوان بە سووکایەتی پێکردنیان لە قەڵەم دا، بەڵام ژن و منداڵ هەلیان دەقۆستەوە و سواڵیان لێدەکردم و بە جۆرێکی تر ئەو قەرزەم بە سەر خۆمەوە نەهێشت. بۆ سبەی بەیانی چوار کەسی جل شڕی هەژار هاتنە لامان لەو کاتەدا کە ئەسپەکانیان بۆ زین دەکردین، دوانیان بە تەواوی نابینا و دوانیشیان یەکچاو بوون و من هەستم کرد ئەمە ڕێکەوت نیە و ئەوەی پێویست بوو بەجێمهێنا و لەو بڕوایەدام ئاوات بەوە دەخوازن کە هەموو جارێك ساحێبێکی ئینگلیز شەو لە سپیارەدا بکاتەوە.

23

10 ی تشرینی دووەمی 1921

من خۆشحاڵ بووم بەوەی چوومە شوێنێك هەوای پاك و سارد بوو، شوێنێکی بێ کێچ با بڵێم وئێمە لە لاشانی شاخێکی پڕ لە دارستان بەرەو لووتکە هەڵکشاین و لەوێوە و لە پشتی دۆڵ و شیوەکانەوە بەرزاییەکانی سنووری ئێران دیار بوون و کەوانێکی گەورەی بەرەو ڕۆژهەڵات دروستکردبوو. لێرە و لە گوندێکی تابڵێی پیسدا کە بیرم کەوتەوە ناوی بەهێ بوو و وابزانم بە واتای هەنار دێت (لێرەدا لێی تێکچووە و) و نەگونجاو بوو لەگەڵ ئەم ناوەدا، لەگەڵ جێگری مودیر بەڕێکەوتین و بە سواری بە دۆڵەکەدا بەرەو خوار بووینەوە کە هەر چوار لای شاخی بەرز بوو، هەروەها پێشیشی زنجیرە شاخێکی بڵند گرتبووی و دەبوو سبەینێ ئێمە لەوێوە بپەڕینەوە و کە چووینە ناو دەربەندێکەوە لەسەرخۆ دەڕۆیشتین و بە ڕاستی ڕەوتکردنی وڵاخەکانمان بە سەر نەرمە گیای دۆڵی پێنجوێندا زۆر خۆش بوو. کاروانی گەورەی هێستر بە دەنگی زەنگ و قوڕەوە بە دوامانەوە بوون، ڕێك وەك ئەوەی لەشکری سوارە بن و ئێمەش لە سوپایەکی سوارە دەچووین لە کاتی هێرشدا و جەندرمە پۆشاك سەیرەکانم خۆیان بە تفەنگەکانیانەوە بادەدا و زەیا لە پانتۆڵی کورتی خاکیی قەشەنگدا دەتوت لە ئاهەنگدایە، بەڵام باوەڕ ناکەم چەکمە قاوەییە درێژەکانی من و شەبقە سەوزباوەکەم دیمەنێکی جوانیان نواندبێت، تەنانەت بە پانتۆڵی سواریی ئینگلیزیشەوە و وەی کە کۆرسێکی قۆشمەمان پێکهێنابوو. لە ڕێگا چاومان بە پیاوێك کەوت بە زەحمەت ڕێی دەکرد و بارێکی بە سەر شانەوە بوو و تفەنگێکی ڕووسیی بە دەستەوە، جەندرمەکانی من کە لە قەزای

شارباژێرەوە هاتبوون (ئەڵبەتە ئێمە ئێستا لە قەزای پێنجوێنین) ڕایانگرت و ڕوخسەتیان لە من خواست چیبکەن، چونکە جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە تفەنگ هەڵگرتن بێ پاس قەدەغەیە و کابرا پێی لەوەنا کە هی خۆی نیە و بیانووی ئەوە بوو کە: (ئە) تفەنگەکە هی شێخ حەسەن بەگە کە ئێمەی لێ ئاگادار نەکردووەتەوەو (بی) بۆیە پێویستی پێیەتی نەوەك ئەو شتومەکانەی لە توورەکەکەدا هەڵگیرتوون لە ڕێگا دز لێی بسەنێت. کابرا لەم قسانەدا بوو و توورەکەکەی کردەوە و من وای بۆچووم کە بۆمان بسەلمێنێت چۆن تفەنگەکە پاراستوویەتی. دادگای لێکۆڵینەوە پێی وا نیە ئەم  باس و خواسە بەس بێت، لە بەر ئەوە عەلی بەگ، کە یەکێك بوو لە جەندرمەکانی من، تفەنگ و ڕەزنەکەی لێسەند و لەگەڵ ئەوەی خۆیدا کردیە شانی و بە کابرای خاوەنی وت شوێنمان بکەوێت بۆ لای مودیری پێنجوێن، کە ئێمە خۆمان بۆ لای ئەو دەڕۆیشتین. کۆتایی چیرۆکەکە ئەوە بوو وەختێ ئێمە گەیشتینە پێنجوێن و زانیمان ئەم فەرمانە جارێ جێبەجێ نەکراوە، بۆیە تفەنگ و ڕەزنەکەمان دایەوە بە کابرا و سەرباری ئەوەش من هەندێك بەخشیشی دۆستانەم دایە و (بە ڕاستی لە دڵەوە پێم خۆش بوو دەست بە سەر تفەنگەکەیدا نەگیرا) و دەتوانم بڵێم کەوا ئەم ڕووداوە بە خۆشی و ڕەزامەندی کۆتایی هات.
پێنجوێن لە دوورەوە شوێنێکی خۆش دیارە و هەر لەو دۆڵە بەرفراوانەدا کە تێیدا هەڵکەوتووە جوانییەکی بێوێنەی داربی دەبینی بە گوێ چەم و جۆگە و ئاوەکاندا و چنار کە سەریان بەرز کردووەتەوە بەرەو دامێنی گردەکان. بەڵام کاتێ دێیتە ناو شارەوە یەکپارچە کارەساتە! لە هەموو لایەکەوە و وێرانەی لە ڕووس بەجێماوە (کە لە ساڵی 1916 یان 1917 پێموایە هاتوونەتە ئێرە). لێرە تەنها نیوەی خانووەکان بە پێوە ماون، بازاڕ پەیکەرە ئێسکێکی بێ ساپیتەیە، قەیسەرییە جوانەکە، خانی ناو بازاڕ هەمووی کەلاوەیە. حەمامەکان و مزگەوتەکان کە مۆرکی جوانیی شار بوون نیوەیان ڕووخاون. ڕووس هەرچی ئاژەڵ و ماڵاتیان هەبووە کوشتوویەتی یان بە تاڵانی بردووە و خەڵکەکە شتێکی وای بە دەستەوە نەماوە، سەد حەیف و مخابن!
مودیر، کە بە سواریی هاتبووە دەرەوەی شار بۆ پێشوازیی من، ناوی عەونی ئەفەندی بوو و پیاوێکی قەشەنگ و بەشکۆ بوو و عەرەبییەکی باشی دەزانی و ڕۆشنبیر و ڕووخۆش بوو. کاتێ چووینە ماڵیان دەسبەجێ ژنە شۆخەکەی و منداڵەکانی پێناساندم. ئافرەتی کورد سەرپۆشیان بە سەرەوە نیە و تێکەڵی پیاوان دەبن و خانمی گەورەی ماڵن چەشنی ئەم خانمە و بۆ کوێیان دەوێ دەڕۆن. ژنەکەی عەونی ئەفەندی ئەوەی پێخۆش بوو بە دانیشتنەوە وێنەی بگیرێت و بە تایبەتی هەموو خشڵ و زێڕێکی کردبوو بە خۆدا بۆ پێشوازیی من و کەمێك عەرەبیشی دەزانی چونکە باوکی کاپتن بووە لە سوپای  تورکدا و بەو هۆیەوە چەند ساڵێك لە بەغدا و مووسڵ ژیاوە. پێش ئەوەی نانی نیوەڕۆ پێبگات من تاوێك بە ناو شاردا گەڕام و سەردانێکی قازیم کرد کە لە بەرهەیوانی مزگەوتدا دانیشتبوو، هەروەها وێنەی ژنانم لە سەر کانی گرت. پێنجوێن لە دۆڵێکی زۆر جوان و دڵڕفێندایە و خانووە باشەکانی لە خشتی سوور دروستکراوە و ئەگەر ئەم شوێنە ئەوەندەی کەلاوە تێدا نەبوایە ئەوە شارێکی تەواو ڕێکوپێك دەبوو، بەڵام لەگەڵ کەلاوەکانیشیدا دار و درەخت و قەدپاڵی چیاکانی جوانییەکی سەیریان پێبەخشیبوو. مودیر نانێکی نیوەڕۆی زۆر نایابی بۆ ئامادە کردبووم و ماڵەکەشی تەواو خۆش و جێی حەوانەوە بوو. خۆی و ژنەکەی هۆدەکەی خۆیان بۆ تەرخان کردم کە دەکەوتە پشتی دیوەخان و هۆدەیەکی پڕ فەرش و خاوێن و ژوورێکی بچووکی تری لە سەر بوو کەوا کەلوپەلی خۆشۆردنم لێدانا. نانی نیوەڕۆ و ئێوارە وەختێکی زۆریان بەین نەبوو، چونکە یەکەمیان درەنگ خواردمان و دووەمیش زوو. لە کاتی نانخواردنی شێواندا لە دیوەخان خانم لەگەڵم دانیشت و نایابترین هەنگوین و ماستاوی سوێریان بۆ دانام. پاشان لە دەستە خانوویەکی تری ماڵدا چووم لەگەڵ مودیر دانیشتم، ئێمە  لەمبەر و لەوبەری ژوورەکەوە لە

سەر دۆشەك دانیشتبووین و ئاگرێکی گەشیش لە ئاگردانی ناو هۆدەکەدا دەگڕا و بە دوور و درێژی باسی بارودۆخی سیاسیمان کرد. مودیر پیاوێکی لەسەرخۆ و ژیر بوو و زۆر بەداخەوە بوو کە کوردستان نایەوێت بچێتە چوارچێوەی عێراقەوە بەڵام هەردوکمان هاورا بووین کە کاری زۆرەملێ ئەنجامی باش نیە. ئەو وایبۆدەچوو کە دواجار خۆی لەخۆیدا یەکگرتنێك دروست دەبێت و دەیوت بێگومان یەك دوانێك لە خەڵکی شار بایەخ بەوە دەدەن کە حکوومەتی وڵات لە ژێر دەستی کێدایە، بە مەرجێك حکوومەتێکی شایستە بێتە کایەوە کە ڕێگە بە جووتیاران بدات بەشێکی ئەو بەرووبوومەیان بەرکەوێت کەوا دەیچێنن. هەمیشە ئەمە کێشەیە، بەڵام ئێمە دەزانین کەوا ژمارەیەکی کەم لە سیاسییەکانی ناوخۆ خەڵك بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن بە هەندێ هات و هاواری وەك کوردستان بۆ کوردە و یەکێتی ئیسلامی و بۆ نموونە یەکێتی لەگەڵ تورکیادا، تەنانەت ئەگەر خەڵك بەو جۆرەش بیر نەکاتەوە کە ئەوە نابێ و ناکرێ). بە هەر حاڵ مودیر وایبۆدەچوو کەوا ئەنجومەنی نوێنەرایەتیی سلێمانی قەناعەتی بەو خولیا و مەرامە سیاسییانە هەیە و پێیان خۆشە.
پێنجوێن بە ژمارەی دانیشتووانی کە هەزار و پێنجسەد کەس یان زیاترە، دە هاوڵاتی دەنگدەری هەیە و مودیر دەنگی وەرگرتوون بۆ سێ پاڵێوراو لە ئەنجومەنی هەڵەبجەدا. ئەم کاندیدانە لەلایەن مێجەر گوڵدسمیس و کاپتن دۆگلاسەوە هەڵبژێردراون بە ڕاوێژ لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتدا، کە ئەندامی مەجلیسی ناوخۆی قەزان و بۆ دڵنیایی دەرفەتی تر نەبوو. ئەم قەزایە قەڵەمڕەوی سەرۆکەکانی جافە و بەگزادەی جاف خاوەنی زۆربەی گوندەکانن و نیوەی ڕاستی خودی پێنجوێن خۆیشی و بەم پێیە ئەگەری کاندیدی تر نەبوو بێجگە لە بەگزادە (چونکە بێجگە لەوان خەڵکی دەمڕاست و پیاوماقووڵانی تر نین) و ئەوانە هەرسێکیان مێجەر گوڵدسمیس پێشنیازی کردوون بۆ هەڵبژاردن. هۆزی جاف کۆچەرن و بەگزادەکان کە سەرۆك و دەمڕاستیانن، بوون بە نیشتەجێ و خاوەن مڵك و دێهات و کشتوکاڵ دەکەن. هەموو بەهارێك تەواوی عەشرەتی جاف، کە نزیکەی دە هەزار خێوەت دەبن، بە قەزای هەڵەبجەدا دەڕۆن بەرەو لەوەڕگا و پاوانی هاوینەیان لە هەردە و چیاکانی ئێراندا و هەموو پایزێکیش بەرەو هەوارگەی زستانەیان دادەگەڕێنەوە لە نێوان کفری و خانەقیندا. هەموو جارێکیش تێپەڕبوونیان بە ناوچەکانی قەزای هەڵەبجەدا نزیکەی مانگێك دەخایەنێ و لە ڕۆژگاری تورکدا مانگێکی پڕ لە ترس و تۆقین بووە بۆ خەڵکە نیشتەجێکە. جاف بە هەر شوێنێکدا گوزەریان بکردایە خەڵکیان سەغڵەت دەکرد و دەڕووتاندەوە و کاتێ جاف دەهاتنە ئەو دۆڵە گەورەیەی کە من پیێدا بەرەو پێنجوێن گوزەرم کرد و هەر خێڵ و تاقمەیان شەوێ دوانیان لەوێ بە سەردەبرد مودیر دەینارده شوێن بەگزادەیەکی هەڵەبجەدا و لەگەڵ یەکتر رێکدەکەوتن کە خێڵەکە بە ئارامی بهێڵنەوە. بەگ بە پێی نەریتی خێڵەکی فەرمانڕەوایی دەکرد و مودیریش، پێدەچێت بە شێوەیەکی کاراتر، لەگەڵ دە پۆلیسی خەڵکی شار و پێنج جەندرمەی سوارەدا کارڕانییان دەکرد. مودیر دەیوت "کاتێ جاف لێرەوە گوزەر دەکەن هەمیشە بەندیخانە پڕە، ئەمەش تەنها لە بەر هەندێك دزی و دەخەڵیی بچووکە وەك دزینی مریشکێ دوان لێرە و ڕفاندنی ماینێك لەوێ و دزینی میوە و دانەوێڵە". ئەمانە نزیکەی مانگێکیان پێدەچوو لەم ناوەدا و ئەمە پیشەی هەموو ساڵێکیان بووە، نەك نموونەی تاوانێکی بەرچاو. شتێکی چاکە وا نیە!

24
11 ی تشرینی دووەمی 1921

دنیا بە شەو زۆر سارد بوو، چونکە پێنجوێن زیاد لە پێنج هەزار پێ بەرز بوو، بەیانیش زۆر جوان و

ڕووناك بوو. ئەم بەیانییە مودیر قاوەڵتییەکی ئاسایی، وەك ڕۆژانی تری دامێ کە بریتی بوو لە هێلکەی کوڵاو، ماست، نانی تیری و چای و قاوەڵتیی لەمە باشتر نەبوو. پاشان کەوتمە ڕێ و مودیریش بۆ ماوەی نیو سەعاتێك بە سوارییی کەوتە تەکم. تەنانەت لە کاتژمێر هەشت و نیودا کە کەوتینەڕێ توێژاڵێك شەختە و زوقم لە ژێر دارەکاندا بوو، بەڵام هەر کە دامانە لاپاڵی گرد و چیاکاندا خۆر تەواو گەرمی کرد. لە ڕێگا راوێکی سەرنەکەوتووی بزنە کێویمان کرد و هەر یەکە لای خۆیەوە کەوتە پارێز لە بزنە کێوییەکان کە جلەوی بارودۆخەکە لای ئەوان بوو. ئێمە بە سواری بە شاخەکانی پشتی پێنجوێندا ڕۆیشتین بە ناو جوانترین دارستانی داربەڕوودا کە تا ئێستا بینیبێتم. دارەکان نزیکەی شەست پێ یان زیاتر بەرز بوون و بەڕووی زل زلیان پێوە بوو، کە سێ جار لە بەڕووەکانی لای خۆمان گەورەتر بوو و هەندێکت بۆ دەنێرم و بەرە گۆیژی گەورە و نایاب لە هەموو لایەك بەرچاو دەکەوت و حەزت دەکرد بیخۆیت. لە سەرەوەی تەنگی ڕێرەوەکەمان زەوییەکی سەیر هاتە پێش چاومان کە شاخە بەرزەکان یەکپارچە دارستانی بەڕوو بوون و لەوەخواریش زنجیرە چیای ڕووتەن و پاشان دەشتی پان و بەرینی هەڵەبجە و لەوێش بەولاوە زنجیرەی شاخە نووك تیژەکانی هەورامان بوو کە بەشێکیان لە ناو خاکی ئێراندا بوو. من بە ناو داربەڕووەکاندا چوومە خوارەوە و جار جار دەوەستام و بەرە تووتڕکم دەخوارد کە لە قەراخ و بیجاخی هەموو جۆگە ئاوەکان سەوز بووبوون. بەرەبەرە دارەکان هاتنە تەنکی و پاشان دیار نەمان و ئێمەش کەوتینە ناو پێدەشتێکەوە پاش ئەوەی دەربەندێکی ڕووتەنمان پری. وا ئیتر دارستانی بەڕوو نەما، خوایە خۆ من پێنج ڕۆژی خۆشم لە ناویاندا بردە سەر. دواجار گەیشتینە یەك لەم دەربەندە ڕووتانەی دەیڕوانییە سەر دەشتێکی فراواندا و هاتینە بچووکترین و پیسترین زنجی کوردەوە کە تووتاغاج بوو، واتە دارتوو و ئەم ناوەشیان بۆ گاڵتە بە سەردا بڕیوە و تەنها سێ داربەڕووی گەڕی تێدا بوو کە ژاکابوون و خەریکبوو وشك دەبوون. تووتاغاج مڵکی یەکێك لە بەگزادەکانە کە ناوی عەبدوڵا بەگە و من بۆرە ناسیاوییەکم لەگەڵدا هەبوو. ئەو لە زستاندا لێرە دەژیا و بە هاوینانیش دەچووە چیاکانی ئەو ناوە. عەبدوڵا بەگ زۆر میوانپەروەر بوو و بە گەرمی پێشوازیی لێکردم و خێرا فەرمانی دا یەکێك لە دوو هۆدەی زنجەکەیم بۆ پاك بکەنەوە و بیخەنە خزمەتمەوە، بەڵام چونکە ئەو ئەزموونە تاڵەی سپیارەم هەبوو، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر زۆر بێتاقەت بوم و لە ترسی کێچ لەرزم لێهات. لێرەدا ئەو پێشنیازی کرد کە خێوەتێکم لە دەرەوەی ئاوایی بۆ هەڵبدات لە هەر شوێنێکدا کە خۆم پێمخۆش بێت. بە ڕاستی منیش زۆر کەیفم پێهات و خێوەتمان لە سەر زەوییەکی پاك هەڵدا لە شوێن خەرمانێکدا، کە چەند سەد یاردێك لە دێوە دوور بوو. خێوەتی کوردی زۆر داخراو نیە و بریتییە لە ساپیتەیەك لە بەنی مووی بزن و چواردەوری بە جۆرە حەسیرێك گیراوە کە لە قامیش دروست کراوە و شاشە و دەر و ناوی دەبینرێت و بەرزییەکەشی ناگاتە ئاستی ساپیتەکە و بەتاڵییەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا (مەبەستی چیخە و). ئێمە بەشێکیمان جیاکردەوە بۆ زەیا و ساڵح بەگ و من خاولیی حەمامەکەم بە نێواندا هەڵواسی وەك پەردەیەك و بەمجۆرە شوێنێکی ترمان دابینکرد و دنیا لێرە گەرم بوو چونکە نزیکەی 2 3 هەزار پێ دابەزیبووین و دەشتی هەڵەبجەش زستانە هەوارە، واتە گەرمیانە و بەم ڕەنگە خەوتن لە دەرەوە خۆش بوو و دانیشتنیش لە دەرەوەی خێوەتەکە و نامە نووسین بۆ تۆ تام و بۆیەکی خۆشی هەبوو. دانیشتووانی گوند هەڵسوکەوتێکی جوانیان نواند و پاش بەخێرهاتن بە جێیانهێشتم بۆ حەوانەوە، بە پێچەوانەی مەڕ و ماڵاتەکەیانەوە کە بەردەوام قۆچیان لە خێوەتەکە دەدا و بۆنیان بە کەلوپەلەکانەوە دەکرد. دەمەو خۆراوا گاگەل بەرەو ناو ئاوایی گەڕایەوە و سێبەرێکی شینباو قەدپاڵ و چیاکانی داگیر کرد و لووتکە بەرزەکان وەك ئاڵتوون بریسکەیان دەهات، خوایە وا من بووم بە شاژنە ڤیکتۆریا! ئەو ڕگەیەی ستراچیت لە بیرە کە دەڵێت: "ئەلبێرتی ئازیز دەڵێ هۆکاری جوانیی دیمەنی شاخەکان لە گۆرانی

بەردەوامیاندایە". چاکە، ئێمە کاتژمێر شەشی ئێوارە لە سەربانیماڵی عەبدوڵا بەگ نانی شێوانمان خوارد. بەیانی چوار هێلکە و نانێکی بچووکم خواردبوو، ئیتر دوای ئەوە تا ئێوارە هیچم نەخوارد و وا ئێستا نانی ئێوارە لە بەر تریفەی مانگەشەو دەخۆم کە بریتی بوو لە گۆشتی کوڵاو و سوورەوەکراو لەگەڵ برنجدا کە تام و لەزەتی هەر تەواو نەدەبوو. چێشتی کوردی بە تایبەتی نایابە و تەنانەت لەم شوێن و ڕێ ناڕێك و هەژارەیاندا خواردنی خۆش و بەتام دروست دەکەن و تۆ لێرە نابێ پارە بدەیت چونکە پێیان عەیبە و بە سووکایەتیی دادەنێن. من هەست بە نیگەرانی دەکەم کەوا خۆم و جەندرمە و هێسترەکانم بوون بە بارێکی قورس بە سەر شوێنێکی وەك تووتاغاجەوە.
25

12 ی تشرینی دووەمی 1921

ڕاستێکەی من تەواو خۆشنوود بووم و نوقمی خەیاڵ بووبووم و تەماشا دەکەم قاوەڵتییەکە هیچ نیە بێجگە لە هەندێك نان و پیاڵەیەك یان دوان چای. من هەندێك گوێزم پێبوو بەڵام گوێز زۆر بەرگە ناگرێت و ئێمە نزیکەی پێنج کاتژمێر بە سواری ڕێمان کرد تا گەیشتینە هەڵەبجە. ئەو دەشتەی پێیدا گوزەرمان کرد زەوی و زارێکی زۆر بەپیتی وڵاتەکە بوو و هەروا چەم و لقی ڕووباری سیروان بوو لەتی کردبوو و پێیدا دەڕۆیشت و بە چواردەوری ئەو گرد و ڕووتەنانەدا لە سێ لاوە چەم و ئاو بوو. گەلێ گوند کەوتبوونە بن گردی دەستکردەوە  جا ئەمانە ئاسەواری میدییەکان بوون یان چی، نازانم؟
هەڵەبجە کەوتبووە کۆتایی پێدەشتەکە و نزیك بە شاخەکان و ماوەی نیو سەعاتێکمان مابوو بگەینە مەنزڵ ئەحمەد بەگی قایمقاممان پێگەیشت کە لەگەڵ بیست کەسی پۆشاك قەشەنگی دەستە و تاقمیدا ڕاوی دەکرد و کاپتن دۆگلاسیشی لەگەڵ بوو کە جێگری ئەفسەری سیاسیی هەڵەبجە بوو، بەمجۆرە پێکەوە دامانە غاردان و کۆڕ و کۆمەڵێکی قەبە و سەیر دەهاتینە بەرچاو.
کاپتن دۆگڵاس لە خانوویەکی کۆنی شێواز ئێرانیدا دەژیا، کە زۆر قەشەنگ و جوان بوو و لە شووشەی ڕەنگاورەنگی سەیر و تەختەی نایاب و جوان پێکهاتبوو، بەڵام بیناکە کۆن بووبوو و دەرگا و پەنجەرەکانی خەریکبوون دەڕزین و من لەم شوێنەدا لەگەڵ کاپتن دۆگڵاس مامەوە.
کەسایەتیی دیاری هەڵەبجە عەدلە خانمە کە خانمی گەورەی بەگزادەیە لێرە و دایکی ئەحمەد بەگە و خێزانی وەسمان پاشا بووە، کە ساڵانێك لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە و ئەم خانمە بەردەوام بوو لە فەرمانڕەوایی کردنی جاف بەوپەڕی توانایەوە و کاریگەریی لەوە بەهێزترە کەوا بیری لێبکەیتەوە کەسێك بیکات و بەگشتی وەك خانمە گەورەکانی کورد هەڵسوکەوت دەکات. ئەو گەلێ جار نامەی بۆ نووسیوم و بێگومان من هەستم بەوە کرد کە دەبێ دڵی ڕابگرین و خێرا دوای نانی نیوەڕۆ چووم بۆ دیدەنی. ئەم ئافرەتە کەسێتییەکی سەرسامکەر و سەرنجڕاکێشە بە جلوبەرگی کوردیی قەشەنگیەوە و بە زڵفی ڕەشی قەترانییەوە (پێموابێت بۆیاخی کردبوو) کە لە ژێر مێزەرە گەورەکەیەوە بەریدابووەوە بە سەر گۆنای ئارایشتکراویدا. ئێمە بە فارسی گفتوگۆمان دەکرد و لە زۆر شت دواین بە تایبەتی ئەو بوارەم بۆ باس کردن کە چۆن عێراق باش بەڕێوە دەچێت لە ژێر سەرکردایەتیی فەیسەڵدا و بۆ دڵنیایی پێیان بڵێن کە ئەوپەڕی ئاواتی ئێمە دوو منداڵەکەمان بووە، عێراق و کوردستان کە چۆن دەبێ بە ئاشتی و دۆستایەتی پێکەوە بژین.
26

13 ی تشرینی دووەمی 1921

من دەبێ بگەڕێمەوە سلێمانی و لە 15ی مانگدا بە سواریی شەمەندەفەر بچمەوە بۆ بەغدا، بەڵام تا ئێستا ئەوەم نەکردووە. کاپتن دۆگلاس پێشنیازی ئەوە دەکات کە شەوێکیش لە چیاکانی هەورامان لە سەرووی هەڵەبجەوە بە سەربەرم و لە بەردەم ئەم خولیایەدا خۆم ڕانەگرت.
هەورامان لای ئێمە کەمتر ناسرابوو و سەردانی کرابوو، کەواتە دەبوو ئەم هەلە لە دەست نەدەم و بگرە کورتترین سەردان باشتر بوو لەوەی لە دەستی بدەم. چیاکانی زۆر سەخت بوون و شیوی قووڵ قووڵ کەرت و پەرتی کردبوون کە پڕبوون لە دار و درەخت و باخی بچووك بچووکی نێو تەلان. لێرە ژیانی نەریتیی دێهاتە و دانیشتووانی زۆر کۆنن و بە دیالێکتێکی تایبەتی کوردی قسە دەکەن و وەك باس دەکرێت زۆر نزیکە لە شێوە بەراییەکانی زمانی فارسییەوە. بەگەکانی هەورامان خەڵکی توندوتیژ و ئاژاوەگێرن و لەوانیش کەمتر لە  کاریگەری و توندوتیژیدا بنەماڵەیەکی گەورەی ئاینیی شێخەکانن کە لە سەر تەریقەتی نەقشبەندین و مەزهەبێکی زۆر بەربڵاوە و لە دیمەشق و ئەستەمبووڵ و شوێنانی تر مزگەوت و تەکیە یان با بڵێین خەڵوەتخانەیان هەیە (مەبەستی خانەقایە کە زیاتر بۆ رابەرانی تەریقەتی نەقشبەندییە لە کوردستاندا  وەرگێڕ). لە ڕاستیدا نەقشبەندییەکان زیاتر لە ڕێبازێکی ئاینی دەچن وەك هەر شتێکی تر و هاوشێوەیەکی ئیسلامیی باوکانی دۆمینیکانە و هەورامان شوێنی پیرۆزیانە.
ئێمە تاقمێکی گەورە بووین و ئەحمەد بەگ (لێرەدا مەبەست شاعیر ئەحمەد موختار جافە  و) بە خۆی و بیست سوارەوە هاتبوو، ئەحمەد بەگ ماینێکی عەرەبیی جوانی دامێ بۆ سواری. لە پاش دەرچوونمان بە نیو سەعات سێ شێخی نەقشبەندی هاتنە پیریمانەوە، یەکێکیان شێخ سەعدیی برای شێخ حیسامەدین بوو کە لەگەڵی چووین بۆ سەر خوانی نیوەڕۆ و نیو سەعاتی تری ڕێگە بە بنی یاڵ و شاخی ڕووتەندا  ڕۆیشتین و گەیشتینە قادر بەگی کوری جافر سوڵتانی سەرۆك، کە سواری یان دوانی لەگەڵ بوو. بەم پێیە هەمووان دەیانگوت کەوا تاقمەکەی ئێمە 40 تا 50 سواری پۆشاك ڕەنگاورەنگ بووین بە سەر پشتی ئەسپی خۆشبەزی عەرەبییەوە و بە وێنەی کتێبێکی پڕ لە زانستی فارسی دەچووین. بەم ڕەنگە بە ناو چیاکاندا ڕۆیشتین تاوەکو چووینە پێچی شاخەوە و جۆگەی ئاودێریی بچووك تێیدا سەرەوخوار دەهات و ریزێك دارتوو لە سەریان سەوز بووبوون. لە دووریشەوە گوندێکی خنجیلە لە بەرزاییەوە دەرکەوتبوو، کە ناوی باخە کۆن بوو و ئێمە بەرەو ئەوێ دەچووین بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. ئێرەش وەك هەموو گوندەکانی تری هەورامان بە ڕێکی لە بەرد دروستکراوە و نوقمی داری بەرییە کە لە تەڵانەکاندا ڕواون بە درێژایی جۆگە ئاودێرییەکان بە لاپاڵی چیاکانەوە. لە بەرزترین شوێنی گونددا چووینە ماڵی شێخ  حیسامەدین و بە درێژایی دیوەخانە لە بەرد دروستکراوەکەی و لە بەردەمی ئێمەدا بۆ خوارەوە و بە قەدپاڵی چیاکەوە باخچەیەکی خنجیلانەی بچووك دروستکرابوو لە سەر دەستووری ئێران کە بریتیبوو لە دوو تەڵان و حەوزێکی ئاو لە ناوەڕاستدا و شۆڕەبییەك لە تەنیشتیەوە و گوڵ و گوڵزار بە چواردەوریدا، کۆڵەکە دار بووە بە پەرژینی باخەکە و ئاو بە نێو بەردی خزدا پلووسکی بەستبوو بەرەو خوار بۆ تەڵانە پڕ گوڵ و گوڵزارەکەی ئەوبەر. ئێمە گشت چووین بۆ دیوەخان و لە سەر قاڵی و لباد دانیشتین. خودی حیسامەدین خۆیشی لەوێ بوو، کە ڕووخۆشترین و کەیفخۆشترین پیرەمێردی بەشکۆ و پیرۆز بوو بینیبێتم، جووتێ چاوی گەش و گەورە و لووتێکی زلی قوڵنگی پێوەبوو، مێزەرێکی سپیی زلی بە سەرەوە و هەمیشە دەم بە خەندە بوو، هەروەها عەرەبییەکی زۆر چاکیشی دەزانی. هەر هەموو ئەو بەگ و شێخانەی لەوێ دانیشتبوون لە جلوبەرگی ئاڵ و واڵای سوور و شین و قاوەیی و سپی و ڕەشدا بوون. تیشکی ڕۆژ لە پەنجەرە کراوەکانەوە دەهاتە ژوور، کە لێیانەوە حەوزە شینەکە و لق و پۆپی شۆڕەبییەکە و لووتکەی کەژەکانت دەبینی کە دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنی

دەبەخشی. لە نێو ئەم  کۆڕ و کۆمەڵەدا پیاوێك هەبوو زۆر جیاواز بوو لەم کوردە کەتە و زلانە کە عەرەبێکی لەڕ و لاوازی خەڵکی حیجاز بوو و ماوەی پانزە ساڵ بوو لەگەڵ شێخ حیسامەدین دەژیا و لێرە ژنی هێنابوو و جێگیر بووبوو بەڵام یەك وشە لە زمانی کوردی فێر نەبووبوو. ئەم پیاوە مەیلی بە لای قسە کردنەوە نەبوو بە هیچ زمانێك و تەقەی سەری دەهات کە باسی فەیسەڵم دەکرد کەچی شێخ زۆر بەپەرۆش بوو بۆ بیستنی.
لە پاش نانخواردنێکی نایاب و بەتامی نیوەڕۆ دۆعاخوازیمان کرد و دەبێ ئەوەش بڵێم کە من بە نابەدڵی ئەو شوێنەم جێهێشت. ئەم باخە کۆنە وەختی خۆی لانکەی دز و جەردە بووە تا ئەو دەمەی کە باوکی حیسامەدین فەرمانی پێکردووە گوندێك لەم شوێنەدا ئاوەدان بکاتەوە و دەست بداتە ئیرشادی تەریقەت. بەمجۆرە بوو بە خانەقای  نەقشبەندی و خەڵك دەهاتنە سەردانی و دەستی شێخی ڕووگەشیان ماچ دەکرد و سەرەتاکانی بەها و ڕەوشتی لێوە فێر دەبوون بە پێی تێگەیشتنی ئەو شوێنە.
کاتێ کە بەڕێکەوتین بەرەو دەربەندێك داگەڕاین و بە قەد چیایەکدا پێچمان کردەوە و ڕۆیشتینە دەربەندێکی دیکەی قووڵتر و سامناکترەوە کە یەکپارچە دارستانێکی چڕ بوو و لەناکاو لە قوژبنێکدا خۆمان لە ناو دۆڵێکی پڕ لە دارگوێزی قەبە و زەبەلاحدا بینییەوە و چووینە گوندی بیارە کە مەرقەدی شێخ عومەری تێدابوو، کەوا ڕابەری بەناوبانگی تەریقەتی نەقشبەندیی بووە پشتێ دوان لەمەوپێش. ئێرە ئامۆزایەکی شێخ حیسامەدینی لێبوو کە ناوی شێخ عەلادین بوو و لە دیوەخانەکەی خۆیدا لە ژێر کۆمەڵە دارگوێزێکی گەورەدا چووینە لای و ئەم دیوەخانە دەکەوتە لایەکی خانەقاوە و بە تەنیشت حەوزێکەوە کە خەڵك دەسنوێژیان لێدەگرت پێش ئەوەی بچن بۆ نوێژ کردن و شوێنەکە تا بڵێی ئارام و دڵڕفێن بوو. ئەم شێخ عەلادینە هەر کە دەمی کردەوە کەوتە سکاڵا و بۆڵەبۆڵ و هەر لەو ساتەوە ڕقم لێهەڵگرت چونکە پیرەمێردێکی ڕووتاڵی بەدفەساڵ بوو کە بەردەوام کۆڵی لەو باس و خواسە نەدەدا کەوا حکوومەتی بەریتانیا زۆر لەوە کەمتری بۆ کردووە کە هەقبوو بیکردایە و ئەم چاوەڕێی شتی باشتر بوو و داواکاریی زۆرتر بوو. من پێموایە ئەم زۆر پیرۆزتر بوو لە ئامۆزاکەی کە پێیوابوو بایەخی زیاتری پێدراوە بۆیە وا بێ وێڵ و ماریفەت بوو لەگەڵمان و هەرچۆنێك بێت وایدەبینم کەوا کاریگەرییەکی تایبەتی هەیە. ئەو ئیرشادی "جیهان" دەکات و نووشتە و دۆعا و چارەسەری بەموعجیزە دەکات و تێکەڵی فرۆفێڵی سیاسیی دەکات کە چۆن بگونجێ لەگەڵ نەگێرانەوەی قەرزی کشتوکاڵی و هەڵوەشانەوەی باج سەندن. مانەوەی شەومان ماوەی نیو سەعاتێك دەکەوتە ئەوسەری دەربەندەکەوە، چونکە دەبوو لەگەڵ ئەفراسیاو بەگ بمێنینەوە کە یەکێك بوو لە بەگزادەکانی هەورامان و هەروەها کورەکەیشی کە تەمەنی 10  11 ساڵ دەبوو و هاتبوونە بیارە بۆ دیدەنیی ئێمە. ئەم نیو سەعاتە ڕێیە بە سواری زۆر سەرسورهێنەر بوو بە ناو دۆڵ و شیوی پڕ لە دارگوێز و داری میوەی جۆراوجۆر. کاتێ کە خۆر ئاوا بوو لە پشتی چیاکانەوە ئێمە گەیشتینە مەنزڵ، کە ماڵێکی هاوینەی ئەفراسیاو بەگ بوو بۆ میوان و خانوویەکی گەورەی لە بەرد دروستکراو بوو کە بریتیبوو لە سێ نهۆم، خوارەوە بۆ ئاژەڵ و نهۆمی یەکەم بۆ خزمەتکار و نهۆمی سەرەوەشی بۆ ئاغا و پیاوماقووڵان. نیوەی دیوەخانە گەورەکە بە سەر دۆڵ و ترۆپکی دارەکاندا کراوەتەوە و کۆڵەکەی داریش خراوەتە بەر ساپیتە دارینە قورسەکەی و نیوەکەی تریش بە دیواری ئەستووری پێنج پێیی دەوردرابوو و تاقی گەورەی تێدا دروستکرابوو. هۆدەکەی من کە لایەکی خانووەکەی گرتبوو لە دوو لاوە ئەو تاقە گەورانەی تێدابوو، کە هەوا بە باشی دەیگرتەوە بەڵام خۆشبەختانە دنیا سارد نەبوو، هەروەها ئەم تاقانەش زۆر بەرز بوون و لە کەسەوە دیار نەبووی سەیرت بکەن، مەگەر بچوایەتە سەر شاخەکەی بەرانبەری.
پێش ئەوەی شەو دابێت بەرەو گوندەکە ڕۆیشتم کە دەکەوتە سەری ئەوسەری دەربەندەکەوە و

لەوپەڕی دارەکانەوە. شاخە ڕووتەنەکە نزیکەی هەزار پێ لە سەر گوندەکەوە بوو بەڵام سنووری ڕاستەقینە کەوتبووە لای خوارەوە و گوندەکەی ئەفراسیاو بەگ ڕێك لە ناو ئێراندا بوو و ناوی هانە گەرمەڵە بوو واتە کانیی گەرم بە دیالێکتی هەورامی. هەفتەیەك دوانی تر گوندەکە دەبێ بە ژێر بەفرەوە، بەڵام خەڵکەکەی گوی بە سەرما نادەن چونکە خانووەکانیان لە بەردی زل و قەبە دروستکردووە و دارێکی زۆریان لە هەیوانی ماڵدا کەڵەکە کردووە بۆ سووتاندن. ئەفراسیاو بەگ خانووی زستانەی لێرەیە، کە بریتییە لە کۆشکێکی هەورامی کەوا ڕووبەرێکی شکۆداری گەورەی هەیە و کۆڵەکەی ئەستوور ڕایگرتووە.
کاتێ گەڕامەوە بۆ ماڵ تەماشام کرد لە سووچی دیوەخانەوە ئاگریان دەمداوە و ئەفراسیاو بەگ و هەر سێ کورە بچووکەکەی، کە پۆشاکی قەشەنگیان لەبەردابوو، لەگەڵ قادر بەگی کوری جافر سوڵتان لە سەر دۆشەك دانیشتبوون و لەوبەریشیانەوە چایچییەکە سەماوەری لێدەمدابوو، خزمەتکارەکانیش لە پشتەوە بوون. ماوەیەکی زۆر نەبوو کەوا ئەفراسیاو بەگ یەکێك لە براکانی قادر بەگی کوشتبوو و جافر سوڵتانیش ڕق و کینەی گرتبووە دڵ و هەڕەشەی دەکرد، بەڵام واپێدەچوو قادر بەگ زۆر بایەخ بەم دوژمنایەتییەی ناو خێزانەکە نەدا و بێگومان بووم کە لەمەدا زۆر ژیرانە بیر دەکاتەوە، چونکە ژمارەیەك برای هەیەو یەکێکیان لێ کەم بێتەوە یان زیاد بێت مەسەلەیەکی ئەوتۆ نیە، بۆیە پێکەوە خۆی و ئەفراسیاو لە ئەنجومەنی قەزا دانیشتبوون و سوڵحیان کردبوو. ئێمە لە دیوەخان نانی شێوانمان خوارد، من و کاپتن دۆگلاس لە سەر تەبەقێکی گەورەی برنج و نان و گۆشتی کولاو و سوورەوەکراو و ماستاو بووین، قادر و ئەفراسیاو و منداڵەکانیش لە سەر تەبەقێکی تر، هەروەها دووسێ تاقمی تریش بەشداری ئەم خوانە بوون. کاتێ کە ئێمە لێبووینەوە و ئەو بەردەستە زۆرەی لێمان مابووەوە دەستوپێ و خزمەتکار بردیانە دەرەوە و خواردیان. شەو زۆرم لاخۆش بوو کەوا لە سەر جێگەکەمەوە و لە کونی تاقەکانەوە تەماشای ترۆپکی دارەکانم دەکرد کە لە نێو تریفەی مانگەشەودا مەلەیان دەکرد.
بۆ سبەی بەیانیی 14ی نۆڤەمبەر بە سواریی گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە و لە بیارە ئەحمەد بەگ و دەستەو تاقمەکەیمان لەگەڵ خۆمان بردەوە، چونکە ئەوان شەو لە بیارە مابوونەوە. شێخ زۆری هەوڵدا لەگەڵمان کە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لای ئەو بمێنینەوە و ڕاستیەکەی نانیشی ئامادە کردبوو، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی هەر سەعاتێك دەبوو نانی بەیانیمان خواردبوو، کە بریتی بوو لە هێلکە و ماست، من پۆزشم بۆ هێنایەوە و نەمانتوانی بچینە سەر بانگهێشتەکەی و پێموایە لێشمان دڵگران بوو. بۆ لای نیوەڕۆ گەیشتینەوە هەڵەبجە و پاش نانی نیوەڕۆ دۆعاخوازیم لە عەدلە خانم کرد و بە ئۆتۆمبیل گەڕامەوە بۆ سلێمانی، کە نزیکەی سێ کاتژمێر بە ئۆتۆمبێل دوور بوو و ئێمەش ڕێگەیەکی باشی ئۆتۆمبێلمان بۆ دروستکردبوو. لەوێ مێجەر مارشاڵ لەگەڵ مێجەر گوڵدسمیس مابووەوە و ڕۆژێکی خۆشی بە گەڕان و گرتنی چەند فۆتۆگرافێك لە سلێمانی بردبووە سەر. دواینیوەڕۆی ڕۆژی 15ی نۆڤەمبەر عەدلە خانم هات بۆ سلێمانی و پێی وتم لە بەر خۆشەویستیی من هاتووە بۆ ئەوەی جارێکی تر بمبینێ، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی ئەوە بوو کە لە لای مێجەر گوڵدسمیس بۆی تێبکەوم سەبارەت بە هەندێ کاروباری تایبەتی خۆی و لەم کارەیدا سەرنەکەوت و منیش نەمدەخواست دەست وەردەمە کاروباری سیاسیی ناوخۆ، سەرەڕای ئەوەش مێجەر گوڵدسمیس هەموو شتێکی لە بارەی ئەم مەسەلە تایبەتانەوە بۆ باسکردبووم بۆیە بە تەواوی ئاگاداری گەمەکەی خانم بووم.
ڕۆژی 16ی نۆڤەمبەر بە ئۆتۆمبیل گەڕامەوە بۆ کەرکووك و جێگری ڕاوێژکار (کاپتن میلەر) ئەرکی میوانداریی بەجێهێنا و ئەلهەقی پیاوێکی بەڕێز بوو (بابە تۆ لە کەرکووك بینیوتە بەڵام ڕەنگە نەیەتەوە یادت) و من دەبێ بیر لە پیاوێکی بەتواناتر بکەمەوە لەم سەرۆکە زۆر خۆشنوودەی. لە

کەرکووك تەماشام کرد بارودۆخەکە بە تەواوی گۆڕاوە و زۆر باشتر بووە. کاپتن میلەر بەرەوخوار بووەتەوە بۆ بەغدا، چونکە ئەو کاتە لێرەبوو کە من بە کەرکووکدا گوزەرم کرد. لەوێ چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژی لەگەڵ فەیسەڵ ئەنجامدابوو و بە تەواوی سەرسام بووبوو بە زیرەکی و هونەری کار بەڕێوەبردنی ئەم پیاوە و بە بڕیارێکەوە گەڕابۆوە بۆ ئەوەی بە کەرکووکییەکانی بسەلمێنێ کە بە تەواوی هەڵەن لە ملنەدانیاندا و تۆزقاڵێکیش لەوە نەگەیشتوون کە فەیسەڵ دەیەوێت و وا چاکترە نوێنەرێکیان بنێرن بیبینێت، کە تا ئێستا ڕازی نەبوون ئەم کارە بکەن. کارێکی سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر وەفدێکی نوێنەرانیان بە سەرۆکایەتی گەورە پیاوی شار لە ماوەی دە رۆژدا خۆ ئامادە بکەن بۆ ڕۆیشتن، چونکە حاڵی حازر فەیسەڵ بە گەشتێك چووەتە شوێنێك. گەورەی شار وەك کاپتن میلەر دەڵێ لە سەر ئەوە ساغبووەتەوە کەوا تورك نەك هەر ناگەڕێنەوە بەڵکو خودی خۆی دەکەوێتە بارێکی خراپەوە ئەگەر ئەوەیان کرد. لە بەر ئەوە خۆی خستووەتە خزمەتی ئێمەوە و پاڵپشتێکی دڵسۆزی حکوومەتی بەریتانیایە لە کاتی داگیر کردنەوە. خەڵکی کوردی کەرکووك حەز ناکەن لەگەڵ سلێمانیدا یەکبگرن و گەوهەری مەسەلەکەش ئەوەیە کە ئەوان بە تورك و کوردەوە لەم ناوچەیەدا لە خۆئامادەکردندان بۆ ئەوەی سوێندی ملکەچی و دڵسۆزی بۆ مەلیکی عێراق بخۆن و ئەمە تاقە خاڵی بەجێیە بۆ ئەوان کە هەوڵ بدەن بیگەیەننە ئەنجام.
هەموو ئەم باس و خواسە کاپتن میلەر بۆی گێرامەوە کاتێ بە ئۆتۆمبیل بردمیە دەرەوە پێش چای خواردنەوە و بۆ بینینی ئەو چاڵە نەوتە ڕەشەی نزیکەی شەش میل دەکەوتە باکووری کەرکووکەوە و من پێشتر نەمبینیبوو. ئەمە نەوتێکی پاك نیە بەڵام پاش ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەتایی دەیپاڵێون دەتوانرێ بۆ کاروباری ناوماڵ بەکاربهێنرێت و دەکری ئەگەر پاڵاوگەیەکی باشی بۆ دابمەزرێنن ئەوە دەتوانن پیترۆڵی سووتەمەنی ئۆتۆمبیلی لێدەربهێنن. ئەم چاڵە نەوتانە مڵکی خێزانێکی کەرکووکین کە پێیان دەڵێن نەفتچی زادە. لە دووریی نزیکەی چارەکە میلێك لەم چاڵە نەوتانەوە چاڵێکی بچووك بە سەر تەپۆڵکەیەکەوە تاق بووەتەوە کەوا لە ژێر زەوییەوە گازی لێدێتە دەرەوە و بەردەوام دەسووتێ. ئێمە چووینە سەرەوە بۆ تەماشا کردنی و نێڵەنێڵی لە ئاگری دۆزەخی دەکرد و پریشکی ئاگر لە هەموو کون و درزێکەوە هەڵدەبەزییەوە و بۆنی گۆگردی لێدەهات. خۆزگە باوکە جارێکیان لەگەڵ تۆ دەچوومە سەری و بۆت باس دەکردم کە ئەمە چیە و چی نیە. کاتێ گەڕاینە دواوە کاپتن میلەر بردمی بۆ سەردانی قایمقام کە ئاغایەکی سەرۆکی کوردی لەلابوو بە ناوی حەبیب بەگی تاڵەبانی (راستتر شێخ حەبیب  و) و نوێنەریشە و گفتوگۆیەکی دۆستانەمان پێکەوە کرد و کە هاتن بۆ بەغدا بانگهێشتی ئێوارە خوانێکیان دەکەم. ئێوارە درەنگانێك قایمقام لە بەرانبەر سەردانەکەی مندا سەردانی کردمەوە و عەبدوڵا ئەفەندیی برایشی لەگەڵ خۆ هێنابوو بۆ سەردانی من. ئەم برایەی پێشتر ئەندامی ئەنجومەنی مەبعووسانی تورك بووە و هەروەها حوسێن بەگی نەفتچی زادەشیان لەگەڵ هاتبوو، ئەو بنەماڵەیەی بۆ نوێنەر دەسنیشان کرابوو. عەبدوڵا بەگ و حوسێن بەگ زۆر کەم عەرەبییان دەزانی و تەنها بە تورکی قسەیان دەکرد و ئەڵبەتە ئەم کەرکووکیانە تورك بوون نەك عوسمانلی و لە سەردەمی داگیرکردنی زووی سەلجوقییەکانەوە هاتبوون. لێرە ئێوارە خوانێکی خۆشمان ساز کرد لەگەڵ دوکتۆر و ئەفسەرێکی لێڤیدا کە لە سلێمانییەوە هاتبوون و دوو پیاوی تر کە لە بەغداوە هاتبوون. لە 17ی نۆڤەمبەردا چووم بۆ کنگربان  و وا ئێستاش هێدی هێدی بەرەوخوار دەبمەوە بۆ بەغدا. ئای ئازیزم خۆزگە لێرە دەبووی!
27

24 ی تشرینی دووەمی 1921

بە گەڕانەوەم ئەو نامانەم پێگەیشتن کە تۆ ناردبووتن لە 26ی ئۆکتۆبەر و 2ی نۆڤەمبەر و ئەوانی دایکیشم لە 12 و 18ی ئۆکتۆبەردا، بە ڕاستی ئێوە نامەنێری سەرسامکەرن. من زۆر کەیفم بە هەموو ئەو قسە و باسانە دێت کە لە بارەی لۆرد گرەیەوە نووسیوتن و هاورام لەگەڵ تۆ سەبارەت بە لاوازیی هێزی دەستپێشخەری و خەسڵەتی پیاوی دەوڵەتی تێدا نیە.
ئەمڕۆ ڕۆژی زەماوەندی هۆگۆیە و ناردنی برووسکە هیچ کەڵکێکی نیە چونکە کەس نازانێ بە سێ چوار ڕۆژ دەگات یان نە. من زۆر نیە لە سلێمانی گەڕاومەتەوە. یەکشەممە 20ی مانگ تا ئێوارە باران بوو و ئێستاش هەمدیس دەستی پێکردەوە. بەڵام هەرچەندە دەبێ تا ئەژنۆ بچەقمە قوڕ کە دەچم بۆ ئۆفیس من هەر بارانم پێ خۆشترە و مانای وایە بەروبووم زوو پێدەگات و سەوزایی و گژوگیا لە لەوەڕگا و پاوانەکاندا گەشە دەکات و بیر لەوە دەکەمەوە چۆن فەیسەڵ و حکوومەتی عێراق بتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە. سبەینێ مەلیك لە ناسریە دەگەڕێتەوە بەڵام پێدەچێت باران خزمەتگوزاریی هێڵی ئاسن ببڕێت و بیستوومە زۆر نیگەرانە بە رێککەوتننامەی فرانکۆ کەمال ئەتاتۆرك و مەسەلەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەوا دەزانین والاکردنی سنووری باکوورمانە بۆ مەترسیدارترین دوژمنمان. من سەرم لەوە سورماوە کە دەبێ تا چەند قورسایی هاوپەیمانیی فەرەنسییەکان هەڵبگرین! نامەیەك دەنووسم بۆ لۆرد هاردینگ بزانم بیروڕای لەو بارەیەوە چیە و وا ئێستا زۆر درەنگە دەبێ بخەوم و ئەم نامەیە زۆر درێژ بووەوە.

کچی دڵ لەلاتان
گێرتروود

28

4 ی کانوونی یەکەمی 1921

باوکی ئازیزم، ئێمە ئێستا بەریدی ئاسمانی بە بوارێکی کەم دەزانین بۆ گەیاندنی نامە و لە کەشوهەوای تەڕوتووشیدا کار ناکات و بەو پێیە ئێمە پۆستی هەفتەی پێشوومان لە دەرفەتێکدا دەستکەوت کە فڕۆکەخانە وشك بوو بەڵام دواتر کار واکەوتەوە کە ماوەی 3 هەفتە پۆستمان پێنەگەیشت لە بەر بەردەوامیی باران و نوقم بوونی دنیا لە قوردا. بە هەر حاڵ هەرچۆنێك بێت هەر نامە دەنووسم و دوانامەم، کە نامەیەکی دوور و درێژ بوو لە سەر کوردستان وابزانم 25ی نۆڤەمبەر بوو، یەکشەممەی رابوردوو هیچ شتێك نەبوو خۆمی پێوە خەریك بکەم لە بەر قوڕ و قوڕاو، بەڵام مستەر تۆمسن هاتە لام بۆ نانی نیوەڕۆ و پاش ئەوە کەوتینە پیاسەیەکی دوورو درێژ بە گوێی ڕووبارەکەدا و خۆر لێواری ڕووباری وشك کردبووەوە. ڕۆژی دووشەممە 28ی مانگ دیسان دایکردەوە باران و بۆ سێشەممە بە ناو قوڕو قوڕاودا چووم بۆ پێشوازیی مەلیك کە لە ناسرییە گەڕایەوە.
سەرەڕای قوڕ و باران خەڵکێکی زۆر لە وێستگە چاوەڕێ بوون بەڵام شەمەندەفەرەکە سێ چارەك دواکەوت و لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتێکی باش بوو بۆ بینینی خەڵك و قسە کردن لەگەڵیاندا. نەقیب وەك هەموو جارێك سەید مەحموودی کوڕە گەورەی ناردبوو بەم بۆنەیەوە، ئەوجا وەزیرەکان و یەك دوو ڕاوێژکار و ئەو دەست و پێوەندە مفتخۆرەی لە سوریاوە شوێن فەیسەڵ کەوتبوون لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی ناسیۆنالیستی پەڕگری هیچ و پووچ. وابزانم ئەو مفتخۆرە سوریانە خەریکە کاریگەرییان زیاد دەکات و یەکێکیان تازە پێگەیشتووە، کە ناوی دوکتور قادری یە و برای یەکێك لە

دەستوپێوەندەکانە و بە پزیشکی تایبەتی مەلیك دامەزراوە و لە دیمەشق هەمان پۆستی بووە. براکەی کەسێکی بێوەی و رووخۆشە بەڵام من ئەم دوکتۆرەم خۆشناوێ چونکە کەسێکی مێباز و فێڵبازە.
قسە و باسێکی زۆر هەبوو لە سەر ئەو خۆپیشاندانەی نیاز وابوو لە وێستگەدا بکرێت کە تیایدا وتار بدرێت و داوا بکرێت دەسبەجێ ئەنجومەنی دامەزراندن و وەزیرە عەرەبەکان و کاربەدەستانی بەرێوەبردن لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاوێژکارە بەریتانیەکان دەربچن، بەڵام هیچ شتێك ڕووینەدا و پێدەچێت هەر واتەوات بووبێت. خودی فەیسەڵ خۆی نەیدەویست ئەنجومەن کۆ ببێتەوە (کە ئەرکی داڕشتنی قانوونی بنەڕەتییە) تاوەکو هەلومەرجی ڕێکەوتننامەکە بە باشی جێگیر  دەبێت و بەرپرسیارێتی هەردوو حکوومەتی بەریتانی و عەرەبی دیاری دەکرێت. ئەمە مەسەلەی بەرپرسیارێتییە کە هەموو کەسێکی نیگەران کردووە سەبارەت بە پێگەی ڕاوێژکاران و گەلێ شتی تریش. بەگشتی پەیکەری کێشەکە ئەوەیە ئایا ئێمە بەرپرسیارێتی بەرگریکردنمان لە سەرە ئەگەر هێرش کرایە سەر وڵاتەکە  بۆ نموونە لەلایەن کەمالیستەکانەوە. ئەگەر نەتوانین ئەوە فەیسەڵ دەیەوێت دەستی کراوە ببێت کە بەرگری لە وڵاتەکەی بکات بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، وەك هاندانی گیانی نەتەوە پەروەری لە چواردەوری مەلیکێکی موسڵمانی سەربەخۆدا، بەڵام دواجار ئەو دەبێ بتوانێ سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆی بنوێنێت بە جۆرێك کە ئێمە بە ڕاستی ببینە ڕاوێژکار و بڕیاری کۆتایی لە دەستی حکوومەتی عەرەبی و ئەودا بێت. وەك دەزانی، بە بۆچوونی من ئێمە ناتوانین دەنگدانێکی زۆرەملێ پیادە بکەین چونکە هەموو ئەوانەی دەوترێن جێبەجێ بکرێن ئەو هیچ هۆکارێکی هێز و فشارمان بەدەستەوە نامێنێت. بەو پێیە دەبێ هەمیشە پەنا ببەینە بەر قەناعەت پێکردن و ئەگەر هەموو ئەوانە کەڵکیان نەبوو ڕێکی تری لێدەکەینەوە.
بەڵام دەبێ توانای ئەوەمان هەبێت کەوا کۆمەڵەی گەلان رازی بکەین کەوا دەتوانین ئیلتیزاماتی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکەین کەوا ماندێت (ئینتیداب) بە ئێمە بسپێردرێت. تەنانەت ئەگەر لە ماندێتەکەش بکشێینەوە و پەیماننامەیەك ببەستین، ئەوە دەبێ ئەو بەیاننامەیە بەشێوەیەك بێت کە عەرەبەکان قبووڵی بکەن. من وایدەبینم کە دەبێ زیاتر بە ئاڕاستەی تەنازولدا بڕۆین وەك لەوەی حکوومەتی خاوەن شکۆ لە حاڵی حازردا بیر لە گەڵاڵە کردنی دەکاتەوە. من بە گومانم لەوەی کە عەرەبەکان کۆنترۆڵی تەواوی پەیوەندییەکانی دەرەوە قبووڵ بکەن و هانی ئەوەش دەدرێن کە کارێکی وا بکەن چونکە ئەمەریکییەکان، کە هەرگیز دانیان بە ماندێتدا نەناوە، ئەوپەڕی حەز دەکەن لەلایەن خۆیانەوە پەیماننامەیەك لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ببەستن کە سوودێکی زیاتریان بداتێ و نەوت خۆی کێشەیە و کەرەستەیەکی قێزەونە!
وشەی ماندێت (ئینتیداب) لێرە هەمان ئەو کاریگەرییەی وشەی ویسایەی هەیە لە میسر و ڕاگەیاندنی فیشەر لە کۆمەڵەی گەلاندا کەوا ماندێت پەیوەندییەکانی ئێمە بە کۆمەڵەوە دەخاتە ڕوو لە کاتێکدا پەیماننامەکە پەیوەندیمان بە دەوڵەتی عەرەبییەوە دەخاتە ڕوو هەڵاو بگرێکی کەمی وروژاندووە. تەنانەت فەیسەڵ پێشتر وا لە ماندێت تێگەیشتبوو کە دەبێ نەمێنێ و کەچی لێرەدا بە فۆرمێکی تر هاتووەتە ئاراوە. من وا چاوەڕوانم چۆن ویسایە کەوت ئەمیش وایلێبێت و هەرگیز بەرگی پرسەی بۆ ناپۆشم. ئەوەی کە دەبێ لەبیرمان بێت کەوا ڕاستێکەی زۆرێك لە عەرەبی نەدار و بێتوانا دەبێ بێ رابەری و کۆنترۆڵی ئێمە کاری خۆیان بکەن. ئەوان کەرامەتیان لە ئێستای داگیرکاریی جیهاندا سووکایەتی پێکراوە بە مانا سیاسییەکەی، یان بە هۆی وشەی ڕابەرایەتی کردنەوە ئەگەر بە هەر مانایەك بێت لە ڕاوێژ بترازێ و بە سەربەستی قبووڵ نەکرێت. دەکرێ ئەوەش بڵێم کەوا ئەم کاردانەوانە هەمووی تایبەتن و حەز دەکەم ئەم نامەیە پیشانی دۆمنوڵ بدەیت.

وەفدی نوێنەرایەتی کەرکووك گەیشت و ڕاستەوخۆ چوون بۆ لای سێر پێرسی بۆ تەگبیر و ڕاوێژ، بەڵام هیچ ڕایەکی نەدا و پێیوتن کەوا ئازادن بچنە پاڵ ئەم دەوڵەتە عەرەبییە یان ماوەی ساڵێك مەسەلەکە هەڵپەسێرن و بزانن ئایا دەوڵەتێکی کوردی پێکدێت بە پێی پەیماننامەی سیڤەر (کە ئیقرار نەکراوە و قابیلی ئیقراریش نیە) و ڕایسپاردن بچن قسە لەگەڵ فەیسەڵ بکەن. ئەوانیش ڕۆیشتن بۆ لای و چەند جارێك چاوی پێیان کەوت. دواتر فەیسەڵ ئاگاداری کردمەوە کە ئەوەی ئەوان پێیانوتووە ئەوەیە کەوا ئەگەر دەوڵەتێکی تۆکمەی نیشتمانی و سەربەخۆ دابمەزرێت لێرە و توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی هەبێت، ئەوە وایدەبینن کە لە بەرژەوەندییانە بچنە پاڵی، بەڵام ئەگەر هەر قەوارەیەك بێت لە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای بەریتانیادا ئەوە وای باشتر دەزانن هەر ڕاستەوخۆ لە ژێر ڕکێفی ئەو دەسەڵاتەدا بن و لە ڕێگەی کاربەدەستانی ئەڵقەلەگوێی عەرەبەوە حوکم نەکرێن. فەیسەڵ وایبۆدەچوو ئەمە هەڵوێستێکی بەجێ بێت بەڵام باوەڕیشی وابوو کە دەتوانێ هانیان بدات دەستی لەگەڵ بێننە پێشەوە لە ڕێکخستنی دەوڵەتێکی خۆماڵیدا و بە تایبەتی من حەز دەکەم ئەو کارەی پێبکرێت. فەیسەڵ داوای لێکردم ڕۆژی پێنجشەممە بچم چایەکی
لەگەڵ بخۆمەوە و هەمان داواشی لە یەك دوو کەسی تر کردبوو بەڵام هەندێ هەڵە کەوتبووە دانانی کاتەکەوە. بەم ڕەنگە سەعاتێك پێکەوە دواین و باسی زۆر شتمان کرد بەڵام وا مەزانە من هیچ چارەسەرێکم پێیە بۆ ئەم کێشانەو شتێکیان لەبارەوە دەزانم چونکە سێر پێرسی کورتەیەکیانم بۆ باس دەکات و من تەنها تەماشاکەرم و فەیسەڵیش هەرچەندە دڵنەرم و هاورامە بەڵام لەم شتانەدا ڕاوێژم پێناکات. من ئەوە نزیکەی پێنج هەفتەیە نەمدیوە بە هۆی جارێك سەفەری من و جارێکیش سەفەری خۆیەوە و من زۆر بە وریاییەوە خۆم دوورەپەرێز دەگرم لە هەر ڕاوێژێك بۆ ئەو مەسەلانەی ورد و هەستەوەرن و بە زۆری بەرەورووی سێر پێرسی دەبنەوە. هەموو ئەوەی کە من دەتوانم بیکەم یان هەوڵی بۆ بدەم بە وردی ڕاو بۆچوونی خۆمە بە پێی توانای خۆم لە بارەی ئەوەوە کە خەڵك چیدەڵێن و چۆن بیر دەکەنەوە. ڕۆژی چوارشەممە تەلەفونێکی دوور و درێژم بۆ نەقیب کرد، چونکە ئەم پیاوەم خۆشدەوێ و زۆر زۆر پێی سەرسامم. دڵسۆزیی چەسپاوی ئەو بۆ سێر پێرسی شتێکی زۆر جوان و کاریگەرە. ئەو پروای تەواوی بەوەیە کە لە داهاتوودا ڕزگاریی وڵاتەکەی بەندە بە حکوومەتی بەریتانیاوە و بە موو لانادات لەم پروایەی خۆی و ئەو سیاسەتەی بە تەواوی قبووڵە کە داڕێژراوە. هەروەها ڕۆڵێکی زۆر جوان و لەخۆبوردووانە دەگێڕێت لە پەیوەندیدا بە فەیسەڵەوە و ئەوەندە پەککەوتە و لاوازە کەوا ناتوانێ سەر لە مەلیك بدات وەك سەرۆك وەزیران و ئەنجام وا کەوتووەتەوە لە بازنەی ڕا و تەگبیر بەدەر منیش وایبۆدەچم کە ئامۆژگاریی ئەو زۆر پێویست و بەنرخە. فەیسەڵیش کە لە دەوربەرێکی پر مەراییدایە، قەناعەتی بەوە هێناوە کەوا وەك مەلیکێك ناشێ سەردانی سەرۆك وەزیرانی خۆی بکات. من بە ڕەزامەندیی سێر پێرسی هەوڵی زۆرم دا بۆ پووچکردنەوەی ئەو بیرو بۆچوونە و هیوادارم هەوڵەکانم بەری زیاتر بگرن.

ئەمڕۆ کە یەکشەممەیە و من بە هۆی قورەوە بەند بووم و مێجەر مورەی کە ڕاوێژکاری موتەسەڕیفی بەغدایە لەگەڵ مێجەر ویڵکینسن (بێتەل) بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ هاتنە لام. پاشان تۆفیق خالیدیی کە پیاوێکی ڕۆشنیری هەست بەرزە بەڵام نەتەوە پەرستێکی دڵگەرم نیە بۆ چای خواردنەوە هات و هەر لەو کاتەدا دوکتۆر مەعلووفیش هات کە پیاوێکی میسرییە و بەشی پزیشکیی سوپای عەرەبی بەڕێوە دەبات. ئەم پیاوە کەسێکی ڕۆحسووك و مونەوەرە و چەشنی کەسێکی ئینگلیز دەتوانێ لە بارەی سیاسەتەوە قسەی لەگەڵ بکەیت و زمانە ئینگلیزییەکەی زۆر پاراوە.

5 ی کانوونی یەکەمی 1921

لەم دە ڕۆژەی دواییدا زیاد لە پێنج ئینج باران باریوە و هەرگیز لە ئەزموونی بەغدامدا قوڕ و قوڕاوێکی وەك ئەمجارەم نەبینیوە. ئەمڕۆ بەیانییەکی خۆشم لە ئۆفیس بردەسەر بە وێنەکردن و چەسپاندنی سنووری بیابانی باشووری عێراق بە هاوکاریی پیاوێکی بەڕێزی خەڵکی حایل کە فەهد بەگی ئازیزی شێخی عەنزە و ئەم پیاوە باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە من شارەزاییەکی باشم هەیە لە بیاباندا و ئەم باوەڕەشی لە شەرمدا سوور هەڵیدەگەڕاندم.
کاتێ مستەر کۆرنواڵیس پرسیاری ئەوەی لێکرد کە سنووری هۆزەکەی خۆی دیاری بکات وتی: "لە خاتوون بپرسە، ئەو دەزانێت" منیش بۆ پاراستنی ئەو ناوبانگەی کە هەموو شت دەزانم زۆر بەئاگاییەوە هەوڵمدا شوێنی هەموو ئەو بیرە ئاوانە بزانم کە عەنزە ئیدیعای خاوەندارێتییان دەکرد لە ڕێگەی فەهدەوە و ئەو بیرانەش کە شەممەر بە هی خۆیانیان دەزانی لە ڕێگەی پیاوەکەی حایلەوە و بە شێوازی جۆراوجۆر توانیم سنووورێکی بەجێ بکێشم. گرنگیی مەسەلەکە لەوەدایە کەوا ئیبن سعوود حایلی گرتووە و لە زووترین دەرفەتی گونجاودا سێر پێرسی دەیەوێت کۆنفرانسێك ببەستێ لە نێوان ئەو و فەیسەڵدا بۆ چارەسەر کردنی تەواوی ئەوەی کەوا کام هۆز و زەوی هی عێراقە و کامەی هی ئیبن سعوودە. ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم کۆنفرانسە لە کوەیت ببەسترێ و من بەهیوام کە سێر پێرسی لەگەڵ خۆی بمبات، بەڵام هۆکاری ئەوە نازانم کە بۆچی من یان خۆی نابێ پێشنیازی بکەین. لە پاش ئۆفیس بە ناو قوڕدا چووم بۆ سەردانی وەفدی کەرکووك و زۆربەیانم لە ماڵی عیززەت پاشا بینی، کە وەزیری ئەشغاڵی گشتی و کەرکووکلیش بوو. لەوێ گفتوگۆیەکی دۆستانەمان دامەزراند لە سەر هەموو ئەو مەسەلانەی باسیان لێوەکرد و بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە سەرنجم دا کەوا سیدی فەیسەڵ زۆر سەرسام بوو بە هەڵوێستی بەجێ و ژیرانەیان. ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان کەوا مەلیك لەڕادە بەدەر بەخشندە و میهرەبان بووە لە گەڵیان و پاشان بەردەوام بووین لە گفتوگۆ کردن لە سەر ئەگەر و سوودەکانی ئاشتییەك لەگەڵ تورکیادا. دواجار کە ئەوێم بەجێهێشت عیززەت پاشا شوێنم کەوت بۆ دەرەوە و لە ڕاڕەوە قوڕاوییەکەدا بە ئەسپایی وتی: "هەموو شت بە پێی ویستی تۆ ڕۆیشت" و لەم گوزارشە تەمومژاوییە بەهیوا بووم ئەوە بگەیەنێ کەوا کەرکووك بڕیاری داوە بێتە پاڵ عێراق.
ئەمڕۆ نامەیەکم لە دایکمەوە پێگەیشت کە لە 2ی نۆڤەمبەردا نووسرابوو، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا بە پۆستەی ئاسمانی نەیناردووە چونکە وەك پێشتر سەرنجم داوە پۆستی ئاسمانی بە هۆی قوڕو بارانەوە ناگات. نامەیەکی ئێلزاشم لە هەمان ڕۆژدا بۆ هاتووە و هەردوکیان باسێکی تەڵخیان نووسیوە کەوا هەموو بەنکەکان بەرەو داڕووخان دەچن و نوقمی مایەپووچی دەبن. ئەمە زۆر ناخۆشە، بەڵام لە هەمان کاتدا کە من ناتوانم هیچ شتێك بکەم بۆ بەرگرتن لەم حاڵەتە و وەك مستەر بەلفۆر لە بارەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتەوە دەڵێت (شتێکی تاڵ و شوومە!) ڕووم لەم ئەگەرە تاڵانە وەردەگێرم! سێر پێرسی دەڵێ کەوا حاڵی حازر باری دارایی بانك داڕووخاوە، واتە وا دێتە بەرچاو کە ئاسانە پارە بە دەست بهێنرێت و من لە دڵەوە باوەڕم وایە کە ڕەنگە وابێت. بەڵام باوکی ئازیزم ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی وەڕسم دەکات، بیری ئەوەیە کە تۆ لەم کاتەدا نیگەران بووبیت و هیوادارم مەزاجت بەزوویی بێتەوە سەرخۆی. من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بنەماکانی زانیاریم لە بواری داراییدا لە سەر ئەو بەدیهەتەیە کەوا هەر شتێك تۆ دەیکەیت باشترین شتە کرابێت و زۆر لەو هەستەی فەهد دەچێت سەبارەت بە زانیاریی من لە سەر سنووری هۆزەکان.

30

17 ی کانوونی یەکەمی 1921

... ئازیزم فرانك (بەلفۆر)، من قەرزاری تۆم بۆ وەڵامدانەوەی دوو نامەی زۆر خۆش و ڕۆحسووك کە لە 8ی سێپتەمبەر و 23ی ئۆکتوبەردا نێردرابوون. مستەر داڤیدسۆن هەندێ شتی تۆی بۆ باسکردم سەبارەت بە کاروباری فیکی، بەڵام نەك ئەگەری پەیوەست بوون بە سنووسییەوە کە زۆر جێگەی دڵخۆشییە. سەید ئەحمەد کارتێکی سەرکەوتوو نیە لە دەستی تورکدا و دوا هەواڵ کە لە بارەیەوە بیستوومانە ئەوەیە کەوا لەگەڵ کەمالیستەکان ڕۆیشتووە و بیر لەوە دەکاتەوە کە بگەڕێتەوە ماڵی خۆی.
پێموانیە مەسەلەیەکی ئەوتۆ بێت بمێنێتەوە یان بڕوات و ئەوە ناگەیەنێ کە بڵێین چالاکیەکانی تورك بەرچاو نین، بەڵکو هەن. ئەم ئێوارەیە گفتوگۆیەکی دوورو درێژم هەبوو لەگەڵ کاپتن لیتڵدێڵ کە لە ئەربیل (هەولێر)ەوە هاتووە و کەسێکی زۆر بەتوانا و لێهاتووە و کاری سەرسامکەری لەوێ ئەنجامداوە لە بەشی پۆلیسداو ئەو شتەکان هەر بە ڕەشی دەبینێ. هێرشێکی تورك بە هەر هێزێك بێت 200 یان 300 کەس، ڕەنگە کشانەوەیەکی خێرا بگەیەنێ لە هەولێر لەلایەن ئێمەوە و ئەوان ئێستا هێزێکی سەد و بیست کەسییان لە ڕەواندز پێکەوە ناوە. بە پێی ئەنجامگیریی ئەم ئاشتیە لەگەڵ تورکیادا تاقە چارەسەرە (ئەمە وەك گۆرانی وتنی کۆرسی لێهاتووە). کاتێ فەیسەڵ دەڵێ ئەو لە سیاسەتی ئێمە تێناگات، من تەنها لەگەڵ ئەودام. لە کاتێکدا دوژمنکاریی تورك ڕۆژهەڵاتی نزیکی بە پیسترین پڕۆپاگەندە پڕکردووە لە دژی ئێمە و فەرەنساییەکانیش ناوچەیەکی سنوورییان لێدزین، کێ سەرزەنشتیان دەکات؟ کەچی ئێستا بە هۆی ڕێککەوتنیانەوە سوودمەندن، بڕوانە ڕاپۆرتی ژمارە بیست و حەوتم. من ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کەوا ئێمە ئێستا دەتوانین ئەمە لەگەڵ شەرەف و کەرامەتدا تێکەڵ بکەین، بەڵام من ئەو شکۆیە دەدەمە دەم باوە.
لای خوارەوە کاری ئیبن سعوود خۆشبەختانە لە دەستی سێر پێرسیدایە نەك حکوومەتی خاوەن شکۆ. ئێمە تا چەند زوو چارەسەرێك لەوێ بەدەستبێنین باشترە. من هیچ گومانێکم نیە لەوەی کەوا گرتنی حایل سەرەنجامی دوورتری لێدەکەوێتەوە. ئەو ڕاستەوخۆ دوای ئەوە هەنگاوی بۆ شانۆی سوریا و فەلەستین ناوە، بێجگە لە شەرقی ئوردون و تەواوی حیجازیش. شەرقی ئوردون بە زمنیی مستەر فیلْبی دەگرێتەوە کە ئێستا لەوێ لە دەسەڵاتدایە، وەك هەر کەسێکی دەسەڵاتدار. ئەگەری ئەوە هەیە کەوا ڕەنگە ئەو هۆکاری ئەم دەسەڵاتە شاهانەیەی تێکەڵ بکات و من لە تی. ئی. لۆرەنسم بیستووە کە بە دڵسۆزی ماوەتەوە بۆ ئیبن سعوود. ئەو دەڵێ فەیسەڵ سەرنجێکی تەڵخی وەرگرتووە بەڵام بەگشتی من وایبۆدەچم کە تەنها کاریگەریی ئێمە دەتوانێ بەربەست بۆ ئیبن سعوود دابنێ کە حیجاز و بگرە شەرقی ئوردونیش نەخوات و بە گشتی بەرژەوەندی وا دەخوازێ کە نوێنەری بەریتانیا لەوێ پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەبێت.
ئیبن سعوود تا ئێستا بە باشی پابەندە بە ڕێککەوتنەکانیەوە لەگەڵمان سەرەڕای ناکۆکیی تاڵی لەگەڵ بنەماڵەی شەریفدا کە لە باسکردن نایەت.
بەڵێ ئێمە بە پەیماننامەکەوە سەرقاڵین و لۆرد بۆی نووسیوین کەوا حکوومەتی خاوەن شکۆ بوار دەدا کە بە تەواوی دەستکراوە بین. وشەی ماندێت لێرە مایەی بێزلێکردنەوەیە و تەنانەت نەقیبیش زۆر پەرۆشە بۆ بەکارهێنانی بڕگەیەك کە وشەی ماندێت یان پارێزگاری بخاتە لاوە. ئەو ئەمڕۆ ناردی بە شوێنمدا بۆ ئەوەی دیدو بۆچوونی خۆیم بۆ ڕوون بکاتەوە و هەرچۆنێك بێت بەپێی توانا بیخەمە

بەردەمی سێر پێرسی. من قەناعەتم وایە کە دەبێ وریابین لە داڕشتنی ڕستە و بڕگەی باشتردا بۆ دابینکردنی ڕێکەوتننامەی ڕاستەقینە، بەڵام زۆر دڵنیا نیم لەوەی حکوومەتی خاوەن شکۆ بواری بدات.
حەدداد لێرەیە و پیاوێکی پیری خۆهەڵکێش و فرەڕێسی خۆشە و دۆستمانە و زۆر دڵسۆزی فەیسەڵە بەڵام ئەم زۆری لەو تێپەڕاندووە لە ژیری و هونەری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا. لێرە ئەوەندە حەز لە حەدداد ناکەن و بە تایبەتی سورییەکان ئێرەیی پێدەبەن، بە زۆری لە بەر ئەوەی دڵسۆزانە ڕەخنە گرتنی لە سیاسەتی زایۆنیستیی قێزەونی ڕەتدەکردەوەو بە ڕاستی ئێمە مەسەلەکان بۆ دۆستەکانمان قورس دەکەین.
ماوەیەکی کورت لە پێش تێکچوونی کەشوهەوادا ڕۆیشتم بۆ سلێمانی و لەوێ هەشت ڕۆژی خۆشم بەسەربرد بە سواریی ئەسپ بە درێژایی سنووری ئێران و بە سەر شاخ و یاڵی بە داربەڕوو داپۆشراودا. وڵاتێکی کێوی و جوانی دڵڕفێنی وام هەرگیز نەبینیوە و مێجەر گوڵدسمیس زۆر بە چاکی و سەرسورهێنەر بەڕێوەی دەبات. ئەم وڵاتە بە ڕەهایی هەر بەستنەوەیەکی لەگەڵ عێراقدا ڕەتکردووەتەوە و ئەمیش ژیرانە کاروباری بە خەڵك سپاردووە بەو هیوایەی ئەگەر دواجار ئێمە سەرکەوتین لە پێکهێنانی حکوومەتێکی بەجێ و جێگیردا لێرە، ئەوە کورد ڕەنگە پێیان خۆشبێت بە هەلومەرجی ڕازی بن و هاوکاری بکەن.
لێرە هەندێك ناڕەزایی و نیگەرانی هەیە لە سەر هەڵبژاردنی شارەوانی. عەبدولمەجید خۆی بەم ئۆفیسەوە هەڵواسیوە بەڵام وەك دەزانی کەسێکی بێتوانایە و پێموایە کاتی ئەم بە سەرچووە و ئێمە پیاوێکی گەنجتر و بەتواناترمان دەوێ. دڵسۆزیی ئەم پیاوە بۆ ئێمە شتێکە ناتوانم لەبیری بکەم بەڵام لەگەڵ ڕێزمدا من دەبێ پێ لەوە بنێم کەوا ئەم ئەو کەسە گونجاوە نیە. پێموایە هەلی باشی بۆ ڕەخساوە بە ئاسوودەیی خانەنشین بێت ئەگەر نەڵێین بە دەوڵەمەندیش و ئەمەش باشترین هەلە بۆ ئەو.
لەم سێ هەفتەی ئەم دواییەدا بارانی زۆر و بەخوڕ بە جارێ ژیانی تێکدابووین تاوەکو پارەیەکی زۆر باش لە شەقامەکانی بەغدادا خەرج نەکەن چاکبوونی بەرچاو مەحاڵ دەبێت. لەم ماوەیەدا هێڵی کەمترین بەرگری قسە وتنە بە ئەمینداری شار، کە ئەم بەیانییە هاتە لام و وتی: "یا حچرە الخاتون، خوایە ئیتر بەسە باران!" بەڵام پێموانیە خوا بارانەکە بگرێتەوە، چونکە بای وەشت هەر بەردەوامە. ئای فرانکی ئازیزم، چەندم حەز دەکرد تۆ و فیلیس لێرە بوونایە! من زۆر بەپەرۆشم بۆ هاوەڵێك دوان. مستەر کۆرنواڵیس پاڵپشتێکی گەورەیە، بەڵام هێند جەنجاڵە کەوا کەمجار دەیبینم. ئۆریلیا تۆد لە ئیتالیایە و دنیاش سارد و سڕە. ئێستا کاپتن کلەیتن، مێجەر مورەی، مستەر تۆمسن پشتیوانی سەرەکیمن و جۆیس ژنێکی خۆشەویستمە و مستەر داڤیدسۆنم زۆر خۆشدەوێ و تازە ژنەکەی گەیشتووە و سبەینێ بانگهێشتی نانخواردنی نیوەڕۆم کردوون و مستەر داڤیدسۆنم زۆر لا بەنرخە و لە بنەڕەتدا لیبراڵە لە دید و بۆچوونیدا و ئاگاداری ناوەرۆکی پەیوەندیمانە لەگەڵ عەرەبەکاندا وەك هەر کەسێکی تر لێرە. پیاوە ئینگلیزەکانمان بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر باشن و من زۆر سەرسامم بە سۆز و ئارامیی تێگەیشتنیان، بەڵام ژنەکانیان، هەندێکیان لێ بەدەر، تا بڵێی هیچ و پووچن و لە جۆری بێکەڵکە ئینگلۆ هندییەکانن.
دەزانی لە کۆیلەیەتی دەرچوونی ڕەگەزی مێ باش دەچێتە پێشەوە و ئەو ژنانەی کە لە دیمەشق و ئەستەمبووڵ دەژین وەك ئەوەی لە لەندەن و پاریس بن دژ بە ستانداردی بەغدای مێینە هەستاون. هەفتەی ڕابوردوو لەگەڵ سێر ئەیلمەر نانی شێوانم خوارد و جەعفەر پاشا و نوری پاشام بینی لەگەڵ ژنەکانیان و هەردوکیان کە دوو دەستەخوشکمن بە تەواوی بێئاگابوون لە هەموو شتێك. تۆ تەماشا ئەمە لە بەغدا! من چاوەڕێی گەشەکردنم. تۆ جارێکیان ئامۆژگاریت کردم

ئەوەندە خۆم سەغڵەت نەکەم بە کاروبارەوە، ئەڵبەتە من لەمە زیاتر شتێکی ترم پێناکرێت، چونکە هەر لە فەیسەڵەوە بۆ خواری خوارەوە زۆر بایەخیان پێداوم، بە سۆز و متمانەوە و زۆر قەرزاریانم. ئەوان زۆر بە گەورەیی و لە ڕادەبەدەر مەزەندەی خزمەتکردنیان بە خۆیان لەقەڵەمداوە. لە بەر ئەوە دڵ و گیانم دەخەمە خزمەتەوە و ئەوپەڕی خەڵاتی پێزانینم لەبری ئەوە وەرگرتووە و هەرگیز مافی گلەیی و سکاڵام نیە، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم.

گێرتروود

31

20 ی کانوونی یەکەمی 1921

باوکی ئازیزم، سبەینێ پۆستەی ئاسمانی دەوەستێت، دوو رۆژ پێشتر لە رۆژانی ئاسایی، بە هۆی جەژنی لەدایکبوونەوە (کریسمەس). کاپتن کلەیتن و من پلانی چوونە دەرەوەمان هەیە لە 23ی مانگدا، بۆ مانەوە لەگەڵ ماڵی سەید سەفائەدین و نەقیبدا لە خانوویەکیاندا لە دێهات، ئەوەی کە من و تۆ نانی نیوەڕۆمان تێدا خوارد. پێموایە ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون لە ماڵێکی دێهاتیی عەرەبدا شتێکی خۆش دەبێت، توخوا وا نیە! ئێمە بە سواری ئەسپ دەڕۆین و ئەگەر کەش و هەوا لەبار بێت سەیرانێکی پر کەیف دەبێت و دڵنیام کە سەید سەفائەدین خانەخوێیەکی زۆر باش دەبێت.
وا جارێکی تر ئاژاوە و پشێوییەکی تورکی کوردیمان بۆ دروستبوو لە سنووری ئەربیلدا. پێدەچێت کەمالییەکان، پێش ئەوەی بێنە نێو دانوستانی ئاشتییەوە بیانەوێ چەندیان پێبکرێت کارتیان لەدەستدا بێت، یان ئەمە ئاماژەی دوژمنایەتی و داخ لەدڵییە لەلایەن ئەوانەوە. بە هەرحاڵ ئەمە مایەی نیگەرانییە، بەڵام سەبارەت بەم هاندان و دنەدانەی کەمالییەکان ئێمە کێشەیەکمان نیە لە مامەڵە کردن و چارەسەر کردنی ئەو سنوورە کوردیانەدا، بەڵام لەگەڵ هێزی نیزامیی پتەوی تورك و چەك و جبەخانەی شەڕی چیاییاندا هیچ ناکرێت، لە کاتێکدا ئێمە هەر هێزی لێڤی و پۆلیسمان هەیە بۆ بەرەوڕووبوونەوەیان و ئەمانە کێشەیەکی قورسن. لە بەینی خۆشماندا بێت فڕۆکە باش نیە بۆ ناوچەی شاخاوی، چونکە تۆ لە ئاسمانەوە گوندێکی شاخاویی کوردی بە باشی نابینیت لە بەر ئەوەی سەربان و ساپیتەکانی کە بە قوڕ سواغدراون تەختە و لە قەدپاڵی چیاکە دەچن و تەنانەت ئەگەر دەسنیشانیشی بکەیت ناتوانیت زیانی زۆری پێبگەیەنیت و خەڵکەکە پەنا دەبەنە ژێر هەر گاشە بەردێکی گونجاو و بەم پێیە بۆمبەکان بێ زیان دەبن بە بەراورد لەگەڵ شوێنی تردا.
ئاخ بۆ ئاشتی، ئاشتی بە هەر نرخێك بووە و تۆ بڵێی هیچ نەوەیەك بە ئەندازەی ئەم نەوەیەی ئێمە شەکەت و ماندوو بووبێت بە دەست جەنگ و ناکۆکییەوە!

32

19 ی کانوونی دووەمی 1922

... هەموو شتەکانی تر زۆر بە ئاسایی دەڕۆن، بێجگە لە سنوورەکانی باکووری رۆژهەڵات کەوا تورکەکان زیاتر مایەی سەرئێشە و ماندوێتین. لە ئێستادا ئێمە دوو هێرشی بچووکمان لەلایەن

کوردەکانەوە کراوەتە سەر بە فیت و پیلانی کەمالییەکان و بۆ بەدبەختیی هەردوولا زیانی گیانییان لە ئەفسەرە بەریتانییەکانی لێڤی داوە. دوا هێرشیان لە نزیك هەڵەبجە بووە و من بە ئاستەم باوەڕ بەوە دەکەم کاتێ کە بیری لێدەکەمەوە چۆن بە سواری لە نۆڤەمبەردا (1921 و) بەوپەڕی ئاسوودەیی و بێباکییەوە بە چیاکانی هەوراماندا گوزەرم کردووە. ئەم کارە بە هۆی پیلان و پیاوخراپیی کوردێکەوە سازکرابوو لە دیوی ئێرانی پشتی سنوورمانەوە و بوو بە هۆی کوژرانی ئەفسەری فەرماندەی لێڤی، کاپتن فیتزجیبۆن، کە یەکێك بوو لەوانەی لە ئاهەنگی نانخواردنی شێواندا لە کەرکووك لەگەڵمان بەشدار بوو کاتێ کە من بەوێدا تیپەڕیم لە گەڕانەوەمدا لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا. من بە زەحمەت دەتوانم خۆڕابگرم کاتێ کە بیر لەو پیاوە دەکەمەوە کە چەند پڕ بوو لە پەرۆشیی بۆ ژیان و چەند رۆشنبیر بوو و ئێستاش لە گۆڕێکی دوورەدەستدا لە هەڵەبجە راکشاوە . یادت بەخێر ئازیزم، لە پێناوی نیشتماندا خۆت بەخت کرد. باوکی ئازیزم، کەواتە ئێستا باش تێدەگەیت کە بە چ پەرۆشییەکەوە ئێمە ئاواتەخوازی ئاشتین لەگەڵ تورکیادا و بەفیرۆچوونی دڵڕەقانەی ژیانی کەسێکی ئاوا چەند سەخت و تاڵە.

33

31 ی کانوونی دووەمی 1922

... شتێکی هێند بایەخدار نیە بۆ ئێمە کە چی لە ئێراندا ڕوودەدات بە ئەندازەی ئەوەی کە ئێمە ئاشتی بەرقەرار بکەین لە سنووری باکوورمان لەگەڵ تورکیادا. لە ئێستادا دۆخەکە خامۆش و بێدەنگە و کوردەکانی ئێران لە دەوروپشتی سلێمانی بۆمباران کراون لەگەڵ نیوەی هێزە تورکیەکە، کە تەنها دەگاتە سەد و بیست کەسێك و لە رەواندوز پاشەکشەی کردووە. بەڵام کەمالییەکان هێزی خۆیان کۆکردووەتەوە و گریمانەی ئەوە هەیە کە لە بەهاردا هێرش بکرێت و ئێمە هیچ هێزێکمان نیە بەرەنگاریان ببینەوە بێجگە لە لێڤی و سوپای عەرەبی، کە هەردوکیان تەواو لاوازن و ئەمەش نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ڕاستەقینەمانە و ئەگەر چارەسەر کرا ئەوە بە ئاسانی کارەکە دەچێتە پێشەوە.

34

26 ی شوباتی 1922

باوکی ئازیزم، لەمەودوا نامە نیومانگییەکەم دەست پێدەکەم و پۆستەی ئاسمانی هەفتەیەك دواکەوت بەڵام پێموایە سبەینێ بگات، پۆستەی ڕۆیشتوویش هەر دواکەوت و ئێمە لێرە باوبۆران گاڵەمان پێدەکات و کاریگەریی زۆری لە سەر گەشت هەیە، بەڵام بەگشتی خزمەتگوزاری بە زستان هەر بەردەوام بوو. هەروەها تاقمە ئۆتۆمبیلێکیشمان بە بیاباندا دەڕوات بەشێکی بۆ دەستنیشان کردنی فڕۆکەخانە و بەشێکیش بە مەبەستی زانیاری کۆکردنەوە لە سەر ئەگەری هێڵێکی ئاسنین و بۆ ئەم مەبەستەش ئەی. تی. ویڵسن لەگەڵیان ڕۆیشتووە. من هیچ باوەڕێکم بەو هێڵە ئاسنەی بیابان نیە وەك پێشنیازی کار بەڵام ئەگەر APOC (کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ فارسی Anglo – Persian Oil Company) بڕیاری لەسەردا ئەوە عێراق پێی دەڵی نەخێر. کۆمپانیا ناوبانگێکی باشی نیە بە هۆی ئەو نرخە زۆرەوە کە دەیخەنە سەر کیرۆسین لە بەغدا و ویڵسن لە

سەر ئەو مەسەلەیە چاوی بە مەلیك کەوت و بۆ یەکەمجارە کە دەیبینێ. من بۆ سبەینێ چووم وێنەی مەلیك بگرم و پێدەچوو زۆر ڕای لە ویڵسن نەبووبێت، بۆیە پێی وتم: "ئۆی خوشکم، خۆ ئەمە دزێکی تەواوە"! ئەمەش لە بەر ئەوە بوو کە پێشنیازی کردبوو کیرۆسین لە موحەممەرە بکڕێت و خۆی بیگوێزێتەوە (ئەی. تی. ویڵسن پێیوابوو بەرزیی نرخ بە هۆی کرێی بارکردن و گواستنەوەیە). ئەی. تی. وتی کەوا کارەکەی سەری نەگرتووە و من پێموایە ئەوان کۆنتراکتێکی تایبەتیان هەیە لەگەڵ مێسپێرسدا بۆ گواستنەوەی نەوت. لەو ماوەیەدا لێشاوێکی تووڕەیی خەڵك ڕوو لە هەڵکشان بوو بە هۆی ئەوەی نرخی بەروبوومی کشتوکاڵی دابەزیبوو بۆ ڕێژەی پێش جەنگ و پیترۆڵیش بۆ سێ جارانی پێش جەنگ بەرز بووبۆوە و کشتیاران لەتوانایاندا نەمابوو پەمپی ئاو بخەنە گەڕ. APOC قازانجێکی هێجگار قەبە دەکات و پێموایە ئەو پارەیەیان بداتێ ئەگەر بە تەمای ئیمتیازاتی زیاتر بێت لە عێراقدا بۆ ڕاگرتنی بارێکی گونجاو سەبارەت بە نرخ. حاڵی حازر خوتە و بۆڵەیەکی زۆر هەیە کەوا دەبێ سامانی کانزایی وڵات لە بەرژەوەندیی وڵات خۆیدا بێت.
مستەر تۆمسن وەك ئەفسەرێکی سیاسی لەگەڵ کاروانی ئۆتۆمبیلەکاندا ڕۆیشتووە و پاش ئەوەش ئێرە بەجێدێڵێت و من زۆر بیری دەکەم چونکە کەسێکی زۆر باش بوو و هاوڕێتیی خۆش بوو کە بە سواری لەگەڵت دەردەچوو. ئەی. تی. ویڵسن کەسێکی تەواو بەڕێز و خۆش مەشرەبە لەگەڵ من و زۆر شکۆ و شانازیی حکوومەتی عەرەبی لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکاتەوە و بە تایبەتیش لێی دەبیستم کەوا هەژدە مانگی ژیانی داوەتە ئەم حکوومەتە و کارکردن لەپێناویدا، بەڵام ئەوەی کە من بینیم کەوا ئەو هەڵەیە لەم مەسەلەیەدا. کارەکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە دەڕوات و خەڵکانی شیاو جێگەی خۆیان دەگرن و پێگەی شەخسیی فەیسەڵ ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبێت و تا ئێمە بەر لە هێرشی کەمالییەکان بگرین هیچ هۆیەك نابینم بۆ مەترسی لە کۆسپ و تەگەرە.
ئەوەی کە دەخوازم باشتر سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە ئەوانەی دڵگەرم نەبوون و باوەڕیان بە حکوومەتی عەرەبی نەبوو ئێستا باوەشیان پێدا کردووە بۆ وەرگرتنی پلە و پایە، کە پێمخۆشە بڵێم کەوا مەلیك دایاندەمەزرێنێت. توندڕەوەکان قسە زۆر دەکەن بەڵام هیچ گەشەیەکی ڕاستەقینە ناکەن و هەر لەم رووەوە سێشەممەی ڕابوردوو ئاهەنگێکی نیوەڕۆخوانم بۆ یوسف سوەیدی ساز کرد و مەلیك داوای لێکردم بە نەرمی لەگەڵی بجووڵێمەوە. من لە بەر خاتری مەلیك وامکرد بەڵام بە کەسێکی فشەکەری خۆهەڵکێش تێیگەیشتم و جارێ هەر یەکەم قسەی بە کۆمەڵێك شتی پووچ و بێمانا دەستی پێکرد. مستەر کۆرنواڵیس، مستەر دراوەر (لە فەرمانگەی داد)، عەبدولمەجید شاوی و گەلێ کەسی تر میوان بوون و عەبدولمەجید هەندێ قسەی خۆش و بەتامی بۆ کردین.
ئەو شەوە مەلیك ئێوارە خوانێکی گەورەی ساز کرد و من خانەوادەی کۆکس و بۆردیللۆن و خەڵکی ترم بۆ بانگهێشت کرد. ئەوان زۆر جۆر نەبوون لەگەڵ یەکتر وەك نەریتی ئەم چەشنە بۆنانە بەڵام بۆ من ئێوارە خوانێکی نایاب بوو و لە نێوان مەلیك و ساسۆن ئەفەندیدا دانیشتبووم کە زۆر کەیفیان لەگەڵ یەکتر هەبوو، دوو ڕۆژ دواتر مەلیکم برد بۆ کەڕادە بۆ بینینی باخ و گوڵی دار قەیسی و من پێشتر حاجی ناجیم ئاگادار نەکردبووەوە و بەداخەوە لەوێ نەبوو بەڵام مەلیك و یاوەرانی زۆر کەیفیان بە جوانی و ڕێکوپێکیی باخەکە هات و سەرسام بوون بە نەمامەکانی دارە بەرییەکان. یەکێك لە کوڕەکانی حاجی ناجی لەوێ بوو و بە مەلیکی وت چ جۆرە نەمامێکی دەوێ بۆی دەنێرێ. لە گەڕانەوەدا کە من و رۆستەم حەیدەر لە یەك ئۆتۆمبیلدا بووین گەیشتینە حاجی ناجی و ئەوەمان پێوت. ئەنجام بەخۆشحاڵییەوە سێ سەد نەمام زیاتری بۆ نارد و بەهیوام پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ کۆشکدا بۆ دروست ببێت. ئەمڕۆ یەکشەممە حاجی ناجی لە کاتی قاوەڵتیی بەیانیدا هاتە لام و نامەیەکم دایە بۆ رۆستەم حەیدەر و پێموت کە تەلەفۆنێك بۆ مەلیك

بکات. ئەڵبەتە ئەم پیاوە زۆر ئاقڵە و شکۆ و بەخشندەییەکی گەورەی تێدایە، هەروەها ڕەعییەتێکی دڵسۆز و گوێڕایەڵی فەیسەڵە. پێویستیی مەلیك بە داری میوە بە هۆی ئەوەوەیە کەوا کێڵگەیەکی گەورەی سپیاتیی کڕیوە (شیرەمەنی) و نیازی وایە بیکاتە پارك. لەم کارەیدا فەخری جەمیل یارمەتی دەدات بەڵام پێموایە حاجی ناجی لە هەموو کەس باشترە بۆ ڕێنمایی کردن لەم بوارەدا. بە هەر حاڵ من نازانم لە کوێ پارەی کڕینی بۆ پەیدا کردووە کەوا حەدداد پاشا بۆی ڕێکخستووە، چونکە بە پێی زانیاریی من فلسێکی خۆی شکنابات، بەڵام تەنانەت ئەگەر قەرزیشی کردبێت ئەوە من پێمخۆشە، چونکە یەکەم دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر ڕەگ داکوتێ لێرە و دووەمیش شتێکی دەبێ لە دەرەوە پێوەی خەریك بێت و لە خەڵکی جۆراوجۆر دووری بخاتەوە.
سەرلەبەیانیی لەگەڵ سێر پێرسی چووین بۆ ڕێورەسمێکی زۆر خەمناك و دڵتەزێن، ئەویش پرسەی ماتەمینیی کاپتن فیتزجیبۆن بوو کە مانگێك لەمەوپێش لە هێرشی کوردە ئێرانییەکاندا بۆ سەر هەڵەبجە کوژرا. ڕۆژێکی خۆرەتاوی خۆش بوو و گۆڕستانی سەربازی، کە بە عادەت وشك و ڕووتەنە، بەڵام بە بارانی زۆری ئەمساڵ گژوگیا و گوڵە زەنبەقی سپی و زەردی کێوی دایپۆشیوە و لە ناشتنیدا کۆمەڵێك داخ و حەسرەتم دەربڕی بۆ کۆچ و داڕانی لە جیهانێکی پڕ لە هیوا و ئاوات. پاشان بە پەلە گەڕامەوە بۆ ئۆفیس و خێرا هێلکەیەکی کوڵاوم لووش کرد و هێندەی پێنەچوو مستەر کوك و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ کردنەوەی بازاڕی عوکاز (سوق عكاڤ). با ئەوەشت پێبڵێم کە ئەم بازاڕە زۆر گەورە و بەناوبانگ بووە لە ڕۆژگاری جاهیلیی پێش ئیسلامدا، کاتێ کە هەموو شاعیرانی عەرەب کۆبوونەتەوە و پێشبڕکێی شیعر خوێندنەوەیان کردووە و هەندێك لەو شیعرانە تا ئێستاش پارێزراون. گەنجە خوێن گەرمەکانی بەغدا پێشنیازیان کردووە وەك نەریتێکی ساڵانە بیپارێزن و لەگەڵ پێشانگای هونەر و کاری دەستڕەنگینیدا گرێی بدەن. ئەمە لە شوێنێکی تەختایی بەرفراواندا و لە ناو باخی دارخورمادا لە نزیك وێستگەیەکی شەمەندەفەری حیللە سازدرابوو. لێرە عەشاماتێکی زۆری خەڵك کۆبووبۆوە کە بە زۆری خەڵکە نەتەوە پەرستە توندڕەوەکە بوون. بەڵام من و مستەر کوك پێشوازییەکی گەرم کراین و لە سەر کورسییەکانی ڕیزی پێشەوە دایاننایین بەرانبەر بەو سەکۆ و ساباتە سوورەی کە بۆ مەلیك سازکرابوو. مەلیك ڕێورەسمەکەی کردەوە و ماوەی دوو سەعات بە شکۆوە دانیشت بەو پێیەی کە ئاهەنگێکی گشتی دەیخوازێت و  هۆنراوە و وتار دەخوێنرانەوە و وەی خوایە کە دوورو درێژ بوون! من لێرەدا ڕەزامەندیی کەسەکانی دەوروبەرم وەرگرت کە لە پاشەڕۆژدا هۆنراوەکانی بازاڕی عوکاز نابێ لە 250 بەیت زیاتر بن. وتاردانی ڕەسمیش ئەوە بوو کە بۆچی من وڵاتی خۆمم خۆشدەوێ و ئەمەش بابەتێك بوو کە بەرەنگاری هەر کەسێك دەبمەوە لە سەری و نابێ گەورەترین و بلیمەتترین کەسی بێزارکەر بێت. دۆستە گەنجەکانمان لەخۆشیاندا دەستیان لە ملی یەکتر دەکرد و بە دڵگەرمی پێشوازییان لەو هەلە دەکرد کە پێیاندرابوو. ئەوان نەك هەر بە کەش و فشەوە وتاریان دەدا بگرە هێند درێژدادڕیش بوون کە دواجار مەلیك بە تایبەتی رایسپارد کە دواهەمین کەسیان لە ناوەڕاستی قسە پڕ باق و بریقەکەیدا بیبڕێتەوە. من زۆر کەیفم بەوە دەهات چونکە هەموویانم دەناسی و پێمخۆش بوو ببینم چۆن سەکۆی وتاردانی وشکە نەتەوە پەرست کۆنترۆڵ دەکرێت . ئەمە شوێنێکی تەختایی باش بوو و ڕەخنەی چاکی لێوە دەگیرا، بەڵام بازاڕی عوکاز شوێنێکی گونجاو نیە بۆ پەرەپێدانی توندوتیژیی سیاسی. من پێمخۆش بوو بەو جۆرە خۆیان سەغڵەت کردووە و کاتێ دواجار توانیمان تەماشای نمایشەکە بکەین هەراو غەڵبە غەڵبێکی لە ڕادەبەدەر لە چوار دەوری مەلیك ئاڵابوو، بەڵام نوری پاشا بە ژیری و شکۆی خۆی لە ناو قەرەباڵغییەکەدا بەکێشی کردم و بەمە توانیمان هەموو شتێك ببینین. نمایشەکە زۆر باش ڕێکنەخرابوو، چونکە ئێمە لە ساڵی 1918دا یەکێکی لەوە باشترمان ڕێکخست لەلایەن دەسەڵاتی سەربازییەوە و

جوانترین نمایش ئەوەبوو کە ڕاهیبە فەرەنسییەکان لەگەڵ کچانی بچووکی هەتیودا لە سەر زەوی دانیشتبوون و هێڵی ڕەنگاورەنگیان دروست دەکرد و خێوەتێك پڕ لە نیگاری هونەرمەندە خۆوڵاتییەکان بوو کە لەڕادە بەدەر خراپ بوون و ئەو بابەتەیان هەڵبژاردبوو کە بە زۆری ڕۆحی عێراقیان دەنواند لە ڕووی مەجازییەوە بەڵام لە ئاستێکی خراپدا بوون. من وایدەبینم کەوا هەندێ کاتی پێدەچێت پێش ئەوەی مایکڵ ئەنگلۆی خۆمان بەرهەم بێنین. ئەو ڕۆژەم بە ئاهەنگێکی ئێوارە خوانێك کۆتایی پێهێنا لە ماڵەکەی خۆمدا و مستەر کوك و سەید محێدین (دووەم و زیرەکترین کوری نەقیب) و تۆفیق ئەلخالیدیی موتەسەڕیفی بەغدا و حیکمەت سلێمان کە پیاوێکی بەتوانای گەپچاڕ بوو و براکەی وەزیرێکی بەناوبانگی جەنگ بوو لە سەردەمی تورکدا و عەبدوللەتیف نوری کە ئەندامی دەستەی ئەرکانی سوپای عێراق بوو. محێدین و تۆفیق و حیکمت هەرسێکیان پیاوی  ئەقڵ و بیر فراوان بوون. ئەو کەسانەی وا بیر دەکەنەوە گوایە ڕۆژهەڵات بە تەواویی ئەقڵییەتی جیاوازە لە ڕۆژئاوا دەبێ گوێ لە پیاوانی لەم چەشنە بگرن کاتێ کە بە سەربەستی پێکەوە قسە دەکەن وەك ئێستایان لە ماڵەکەی مندا. جیاوازیی ڕاستەقینە لە کاراکتەردایە و ئەوان هیچ حەز بەوە ناکەن لە شوێنی گشتیدا بدوێن و دەربکەون، چونکە قورسایی نەزانینی ڕەشە خەڵکەکە و خورافەیان زۆر بە سەرەوەیە. ئەم سیانە ئەو شەوە مشتومڕیان لە سەر مەسەلەیەك بوو کەوا ڕەنگە هەندێ سەرئێشە بۆ حکوومەتی عێراق دروست بکات. لە بەغدا خانوویەکی بەهائوڵڵا هەیە، کە دامەزرێنەری مەزهەبێکی ڕیفۆرمخوازی ئێرانییە و بەهاییەکان  بە شوێنێکی زۆر پیرۆزی دەزانن چونکە ماوەیەك بەهائوڵڵای تێدا ژیاوە پاش ئەوەی نزیکەی شەست ساڵێك لەمەوپێش لە ئێران هەڵاتووە. شیعەکان، کە هەمیشە دەمارگرژترین و موحافزەکارترین خەڵکن، وەك لادەر تەماشای بەهاییەکان دەکەن و زۆر دژی ئەوەن ئەم خانووە بپارێزرێت بە پێی ئەوەی لانکەی زەندیقەکانە بەڵام مەلیك و نەقیب هەردوك وەکو یەك زۆر توورەن لەم وروژاندنە و نەقیب قێز لە خورافاتی شیعەکان دەکاتەوە و ئەم تێگەیشتنەی مەلیك لە سەر بیر و باوەڕی شیعەکان لە گەلی سەرەوە باشەی خۆی هەیە. میوانە سونییەکانم، کە هەر هەموویان ئازادانە بیریان دەکردەوە و بە ڕەهایی قسەیان دەکرد و من ناتوانم هاوکاری ئەو نیازەیان بم لە مەسەلەی خانووی بەهاییەکاندا و با موجتەهیدەکان  نەفرەت لە هەموویان  هەوڵ بدەن چارەسەرێکی گونجاوی بکەن.

پاشان عەرەبەکان ڕۆیشتن و من و مستەر کوك ماینەوە و لە دەوری ئاگرەکە کەوتینە گفتوگۆیەکی دوور و درێژ و هەردوکمان کۆك بووین لە سەر ئەوەی کە هیچ شتێك لە دنیادا نیە قسە و باسی زۆر هەڵگرێ وەك لەوەی لە ناوجەرگەی بیر و ڕۆشنبیریی ئاسیادا بیت بۆ چاودێری  کردن و هاندانی کۆششی شکست پێهێنانی کاریگەریی عیلمانییەتدا. خوا دەزانێ کەوا ئەقڵ و زیرەکییان تەواو وردە بەڵام هاندانی مۆراڵ کزە بۆ توورِدانی دەستباڵایی دوور و درێژی یاسا و ڕێسای تیۆکراتی لە کاروباری مرۆڤایەتیدا. ئەڵبەتە ئەمە بۆ ئەوروپا چەندین سەدەی برد تا یەکلابووەوە تێیدا و بە ڕاستی من دەڵێم سوپاس بۆ هەوڵ و تێکۆشانی دوو نەوەی ئەم دواییە کەوا من ئێستا مەسیحی نیم و کەسیش ڕێی لێنەگرتووم، بەڵام موسڵمانەکان هێشتا چەندین شەڕ و شۆڕیان لەبەردەمدایە و ئەو ڕاستییە ئاڵۆزی کردووە کەوا تاقە ڕێگەی ڕوون بۆ ڕاپەڕاندنی جەماوەری خەڵکی نەزانی ئاسیا دژ بە حوکمی ڕەهای بێگانە ختووکەدانی بیرو باوەڕی ئاینییانە. ئەو پیاوانەی کە ختووکە دەدەن هەر خۆیانن پێشتر وەعز و ئیرشادیان دەدا و ئێستا وەك چەکێك بەکاریدێنن لە ناکۆکیی سیاسیدا، بەڵام تا شەڕەکە نەپرێتەوە ناتوانن وازی لێبێنن.

دوێنێ نیوەڕۆ خوانێکی ئەوروپیانەم سازکرد و مستەر ناڵدەر  لە مووسڵەوە دابەزیبوو و ئێستا لە مۆڵەتدایە، کاپتن بێلی کە لە سلێمانییەوە بە فڕۆکە هاتبوو، هەروەها خانەوادەی جۆیس بۆ خۆمان

بە تێر و تەسەلی قسەمان کرد. کاپتن بێلی لە شوێنی کاپتن فیتزجیبۆن دانراوە کەوا کوژراوە و مستەر ناڵدەر بەرپرسی سەنگەر و قایمکارییەکانی دژ بە هەڕەشەی تورکە لە باکوورەوە. کاتێ کە هەمووما‌ن کۆبووینەوە دەمانزانی ئەم سەرکێشییە چ مەترسییەکی تێدایە و ئەوانیش بە بەشێك لە کاری ڕۆژانەیان دادەنا و منیش شانازی بەوەوە دەکەم کە هاوکاریانم و تاقە هیوام ئەوەیە بتوانم هاوبەشیان بم لەو مەترسی و بەرپرسیارییەی بە سەربەرزییەوە لە ئەستۆیان گرتووە. بە لای کەمەوە حکوومەتی خاوەن شکۆ بڕیاری داوە کە دوا هێزمان لە مووسڵ نەکشێنێتەوە لە مووسڵ و، ئە وەك ئەنجامێك، من پێشبینی دەکەم کەوا تەلگرامەکەی کۆڵۆنێڵ بۆرتن، کە لە نامەیەکی پێشتردا ئاگادارم کردیتەوە و بیستوومە ئەنجومەنی فڕۆکەوانی ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کەوا ئەگەر بیرۆی کاروباری جەنگ نەیەوێت بەرگری لە مووسڵ بکات، ئەوە ناچار دەکرێن هەنگاوی لەو جۆرە بنێن و (ئەمە زۆر نهێنییە). هەوڵدان بۆ چارەسەرێك لەلایەن ئێمەوە بەر لە مەترسییەکە دەگرێت، چونکە کەمالییەکان تەواو سەغڵەت و نائومێد بوون. ئەگەر فەرەنسییەکان بزانن کەوا بە تەواوی هیچ شتێکیان بەدەستەوە نەماوە ئەوە هەرگیز بە ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە ڕازی نابن، چونکە بە مەبەستی ئەوەی سنوورێك لە ئێمە بدزن سازشێکی خراپیان کردووە.

پاش نانی نیوەڕۆ بە سواری چوومە دەرەوە و لە گەڕانەوەمدا بۆ ماڵەوە جەعفەر پاشا و خێزانیم بانگهێشت کرد و لەو ماڵەدا سەرم لێدان کە تازە نوری پاشا گواستوویەتیەوە ناوی و با ئەوەش بڵێم کە نوری ژنبرای جەعفەرە و ئەمیش لەوێ بوو و بە شانازییەوە هەموو پوورەکانی و ژن خوشکەکانی پێناساندم و بێگومان وامهەست کرد کە یەکێکم لەو خێزانە و ئەمەش زۆر خۆشحاڵم دەکات.

ئەمڕۆ بەتەما بووم بە ئەسپسواری پیاسەیەکی باش بکەم بەڵام با و تۆزێکی پیس هەڵیکردووە و ئەمشەویش کردی بە لێزمە و باران و لە بەر ئەوەی بەروبوومی باشمان بۆ مسۆگەر دەکات لێی نیگەران نیم. پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەشداربووانی کتێبخانەی بەغدا بەست، کە من بەڕێوەمبرد، بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی نوێ و ئەمەش دەرفەتێکی خۆش بوو بۆ بینینی زۆرێك لەو کەسانەی کە سیاسی نین و هەروەها کاربەدەستی دەوڵەت نین و پێمانخۆش دەبێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بزانین و ئەم کۆمیتەیەی ئێستا، کە من و مستەر کوك و ساسۆن ئەفەندیی تێدایە، ڕەنگە بگۆڕێت. من زۆر گوێی نادەمێ، بەڵام ئەگەر هەڵبژێرامەوە ئەوە سەلماندنێکی دڵخۆشکەرە بۆ متمانە.

ئەو ڕۆژە چووم بۆ چای خواردنەوەیەك لەگەڵ ساسۆنی ئازیز و ژنبرا و ژنخوشکەکەیدا و خەڵکێکی تا بڵێی بەڕێز بوون و ساسۆن بردمی بۆ ماڵ و گفتوگۆیەکی دۆستانەمان کرد لە بارەی مەلیك و حکوومەتی خاوەن شکۆ و هەموو ئەو شتانەی کە بیرمان لێدەکردەوە و بە راستی زۆرم خۆشدەوێ و نرخ بۆ دۆستایەتیی ئەو پیاوە دادەنێم.

با بێمەوە لای ئەو شتانەی بایەخی بچووکیان هەیە و لەم ڕۆژانەدا بە زۆری لە سەر خواردنی دۆمەڵانی بەتام دەژیم و لەم وەرزەدا دەتوانی بە شێوەیەکی ئاسایی لە بیابان بەدەستی بێنیت، بەڵام من قەت بەم زۆر و زەوەندییە نەمبینیوە چەشنی ئەم بەهارە نائاسایی و پڕ خێر و بەرەکەتە. ئێستا لە باخەکەمدا نەرگسە کێوی و گوڵە قەیفە و هەمیشە بەهار بە جارێ داویانە بەیەکدا و گوڵە باخەکانیش خەریکە دەپشکوێن.

35

22 ی حوزێرانی 1922

... کارەساتێکی ترمان بە سەرهات لە سلێمانی و دوو ئەفسەری قارەمانمان لەدەستدا بە هۆی ناپاکیی یەکێك لە ئاغا کوردەکانەوە، چونکە دەیویست یەکێك لە فەرمانبەرە کوردەکان بکوژێت و کە ئاوری دابووەوە لەو دوو کەسە ئینگلیزەی هاتبوون بۆ ناوبژیوانی کردنیان، کەچی هەردوکیانی کوشتبوو: یەکێك لەوانە کاپتن ماکانت  ئەفسەری لێڤی بوو و زۆر باشم دەناسی و کەسێکی تا بڵێی خۆشەویست و پیاوێکی راست و ئازا و بەردەوام سەرقاڵی کاری خۆی بوو. من ساڵی پار سواری ئەسپە کەحێلەکەی بووم بە درێژایی سنووری ئێران، ئای چ نرخێکی گەورەیە ئێمە دەیدەین لەپێناو گێرانەوەی ئەو وڵاتە لە یاسا دەرچووەدا؟

36

6 ی تەمووزی 1922

... ئەنجام دەکری بڵێم کەوا خەریکە هەور لە باکوور کۆدەبێتەوە و تورکەکان هێز لە وان کۆدەکەنەوە و لە رەواندزیش خۆ قایم دەکەن و ژمارەیەك ئەفسەری تازەشیان بۆ ناردووە. حاڵی حازر واتەوانێکی زۆر لە ناو خێڵە کوردەکاندا بڵاوە و دەستەی ئەرکانیشمان بارودۆخەکە بە مەترسیدار دەزانن. ئێمە تا ئێستا لە سلێمانی بکوژانی کاپتن بۆند و کاپتن ماکانتمان دەسگیر نەکردووە و ئەمانە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە تورکەکانەوە هەیە لە رەواندز. هێزی ئاسمانیی شاهانە بۆردمانێکی چاکی گوندە یاخییەکانی کردووە لە وڵات و شوێنگەلێکی ئەوپەڕی سەخت و هەڵەتدا و بەڵام هەموو کاتی بردوون بۆ ئەوەی پرێکی تەواوی چەك و تەقەمەنیی فڕۆکە بە خەسار نەدەن و ئەگەر ئێستا بمانەوێت بە خەستی رەواندز بۆمباران بکەین ئەوە چەك و جبەخانەمان بە تەواوی کورت دەهێنێت و تووشی کێشە و زەحمەت دەبین.

37

16 ی تەمووزی 1922

باوکی ئازیزم، دەبێ بە سەرنجی بەرچاوی کەشوهەوا دەستپێبکەم. ئەوان هەندێ شتیان چاککردووەتەوە کە بە کارەبا کار دەکات و هەر خەریکی کارەکەن و بەو پێیە تا ئێستا کە سەعات یەکی پاشنیوەڕۆیە کارەبا نیە و پانکە ئیش ناکات. هەرچۆنێك بێت من ئەم بەیانییەی یەکشەممەی ناوەڕاستی تەمووز لە ژوورەوە دانیشتووم و بە تەواوی فێنکە و خەریکی نامە نووسینم بۆ تۆ. پلەی گەرما ناچێتە سەروو سەدی فەهرنهایت و وابزانم ئەمساڵ لە 110ی فەهرەنهایت  تێنەپەڕیوە و بە گشتی وەك ئەمڕۆ هەر بایەکی شەماڵی خۆشی هاتووە. بۆ بەدبەختی ئۆفیسەکەی من کەوتووەتە خراپترین شوێنی بەغداوە چونکە هیچ شنەبایەکی ناگاتێ و بەردەوامیش بە بەر خۆرەوەیە، کەچی ماڵەکەی من بە شێوەیەکی سەیر فێنکە.
پیرێ سێر پێرسی مەلیکی بینی و باس و خواسێکی دوور و درێژی لەگەڵ کردەوە. مەلیك تا ئێستاش هەر هەست بە بێزاری و ماندوێتی دەکات سەبارەت بە پەیماننامەکە ئێستا ئەو راستەوخۆ هەموو ئەو چارەسەرە مەحاڵانە دەنێرێ بۆ سێر پێرسی کە هیوای وایە لە ئەنجومەن

دەرچێت و بەم پێیە وەزیرەکان پێش ئەوەی پەیامی مەلیکیان پێبگات زانیاریی تەواویان لایە کە لەلایەن کۆمیسیاری باڵاوە دەرکراون. پاشان ئەنجومەنیش وەلایان دەنێت و مەلیك بیر لە شتی تر دەکاتەوە! هەفتەی رابردوو سێر پێرسی ڕەزامەندیی دەربڕی لە سەر ناردنی دوا دەستکاری بۆ وڵات، کە دەستکارییەکی زۆر ئەکادیمییانە بوو. وەزارەتی دەرەوە ڕەتیکردەوە و ڕێك وا کەوتەوە کە من بۆی چووم و دوێنێ ئەنجومەن هەرچۆنێك بوو ڕەتکردنەوەکەی پێ قووت چوو و داوای لە مەلیك کرد کە دەخوازێت چی بکات و سبەینێ وەڵامی ئەویان پێدەگات. هەر لەم ماوەیەدا خاوەن شکۆ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا سازکرد و تێیدا تەواوی بایەخی پەیماننامەی ماندێتی ڕوونکردەوە و دڵنیایی دا بە پرسیارکەران کەوا لە هەموو حاڵەتێکدا هیچ بێگانەیەك ناکرێ فەرمان بۆ ڕسەنزادەیەکی عەرەب دەربکات. بەڵام سێر پێرسی ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئەندازیارێکی ئاودێریی بەریتانی کە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دامەزراوە بە توندی فەرمان بە پیاوماقووڵە عەرەبەکان دەکات و دەبێ جێبەجێیشی بکەن. ئەندامانی ئەنجومەنیش لەمە ئاگادار کراون و بە تەواوی ناڕازین لە سەر بابەتەکە.

وەك دەبینی کارەکە بەم شێوەیە: مەلیك و نەقیب بە ئاشکرا دەڵێن کەوا هەرگیز ماندێت قبووڵ ناکەن و حکوومەتی خاوەن شکۆش لە وەڵامدا دەڵێ کەوا ئەوان دەتوانن بڕیار لە سەر هیچ ڕێککەوتنامەیەك نەدەن بە پێی ئەو مافەی کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە پێیاندراوە لە سەر مەسەلەی ماندێت. بەم رەنگە ئەو دوو بەڕێزە کەوتونەتە بارێکی نارێکەوە کەوا یان دەبێ پەیماننامەکە ڕەتبکەنەوە یان ماندێتەکە قبووڵ بکەن. لە کێشەی یەکەمدا مەلیك تاج و تەختەکەشی لەدەست دەدات و ئەوەش باش دەزانێت، مستەر کۆکسیش زۆر چاك دەزانێت ئەو بە ئاسانی مەملەکەتی سێهەمی بۆ نادۆزرێتەوە. با ئەوەش بڵێم کە سێر پێرسی پێشنیازی کردووە هیچ شتێك لە بارەی ماندێتەکەوە باس نەکرێت، چونکە تەنها بە چەند وشەیەك لە پەیماننامەکەدا باسیکراوە، بەڵام لە ئەنجومەندا، کە ئێستا گفتوگۆی لە سەرە، دەبێ روونیبکەنەوە کەوا دان بە پەیماننامەکەدا دەنێن وەك تاقە پەیوەندییەکی نێوان هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراق. ئەگەر ئەوان بیانەوێ مەسەلەکە ڕۆژێك زووتر کۆتایی بێت ئەوە ئێمە یارمەتییان دەدەین بۆ قەناعەت هێنان بەم و بەو وا بکەن لەگەڵ سیستەمی ماندێتدا بگونجێن، بەڵام نەقیب حەز بەوە ناکات و بە ئاشکرا دان بە بوونی ماندێتدا دەنێت لە حاڵی حازردا. بەڵام مەلیك هەمیشە دەیەوێ مەسەلەکە بەو بارەدا بشکێنێتەوە کە چارەسەرێك لەخۆ بگرێت و ماندێتی تێدا توور بدرێت، وەلی کۆمیسیاری باڵا تەیرێکی سرکە و ناگیرێت و بەم پێیە گەمەکە بەردەوام دەبێت و ئەگەر لێرەدا گەمەیەك هەبێت ئەوە لە سەر فورات سازش هەڵناگریت و لەوێ کاربەدەستانی عەرەب شێوازی کارگێرییان بە تەواوی دژی ماندێتە. شێخە گەورەکان هەموو تا ڕادەیەك مەیلیان بە لای ماندێتەوەیە و بە تەواوی تووڕەن لە ناعەدالەتی و توندڕەویی کاربەدەستە عەرەبەکانی کارگێری و ئۆقرەیان لە بەر پڕاوە و هەڵگیرسانی شۆڕشێك لە ئان و ساتدایە و حاڵی حازر دوو کەس کوژراون کە لەلایەن شێخەکانی دژە ماندێتەوە ئەنجامدراوە و تەنها لە بەر هۆکاری سیاسی بووە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا سەلمان ئەلزاهیری شێخی گەورەی خەزاعیل خۆی بەوە دەزانێت کەوا شکۆ و شەرەفی لەکەدار بووە و دەڵێ موتەسەڕیف لە سەر بنەمای عەشایەری داد بەرقەرار نەکات ئەو لای خۆیەوە یاسا جێبەجێ دەکات. مستەر کۆرنوالیس تا ئێستا توانیوێتی دۆخەکە رابگرێت و ئەو پیاوە هێور بکاتەوە .

بە شێوەیەکی سروشتی ئەمە هەڵوێستی کاربەدەستانی عەرەبە لەوێ و کاربەدەستە بەریتانییەکان کەوتوونەتە بەشدارییەکی چالاك لەگەڵ لایەنەکەی تر و تەواوی تیمەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە تەواوی بوونەتە دوو بەرە. مێجەر دیکسۆنی راوێژکاری ناوچەکە نە زۆر زمان پاراوە و

نە زۆر شکۆداریشە و هیچ شتێکی پێناکرێت و چارەسەر ئەوەیە بارودۆخەکە پینە بکرێت و پیاوانی میانڕەو دابنرێن، چ عەرەب و چ ئینگلیز. مەلیك بە ئاشکر دەڵێ ئەمەیان ناکرێت تا دوای ئەوەی پەیماننامەکە ئیمزا دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە، کەوا پلاتفۆرمێکی دیاریکراوی بداتێ وەك من پێشتر پەیوەندیم پێوە کردیت کەوا پرسیارە بێ وەڵامەکە هەر ماوەتەوە کە ئایا ناوچەکانی فورات ڕادەپەڕن؟ ئاخۆ ئەمە دۆخێکی سەخت نیە؟

پێموایە و پێشتریش وتوومە و ئێستاش ڕێك و ڕەوان دەیڵێم قەناعەتی تەواوم هەیە کەوا هیچ وڵاتێك لە جیهاندا ماندێت (ئینتیداب) تێیدا سەرناگرێت و یەکەمجار فەرەنسییەکان و دووەمیش ئێمە ناوی ماندێتمان لە سوریا و فەلەستیندا هەر ڕەشکردەوە. تەنانەت بێ ئەم نموونانەش ڕەنگە بەرنامە و پلانی ماندێت  هەر مەحاڵ بێت. عەرەبەکان هیچ داواکارییەکی پڕ کەموکووڕیی مافەکانی سەربەخۆیی خۆیان بەرز ناکەنەوە و وەك ئەوەی بخرێنە ژێر ڕکێفی ئەم و ئەوەوە ئەوان ئامادەن کە پراکتیزەی ئەم مافانە بکەن و خۆیان ببەستنەوە بەم پەیماننامەیەوە کاتێ کە یارمەتی دەدرێن، بەڵام ئەمە شتێکی ترە و من دەزانم فەیسەڵ چەند ورد و بەمشوورە لە مامەڵە کردنی کاروباردا و:

1  ئەو دەیەوێت لێرە ماندێت ڕەتبکاتەوە وەك هەنگاوێك بەرەو ڕەتکردنەوەی لە سوریا.

2  مەیلی بە لای ئەوەوەیە کە دەوڵەتە سەربەخۆکەی وەك جیهانی موسڵمان بنوێنێ نەك وەك عەرەب.

3  نیازی وایە خیلافەت بگێڕێتەوە دەستی عەرەب و ئەمەش بەرنامەیەکە کەوا بە ڕێکی و بە تەواوی بۆ ئێمە دەگونجێت، چونکە دەوڵەتێکی عەرەبی دۆست یان کۆمەڵە دەوڵەتێك بە شێوەیەکی لەبار بکەونە سنووری ڕۆژئاوای ئاسیاوە ئەگەر ئەوە بتوانن و مەسەلەکە کاری خۆیانە و بە دەسەڵاتی خیلافەتەوە بیرۆکەیەکی باشتر نیە؟ بەڵام ئەمە هیچ جێگە و ڕێگەیەك لەم شوێنەدا بۆ فەرەنسییەکان و زایۆنیستەکان ناهێڵێتەوە.

... ڕۆژی یەکشەممەی 8ی مانگ نوری و کاپتن کلەیتن بۆ نانی نیوەڕۆ لام بوون و باس و خواسێکی باشی مەسەلەکانمان کرد و بۆ ئێوارەش لەگەڵ مستەر کۆرنوالیس و ماڵی داڤێدسندا چووین بۆ مەلە و گەشت کردن و ئێمە هەموو یەکشەممانێك ئەمە پیشەمانە، لە باخ و باخاتەکانی سەر دیجلە لای ئەعزەمییەوە. دواینیوەڕوانی تریش من هەمیشە خەڵکانێك بانگهێشت دەکەم کە بە زۆری خانم داڤێدسن و خانم دراوەر دێنە لام، بێجگە لە خەڵکی عەرەب، یان وەزیرەکان و پیاوماقووڵانی تر دێن بۆ چای خوخواردنەوە، لەوانە جاری وایە خەڵکی سەیر سەیریش دێن کە خۆیان بە دەمڕاست دەزانن، بۆ نموونە ئێوارەی 7ی مانگ کابرایەکی گەوج و نەفام بە ناوی عەتا ئەمین، کە یەکێکە لە سکرتێرەکانی دیوانی پاشایەتی و خۆی خۆی بانگهێشت کردبوو. دید و بۆچوونی ئەم کابرایە لە سەر باردۆخی سیاسیی ئەوەی کە تۆ پێویستە هەمیشە بە قسەی ئەوان بکەیت چونکە خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆن لە وڵاتدا و بۆ نموونە کەسە پەڕگرەکان. (ئەم کابرایە لە ژیانیدا لە بەغدا بەولاوە هیچ شوێنێکی تری نەدیوە و هەر بە ئەندازەی جێنتڵمانێکی یانەیەکی لەندەنی لە بارەی وڵاتەوە دەزانێت)، منیش لێمپرسی ئاخۆ بە ڕاستی پەڕگرەکان گەورەترین کاریگەرییان هەیە، لە کاتێکدا مەسەلەی ئەو پەڕگرانە ئەوەبوو کە پەیماننامەکە ڕەتبکەنەوە.

ئەم دواینیوەڕۆیە کارێکی گەورەمان کرد ئەویش کردنەوەی یانەیەکی ئەنگلۆ  عەرەبی بوو، سێر پێرسیش لەوێ بوو و بە کەیفخۆشی لەگەڵ هەموو کەس دەجووڵایەوە، بە ڕەش و سپییەوە، چونکە هەموو لەوێ بوون. ئەمە تەنها یانەی پیاوان بوو و منیش هەرچەندە بانگهێشت کرابووم بۆ ئاهەنگەکە بەڵام ئەندام نیم لەو یانەیەدا. هەروەها شێخە خۆشەویستەکانی فوراتیشمان لەوێ

بوون، کە پێنج شەش کەسێك دەبوون و هەموو لە بارەی پەیماننامەکەوە دەدەوان.
ڕۆژی دووشەممەی 9ی مانگ ڕۆستەم حەیدەری سەرۆکی دیوانی پاشایەتیم بانگهێشت کرد بۆ چای خواردنەوە و دەرس دادان و ئامۆژگارییەك کە ڕاستێکەی ئەمەی دواییانی باش وەرگرت و بۆ ئەوەش ڕام لێیەتی و کۆتاییمان بەوە پێهێنا کە ببینە دوو دۆستی نزیك بەڵام ئەگەر بە خشکەیی گەڕایەوە سەر هەڵەکانی جارانی ئەوە پێدەچێت بانگهێشتی چای خواردنەوەیەکی تری بکەمەوە. من ڕاشکاوانە دەیڵێم کەوا زۆر باشم لە دەرس و موحازەراتدا و بە تایبەتی وایان لێدەکەم بە چاکی گوێ بگرن. سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە پیاوێکی گەنجی کەرۆکەی تر بە ناوی ڕەوف کوبەیسی یەوە کە لیوای ناسرییەی دەدا بە گوێماندا دوای ئەوەی مەلیك بە موتەسەڕیف لەوێ دایمەزراندبوو، هات بۆ چاوپێکەوتنم لە  ئۆفیسەکەمدا و دەردی کوڵۆنێل ڕێپینگتن دەڵێ دید و بۆچوونی خۆم دا بە گوێیدا و باش تەمێم کرد. دواتر ڕاستەوخۆ چووبوو بۆ لای مەلیك و پرسیاری کردبوو ئاخۆ دەتوانێ داوای پاسپۆرتی چوون بۆ میسر بکات چونکە پێدەچێت خاتوون زۆر لێی تووڕە و ناڕازی بێت. مەلیك زۆر ئاسوودە و خۆشحاڵ بووە بەوە و هەر ئەو ئێوارەیە پێیوتم کاتێ کە بە خێزانی نانی شێوانمان پێکەوە خوارد بە ئامادەبوونی سەفوەت پاشای دیمەشقیی کۆنە مامۆستا تایبەتەکەی و ئەحمەدی کوڕە خۆشەویستە حەوت ساڵانەکەی سەفوەت. لە پاش نان خواردن کەوتینە باسکردنی مەسەلەی کورد لە هەموو بارێکەوە و پێموایە بیرو بۆچوونەکانی مەلیك زۆر باش بوو. هەرسێکمان لە باڵکۆنەکەدا کە دەڕوانییە سەر ڕووبارەکە دانیشتبووین و لە بارەی هەموو شتێکی ئەم دونیایە دەدواین. من بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دڵسۆزییەك بێپایانم لە سەفوەتدا بینی، خوا بیپارێزێت. ئەو تەنها پیاوێك نیە کە تەنها دید و بۆچوونەکانی میانڕەو بێت بەڵکو دشتوانێ دەستبالا بێت لە جڵەو کردنی کۆمەڵێك ئەرگومێنتدا. لێرە بێجگە لە مەلیك کە لەوان جیاوازە، کەسانێکی وات دەست ناکەوێت کە بتوانن خۆ دوورەپەرێز بگرن لەوەی بتوانن دوو سێ پرینسیپی تەواو لێکتر جیا لە هزر و بیریاندا بپارێزن بە یەکەوە و لە یەك کاتدا، کەچی سەفوەت ئەوە دەتوانێت. سەفوەت پەیوەندیی بەهێزی من و مەلیکی زۆر لەلا پەسەند بوو و دوێنێ تەنها لە بەر ئەوە هاتبوو چایەکم لەگەڵ بخواتەوە کەوا بە پاڕانەوەوە داوام لێبکات تا بتوانم هاتوچۆی کۆشك بکەم چونکە لای ئاشکرا و ڕوونە کە من تاقە کەسێکم لێرە بە ڕاستی مەلیکم خۆشبوێت و ئەویش خۆشی بوێم. هەر لە بەر منیشە کەوا مستەر کۆرنوالیس تەواوی کار و دەسەڵاتی خۆی خستووەتە ژێر دەستی مەلیك.
 باوکی ئازیزم، هەموو ئەمانە منداڵانە دێنە بەرچاو، بەڵام وایە و زۆر تەواوە و تۆ دەتوانی هەموو شتێك لەگەڵ فەیسەڵ بکەیت ئەگەر لەوە دڵنیا بێت کە تۆ هەست و خۆشەویستیت پێبەخشیوە. ئەو ئەم خۆشەویستی و دڵسۆزییەی پێبەخشراوە و ئەمەش بۆ ئێمە و بۆ خۆی و بۆ هەموو ئەو کەسانەش باشە کە دەبێ لەمە تێبگەن.
... سەبارەت بە ڕا و بۆچوونی مەلیك لە بارەی کوردەوە جاری بە شێوەیەکی کاتی ڕەتکراوەتەوە. مێجەر بۆردیللۆن بە فڕۆکە چوو بۆ سلێمانی و لەگەڵ مێجەر گۆڵدسمیسی حاکمی سیاسیدا تەواوی مەسەلەکەیان خستە بەر باس و گفتوگۆ. حاکمی سیاسی ڕای وایە کە ناتوانرێ هیچ شتێك لە بەغداوە بکرێ و هەرچۆنێك بێت پێویستە دەسبەجێ شتێك بکرێت. لە بەر ئەوە بەتەمان پەیوەندییەکی خێرا بکەن لەگەڵ جەردەیەکی ڕێگری سەرکێشدا بەڵام زۆر کاریگەرە لەو سەر سنوورە و ئەویش سەید تەهایە ، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ ئامادەیە پۆستی حوکمدار وەربگرێت لە سلێمانی و ڕەواندزدا لە ژێر چاودێریی ئێمەدا و ئەمە بازدانێکی ترسناکە لە تاریکیدا. پێموایە سەید تەها ئەم پێشنیازە ڕەتناکاتەوە و لەم حاڵەتەدا سەرلەنوێ دێمە مەسەلەکەوە و بیر و بۆچوونی مەلیك دەخەمە ڕوو. چونکە ئێمە هەرچەندە زانیاریی زۆرمان هەبێت لەم کارەدا بەڵام قەت ناتوانین

ئەوە بزانین کە ئەوان چی دەکەن بۆ قایل کردنی یەکتر پاش ئەوەی ئازادییان دەدەیتێ لە کاریاندا. مەلیك دەڵێ "من زۆر جیاواز نیم لە ئاغای کورد". چاکە، بەڵام ئێمە زۆر جیاوازین لە ئاغا کوردەکان و من پێ لەوە دەنێم کە شتێك راستی لەو مەسەلەیەدا هەیە.
رۆژی دووشەممەی رابردوو رەواندزمان بۆردمان کرد بە بیست فڕۆکە و هەمان کردارمان رۆژی سێشەممە دووبارە کردەوە بە دە فڕۆکە و هیوادارین بەمە هۆزە کوردە گەوجەکانی سەر سنوور قایل بکەین کەوا بەختی خۆیان تاقی نەکەنەوە لەگەڵ نزیکەی سێ سەد تورکدا کە سەربازگەی رەواندزیان لێپێکهاتووە. ڕەنگە کەس باوەڕ نەکات کە ئەمانە هەموو ئەنجامدرا بێئەوەی هیچ زیانێکمان لێبکەوێت. چونکە لەو وڵاتە شاخاوییەدا شوێنێك نیە بۆ دابەزاندنی و هەر ناتەواوییەك لە فڕۆکەیەکماندا رووبدات ئەوە مانای مەرگی حەتمییە. کۆڵۆنێڵ ماکنیس کەوا کاتی خۆی لەگەڵمدا بوو لە کاروباری هێزی ئاسمانی لە فەلەستیندا و لەگەڵ خانەوادەی باومان هاتبوو چایەکم لەگەڵ بخواتەوە، فەرماندەی ئەم ئۆپەراسیۆنە بوو و هەموو شتێکی لەبارەوە بۆ گێرامەوە و کارێکی گەورە بوو چ لە رێکخستن و چ لە نەبەردی و ئازایەتیدا.

38

30 ی تەمووزی 1922

باوکی خۆشەویستم، وا خەریکین لە بەسەرچوونی شەپۆلێکی گەرمای تاقەت پڕووکێن نزیك دەبینەوە. ئەو شەوە لە باخچەکەمدا ئاهەنگێکم سازکردبوو، لە سەرەتاوە دنیا زۆر گەرم بو بەڵام دواتر کەمێك فێنکی کرد و بە ڕاستی ئاهەنگێکی خۆش بوو و تێکەڵەیەکی سەیر تێیدا بەشدار بوو. نوری هات و یاریی کاغەزی پردی کرد و لە باخچەکەدا هەمەچەشنە خەڵکی نامۆی تێدا بوو. ئەفسەرانی ئەرکانی گشتی عەرەب کە لە ئەستەمبووڵ مەشقیان کردبوو، گەنجێکی ڕوخسار قەشەنگی کورد، ناوی قادر بەگ بوو کە ئەگەر پێویست بکات لە ملت دەدات بێئەوەی ساتێکیش بیری لێبکاتەوە، هەروەها سەیدە گەنجە بەڕێزەکانی خانەوادەی نەقیب، چەند پیاوماقووڵێکی بەڕێزی بەغداو دواجاریش عەجیل یاوەری گەورە (کە پێشتر لە بارەیەوە قسەم بۆت کردووە بەڵام ڕەنگە لە بیرت چووبێتەوە). ئەم پیاوە سەرۆکی هۆزی شەممەری نیشتەجێی باکووری مووسڵە لە خێوەتێکدا دەژی و پەروەردەی ئەو خێوەتانەیە. هەروەها پیاوێکی تەواوە و سەربازێکی ئازایە و فەرماندەی لەشکری حوشتر سواری باکوورە و پیاوێکی چوست و بەتوانای دەوڵەتە. بۆ تەواوکردنی وێنەکەی شەش پی باڵایەتی و لەڕادە بەدەر قۆز و قەشەنگە دەستوپلێکی جوان و دەنگێکی دلێری پێوەیە و ئەمەیە عەجیل. لە پاش کاتژمێر یانزەی شەو زۆربەی میوانان ڕۆیشتن و ئاهەنگەکەیان چۆڵ کرد ئەو دووانەمان کە ماینەوە بۆ ماوەی سەعاتێك گوێمان بۆ عەجیل شلکردبوو کاتی کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش روونکردنەوەی دەدا لە سەر نەخشە کێشانی سنوور لەگەڵ تورك و فەرەنساییەکاندا کە چۆن و بە چ شێوەیەك دابنریت. بۆ ڕۆژی دواتر بانگم کرد بۆ ئۆفیسەکەم و هاوکاریی کردم لە داڕشتنی نەخشەیەك و یاداشتێك و ناردم بۆ سێر پێرسی و بچووکترین گومانم نەبوو کەوا عەجیل ڕاستە و فەرەنسییەکان رازی نابن.
... ئێستاش لە بارەی قادر بەگەوە باسێکت بۆ دەکەم کەوا کوردێکی خەڵکی سلێمانییە و دەچێتە سەر پیرۆزترین و لە هەمان کاتیشدا شەڕخوازترین بنەماڵەی ئەو لیوایە (مەبەستی شێخ قادری حەفیدە و). شێخ مەحموودی برای گەورەترین و توندوتیژترین کەسی ئەم بنەماڵەیە کە سەرکردایەتیی یاخیبوونێکی کرد لە ساڵی 1919دا و لەلایەن جەنەراڵ ماکمونەوە دامرکێنرایەوە.

پاشان شێخ مەحموود دوورخرایەوە بۆ هندستان و بەم دواییەش ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە بۆ کوەیت. ئەگەر بە تەواوی لە بیرم مابێت قادر بەگیش نێردرابوو بۆ هندستان بەڵام ساڵی پار ڕێگەی پێدرا بگەڕێتەوە و لە بەغدا نیشتەجی بێت لەگەڵ کەسێکی تردا بە ناوی شێخ غەریب کە خزمی نزیکیان بوو. شێخان، وەك لە ناوچەکەدا خێزانەکەیان بەم ناوە شۆرەتیان رۆیشتووە، خۆیان بە دوور دەگرن لە ئاژاوە و پشێوییەکانی ئێستای سلێمانی، بەڵام هەموویان فشار دەکەن بۆ گێرانەوەی شێخ مەحموود و وەك جۆرێك لە ڕاگرتنی دۆخەکە حاکمی سیاسیی ڕاسپاردوە کە پێویستە قادر و غەریب بنێردرێنەوە بۆ سلێمانی و سێر پێرسی ڕەزامەندیی دەربڕی بەڵام من بەدڵم نەبوو. بە هەر حاڵ، وەك هەستێکی سۆز ئامێز بۆ ئەم دوو پیاوکوژە بچووکە من بە شەخسی زۆرم پێخۆشبوو کە متمانەیان پێبکرێت و ئاگادار بکرێنەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و خۆ ئامادە بکەن بۆ سەفەر. دواتر هەر کە زانرا ئەمانە دەگەڕێنەوە شێخان بە شێوەیەك لووتیان بەرز کردەوە و خۆیان دەنواند کەوا فەرماندەی لێڤییەکان دەیوت لەمەودوا ئیتر بەرپرس نیە لەوەی کە ڕوودەدات و منیش هەواڵم نارد بۆ ئەم داماوە کەوا مەسەلەکە دڵشکاندنی تێدایە و لە ئێستادا ناگەڕێنەوە و پاشانیش مەسەلەکەم لای خۆم راگرت و هیوام خواست دواخستنەکە زۆر نەخایەنێت و راستێکەی ئەوانیش کارەکەیان بە گوێڕایەڵییەوە وەرگرت.

پێدەچێت کاروباری کورد تاڕادەیەك روو لە باشە بێت و حاڵی حازر هەموو پرۆژەکانی مەلیکیان رەتکردووەتەوە. ئەمانە هەموو شتێکیان بەجارێ لەدەستدا و کەسانی سەرکێشن چەشنی عەبدولکەریم فەتاح بەگ  کەوا هێزی لێڤی و فڕۆکە بەدوایەوە بوون پاش ئەوەی دوو ئەفسەرە بەریتانییەکەی کوشت. ئێمە لای خۆمانەوە پێشنیازی نهێنیمان کردووە بۆ یەکێك لە جەردە و رێگرەکانی سنوور، کە سەید تەهایە. ئەم پیاوە خۆی ئەوەندە بایەخدار نیە بەڵام سەر بە سمکۆیە کە پیاوێکی زۆر گرنگە  کە ماوەی چوار ساڵ شەڕی ئێرانییەکانی  کرد و لە پێگەی سەرۆکی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردایە. ئەگەر سەید تەها قایل بوو بەو پێشنیازەی بۆی کراوە ئەوە سمکۆ پشتی دەگرێت و هەوڵ و تەقەلای تورکەکان پەکدەخات. سمکۆ ئەو "جێنتڵمانەیە" کەوا حاکمی ورمێی ئێرانی بۆمبێکی لە نێو کاغەزدا بۆ ناردبوو کە بە نامەیەك وەسفی رووداوەکەمان بۆ دەکات و تێیدا دەڵێت "هیچ کاتم نەبوو تەنها ئەو ماوە کەمە نەبێت کە توانیم بۆ براکەمی فڕێبدەم و تەقییەوە".

39

8 ی ئابی 1922

... لەم ئێوارانەدا بۆ نانخواردنی شێوان بە خێزانی لەگەڵ مەلیك دانیشتین و سەفوەت و ئەحمەدی کورە بچووکیشی لەگەڵمان بوون. لە پاش شیو کردن سەفوەت بە ئەسپایی دۆعاخوازیی کرد و منیش لەگەڵ مەلیك لە باڵکۆنەکە دانیشتین کە دەیڕوانییە سەر ڕووبارەکە و ماوەی کاتژمێر و نیوێك لە بەر تریفەی مانگەشەو کە لە شەپۆلی ڕووبارەکەی دەدا قسە و دەمەتەقێمان کرد و مەلیك ناخی دڵی خۆی بۆ کردمەوە بە شێوەیەك کە هیچ خۆشحاڵ نەبووم پێی. ئەو تاڕادەیەکی زۆر هەست بە ئازاری ئەوە دەکات کە ڕێگەی پێنەدرا کاری خۆی لەگەڵ کوردی سلێمانی بکات و منیش بە تەواوەتی لەگەڵی هاوڕام. هەروەها زۆر بە توندی نیگەرانە لە هەوڵیدا بۆ گەیشتنە رێککەوتن لەگەڵ  کەمالییەکاندا و لەمەشدا بە تەواوی لەگەڵیم و بەڵێن دەدەم کە تا بتوانم هەموو شتێك بکەم بۆ هەماهەنگی کردنی مەلیك لەگەڵ کۆمیسیاری باڵادا.

لەم خاڵەدا ئەوان وا بیردەکەنەوە کە ئێمە نزیکین لە ڕێککەوتنێك لەگەڵ کەمالییەکاندا لە سەر بنەمای گێڕانەوەی ویلایەتی مووسڵ  بۆیان و ئەمەش بە مانای سەرپرینی عێراقە. لەگەڵ ڕێزمدا من ڕام وایە کەوا تەنانەت حکوومەتە هەلپەرستەکەمان توانای سووکایەتی پێکردنی لەم چەشنەی نیە. بەڵام تاقە ڕێگە بۆ قەناعەت پێکردنی مەلیك و دەستە و تاقمەکەی ئەوەیە کە دەستیان واڵا بکرێت لە گفتوگۆ و دانوستاندا لەگەڵ تورکەکاندا و بتوانن بە پێی بەرژەوەندیی وڵات بڕیار بدەن. حاڵی حازر وەزیری دەرەوە (مەبەست وەزیری دەرەوەی بەریتانیایە  و) برووسکەیەکی زۆر خراپ و نەعلەتیی بۆ ناردووین کەوا دەسەڵاتی تەواوی داوەتە مێجەر یۆنگ  نەعلەتی خوای لێبێت  و تێیدا ڕاسپاردەی ئەوە دەکات کە بەر لە هەڵبژاردنەکان ئێمە بە شێوەیەکی کردارەکی ئامۆژگاریی تەواوی ناوچە کوردییەکانی لای عێراق بکەین بۆ خۆڕاگری و داکۆکی کردن و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. کۆمیسیاری باڵا لەگەڵ هەموو هەڵوێستێکیدا پێیوتم کەوا سەرنج و تێبینییەکانم لە سەر ئەم مەسەلەیە بخەمە ڕوو. من پێموایە و ئاواتەخوازیشم کە ئەو تا سەر ئێسقان بەرەنگاری ببێتەوە، چونکە ئەگەر ئێمە کار بە پێشنیازەکانی ئەم پرۆژەیە بکەین ئەوە مانای وایە کە نەك تەنها فەیسەڵ بەڵکو هەموو عێراقییەکی عەرەب قەناعەت بەوە دەکات کە ئێمە لیوا کوردییەکان لە لیوا عەرەبییەکان جیادەکەینەوە بۆ ئەوەی بیانگێڕینەوە بۆ تورکەکان.
من سەرومڕ بی وەستان خەریکی نووسینی یاداشتم لە سەر مەسەلەی کورد بۆ کۆمیسیاری باڵا و دوێنی لە کەشوهەوایەکی هێجگار گەرم و دۆزەخ ئاسادا، کە وام هەست دەکرد خەریکە دەمرم، لە ئۆفیس و لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە بۆ یەك و نیوی نیوەڕۆ کارم کردووە و پاشان گەڕامەوە ماڵ و دوای نان خواردنی نیوەڕۆ بێوچان کەوتمەوە کارکردن لە کاتژمێر دوو و نیو بۆ شەشی ئێوارە و دوای ئەوەش چووم بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەیەك و پاشتریش بۆ شیو کردن لە کونسوڵییەتی فەرەنسی و لەوی تا نیوەشەو یاریی کاغەزمان کرد و کاتی گەڕامە ماڵەوە هەستم کرد لە خێوێکی سامناك دەچم.

40

16 ی ئابی 1922

... لەم ماوەیەدا هەموو ئەم رقەبەرایەتی و دوژمنکارییانەی ناوخۆ کەوا هێند بە قورسی داگیری کردووین رەنگە کاڵ ببنەوە و لە ئاست مەترسیی پەرەگرتووی کەمالییەکان لە سەر ناوچە سنوورییەکانی باکوورمان. ئەمڕۆ هەواڵێکمان پێگەشتووە و خستووینیە حاڵەتی ئامادەباشیی تەواوەوە. سمکۆ، ئەو چەتە کوردەی ئەودیوی سنوورمان (کە لە نامەکەی ئەمدواییەمدا باسم بۆ کردوویت)، وەك بیستوومانە دواجار بە تەواوی لە سەر دەستی تورکەکان شکستی خواردووە. لە ئێستادا سمکۆی چەتە و ڕێگر، نەتەوەخوازێکی کوردە و قەناعەتی هێناوە کەوا بی یارمەتیدانی ئێمە هەرگیز ناتوانی مەبەستی خۆی بەدیبێنی (کە بە شێوەیەکی سەرەتایی سمکۆ بکرێتە حوکمداری هەموو کوردستان). بەم پێیە ئێستا نەك هەر تەرەفداری ئێمەیە بەڵکو پەیامبەرانیشی بۆ هەموو هۆزە کوردییەکانی سنوور ناردووە و کەوا ئەگەر بەرهەڵستیی ئێمە بکەن، بە دەسیسە و هاندانی تورك، ئەوە خوێنی خۆیان حەڵاڵ دەکەن. هاوزەمان لەگەڵ هەواڵی لەناوبردنیدا ئێمە برووسکەی شێتانەمان لە سلێمانییەوە پێدەگات و داوا دەکەن فڕۆکە و لێقی و هەموو جۆرە هێزێك بنێرینە سەر سنوور و مەیدانی شەڕ. من هەست بە مەترسییەکی زۆر گەورە دەکەم و جارێکی تر هانی سێر پێرسیم دایەوە کە لێبگەڕێت مەلیك خۆی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات و ڕاستەوخۆ

سلێمانی ببەستی بە خۆیەوە چونکە هیچ چارێکی ترمان نیە لەوە زیاتر. ئەگەر ئەوە بکات پێموایە دوا هەل و دەرفەت دەبێت کە نەهێڵی دابەشبوون ڕووبدات، بەڵام ئەگەر ئەم هەلە لە دەست بدرێت ئەوە تورك گرەوەکە دەباتەوە و کەرکووکی تازە بە ئێمەوە نووساویش لە دەست دەچێت چونکە زۆربەی دانیشتووانی بە ڕەگەز تورکن و لەگەڵ ئەواندا دەڕۆن. بە زۆریش ئەمە کارێکی نەشیاو و قەناعەتهاوەر نیە کەوا ئێمە بگەینە لێواری کارەساتی بەرنەگیراو و پێموایە ئێستا لەو دۆخەداین و ئەڵبەتە بە شێوەیەکی لابەلاش تەواوی کاربەدەستانمان لە سلێمانی دەکوژرێن.

41

18 ی ئابی 1922

... ئاڵۆزییەکان لە سەر سنووری کوردستان مایەی نیگەرانییەکی گەورەن و کەمالیستەکان بە دیاریکراوی بەرەوخوار دەبنەوە بۆ سلێمانی نەك بە هێزی گەورەوە بەڵکو لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی واتەواتی ئیسلامییەوە لە ناو تیرە و هۆزەکاندا و ئێمەش هیچمان بە دەستەوە نیە هێزێکی بچووکی لێڤی نەبێت ئەویش بە هۆی دوو مانگی پیادەڕەویی قورسەوە لە گەرمادا بە تەواوی شەکەت بووە و پرزەی لێبڕاوە و فڕۆکەکانیشمان زۆر کاریگەر نین لە ناوچەی شاخاوییدا. من زۆر هەست بە دڵەڕاوکی و نیگەرانی دەکەم لە بارەی ئەفسەرە داپڕاوەکانمانەوە و تاڕادەیەك کەمتر لە بارەی یەك دوو ئاغای کوردەوە کەوا کەڵەمێردانە کارمان بۆ دەکەن و ئێمەش پشتیوانییان لێدەکەین. ئەڵبەتە برووسکەیەکی بایەخداری جفرەکراو لە وڵاتەوە (واتە بەریتانیا  و) گەیشتووە و هێشتا نەکراوەتەوە و بێگومان ئەو وەڵامەی تێدایە کە پێمانوایە بڕیار لە چارەنووسمان بدات.

42

31 ی ئابی 1922

... لە کاتێکدا کە ئێمە مشتومڕمانە لە سەر ئەم کێشانە سەربازەکانمان بەرگری لە سنورەکانی سلێمانی دەکەن دژ بە کەمالییەکان کەوا بە هێزەوە داگەڕاونەتە خوارەوە بۆ ڕانیە و ئێمە سەعات بە سەعات چاوەڕێی هەواڵی لەناوچوونی ئەفسەرانمان و لێڤی و پیاوانی هۆزەکانمان دەکەین.

43

8 ی ئەیلوولی 1922

باوکی خۆشەویستم، ئێمە بەردەوامین لە شەڕ و نەبەردییەکانمان لەگەڵ بارودۆخێکی ئێجگار سەخت و تووشدا و وەك دەوترێت لە نێو دەریایەکی پڕ شەپۆلدا و هەر کە لایەکیان هێور دەکەینەوە دڵنیا نین کەوا شەپۆلی داهاتوو نوقمی بن دەریامان ناکات. زۆری نەخایاند و ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی لێدانەکەی سێر پێرسی بەدەستیهێنا و جێگیر کردنی ناوخۆیی مسۆگەر کرد، کەچی مەترسیی دەرەکی ئەگەری قەبارەیەکی نوی و ترسناکی بەخۆوە بینی. پێش هەموو شتێك، وەك خۆت بیستووتە، ئەو هێرشە خێڵەکییەی بە فیت و تەگبیری کەمالییەکان ئەنجامدرا و

بە زۆریش لە ڕێگەی کوردە بەدفەساڵەکانەوە لە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران ناچاری کردین ڕانیەی سەر بە ناوچەی سلێمانی بەجێبێڵین. ئەمە لە خۆیدا زیانێکی زۆر گەورە نەبوو، چونکە ناوچەکە لە باشترین حاڵەتیدا پڕ ئاژاوە و پشێوییە و هیچ شتێکمان لێ دەست ناکەوێت، تەنانەت ئەو خەرج و مەسرەفەش کە تێیدا بە فیڕۆی دەدەین، بەڵام پاشەکشە لە بەرامبەر هۆزگەلێکی یاخیدا بەردەوام بە کارێکی مەترسیدار دەژمێردرێت چونکە هەرگیز نازانیت کەی و لە کوێدا تەواو دەبێت. هەروەها ئێمە پشتی بابەکر ئاغای پشدەریشمان بەردا، ئەو پیاوە بوێر و بەهێزەی لە ئەوەڵەوە تا ئاخر لایەنی ئێمەی گرت و نازانین چارەنووسی چی دەبێت و چی بەسەردێت و ئەمەش جۆرە هەڵوێستێکە کە وا هەست بکەیت لە ڕووی شەخسییەوە کارێکی دزێوت کردبێت.
بە دوای ئەوەشدا هەموو فەرمانبەرانمان لە سلێمانی کشاندەوە و مەحاڵە لەوە بگەین کەوا ئاژاوەگێڕیی دەرەکی ئەنجامی چی دەبێت و بی پاساویش ژیانی کەسانێك بخەینە مەترسییەوە کە هیچ هۆکارێکمان نیە بۆ پاراستنیان. بەم رەنگە ئێمە لە سلێمانی ئەنجومەنە کوردییە هەڵبژێردراوەکانمان ڕادەست کردەوە، کە پێش ساڵێك دەستی بە کار کردبوو و شێخ قادرمان کردە بەرپرسی، کە یەکێکە لەو بنەماڵە ناوخۆییەی سەرۆکایەتیی ناوچەکە دەکات و نزیکەی شەست کەسمان بە فڕۆکە کشاندەوە، کە بریتیبوون لە ئەفسەری بەریتانی و فەرمانبەر و نووسەری ئێرانی و لێڤیی ئاسووری. کارەکە بی هیچ گرفتێك ئەنجامدرا و هێزی ئاسمانیی شاهانە بە شێوەیەکی باش و دروست ئەرکی خۆی بەجێهێنا، بەڵام ئاخۆ جارێکی تر دەگەڕێینەوە؟ ئەوە جێی گومانە و ئەگەر وایشکەوتەوە ئەوا هەرگیز لە هەمان بار و زرووفدا نابێت. ئەوە چەند ساڵیکە بە هۆی کاری ناپاب و دڵسۆزانەوە لیوایەکمان لە ئاژاوە و پشێوی ڕزگار کردووە و بە شێوەیەکی لەبار و گونجاو بە ڕاڕەوی گەشەکردنی ئاشتیانەدا تێمانپەڕاندووە کەچی هەمووی بەباچوو لە ئەنجامی واتەواتێکی کەمالیی گەوجانەدا لە نێو خەڵکانێکی شاخاوی و دڕندەی سەرسنووورداو بۆچی؟
وەڵامی ئەمەش ڕوونە، لە بەر ئەوەی ئێمە لەو کاتەوە کە جاڕی ئاگربەس دراوە بە شێوەیەکی هێند خراپ مامەڵەمان لەگەڵ مەسەلەی تورکیدا کردووە کەوا مایەی نائومێدییە چونکە هەر کەسێك لە ئێمە ئاگاداری بارودۆخەکە بێ لە تورکیا دەیزانی کەوا پەیماننامەی سیڤەر پڕوپووچییەکی هێند سەقەت و بێمانا بوو کە ئەقڵ نەیبڕێت و هیچ کامێك لە ئێمە نەیدەتوانی کەسێك بدۆزێتەوە و گوێی لێبگرێت. دواجاریش تۆپەکانی تورك کەوا فەرەنسییەکان گوللە و پێداویستیی تەواویان بۆ دابینکردبوو ڕێگای رۆژهەڵاتمانەوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بێدەنگ و جێگیرە و ئاژاوە و خراپەکاریی زیاتر نەڕۆیشتووە خۆیان دۆزییەوە لە شوێنێکدا کەوا ئەقڵ و زانیاری دەستەوسانن لەوەی کونێکی بچووکی تێدا بدۆزنەوە.
تا ئێستا بارودۆخ لە سنوورەکانی. مێجەر نۆئێڵ ، کە حاکمی سیاسییە لە هەڵەبجەی ئەوپەڕی باشووری ناوچەی سلێمانی، پێداگریی دەکات لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە و باوەڕی وایە، لە سەر ئەرز دەتوانێت هۆزە لۆکاڵییەکەی ئەوێ، کە هۆزی جافە، لە سەر ڕێی راست بهێڵێتەوە، وەك چۆن دەتوانێت هەر کاتێك بیەوێت سواری ئەسپەکەی دەبێت و بە هەر لایەکدا ئارەزوو بکات دەڕوات.
ئەم ئەفسەرە کەسێکی لەڕادە بەدەر نائاساییە و هیچ دوور نیە بتوانێت کۆمارێك لە سلێمانیدا دروست بکات بە سەرۆکایەتیی خۆی! بەڵام پلان و بەرنامەی ئێستا گێرانەوەی سەرۆکی بنەماڵەکەی شێخ قادرە، واتە شێخ مەحموودی برا گەورەکەی، کە ساڵی 1919 لە دژی ئێمە راپەڕی و لەو کاتەوە گیراوە و دوورخراوەتەوە بۆ هندستان و کوەیت. راستە هیچ هۆکارێك نیە کەوا ئەم پیاوە ئێمەی خۆشبوێت بەڵام رق و کینەی لە تورك دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی دوورتر لە سێ ساڵ و جێی باوەڕە کە رەنگە ئامادە بێت بۆ هەماهەنگی کردن لە وەدەرنانی تورکەکاندا. سلێمانی لەخۆیدا گرنگ نیە بەملا یان بەولادا بڕوات و هەمیشە کێشە و گرفتێك هەبووە چونکە ئەم شارە بە

توندی ئەوەی ڕەتکردووەتەوە بیێتە بەشێك لە عێراق و کورد حەز بە عەرەب ناکەن. ڕاستێکەی کێشەکە لە لیوای کەرکووکی دراوسێی نزیکیدایە کە نیوەی دانیشتووانی بە ڕەگەز تورك و نیوەکەی تریش کوردن و هەمیشە سوێندی ملکەچی و بەیعەتیان بۆ فەیسەڵ ڕەتکردووەتەوە.
ئێرە لە ڕووی ئابوورییەوە بەشێکی تەواوکەری عێراقە و ئەگەر تورکیا بگاتە سلێمانی و لەوێوە بۆ کەرکووك ئەوە کارێکی زۆر جیددی و مایەی نیگەرانییە. ئەوەی کە مەلیك لێی دەترسێ ئەوەیە کە ئەگەر کەمالییەکان و سوپاکەیان لە سەرقاڵ بوون بە دەست گریکەوە (یۆنانییەکانەوە) ڕزگار بن و بە دووری مەزانە بابدەنەوە سەر عێراق و تەواوی ویلایەتی مووسڵ بۆ خۆیان ڕابکێشن و لە دەست ئەو و ئێمەشی دەربکەن. ئەڵبەتە تا ئەو کاتەی ئێمە فشاری دیبلۆماسی بەرپا دەکەین هیچ ڕێگایەکی تر نیە بیێتە بەربەستیان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم جوامێرییە ئاسانە ئەگەر بیانەوێت.
من تێبینیی ئەوەش دەکەم کە (ڕ) دیبلۆماسییەتی ئێمە لە ئێستادا نەزۆکە و (ب) شکستی گریك ئێمەی خستووەتە خراپترین پێگەوە بۆ پیادە کردنی هەر هەنگاوێك. ئەنجامگیریی من لە بارەی مووسڵ و کەرکووکەوە ئەوەیە کەوا ئێمە لە ڕووی پراکتیکەوە لە ژێر ڕەحمەتی کەمالیستەکانداین و ماوەتەوە سەر ئەوەی ئەوان چ بڕیارێك دەدەن و بە ڕاستی دۆخێکی خراپ تێکەوتووین.

44

10 ی ئەیلوولی 1922

بەیانیی ئەم یەکشەممەیە، لە کاتێکدا کە من نامەم بۆ دەنووسیت (واتە بۆ باوکی و)، سێر پێرسی و مستەر کۆرنوالیس چاوپێکەوتنێکی گرنگ و مەترسیداریان لەگەڵ مەلیکدا هەیە، کە تێیدا سێر پێرسی داوای لێدەکات تەواوی کارە ئەنجامدراوەکانی بخاتە ڕوو و پرۆژەکانی چی دەبن بۆ داهاتوو. دوێنێ ئێوارە لە سەر نانخواردن لەگەڵ مستەر کۆرنوالیسدا گفتوگۆمان لە سەر هەموو ئەگەر و بۆچوونەکان کرد تا نیوەشەو بێ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك.
دوێنێ لەگەڵ مستەر ئێدمۆندز پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد. ئەم پیاوە ئەو حاکمە سیاسییە بوو کە بەم دواییە لە ڕانیە کاری دەکرد و کەسێکی ڕەفتار جوانی بەتوانایە و بە پیادەڕۆیی لەگەڵ ڕەتڵەکەدا پاشەکشەی کرد لە ژێر دەسڕێژی قورسی خێڵەکاندا تا ئەو کاتەی فرۆکە هاتن و هێرشبەرانیان بێدەنگ کرد. هێزی ئاسمانیی شاهانە کارێکی سەرسامکەر ئەنجامدەدات بەڵام ناتوانێ لە ناوچە شاخاوییەکاندا هێرشبەران بوەستێنێ، چونکە کەمترین زیان دەگەیەنێ لە کاتێکدا کەوا کاری بێشومار هەیە لە ئەستۆی بگرێت. مستەر ئێدمۆندز باوەڕی وایە کە چارەسەری گونجاو ئەوەیە کەوا شێخ مەحموود بگێرنەوە بۆ شوێنی خۆی وەك ئەوەی کە پێشنیاز کراوە و ئەڵبەتە منیش ئەمە بە ڕاست دەزانم و ئەگەر ویستی ئێمە سەرپەرشتیی بکەین و ئەو کاتە دەبێ بوار بدەین یەك ئەفسەری سیاسیی بەریتانی لەگەڵ بمێنێتەوە بۆ بیێتە ئەفسەری پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و بە هیچ شێوەیەك دەست وەرنەداتە کاروباری بەڕێوەبردنەوە.
شێخ مەحموود تەنها نموونەیەکی ئاسایی سەرۆك چەتە و ڕێگری کوردە و تەنها کەمێك واوەترە و هیچ بیروبۆچوونێکی لە سەر بەڕێوەبردن نیە و هەموو دۆست و خزمەکانی دەخاتە سەر کار و دوژمنەکانیشی سەرکوت دەکات ئەگەر نەیشڵێین دەیانکوژێت، ئێمە ناتوانین ئەم پیاوە بوەستێنین و تەنانەت هیچ پیاوێکی بەرپرسی ئینگلیزیش ناتوانێ ڕایبگرێت. بەڵام ئەگەر ئێمە پەیوندیی باشمان لەگەڵ هێشتەوە و بە پێی توانا پشتیوانی سەربەخۆیی ئەو پارچە بچووکەی

کوردستانمان کرد کە لە ژێر رکێفی ئەودایە، ئەوە دەبێتە ناوبەینێکی کوردی لە نێوان عێراق و تورکەکاندا. رەنگە تۆ سەرسام بیت بەوەی بۆچی و چۆن شێخ مەحمود ئەو دەسەڵاتەی هەیە بە سەر وڵاتدا، لە کاتێکدا کە دەیناسین چ شەڕخواز و پیاوخراپێکە و وەڵامەکەشی ئەوەیە کە دەبێ بزانێ کەوا بە پلەی یەك ئاغای کورد کۆنترۆڵی سەرسورهێنەری هەیە بە سەر خێڵ و هۆزەکانیدا بە پلەی دوویش شێخ مەحموود لە ڕوویەکی ترەوە پیاوێکی پیرۆزە و ئەمەش پشتاوپشت بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی ماوەتەوە و باپیرە گەورەیان مەزارێکی هەیە لە سلێمانیدا.
ژیان بە دەگمەن تەمەڵ و بێ رووداوی کوتوپڕە بۆ کورد و بەردەوام پڕە لە پێشهاتی نوێ، بۆ نموونە شێخ قادری برا بچووکی شێخ مەحموود وەربگرە. تەنها مانگێك لەمەوپێش لە بەغدا گیرا، لە پاش دوو ساڵی بەند کردن و لەگەڵ من دانوستانی دەکرد لە بارەی رۆژی گەڕانەوەیەوە بۆ زێد و ماڵی خۆی (من لە جیاتی سێر پێرسی دانوستانم دەکرد). ئەم پیاوە بچووکە چەند جێنتڵ و چەند سوپاسگوزارە بەڵام هەمیشە چەقۆ لە سەر ملت دادەنێ و دوو هەفتە بە سەر گەڕانەوەیدا تێنەپەڕیبوو کەچی خۆی بە سەرۆکی ئیدارەی لیوایەکی تەواو بینییەوە وەك بریکاری حکوومەتی خاوەن شکۆ (واتە حکوومەتی بەریتانیا و) ئەوجا لە بەر ئەوەیە کە دەڵێم ئەو هەرگیز هەست بە تەمەڵی و بەتاڵی ناکات.
مێجەر گۆڵدسمیسیش لێرەیە و لە بیرتە پار ساڵ لە سلێمانی لە لای مامەوە و ئێستا ئەو حاکمی سیاسیی لیواکەیە و بەنیازە لەگەڵ شێخ مەحموود بگەڕێتەوە، یان بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو، بەڵام من گومانم نیە کە پیاوی راستەقینە بۆ ئەرکی ئەفسەری پەیوەندی مێجەر نۆئێڵە، چونکە لە مەحاڵەوە نزیکە بۆ مێجەر گۆڵدسمیس کەوا بە چاوی خۆی ببینێت هەمو ئەو دام و دەزگایەی بنیاتی ناوە تێکوپێك بدرێت و پێویستت بە کەسێکی ملهوری و بوێری وەك مێجەر نۆئێل دەبێت، کە بە خۆی وەك کورد وایە ئەو رۆڵە ببینێت و بە هەر حاڵ ئەو ئەرك و کاری سێر پێرسییە.

45

14 ی ئەیلوولی 1922

... پێش چەند رۆژێك سێر پێرسی و مستەر کۆرنوالیس لەگەڵ مەلیك دانیشتن و گفتوگۆیان لە سەر کۆمەڵە بابەتێك کرد و ئەویش رازی بوو بە هەموو ئەو کارانەی سێر پێرسی کردوویەتی و پەسەندی کرد، پاشان بەڵێنی دا کە نەقیب راسپێرێت بۆ پێکهێنانی وەزراەتێکی نوێ، بەڵام زۆری ڕق هەڵسا وەختێ پێیوترا کەوا پێویستە دەست وەرنەداتە وردەکاریی کاروباری بەڕێوەبردن و بە تایبەتی کە دامەزراندنی سەرۆکی دیوان و سەرۆکی تەشریفاتەکەی لەلایەن حکوومەتەوە بوو بە ڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.
... چاکە ئێستا باسی سلێمانیت بۆ دەکەم، ئەنجامی دانانی شێخ قادر بە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن وا کەوتەوە کە هەموو ئەو هۆزانەی چووبوونە پاڵ کەمالییەکان رایانگەیاند کەوا لە بەر ئەوەی ئێستا لە وڵاتی خۆیاندا حکوومەتی کوردی فەرمانداره ئیتر ئەمان هیچ کارێکیان بە تورکەکان نەماوە! شێخ قادر خۆیشی پەیامگەلێکی وای بڵاوکردەوە کەوا تەنها ئومێدی ملکەچبوونە بۆ فەرماندەکانی کۆمیسیاری باڵا. لەو کات و ساتەدا کە ئێمە سلێمانیمان چۆڵ کرد ئەو ئاغا یاخییەی کە بەرپرس بوو لە کوشتنی کاپتن بۆند و کاپتن ماکانت چووە شاری سلێمانی و داوای چەکی کرد و شێخ قادریش رازی نەبوو چەکیان بداتێ و بوو بە دەمەقاڵەیان. لە ئێستادا دوو لایەن لە شارەکەدان، شێخ قادر لە لایەکەوە بە پشتیوانیی لێڤی و پۆلیس و تەواوی هاوڵاتیانی بە

شەرەف، کە بە دڵسۆزی سەر بە بەریتانیان و عەبدولکەریم فەتاح (کە تۆمەتی پیاوکوشتنی لەسەرە) کە بە دڵگەرمی سەر بە تورکە، بەڵام تورکەکان هەموو لە رانیە دەرچوون و پاشەکشەیان کردووە بۆ رەواندز.
لەم ماوەیەدا شێخ مەحموود گەیشتەوە بەغدا و مێجەر نۆئێڵ کە چاوی پێکەوتبوو دەڵێ زۆر نیگەران و بێتاقەتە و هەرگیز بەپەرۆش نیە قورسایی بەڕێوەبردن لەئەستۆ بگرێت بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی حەز بەوە دەکات بگەڕێتەوە سەر ئەو ژیانە ئاساییی و هێمنەی لە دوورخراوەییدا دەیگوزەراند لە کوەیت ! دوور لە پیشاندانی هەر وەڕسی و نیگەرانییەك بۆ سێ ساڵی بەند کردنی و زۆر سوپاسگوزار و منەتبارە لەو مامەڵە باشەی کە کراوە و بە نیازە ئەم ئێوارەیە یان سبەینێ سێر پێرسی ببینێ و ئەڵبەتە منیش دەبیستم کەچی چووەتە نێوانیان.
ئەگەر لێمانگەڕێن کاری خۆمان بکەین، بێگومان دەتوانین عێراق و کوردستان بەڕێوەببەین، با کارەکە قورسیش بێت، بەڵام ئاخۆ لێماندەگەڕێن کاری خۆمان بکەین؟ ئەگەر کەمالییەکان گەڕانەوە سەرمان بەو لەشکر و سوپایەوە کە لە بەرەی گریك (یۆنان) دەستواڵا دەبێت ئەوە نە ئێمە و نە تەواوی ناسیۆنالیستەکانیش پێکەوە ناتوانین بەرەنگاریان بینەوە. ئەمەیە رەوشەکە و ئێمەش هەر ئەمڕۆ و سبەیمانە و نازانین ئاخۆ سبەینێ هەڵدەکۆتنە سەرمان یان نە.
46

24 ی ئەیلوولی 1922

... کەسایەتییە دەرکەوتووەکەی تری لای ئێمە شێخ مەحموودی سلێمانییە، کە رۆژی 13ی مانگ لە کوەیتەوە گەیشتە بەغدا. ئەڵبەتە ئەوە کاری خواوەندە کە مێجەر نۆئێڵی بۆ نارد و بوو بە راوێژکاری لەو ماوە کورتەی هەنگوینە مانگمان لەگەڵی لە زستانی 1918 1919داو دەبوو بگاتە ئێرە، پاش ئەوەی نووچیدا و شکستی خوارد. لە گفتوگۆکەی لەگەڵ سێر پێرسیدا شێخ مەحموود گیانێکی هێجگار بەجێ و لۆجیکیی نواند و پێوە دیار نەبوو کە هیچ ڕق و کینەیەکی لە دڵدا بێت بەرانبەرمان لە سەر ئەو سێ ساڵَ بەند کردنە و هەرگیز وای دەرنەخست و بە پێچەوانەوە ئەوەی دەردەبڕی کە ئێمە چ میهرەبانییەکی گەورەمان لەگەڵ کردووە لە سەر ئەوەی کە بەرماندواە! بەڵام کە گەیشتەوە سلێمانی بە تەواوی گۆڕا و هەڵوێستی پێچەوانەی نواند و ئەڵبەتە لە سەرەتادا بەشێکی لە بەر ئەوە بوو کە تا بتوانێ پارە و چەکمان لێ بستێنێ. لە بارەی حکوومەتی عێراقیشەوە زۆر بە ئاشکرا رای خۆی دەربڕی کە ئێمە قبووڵمانە و هەرچۆنێك بێت سێر پێرسی قەناعەتی پێکرد کە لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ باش و تەبا بێت لەگەڵ دراوسێکەیدا و دەبێ ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە و بگەنە تێگەیشتن لەگەڵ فەیسەڵدا. بەم رەنگە شێخ مەحموود لە پاش دوو رۆژ و لە 16ی مانگدا چوو بۆ بینینی مەلیك و دواتر راستەوخۆ لە چاوپێکەوتنەکەوە هاتە لای من لە ئۆفیس. بۆ دواینیوەڕۆ مەلیك ناردی بە شوێنمدا و باسی گفتوگۆکەی نێوانیانی بۆ کردم، کە بە ڕاشکاوانە قسەیان کردووە و بە شێخ مەحموودی وتووە بەرژەوەندییەکانی عێراق و کوردستان هەر یەکن و سلێمانیی بە قەڵایەکی دژ بە تورك داناوە و هەرچییەکی پێبکرێت بۆ یارمەتیدانی درێغی ناکات. ئەوجا ئەفسەران و پیاوانی کورد لە سوپای عێراقدا دەکرێ بچنە پاڵی ئەگەر ئەم حەز بکات و دواجاریش بچنە خزمەتیەوە ئەگەر ئارەزوویان لێبێت. لە پاش ئەوە تا گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لە 20ی مانگدا رۆژانە سەری لێدەدام و راستێکەی من خۆشم بە چارەیدا نەدەهات و لێی لالووت بووم.
بۆ ئێوارەی رۆژی 20ی مانگ رۆیشت بۆ کفری، کە دەکەوێتە نزیك هێڵی شەمەندەفەرەوە لە

ناوچەی کەرکووك و ئەگەر لەبیرت مابێت و لەگەڵ خۆیدا مێجەر نۆئێڵ و پێنج ئەفسەری کورد لە سوپای عێراق و بژاردەیەك لە خەڵکی سەرکێش و ساختەچی بووبوونە یاوەری. هەر کە گەیشتبووە کفری برووسکەیەکی درێژ و ڕازاوەی بۆ ناردم! لەوێ لەو لیوایە حیزبێکی بەهێزی سەر بە تورکیا هەیە و هەر ئاغایەك کەوا خزمیماڵی شێخ مەحموود نەبێت رکابەر یان دوژمنە. ئاخۆ ئەو شان و شکۆیە بە هۆی پشتگیریی ئێمەوە دەستیکەوتووە بەردەوام دەبێت یان نە، ئەوەیان نازانم.
حاڵی حازر نە مێجەر نۆئێڵ، کە شێخ مەحموود تکای لێکرد لەگەڵی بێت و، نە هیچ ئەفسەرێکی بەریتانی پێ ناخەنە سلێمانییەوە تا کەریمی فەتاح بەگ، کەوا هەردوو کاپتن بۆند و ماکانتی کوشت، نەگیرێت یان لە شار نەچێتە دەرەوە. دوا هەواڵ کە ئێمە لە بارەیەوە بیستوومانە گوایە شێخ قادری برای شێخ مەحموود بە مودیر ناحیەی زاب دایمەزراندووە! هەرچۆنێك بێت ئەوەی کە ڕوودەدات خەریکە بەو بارەدا بشکێتەوە کە تووشی ئاژاوەگێڕیی ببێتەوە و کاتی خۆی ئێمە رزگارمان کرد لەو ئاژاوەیە و ئێستا ئێمە هیچ هەوڵێك نادەین بۆ وەستاندنی. شایانی باسە بە گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ کفری هۆزە کوردەکانی ناوچەی کەرکووك بە تێکڕا مەزبەتەیەکیان ئیمزا کردووە کە لە ملکەچیی حکوومەتی عەرەبیی کاتی دەردەچن و دەڕۆنە سەر کوردستان لە ژێر رکێفی شێخ مەحموودا. ئەمانە خۆشحاڵی و شکۆی خۆیان لە بێ حکوومەتیدا دەبینن و ئەوە جووتیار و بازرگانەکانە کەوا گرفتار دەبن. ئەمانە کاتێ کە لە چاوەڕوانی دەکەون و نائومێد دەبن لە یارمەتیی ئێمە دواجار بادەدەنەوە بە لای تورکدا، لە سەر ئەو بنەمایەی کە هەر حکوومەتێك بێت باشترە لە بێ حکوومەتی. نەخێر من هیچ دڵخۆش نیم بە بارودۆخی سیاسی لە سلێمانیدا بەڵام تا ئاژاوە بەردەوام بێت ئەوە شێخ مەحموود باشترین شەڕخواز و پیاوخراپە.

47

28 ی ئەیلوولی 1922

... تورکەکان، نەفرەتی خوایان لێبێت، لە خۆئامادەکردندان بۆ ئەوەی ئەمجارەش هێرشێکی تر بکەنە سەر ئاکرێ، کە دەکەوێتە باکووری هەولێرەوە. ئەوان هێزێکی وایان بە دەستەوە نیە بەڵام مەقاشی دەستیان خێڵەکانن کە دەیانجووڵێنن و لە بەر ئەوەی ئێمە تا ئێستا مستەکۆڵەی خۆمان لە گیرفانماندا شاردووەتەوە بۆیە خێڵەکان وا دەزانن تورکەکان تاقە لایەنن کە هێزیان بە دەستەوەیە و ئەمەش هۆکاری لەدەستدانی سلێمانی بوو بۆ ئێمە. ئێمە کارێکمان کردووە بەڵام لای کەمەکەی لە پاش چل و هەشت کاتژمێر ئەنجامی دەردەکەوێت و هێزی ئێمە لە خێراییدایە بەڵام فەرماندەمان کەسێکە کە نازانی مانای خێرایی چییە و ئێستاش دەرفەتی ئەوەمان هەیە کە ئەزموونە گەورەکە تاقیبکەینەوە و بگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا خێرایی و لەناکاو پەلاماردان دوا حوکم و بڕیار نیە لە تاکتیکدا. لەو ساتەوە کە بە پلەی یەکەم مەبەستمانە گرنگی بدەین بە واتەواتی تورکەکان هیچ کەسێکی نیشتمانپەروەرمان نەخستە وەزارەتەوە و تەنها شوێنی وەزیرە کۆنەکانمان ئاڵوگۆڕ پێکرد. حاڵی حازریش مەلیك ئاڕاستەی خۆی بەرەو رۆژئاوا گۆڕیوە و من ئامادە بووم شتی زۆر بکەم لە پێناوی پێکهێنانی وەزارەت لە سەر ویست و خواستی ئەو بەڵام یاسین پشتی کردە ئێمە و ئەویش. ناجی سوەیدیش کە ئەو دەیەوێت، پاش سەرنەکەوتنی لە مەسەلەی یاسیندا، کەسێکی پەسەند نیە لە لای نەقیب و سا ئیتر پەنا بە خوا!
48

8 ی تشرینی یەکەمی 1922

... راوێژێکی تر لەگەڵ مەلیك سەرلەنوێ هاتنی مێجەر نۆئێڵ بوو لە سلێمانییەوە و ئەوەی ئاشکرا کرد کە بارودۆخ لەوێ لە دەستمان دەرچووە. چونکە شێخ مەحموود دەیەوێت ببێتە مەلیك لە کوردستانێکی یەکگرتوودا، ئەگەر ئەم کوردستانە بە مەلیکی بوونی رازی بێت یان نە. بە رێکەوتیش زانیمان کەوا بەشێکی گەورەی رەعییەتەکەی داهاتووی بە هیچ شێوەیەك ئەویان نەدەویست.

دوێنێ مێجەر نۆئێڵ نانی نیوەڕۆی لەگەڵم خوارد و پاشان بە شەودا گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ئەم ئەفسەرە باسی بارودۆخێکی زۆر مەترسیداری بۆ کردم کە هەموو شەوێك سەرکێشانە ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەو لە ژوورەکەی مندا دەهات و دەچوو و دیمەنی وای باس دەکرد کە جێی باوەڕ نەبوو و نەدەچووە ئەقڵەوە. هەڵچوونی خەڵك هەموویان بە دڵگەرمییەکی نیشتمانپەروەرانەوە بۆ پێشوازی کردنی جەردە و رێگرێکی نەزان و نەخوێنەوار کە شێخ مەحموودە و لەو رێورەسمەدا ئاڵای نیشتمانیی دەشەکایەوە و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی دنیای پڕکردبوو. لێرەدا مێجەر نۆئێڵ مەدالیایەکی نیوەمانگی ئاڵتوونی لە گیرفان دەرهێنا و وتی "ئەمەش باجی کوردییە و لە بازاڕ دروستیان کردووە و ئەم دانەیەشیان داوە بە من بۆ پارێزگاری". ئەو بە ئۆتۆمبێل لە نزیکی سەد یاردەوە بە لای ئەو سەرۆك هۆزەدا گوزەری کردووە کە دوو کاپتنەکەی ئێمەی کوشت و ئێستا ناحەز و رکابەری سەرسەختی شێخ مەحموودە. من باوەڕم نیە ئەم مەدالیا ئاڵتوونە یارمەتیی بدایە و بیپاراستایە ئەگەر بهاتایە و کەریمی فەتاح بەگ لەسەرپێ بوایە، چونکە ئەم لە نیوە شەودا بەوێدا تێپەڕیوە. دواجار ئەم خەڵکە مەزبەتەیەکیان بە مێجەر نۆئێڵدا ناردووە بۆ خاوەن شکۆ (کۆمیسیاری باڵا) و تێیدا داواکارن و دەستەودامێنمان بوون کەوا پارێزگارییان لێبکەین و هەموو خەرج و مەسرەفێکیشیان دابین بکەین و لە هەمان کاتیشدا ئەوان بە کەیف و خوایشتی خۆیان هێزەکانی ئیمپراتۆری بەکاربێنن و پارەش بەفیڕۆ بدەن. بەڵێ ئەوان دەوڵەتی کوردییان دەوێ و دەخوازن بەریتانیا پارێزگارییان لێبکات بەڵام ماندێتیش رەتدەکەنەوە.

عەبدولکەریمی قادر کەرەم کە یەکێك بوو لە خزمەکانی شێخ مەحموود و ناوبژیی نێوانمانی دەکرد پرسیبووی "باشە ماندێت چیە؟"، کاتی کە مێجەر نۆئێڵ بۆی باس کردبوو ئەمیش هاواری کردبوو و وتبووی خۆ رێك ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت بەڵام وشەی ماندێت رەتدەکرێتەوە و ناو و شۆرەتێکی باشی نیە لای خەڵك". تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت ئەم تێکەڵ و پێکەڵییەی چواردە خاڵە کەوا کۆمەڵەی گەلان دەریکردووە بۆ دوورترین قوژبنی دنیا و ئەم دڕندەیی و کێوی خانەیە . دواتر ئەویش گەڕایەوە بۆ لایان و لەگەڵ کۆپییەکی لائیحەی پەیماننامەی لەگەڵ عێراق بردبوو بۆ ئەوەی پێیان بڵێ ئەمە ئەو شتەیە کە دەکرێ پێتان ببەخشین و دەتوانن وەریبگرن یان بیدەنە دواوە و دەترسم ئەمە نائومێدمان بکات.

مێجەر نۆئێڵ لەو جۆرە کەسانەیە کەوا دەست و پێوەندی ناوخۆی هەیە و دڵسۆزترین خەڵکن بۆی و لەپێناویدا خۆیان بەخت دەکەن. ئەو کەسانە تەواوی واتەوات و دەنگوباسی بازاڕی بۆ دێنن و هەر لە رێگەی ئەوانیشەوە ئەو دەنگۆیانە بڵاو دەکاتەوە کە خۆی مەبەستێتی خەڵك باوەڕی پێبکەن. بۆ نموونە ئەوەی پڕگەیشتووەتەوە کە سلێمانی پیرۆزبایی لە خۆی دەکات کەوا پیاوێکی ئینگلیزی وەك ئەوی تێدایە، چونکە ئەگەر کار ئاڵۆزیی تێکەوت و ئێمە بیرمان لەوە کردەوە شارەکە بۆردمان بکەین ئەوە دەتوانن ئەو بە بارمتە بگرن. لە بەر ئەوە لە ناو خەڵکدا وای بڵاوکردووەتەوە کە سازشی لەگەڵ حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیادا کردووە کەوا ئەگەر شتێکی نالەبار روویدا لە

دۆخەکەدا با پشتگوێی بخەن و بایەخی پێنەدەن بەڵام ئەگەر گیانی لەدەستدا ئەوە دەبێ پڕی دە هەزار پاوەن بدەنە کەسوکاری. بەم رەنگە خەڵکەکە وازیان هێنا لەوەی بە بارمتە بیگرن و بیکەنە قەڵغانی پارێزگاری لە بۆردمان کردن.

49

24 ی تشرینی یەکەمی 1922

... یەکشەممە وەك هەفتانە عادەتم پێوە گرتووە پێش قاوەڵتیی بەیانی و پێش ئەوەی بچمە سەر دەوامەکەم کە لە زستاندا کاتژمێر هەشت و نیو دەستپێدەکات، بە ئەسپسواری پیاسەیەکم کرد. پێداچوونەوەیەکم نووسیوە بۆ کتێبە تازەکەی دوکتۆر ویگرام "کوردستان لانکەی مرۆڤایەتی". دوێنێ لە ماڵەکەی من ئاهەنگێکی نانخواردنی ئێوارەمان ساز کرد بە ئامادەبوونی مستەر داڤیدسن، کاپتن کلەیتن، مستەر کۆرنوالیس و خۆم. داماوە مستەر کۆرنوالیس تووشی نەخۆشییەکی سەختی لەرزوتا بوو و ماوەی دوو هەفتە لە جێگەدا ختسی.
رۆژێکیان لەم هەفتەیەدا خێزانەکەی ساڵح بەگ سەردانێکی کردم بۆ چای خواردنەوە و دوو کوری بچووکی خۆی لەگەڵدا بوو، لە کاتێکدا کە منداڵان لە باخچەکەدا یارییان لەگەڵ ئاژەڵ و باڵدارە ماڵییەکاندا دەکرد وەك (سەگ و سوێسکە و قاز و کۆترەکان) و ئەویش چیرۆك و بەسەرهاتی سەیری ژیانی خۆیی بۆ دەگێرامەوە و لە نێو ئەو بە سەرهاتانەدا (1) لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا لە ئەستەمبووڵ لەلایەن کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقییەوە دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە، لە بەر دابەشکردنی رۆژنامەی "مەشرووتیە"، کە رۆژنامەیەکی لیبراڵ بووە و شەریف پاشای باوکی لە پاریس دەریدەکرد. پاشان لەلایەن سەعید حەلیم پاشای خاڵۆیەوە رزگار دەکرێت و بە هۆی پۆستەی "ئۆریانت ئێکسپرێسەوە" دەنێردرێتە پاریس بۆ لای باوکی. (2) لە ساڵی 1913دا لە شوقەکەیاندا لە پاریس بەرەنگاری کابرایەکی زل و کەتەی ئەلبانی بوونەتەوە کە لەلایەن ئیتیحاد و تەرەقییەوە بۆ کوشتنی شەریف پاشا ناردوویانە و پاشان چۆن بینیوێتی ئەلبانییەکە لەلایەن ساڵح بەگی ئامۆزا و مێردیەوە کوژراوە. ئەم خانمە لە سەری دایکیەوە نەوەی محەمەد عەلیی میسرە و هەمووو ئەم چەرمەسەری و بەسەرهاتەی ژیانی بە شتێکی ئاسایی دەزانێ و ژنێکی تا بڵێی جوانە و خوێندنی باڵای تەواو کردووە و لە پاش رووخانی ئیتیحاد و تەرەقی بووە بە ناسیۆنالیستێکی تورکی پەڕگر. بەڵام من بە شەخسی باوەڕ ناکەم تورکیا هیچ دەرفەت و ئاسۆیەکی هەبێت و مستەفا کەمال، ئەو سەربازەی بەخت بووە بە یاوەری، پێدەچێت وەك دکتاتۆرێکی سەربازی سەربکەوێت و سەرپێ بکەوێت لەگەڵ دەستە و تاقمێکی خۆی لە ئەفسەرانی برسی و دڕندە.
دوێنێ نانی شێوانم لەگەڵ مستەر کۆرنوالیس و خانەوادەی ساڵح بەگدا خوارد.
... لەملاشەوە دەبێ ئەوە بڵێم کەوا من باوەڕ بە چیرۆکەکەی دۆمنوڵ ناکەم کەوا دڵنیایی دراوەتە فەرەنسا گوایە ئێمە مووسڵ دەگێرینەوە بۆ تورکەکان و هەمووو بەڵگەکان کە ئێمە هەمانە (ئێمەش لە ناوخۆدایین) بەڵگە و سەلماندنی پێچەوانەن، لە ماوەی مانگی رابوردوودا، بە هۆی کاری چالاکی فڕۆکەوە، ناوچە کوردییە سنوورییەکانمان لە تورکەکان پاککردەوە و لە مەلیکەوە بۆ خوارەوە هەمووو دەزانین و لە وڵاتیش (واتە بەریتانیا و) هەر دەزانن کەوا دەوڵەتی عەرەبی نایەتە بوون بە بێ ناوچەکانی باکوور. بەغداش زۆر لە نزیکەوە پشتی بە مووسڵ بەستووە و بێ مووسڵ پەیماننامەکە بێنرخ دەبێت. با ئەوەش بزانین کە رادەست کردنی هەر شوێنێك بە تورك بە واتای

کوشتاری بە کۆمەڵ دێت بۆ کۆمەڵگەی کریستیان و ئاخۆ لە بیرتە کە بە گوندەکانی کریستیاندا گوزەرمان کرد لە ڕێگەماندا بەرەو هەولێر و دوای لەناوبردنی ئاسوورییە گەڕاوەکانی بۆ وڵاتی خۆیان (پروانە پێداچوونەوەکەی سەردەم) کە ئەم شتانە دەبێتە بێرێزی کردنی هەتاهەتاییمان لە ئاسیادا. عیسمەت پاشا دڵنیاکردنەوەیەکی تایبەتی داوینەتێ (کە ئەمەیان ئەوپەڕی نهێنییە) کەوا کەمالییەکان بەنیاز نین داوای گێرانەوەی خاکی عێراق بکەن و پێموایە زانیارییەکانی من لە هی دۆمنوڵ باشترە.
کاپتن کلەیتن و نوری پاشا و من لە نانخواردنی نیوەڕۆ لە ماڵەکەی من پێشنازێکی پرشنگدارمان گەڵاڵە کرد کەوا پێویستە ڕێگە بە عێراق بدرێ نوێنەری خۆی بنێرێتە کۆنگرەی ئاشتی (کە ئەمەش ئەوپەڕی نهێنییە) و هەر ئەم دواینیوەڕۆیەش پێشنیازمان کرد بۆ مەلیك و لەخۆشیاندا راچلەکی و داواکارییەکە بە شێوەیەکی رەسمی رەوانەی وڵات کرا و (واتە بەریتانیا و) ئەگەر ئەمە رەزامەندیی لە سەر درا ئەوە یەکێتیی خاکی عێراق دەپارێزن.
ئێستا وا پەیماننامەکە مۆر کرا و مەلیك چووەتە دەرەوە بۆ داکۆکی کردن لە هەر دێڕێکی لە بەرانبەر سادەترین دەم هەڵهێنانەوە بۆ رەخنە لێگرتنی. جاڕدانی لەلایەن خۆیەوە و برووسکەکەی بۆ مەلیك جۆرج بە وردی حاڵەتی دەروونیی ئەو دەردەبڕێت. ئیرادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەرکرا و تۆمار کردنی دەنگدەران دەستی پێکردووە لەم هەفتەیەدا و نزیکەی شەش هەفتە دەخایەنێت و مەلیك بڕیاری داوە و سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەنجومەنێکی نوێنەرانی وا هەڵدەبژێرێت کە رەزامەندیی لە سەر پەیماننامەکە دەربڕێت و پێموایە جێبەجێ دەبێت.
50

1 ی تشرینی دووەمی 1922

... هێشتا هەر ئەو ئۆپرا گاڵتەجاڕییە بەردەوامە لە کارکردن لە سلێمانیدا کە شێخ مەحموود نمایشی دەکات، بەڵام بەڵگەکان وا دەگەیەنن کە لەوانەیە بەم زوانە دەکشێنەوە. بەم دواییە شێخ مەحموود وەزارەتێکی دامەزراندووە کە لە نۆ وەزیر و فەرماندەیەکی گشتی و پشکنەرێکی گشتی بۆ کوردستان پێکدێت. سەرنجم دا کە وەزارەتی داد هێشتا پڕ نەکراوەتەوە و ئەوان هەموو ئەو چوار لاك و نیو ڕووپییەیان خەرج کردووە کە لە گەنجینەدا بەجێمانهێشت و کەس نیە تەنانەت خەونیش بە کۆکردنەوەی باجەوە ببینێت!
لەو ماوەیەدا سمکۆ بۆ لای ئێمە هەڵات لەگەڵ سەید تەهای پاشکۆیدا، پاش شەڕ و شۆڕێکی خوێناوی لەگەڵ ئێراندا بە ناوی نەتەوەی کوردەوە و ئێرانییەکان شکستیان پێهێنا و ئەمیش خۆی گەیاندە لای ئێمە بۆ هەولێر. لە بەر ئەوەی سمکۆ ئالۆزییەکی دیپلۆماتیك و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بۆ بەرپا دەکردین بۆیە پێبڕاگەیەنرا کە لە ئێستادا نەیەتە ناو هەولێرەوە و لە دووریی چەند میلێك لەوێ بمێنێتەوە. بەڵام ئەمان ئامادەن دژ بە تورکەکان بجەنگن لە سەر سنوورمان چونکە وەك ئەوان دەڵێن گوایە تورکەکان دەسدرێژییان کردووەتە سەر ئازادیی کوردستانی سەربەخۆ! پێموانیە سمکۆ بە چاوی سۆز و پشتگیرییەوە پروانێتە داخوازییەکانی شێخ مەحموود و ئەگەر لێبگەڕێین کارەکان ڕێگەی خۆیان بگرن ئەوە رەنگە چەقۆیەك یان دوان ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە بۆی و من بە هێمنی و بە وردی دەڕوانمە ئەم ئەگەرە.
ئێستا وەفدێکی کورد بەڕێوەیە بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە کێشەی کورد لەگەڵ خاوەن فەخامەت کۆمیسیاری باڵا و خاوەن شکۆ جەلالەتی مەلیك. شەمەندەفەر وەفدەکەی بەجێهێشتووە وەك زۆر جار ڕوودەدات، بەڵام رەنگە سبەینێ بگات. بێگومان ئەگەر تورکەکان نەبن ئەوە مەسەلەی کورد

شتێك نیە لە نوكتەیەكی گەورە بەولاوە و ئێمە بۆردمانی خەستی توركەكانمان كردووە، بەڵام ئەوان لە باكوور كۆبوونەتەوە و بۆیە پێموایە ساڵ زۆر درەنگە بۆ جموجووڵێكی راستەقینە و كردەیی لە چیاكاندا.

51

2 ی تشرینی دووەمی 1922

... وەفدە كوردییەكە گەیشت و لە چواردە كەس پێكهاتوون لەگەڵ یاوەرانیان و هەموویان چەكدارن. ئەمانە لە ئوتێلێكی بچووك دابەزیون پاش ئەوەی میوانەكانی تریان دەركردووە و پاشان خاوەنی ئۆتێلەكەش لە ترسا رایكردووە و لە ژێرزەمینەكەدا خۆی شاردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مێجەر نۆئێڵ دەڵێ كەوا ڕا و بۆچوونی بەجێیان پێیە و ئێوارە روونی دەكەنەوە بۆ سێر پێرسی.

52

10 ی تشرینی دووەمی 1922

... رۆژی 6ی ئەم مانگە لەگەڵ كاپتن فلاكسمان چووینە خوارەوە بۆ سەرای و سەردانی رەشید بەگی موتەسەڕیفمان كرد، كە دۆستی منیشە و یەكێكە لەو كۆمەڵە عەرەبە گەنجانەی هەست دەكەن كەنار خراون لەو كاتەوە كە سێر پێرسی لە مانگی ئابەوە كردەوە چالاكەكانی چێكردووە و زۆر بە تایبەتیش و بێ لێبواردن پیاوماقووڵان لێرە میانڕەون و بە گشتی سیاسەتەكانیان بەدڵ نیە. ئەو هەرگیز نكووڵیی نەكردووە لە پشتگیری كردنی پەیماننامەكە بەوپەڕی دڵگەرمییەوە، سەرباری فەرمانەكانی مەلیك و بە هەندێ دوور و درێژی باسی ئەوەی بۆ كردم كە چۆن ناسیۆنالیستەكان (بۆ نموونە پەڕگرەكانیان) هەندێ بەڵگەیان دەویست بۆ پیشاندانی ئەوەی كە بە ڕاستی حكوومەتێكی عەرەبیی سەربەخۆ لە گۆڕێدایە. ئەو هیچ بەڵگەیەكی تایبەت نەكرد بەو مەسەلەیە بەڵام من وایبۆچووم ئەو مەبەستی یان گۆڕینێك بوو لە كابینەی وەزاریدا یان گێڕانەوەی دوورخراوەكان بوو، كە ئەمەی دواییان مەحاڵە و هەروەها ناڕەزایی لە سەر ئەوە دەردەبڕێ كە ناتوانێ بەرەنگاریی واتەواتی توركیا بێتەوە. لەولاشەوە میانڕەوەكان بە رابەرایەتیی قازیی دۆستی من پێدەچوو زیاد لە ئامادەن بۆ گێڕانەوەی پەیماننامەكە و دژ وەستانەوەی خۆیان بۆ توركەكان رادەگەیەنن ئەگەر هەر دڵنیاییەك وەربگرن كە ئێمە نامانەوێ ئەوان بەجێبێڵین بۆ كەمالییەكان. هەرچۆنێك بێت رەشید بەگ زۆر سەرقاڵ بوو بەو هەواڵەی لە زاخۆوە گەیشتبوو، كە دەكەوێتە ئەوپەڕی سنووری باكوورەوە و رۆژی پێشتر قایمقام گەلێ برووسكەی مەترسیداری ناردبوو كەوا هێرشێكی تورك و خێڵەكان لە ئان و ساتدایە و ئەگەر دەسبەجێ سەرباز نەنێرن ئەوە تكا دەكات دەست لە كاركێشانەوەی قبووڵ بكرێت. ئێمە زۆر هەستمان بە نیگەرانی نەكرد چونكە دەمانزانی كەوا كۆڵۆنێڵ دۆبنی پشكنەری گشتیی نوێی لێڤی دوێنێ ئێوارە گەیشتووەتە زاخۆ و ئەگەر هەر شتێكی مەترسیدار لە ئارادا بێت ئەوە برووسكەمان بۆ دەنێرێت. هەرچۆنێك بێت مێجەر مورەی، مێجەر ویڵسن، كاپتن  سڵەیتەر و من بڕیارماندا یەكەی زرێپۆشمان و چەند هێزێكی تر بنێرین بۆ پشتیوانی كردنی قایمقام.

53

19 ی تشرینی دووەمی 1922

... لە 7ی ئەم مانگەدا گەشتەکەمان دەست پێکرد (لە زاخۆ  و)، من و مێجەر ویڵسن و مێجەر مورەی لە ئۆتۆمبێلێکدا بووین و کاپتن سلاتەر شۆفێریی دەکرد، زەیاش بە جانتا و کەلوپەلەکانمانەوە شوێنمان کەوتبوو. بێگومان رۆژێکی خۆش بوو، تاقمەکەی ئێمەش ئاسوودە بووین. لە پاش یەك دوو کاتژمێر گەیشتینە کۆلۆنێل دۆبن، مستەر رێنتن، کۆلۆنێل بێنتینگ و پاسەوانێك و رێپیشاندەرێك. بۆ بێبەختی کۆلۆنێل دۆبن هەواڵێکی ناخۆشی پێبوو کە شەڕ وەستاوەو تورکەکان پریارياندواوە کەوا خێڵەکان لە هەر کاتێکدا بێت هێرش بکەن و دڵنیابوو کەوا هۆزەکان دوودڵن و بێ فشاری زۆر ناجووڵێن. بەم رەنگە ئێمە بەردەوام بووین لە رۆیشتن و گەیشتینە رێگای زاخۆ کەوا من بە سواریی ئەسپ ساڵی 1909 پێیدا تێپەڕیوم کە زنجیرەیەکی دوور و درێژ گرد و شاخ بوو لای راستمانەوە دوای ئەوە کوتوپڕ پێچدەکاتەوە بۆ دۆڵی زاخۆ. یاڵەکان بە دەوەنی بەڕوو داپۆشرابوون و لە کۆتایی دۆڵەکەوە چەمی خابوور بەرچاو دەکەوت و لە پشتیەوە لووتکەو بەرزاییەکانی چیاکانی کورد چاو دەکران. لێرە دانیشتین و نانی نیوەڕۆمان خوارد و تاقمێك پۆلیس کە قایمقام ناردبووی بۆ چاودێریی کردنی دۆڵ و ڕاڕەوی زاخۆ لە کاتی گەشتەکەماندا ئاگاداریيان دەکردین. کەمێك ئەوخوارتریش قایمقام خۆی و داود بەگ و عەبدوڵا ئاغای سەرۆکی هۆزێکی کوردی ئەو ناوچەیە لەگەڵ یاوەرێکی بەهێزی چاودێرییان دەکردین. من لەگەڵ ئەم سەرۆك هۆزە لە بەغدا ئاشناییم پەیدا کردبوو ئەو کاتەی کە هاتبوو بۆ رێورەسمی تاج لەسەرنان. زاخۆ دەکەوێتە دوورگەیەکەوە کە بە لقێکی رووباری خابوور دەوردراوە و ئێمە وەستا بووین و دەمەتەقێمان دەکرد لە سەر دیواری قەڵا کۆنەکەی دەڕوانێتە سەر رووبارەکەدا و دواتر لەگەڵ مێجەر ویڵسن چووین بۆ بینینی ئەو پردە هەڵواسراوەی کە دروستی کردبوو.

دواجار لەگەڵ قایمقام رۆیشتین بۆ چای خواردنەوە و لەوێ سەرۆك شارەوانی بردینیە لای ئاغایەکی خەڵکی شڕناخ و تاقمێك سەرۆك هۆز کە لەو شاخە بەرزانەی ئەودیوی خابوورەوە هاتبوون کەوا تورکەکان لێیەوە سەرەوکاری جموجووڵ دەکەن دژ بە عێراق. ئاغاکە ژنبرای سەرۆك شارەوانی بوو و من خۆشمدەویست و ئەویش تەماشای ناوچەوانی دەکردیت و بە توندی دەستی دەگوشیت لە تەوقە کردندا. چیرۆکی ئەم پیاوە بەم جۆرە بوو: تورکەکان بە هەموو شێوەیەك فشاریان خستبووە سەر کەوا لە پێش کۆنگرەی لوزاندا هێرش بکاتە سەر زاخۆ. ئاغاکانی شڕناخیش بەرهەڵستیی ئەوەیان دەکرد چونکە خەڵکی زاخۆ دۆست و خزميان بوون و حەزیان نەدەکرد زیانیان پێبگەیەنن. بەڵام تورکەکان رازی نەبوون و پێیانوتن ئێوە دەبێ یەکەمجار بڕۆن و دڵنیابن ئێمەش بە دواتاندا دێین و تۆ تەماشای ئەم گەمەیە بکە. جوولەکە دەبێ وا بنوێنێت کەوا پرۆتێست و ناڕەزاییە دژ بە زوڵم و ستەمی بەریتانیەکان. ئەی تورکەکان چیبکەن؟ ئەوانیش پەیرەویی داب و نەریتی سەردەمیانە دەکەن و دەکەونە کارەکەوە بۆ "گێرانەوەی نیزام". من سێر پێرسیم ئاگادار کردەوە کەوا ئێمە نابێ رێگە بە فێڵ و تەڵەکەی تورکەکان کەوا بۆ قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان پیلان بگێرن و دەردی پەندەکە دەڵێ "سەری بۆ من و کلکی بۆ تۆ" ئەوان گرەو ببەنەوە و پێویستیشە پەیامێك بدەینە خالید ئاغاو خزمەکانی شڕناخی و روونی بکەینەوە کەوا ئێمە نامانەوێت بە هیچ جۆرێ ئازاریان بدەین ئەگەر ئەوان ئازاری زاخۆ نەدەن. بەڵام دەبێ ئەوەشیان پێرابگەیەنین کە ئەگەر هاتن ئەوە باشترین بەخێرهاتنی ئێمە بە شێوەیەك دەبێت هەرگیز نەیانبینیبێت. ئەڵبەتە ناوبانگی تۆپەکانی ئێمەیان بیستووە و هێزی لێڤی ئامادەیە و ئەو

فڕۆکانەش کە پشتیوانییان دەکەن بەشی ئەوە دەکەن بەری تیشکی ڕۆژیان لێبگرن. بۆ نزیکی خۆرئاوا گەیشتینە سەربازگەی لێڤی کە دەکەوتە لاپاڵی چیاکانەوە و ئاڵای بەریتانیای بە سەرەوە دەشەکایەوە. لێڤییەکان هێزێکی ئیمپراتۆرین و بریتین لە 350 ئاسووری و زۆر لەوە دەچێ تۆ لە باقووبە کاتی خۆی ئەمانەت بینیبێت (واتە باوکی و) و ئێمە لە کوشتن رزگارمان کردن و ئێستا پاسەوانیی لە دوا پێگەی دووری ئێمە دەکەن. پاشان هەر کە چووینە سەربازگەکەوە ئەوان بە ڕێزەوە هاتن بۆ سڵاو لێکردنمان، بە جلی خاکی و شۆرتەوە کە جوانترین لاقی خەڵکی شاخاوی دەردەخست، بە شەبقەی پانوپۆر و پەڕی سپی یان جەرگیی پێوە و ئەوان بۆ هەموو دنیا وەك گورگەی قەبارە گەورە دەردەکەوتن (سیك و گورگە دوو گرووپی ئەتنیکیی هندی و نیپاڵین و کاتی خۆی لە سوپای بەریتانیدا ڕۆڵی بەرچاویان بووە وەرگێڕ)، ئەڵبەتە ئەمانە لە شەڕ و نەبەردیدا قەت قەت پلە نزم و ئایەخ نەبوون و ئەوان ژن و منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان بوون و هەموو لە زنج و کۆڵیتی باش دروستکراودا دەژیان و هەر چوار خێزان و لە خانووچکەیەکدا. ئەوان گوێی نادەنێ و خواردنیان باشترە لەوەی کە لە نێو چیا سەختەکانیاندا گوزەرانیان دەکرد و منداڵەکانیشیان دەڕۆن بۆ قوتابخانە و فێری ئینگلیزی دەبن. پیاوەکانیان تفەنگی چاکیان پێیە و مەشقیان پێکراوە بۆ شەڕکردنی تورك و کورد، ئەگەر پێویست بکات و ئەمان زیاد لە هەر خەڵقندەیەکی بنیادەم گەورەترین مەراقیان شەڕ کردنە.

پاشان ئێمە بە پەلە چووینە سەر ئەو لووتکەیەی ئاڵاکەی لێ چەسپکرابوو بۆ تەماشا کردنی خۆرئاوا بوون. لەوێ، لە دامێنی دۆڵی خابوورەوە و لەو شوێنەدا کە ئاوی خازری تێدەڕژێت، توانیمان ئاخر بنکەی پۆلیسی خۆمان ببینین و لەوبەری خازرەوە یەکەم خانووی پاسەوانیی تورکیا ببینین و زۆر لێکترەوە نزیکبووین.

... لە گەڕانەوەماندا پێچمان کردەوە بە لای گوندی دهۆکدا و لە شیوەکەدا رەتڵێکی ئاسووریمان بینی لە ئامێدییەوە دەهات و بە لاپاڵی چیاکاندا دادەگەڕا. ئەمانە لە ئۆپەراسیۆنی تەمێکردنی هێرشێکی ئەو کوردانەوە ئاڵابوون کەوا بە فیت و تەگبیری تورکەکان ئەنجامیاندابوو و کوشتنی چەند گوندنشینێکی کریستیانی لێکەوتبووەوە.

ئێمە رەتڵێکی لێڤیمان کردبووە سەریان و پیاوانی عەشیرەتە دۆستەکانمان کۆکردبووەوە، لە ئاسووری و لە کورد و ئاگریان بەردابووە گوندەکانی هێرشبەران کە لە ناو دووکەڵدا نوقم بووبوون. لە دهۆك سەردانی قایمقامە کوردە بەتەمەنەکەمان کرد کە پیاوێکی بەڕێز بوو و دەم و چاوی دەتوت هی جووتیارێکی یۆرکشایەرە، هەروەها چووینە لای کاپتن ئەلبانیی یاریدەدەری راوێژکار و پاشان چووینە سەر کانیاوێك لە دامێنی زنجیرە چیاکەی دهۆکەوە و لەوێ لەگەڵ مێجەر ویڵسندا بە چیا و دەوەنە بەڕووەکاندا هەڵکشاین تا گەیشتینە شوێنەواری ریلیفە ئاشوورییەکانی سەدەی نۆیەم و لەوێ لەو پاشا و خواوەندانە ورد دەبووینەوە کە بە شێوەیەکی سەیر سواری ئەو ئاژەڵە کێوییانە بووبوون و یەك بە دوای یەکدا ریچکەیان بەستبوو. پاشان لە چیاکە داگەڕاین و نانی نیوەڕۆمان خوارد و پێش ئەوەی تاریك دابێت گەیشتینەوە مووسڵ.

بۆ سبەینێ 10ی نۆڤەمبەر، هەینی بوو لەگەڵ ئەوەشدا سەیرم کرد موتەسەڕیف لە فەرمانگەکەیدایە (خانووەکەی مستەر ناڵدەر) و کەمێك لای دانیشتین و دواتر لەگەڵ مێجەر ماکلین لە رووبارەکە پەڕینەوە و بە نێو گرد و تەپۆڵکە شوێنەوارییەکانی نەینەوادا دەسووراینەوە. بۆ دوانیوەڕۆ موتەسەڕیف کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی هێجگار گەورەی ساز کرد بۆ من و مێجەر مورەی و لەوێ چاومان کەوت بە هەموو پیاوماقووڵانی مووسڵ. ئەو ئێوارەیە لەگەڵ مێجەر ماکلین و مێجەر مورەی و کۆڵۆنێل بێنینك شێومان کرد و ئاهەنگێکی تا بڵێی خۆش بوو.

ڕۆژی شەممە بۆ بەدواداچوونی بەرنامە و پلانەکەم چوومە دەرەوەی شار و تەواوی ڕۆژەکەم

لەگەڵ مێجەر ویڵسن بەسەربرد لە دێهاتی نێوان مووسڵ و زابدا (زێی بادینان) و ویڵسن رێگاوبان و پردەکانی دەپشکنی. بۆ ئێوارەش موتەسەڕیف بانگهێشتێکی نانخواردنی ساز کردبوو کە تێیدا چاومان بە کاربەدەستانی ناوخۆ کەوت و کارێکی زۆر باش بوو.
مووسڵ بە شێوەیەکی سروشتی لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی تورکیادایە و ئەو واتەواتانەی کە ئێمە دەیگێڕینە دواوە بۆ تورکەکان شڵەژان و پشێویی زۆر دروست دەکات و کەس ناوێرێ خۆی پابەند بکات بە هیچ دید و بۆچوونێکەوە. لە ناوجەرگەی ئەم هەموو بەند و باوانەدا قازیی خۆراگرە و پیاوماقووڵانی سەر بە ئەمیش خۆ دەپارێزن لەم هەموو قسە و باسە بێسەروبەرە.
بۆ رۆژی 12ی مانگ بە ئوتۆمبێل لەگەڵ مێجەر ویڵسن رۆیشتین بۆ هەولێر و لە سەر زێ نانی نیوەڕۆمان خوارد. نازانم ئاخۆ ئەو هەموو گرد و یاڵە گەورانەت بیر ماوە لە نێوان رووبارەکە و هەولێردا. لای یەکێك لەو گردە گەورانەدا وەستاین و لە جۆگە ئاوێك پەڕینەوە و بەرەو سەر گردەکە هەڵکشاین. بە عادەت عەرەبەکان لە سەر بەرزایی مردوویان ناشتووە و هەر گۆڕێك لە خشتێکی ئاشووری دیاریکراوەو بەم رەنگە تەماشامان دەکرد و یەکێکمان لە باری درێژیی بینی بە نەخشی ئاشووری هەڵکۆڵرابوو، دیار بوو کێلی گۆڕی پاشایەکە و من سەرنجم دەدا کە مێجەر ویڵسن هەمیشە تێبینیی ئەوەی دەکرد کە خشتە ئاشوورییەکان هەر بەو قەبارەیەن و پیاویان تێدا نێژراوە، ئەوجا گۆڕەکەمان هەڵکۆڵی و کێل و نەخشەکەمان بردە خوارەوە و دڵنیا بووین لەوەی هی پیاوە.
بەیانیی رۆژی دواترم لای ئەحمەد ئەفەندیی موتەسەڕیفی هەولێر بەسەربرد و قسەم بۆ دەکرد و لەوێش چاوم بە هەندێ پیاوماقووڵ کەوت کە هاتبوون بۆ سەردانم. ئەحمەد ئەفەندی یەکێکە لە پیاوە پایە بەرز و هەڵکەوتووەکانی ئەم وڵاتە و تورکمانێکی هەولێرییە و لە هەوەڵەوە بە دڵسۆزیی لەگەڵ ئێمە کاری کردووە و ئەگەر تورکەکان بێنەوە دەبێ ئەو وڵات بەجێبێڵێ. ئەم پیاوە خوێندەوارێکی باشەو رۆشنبیرێکی تەواوە و کە قسەمان لەگەڵ دەکات وادەزانین یەکێکە لە خۆمان. بێجگە لەوە ناوچەکە لە قولەمشتیدایە و هەر کاتێ مەسەلەی تورك روون و یەکلا بووەوە و ئەو دەتوانێ بەرەو کەناری سەلامەتی رێنمایی بکات. حاڵی حازر رووداوی بەرچاو پەیدابوونی سمکۆ و سەید تەهایە و سمکۆ سەرۆکێکی خێڵەکیی کوردە کە بۆ سەربەخۆیی کورد شەڕی لەگەڵ ئێران و تورکدا کرد و تیایدا سەرنەکەوت، سەید تەهاش پاشکۆیەتی و کاریگەرییەکی شەخسیی گەورەی هەیە لە رەواندزدا، کە لە ئێستادا تورکی تێدایە. ئەوان لە سنوورەوە هەڵاتوون بۆ لای ئێمەو ئامادەن تورك لە رەواندز دەرپەڕێنن، ئەو کاتەش ئەگەری ئەوە هەیە سەید تەها بە حوکمدار بمێنێتەوە و سمکۆش کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئێرانییەکان و بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. زۆر باشە رەواندز لە ناو سنووری عێراقدا بێت و مەلیك فرە خۆشحاڵ بوو بەم پێشنیازە. سەید تەها لە بەغدا بوو کاتێ کە من چووبوومە هەولێر و خەریکە دەستە و تاقمێك کورد پێکەوەدەنێ و تۆپ و چەکیش لە سوپای عەرەبی دابین دەکات و پشتیوانیی فڕۆکەش لەلایەن ئێمەوە، بەڵام من زۆر بە گومانم لەوەی هیچی پێبکرێت و بەڵێنی خۆی بباتە سەر.
ئەحمەد ئەفەندی ئامۆزای مەلا ئەفەندییە و نازانم ئاخۆ ئەو پیرەمێردە پاك و پوختەت بیرە کە لە دەرەوەی شار دەژی؟ ئەو دواینیوەڕۆیە ئێمە هەموو چووینە سەردانی بۆ ئەوەی چایەکی لەگەڵ بخۆینەوە و ئەمیش وەك ئامۆزاکەی کۆڵەکەیەکی چون پۆڵا بەهێزەو پیاوێکی راست و دۆغرییە. بۆ رۆژی دواتر، واتە چواردەی مانگ لەگەڵ مێجەر ویڵسن بە ئۆتۆمبێل چووین بۆ کەرکووك و لەوێ لای مستەر ئێدمۆندز مامەوە کەوا جێگری مێجەر مارشاڵی راوێژکارە و ئەمیان لە ئێستادا گەڕاوەتەوە پاش ئەوەی نەشتەرگەرییەکی رژێنی لاملی (گلاندی دەرەقی) کردبوو لە بەغدا و لە خوا بە زیاد بێت چاکبووەتەوە. مستەر ئێدمۆندز و مێجەر نۆئێڵ دەبوو یاوەریی هەڵمەتەکەی سەید تەها بکەن.

ئەگەر بیرت بێ ماڵەکەی مستەر ئەدمۆنز لە کەرکووك هەمان ماڵە کە تۆی تێدابوویت. سەرۆك شارەوانی و موتەسەڕیف دوو برادەری نزیکمن و یەکەم ئێوارەی گەیشتنم سەریان لێدام و بۆ رۆژی دواتر منیش چوومە سەردانیان بێجگە لەوانیش سەردانی سەرۆك ئەسقوفی کلدانەکان و گەورە مورشیدی ئاینیی ئیسلام، محەمەد عەلیی تاڵەبانیم کرد کە سەرۆکی تەکێی قادرییە. لێرەش رێك هەمان چیرۆکی هەولێرە لە ڕووی نەهێشتنی گومانی تورك و ئەودوای واتەوات و مەسەلەکانی تر. محەمەد ئەفەندیی سەرۆکی شارەوانی بەنیازە ناوچەکە بەتەواوی تێکەڵ بە عێراق بکات و سەبارەت بە پێکهێنانی بەشێك وەك کوردستانێکی سەربەخۆ هیچ گوێیەکی لێناگرن.
رۆژی پانزەی نۆڤەمبەر، لە قەرەخانەوە (جەلەولا و) سواری قەتار بووم و رۆژی 16ی مانگ بێ هیچ رووداوێك گەیشتمە بەغدا، ئەوە نەبێت کە قەتارەکە نزیکەی شەش کاتژمێر دواکەوت و خۆت دەزانی ڕێگەو بانەکانمان چۆنن. هەر کە گەیشتمەوە کەوتم بە سەر قەیرانی سیاسیی وڵاتدا و نەقیب دەستی لە کار کێشابووەوە.

54

5 ی کانوونی دووەمی 1923

... ئەم ئێوارەیە ئاهەنگێکی نانخواردنی خۆشمان ساز کردو مستەر ئێدمۆندزیشم لەگەڵ خۆم بردبوو، کە لە کەرکووکەوە هاتبوو و گفتوگۆیەکی بەسوودمان لە سەر بارودۆخی کوردستان کرد. کوردەکان بە درێژایی سنووری رۆژهەڵات ئێستا لەو قەناعەتەدان کەوا تورکەکان هیچ سوودێکیان نابێ بۆیان و لە ڕاستیدا تورکەکان وتوویانە کەوا بیر لە سەربەخۆیی کوردەکان ناکەنەوە. لە بەر ئەوە تاقمەکەی کە وا مەیلیان بە لای بەریتانیەکانەوەیە فشاریان هێناوە بۆ شێخ مەحموود بۆ ئەوەی پەتەکە رابکێشێت (ئەڵبەتە لە جەژنی لەدایکبوونی عیسادا برووسکەیەکم لە شێخ مەحموودەوە پێگەیشت بە ئیمزای مەلیکی کوردستان مەحموود) کە شتێکی نابەجی و قێزەون بوو. فەیسەڵ وتبووی کەوا حکوومەتی عێراق پشتیوانی لە بیرۆکەی دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی دەکات کە حوکمی زاتی هەبێت لە چوارچێوەی عێراقدا، بە مەرجێك ئەم داڕشتن و رێکخستنە کارگێرییە جیابوونەوەی لیوا کوردییەکان لەخۆ نەگرێت لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. بەم رەنگە کالیدۆسکۆپی کوردی شێوازێکی ئەرێنی زیاتری بە خۆوە بینی بە شێوەیەکی کاتی. ئەمەش تەرتیبێکی گونجاوە چونکە "کۆنگرەی لوزان" ئەگەر شکستی هێنا، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە شکست بێنێ، ئەودەم بەدڵنیاییەوە دەبێ چاوەڕێی ئەوە بن کە لە باکوورەوە هێرشێك دەکرێتە سەرمان، کەوا لە ئێستادا تورکەکان سەربازو کەرەستەی سەربازی ئامادە دەکەن و ئێمەش ئەگەر وەك ئەوانمان کرد کاتێکی زۆرمان دەوێ.
شتەکان بە تەڵخی دێنە بەرچاو، وا پێدەچێت کەوا فەرەنسییەکان، بە نەعلەت بن، بەرەو رێککەوتن پرۆن لەگەڵ تورکەکاندا بۆ ئەوەی گرفتێکی گەورە بۆ ئێمە دروست بکەن کەوا نەتوانین پشتگیریی لە داواکارییە سامناکەکانیان بکەین لە بارەی ئەڵمانیاوە.

55

30 ی کانوونی دووەمی 1923

... هەواڵی گەیشتنی چوار بەتالیۆنی تورکی لە جەزیرەی ئیبن عومەری نزیك سنوورەکانمان، ڕۆژی 21ی مانگ گەیشت و ئەوە چەند مانگێکە چاوەڕوانی زیاد کردنی هێز دەکرێت و هەموو نەخشەو پلانەکانی بەرگری، ئەگەر بتوانین ناوی بەرگریی لێبنێین، ئامادەن. سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە چووم بۆ بۆ نمایشێکی هێزەکانی بەریتانیا کەوا ڕۆژی پێنج شەممە دەڕوات بۆ مووسڵ. وەك چۆنایەتی دیمەنێکی زۆر دڵخۆشکەرە ئەگەر بێت و چەندایەتی و ژمارەی چوار هێندە بکرێتەوە و من و سێر هێنری هەردوکمان ڕامان وابوو. ئێمە هەرچیمان هەبوو ڕەوانەی سەرەوەمان کرد، سوپای عیراق هێڵەکانی پەیوەندیی گرتە دەست و هێزی جەندرمەی غەیرە نیزام ڕێکدەخات لە نێوان فورات و دیجلەدا، بە سەرپەرشتیی ئەفسەرە عەرەبەکان بۆ پشتیوانی کردنی هێزی سوارەی عێراق کە ئەوانیش بەو ئاڕاستەیەدا ڕۆیشتوون. ئەگەر تورکەکان لەشکرێك یان دوانی تر نەنێرنە خوارەوە ئەوە زۆر باشە بۆ ئێمە دەنا بە پێچەوانەوە دەبێت. بێجگە لە هەڕەشە و گورەشەی عیسمەت پاشا ئەوان حەز بە هێرش کردن ناکەن و بۆچوونی ئەوان ئەوەیە کە لە پێشدا هۆزە ناوخۆییەکان بنێرن و ئەمانیش لای خۆیانەوە ئەوپەڕی دوودڵن کەوا فشار بکەن. ڕۆژی یەکشەممە 28ی مانگ زەید ڕۆیشت بۆ مووسڵ و کاپتن کلەیتنیشی لەگەڵە و بڕیاری تەواویشی لایە و ئەو بێجگە لەوەی کەوا کوڕێکی ئازیز و ڕەفتار جوانە دڵسۆزییەکی کوێرانەی هەیە بۆ مەلیکی برای. ئەمڕۆ خاوەن شکۆ مەلیك بانگی کردم چایەکی لەگەڵ بخۆمەوەو هەرچەندە زۆر ڕووخۆش و بە گفتولفت بوو بەڵام بە سروشتی نیگەران بوو لەوەی ئایا پاش هەموو شتێك ئێمە خۆمان ئامادە کردووە بۆ بەرگری کردن لە وڵات یان مەسەلەکە بەجێبێڵین بۆ ئەم. ئەو پێیوتم کە ئەگەر پێویست بکات ڕاپرسی قبووڵ دەکات بەو مەرجەی ئەو ناوچانەش بگرێتەوە کە بە زۆرینە عەرەبنشینن و ئێستا لە دەستی تورکدان، وەك نسێبین و ماردین و لە هەردوو لاوە هێزە چەکدارەکان بکشێنەوە و هێزێکی بێلایەن سەرۆکایەتیی ڕاپرسییەکە بکات. بەڵام داوامان لێدەکات کەوا دەستیشی واڵا بکەین بەوەی کە دەستبەرداری ماندێت بین و پێگەی خۆمان بە تەنها بخەینە سەر پەیماننامەکە. ئەوجا ئەگەر ئەم پێشنیازە قبووڵ نەکرا ئەگەر هێزەکانی بەریتانیا لە مووسڵ کەوتنە مەترسییەوە (لە تۆی ناشارمەوە و بە ڕای من ڕەنگە هەروا بێت) و یان ئێمە پاشەکشەمان کرد و عەرەبەکانمان بەجێهێشت بە تەنها بەرگریی لە خۆیان بکەن، ئەو خۆی دەچێتە سنوور و لە دوا هەڵوێستدا گیانی خۆی بەخت دەکات و منیش بە ڕۆحی خۆم هیچ شتێك لەوە باشترم ناوێ کە لەگەڵیدا بڕۆم. ئەی ئاخۆ لەوە زیاتر چیبکەم؟ ئەوە حەوت ساڵە لەم ئەرکەدام بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی و ئەگەر شکستمان هێنا ئەوە کەمێك شین و شەپۆرە بۆ من بە شەخسی و ڕەنگە نەوەکانی داهاتوو تێیدا سەرکەوتووبن و باوەڕیشم وایە هەر سەردەکەون. بە هەر حاڵ، با ڕوو وەرچەرخێنین لە چەشنی ئەم ئەگەرە ناخۆشانە، وەك لۆرد بەلفۆر ساڵی 1919 لە ساتەوەختێکدا وتی و ئێستا بووە بە وتەیەکی بەناوبانگ.

ئەڵبەتە دۆخی خورۆشاوی زیاتر دەگاتە ئۆفیسەکەی من و خەڵك لێرە و لەوێ زانیاریی وا دەگەیەنن لە بارەی ئەو نامە و نووسراوانەوە کە لە نێوان تورکەکان یا بریکارە موجتەهیدەکان و کەمالییەکان و بەلشەفیکەکاندا دێن و دەچن سەبارەت بە فتواکان و وڕێنە و شتی پڕوپووچی هاوشێوە کە پەیوەندییان بە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی تاوانەوە هەیە.

56

1 ی ئازاری 1923

... لەم رۆژانەدا لە رەیسز چاوم بە مەلیك و زەید كەوت و زەید كە تازە لە مووسڵ گەڕاوەتەوە كارێكی زۆر باشی لەوێ كردووە و بە تایبەتی هەموو كوردەكانی سنوور كۆمەڵ كۆمەڵ هاتبوونە لای و دڵسۆزیی خۆیان دووپات كردبووەوە. راستێكەی ئەوەیە كە حكوومەتی عەرەبی شكۆی لەدەستداوە و والییە توركەكە پیاوێكی زۆر بەشكۆترو گەورەتر بوو لە موتەسەڕیفی ئێستای حكوومەت. ئامادەبوونی شازادەیەك لە بنەماڵەی شاهانە كارێكی زۆر باش بوو بۆ
گێرانەوەی  هاوتایی و بێجگە لەوەش ناردنی هێزی ئیزافی بوو بە مایەی دروستكردنی متمانە. پێموایە ئەگەر واز لە زەید بێنن ئەوە لەگەڵ كوردەكانی باكوور دەكەنە رێكخستنێكی دڵخۆشكەر و ئێمە بە ڕوونی لەوە تێناگەین، بەڵام باوەڕیان وا دەبێ كە ئەوە زۆر روونە و جێی رەزامەندییە. ئەو هەڵەیەی كە ئێمە دەیكەین ئەوەیە كە پێدادەگرین لە سەر ئەوەی داوایان لێدەكەین (واتە لە عێراقییەكان) كارەكان وا رێكبخەن بەو شێوەیەی ئێمە دەمانەوێ و ئەمەش بە هیچ جۆرێ گونجاو نیە بۆ ئەوان. كەواتە ئەگەر ناوچەكانی دەوروپشتی مووسڵ و هەولێری لابێت ئەوە پێمباشە مامەڵە لەگەڵ سلێمانیشدا بكات، كەوا دۆخەكەی لە باری ئێستادا زۆر خراپ بووە. شێخ مەحموود پەیوەندییەكی نزیكی لەگەڵ توركەكاندا هەیە و لە ئێستادا خەریكە هۆزەكان كۆدەكاتەوە بۆ ئەوەی پەلاماری كەركووك بدەن. بەڵام خۆشبەختانە ژمارەیەكی زۆری خزم و شوێنكەوتووانی لە هۆزەكان لە دژی وەستاونەتەوە. ئەو دوا ئاگاداریی بۆ نێردراوە و ئەمڕۆ ماوەكەی تەواو دەبێ و ترسم لەوە هەیە ئەگەر حكوومەت رادەستی پیاوماقووڵان و ئەشرافی ناوخۆیی نەكات و شاری سلێمانی چۆڵ نەكات وەك فەرمانی پی كراوە كە دەبێ جێبەجێی بكات، ئەوە ناچار دەبین بۆردمانی بكەین. ئەڵبەتە جەنگی ئاسمانی زۆر بێبەزەیی و دڵڕەقانەیە، بەڵام كاتی هێزی زەمینیت تا سەر ئێسقان كەمبووبێتەوە ئەی ئیتر چیبكەیت؟

57

12ی ئازاری 1923

... تازە لە دانیشتنێكی چای خواردنەوە لەگەڵ مەلیك لە باخچەكەیدا هاتمەوە كە تێیدا نزیكەی دوو كاتژمێر گفتوگۆمان كرد و شتەكان پێدەچێت هیوابەخش بن. وا دیارە توركەكان
ئاشتییان  دەوێت و ئێمەش شێخ مەحموودمان وەدەرنا. هەروەها خۆشبەختانە جانتای نامەی فەرماندە توركەكەی رەواندزمان گرتووە كە ناردوویەتی بۆ بارەگای ئەركان لە جەزیرەی ئیبن عومەر لە سەر رووباری دیجلەو رێك ئەودیوی سنوورمان و چەند نامەیەكی شێخ مەحموودی تێدابووە لەلایەن شێخ مەحموودەوە و یەكەمیان تەنها دوای مانگێك لە گەڕانەوەی بۆ سلێمانی نووسرابوو كە بە سوێندەوە بەڵێن دەدات تا مردن لە خزمەتی توركەكاندا دەبێت و ئەوانیتریشی باس لە ئامادە كردن و سازدانی هێرشێك دەكات بۆ سەر كەركووك و كەواتە ئێمە هەر لە بێشكەدا كۆرپەكەمان خنكاند. شتەكەی تر ئەوەی كە چۆن كەسێك لە شوێن ئەم شەڕخوازە دابنێین. مەلیك و وەزیرەكانی بەرنامە و پلانی خۆیان هەیە و بە هێزی دووبارە بوونەوە ئەوان ناتوانن ئاژاوەیەكی خراپتر بەرپا بكەن لەوەی ئێمە دەیكەین. پێموایە دەسەڵاتدارانم قەناعەت پێكردووە كە بەختی خۆیان تاقی بكەنەوە و ئەمەش گەمەیەكە لە ساڵی رابوردووەوە من كاری بۆ دەكەم و پێمخۆشە و ئەمە هەمووی بە تەواوی تایبەتە و هەرگیز ئاشكرا ناكرێت.
58

12 ی نیسانی 1923

... ئەم بەیانییە گفتوگۆیەکی زۆر خۆشم هەبوو لەگەڵ پیاوێکی ئاینیی کوردستاندا کە ناوی شێخ حەسەن بوو. ئەم پیاوە بۆ ڕاو بۆچوون گۆڕینەوە هاتبوو لە سەر مەسەلەی کورد. هەرچەندە ڕەنگە مەسەلەکە مایەی پێکەنین بێت کەوا بەم سادەییە بیبیستی بەڵام باوەڕم وایە ئەگەر ڕێگەمان بدەن و لێمانگەڕێن ئەوا من و مەلیك و ئەم پیاوە دەکرێ کێشەکە چارەسەر بکەین لەگەڵ سێر هێنری و مستەر کۆرنواڵیس بۆ راوێژ پێکردنیان و دەتوانین بە شێوەیەك چارەسەری بکەین کە بە دڵی هەموو لایەك بێت.
لە هەمان کاتیشدا مەلیك هەوڵی دەدا پەیوەندی بە زانا شیعەکانەوە بکات (ئەمەیان زۆر نهێنییە)، بە شێوەیەکی هەڵە و بە پێچەوانەی راوێژی باشترین دۆستەکانی بە سەرۆك وەزیرانەکەشیەوە. ئەوان یارییەکەیان باشتر و تۆکمەتر کرد و سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ فتوایەك بە مزگەوتی کازمێندا هەڵواسرابوو کەوا بەرگریی لە عێراق دژ بە تورك حەرام دەکات و بەیانیی زوو کۆپییەکیان لەم فتوایە بۆ هێنام و کێشەکە ئێستا ئەوەیە کەوا حکوومەتی عێراق دەبێ چیبکات. مستەر کۆرنواڵیس وایدەبینێ کە پێویستە ئەو موجتەهیدانەی ئیمزایان لە سەر فتواکە کردووە دەربکرێن بۆ ئێران چونکە ئەوانە هەر هەموویان رەعییەتی ئێرانن، بەڵام بڕیارێکی مەترسیدارە و خۆزگە مەلیك لێگەڕایە و دەستی تێنەخستایە. بە نزیکبوونەوەی رەمەزان و ئەو وروژاندنە ئاینییەی بەرپای دەکات پێدەچێت رۆژانی داهاتوو مەترسیدار بێت.
... تورکەکانمان لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتمان دەرکرد و بە تەماین وا لە عەرەبەکان بکەین کەوا لەوێ تەرتیباتی پێویستی خۆیان لەگەڵ کوردەکان بکەن و ئەگەر ئەوە بەدیهات ئەوا لە ڕاستیدا بۆ یەك جاریش بێت چاکەی ئەوە بۆ خۆم دەگێڕمەوە. ئێستا وا دێتە بەر بای گوێمان کەوا بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کاریگەریی پەیماننامەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ کارا دەکات و ئەوەی کە ناسروشتییە ئەزموونی دامەزراندنی شتێك بکەین کەوا بەند بێت بە بوون و مانەوەمان لەوێ بە زەبری هێز. ئەمە و بێجگە لەوەش ئێمە شتێکمان نیە لە سەری پێکبێین لەگەڵ سەرۆکە دڕندەکانی کورددا و ئەو بابەتەش کە لە دەستماندایە، وەك جەعفەر عەسکەری دەڵێ "بابەتێکی نەفرەتییە" چونکە ئەوان هەموو پیاوی ئاینیی نیمچە خوێندەوار و نیمچە برسین و دڕندەن و هەر یەکەیان بە ئەندازەی ڕقی لە شەیتان ڕقیە لەویتر، کەواتە ئیتر چۆن دەتوانین دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنین؟!

59

9 ی مایسی 1923

... هەفتەی رابردوو تێکڕا پڕ لە وروژان و مشتومڕ بوو، لەوانە کێشەیەکی گەرمی پڕ لە بێنە و بەرە وەك چۆن دەزگاکانی حکوومەت لە رەواندز دامەزرێنین کەوا تازە گرتوومانەتەوە. سێر هێنری و فەرماندەی هێزی ئاسمانی دید و بۆچونیان یەکە و بەڵام مێجەر بۆردیللۆن، حکوومەتی عێراق، مستەر کۆرنوالیس و من بە توندی ئەویتر پەسەند دەکەین. دواجار لە یەکشەممەی 30 نیساندا سێر هێنری مێجەر بۆردیللۆن و مستەر کۆرنوالیسی بە فڕۆکە نارد بۆ گەڵاڵە کردنی ڕاو بۆچوون لە سەر زەوی و راپۆرت و راوێژکاری لە سەر بەرنامە و پلانێك دەستەبەر بکات. ئەو رۆژەی ئەوان سەفەریان کرد بایەکی توند هەڵیکردبوو، ئەڵبەتە فڕینیش بە سەر چیا کوردییەکاندا و بە هۆی لە

کارکەوتنی ئامێری بێتەلەوە زۆر ترسناکە و ئێمە تا سێشەممە هەواڵی گەیشتنیانمان نەزانی. من زۆر نیگەران بووم و لەوەش زیاتر کە زانیم رەواندز بێتەڵی کردووە بۆ کەرکووك بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە کە نەیەن بۆ رەواندز لە بەر نالەباریی کەش و هەوا. پاشان زنجیرەیەك پێشهات ڕوویاندا و ئەوان هاتن بۆ راوێژ کردن و وەرگرتنی بیروراو ئەمەش لەلایەن حکوومەتی عێراق و مستەر کۆرنوالیس و منەوە لەئەستۆ گیرابوو بەڵام مێجەر بۆردیللۆن لە دژی وەستایەوە. رۆژی دووشەممەش هەموو بەرنامەکەیان بە ورد و درشتی ناردەوە بەڵام فڕۆکەکە رێگەی ونکردبوو و ئێمەش تا رۆژی چوارشەممە هیچ نامەیەکمان پێنەگەیشت و دواجار نەك نامەکانی دووشەممە بەڵکو هەندێکی تریان سێشەممە نارد. هەرچۆنێك بێت بە مانەوە و بە هەندێ برووسکەوە توانیمان زۆر بە ئاسانی حوکم لە سەر ئەوە بدەین کە راوێژیان تێدا کرد و پاشان ئاخۆ باوەڕی پێدەکەیت و سێر هێنری ڕای وایە ئەوان هەڵەن و راوێژیان بە کەس نەکردووە بەڵکو کاندیدی خۆیان ناردووە بۆ ئەوەی وەك قایمقام دابمەزرێت، کەوا کەسێکی ڕووخۆشە بە ناوی سەید تەها و هەموو خەڵکی ناوچەکە لە دژی ئەوەن! من ماوەی کاتژمێرێك قسەم بۆ کرد و هەموو بەڵگە و پاساوێکم دایە بەڵام بێئەنجام بوو. پاشان رۆیشتم بۆ وەزارەتی ناوخۆ و نامەکەی مستەر کۆرنوالیسم بۆ خوێندنەوە کە ناردبووی. دواینیوەڕۆ کۆنفرانسێك دەبەسترێ و من دەیانبینم یان تەلەفۆنیان بۆ دەکەم لە بارەی نامە تایبەتیەکەوە کە ئەو بەیانیە بە فڕۆکە لە مستەر کۆرنوالیسەوە پێمگەیشتووە و بێگومان سێر هێنریشم لێئاگادار کردووەتەوە. بەشداربووانی کۆنفرانسەکە هەموو قەناعەتیان بەوە بوو کە مێجەر بۆردیللۆن و مستەر کۆرنوالیس راستن. من خۆم نەڕۆیشتم بۆ کۆنفرانسەکە و تا کاتژمێر پێنج لە ئۆفیس مامەوە، پاشان کە کۆنفرانسەکە تەواو بوو هەموو هاتن بۆ لام و هەموویان، بە دوو وەزیرە عەرەبەکەشەوە زۆر پەست بوون و خۆشم دەزانم کە هەردوو هاوکارەکەم لە رەواندز زۆر بێزار و بێتاقەتن و ئاگاداریان کردم کە شەممە دەگەڕێنەوە.

لە پاش گەڕانەوەیان لە کاتێکدا مێجەر بۆردیللۆن چوو بۆ لای سێر هێنری من لەگەڵ مستەر کۆرنوالیس نانی نیوەڕۆم خوارد و تەواوی چیرۆکەکەی بۆ گێرامەوە هەردوکیان تووشی نیشتنەوە بوون بە  ناچاری و هەر یەکە فڕۆکەیەکیان پێبووە. مێجەر بۆردیللۆن پێنج میل لە دووریی کەرکووك نیشتووەتەوە و بە پێیان رۆیشتووە بەڵام مستەر کۆرنوالیس لە دووریی بیست میل نیشتووەتەوە و شەوی لە ژێر فڕۆکەکەدا بەسەربردووە.

بە هەر حاڵ ئەوە کۆتایی هەڵچوونەکان بوو بەڵام هەردوکیان بە تەواوی بێز لەوە دەکەنەوە کە ئەم راوەبەرازەیان پێکراوە وەك پەندەکە دەڵێ. من باوەڕ ناکەم سەید تەها بەردەوام بێت و ئەوەش زۆر گرنگ نیە چونکە خەڵکەکە هەر خۆیان دەریدەکەن و ئێمەش بادەدەینەوە سەر بەرنامەیەکی تر، بەڵام لە خوت و خۆرایی دوو مانگی ئێمە بە فیرۆ چوو لەگەڵ خەم و ئازارێکی باشدا کە دەبوو خۆمانی لێ بپارێزین.

60

16 ی تەممووزی 1923

... بۆ دواجار وا خەریکین سلێمانی دەگرینەوە و دوو فەوجی هێزی سوارەی عێراق، کە بە زۆری کوردن بە رێگەوەن بەرەو ئەوێ و ڕاو بۆچوونی زێرینی فەرماندەی هێزی ئاسمانییان بەدەستهێناوە. ئێمە ڕێ لە ئۆپۆزسیۆن ناگرین لە هەر چەشنێك بن و خەڵك لێرە نەخۆشی دوو ساڵی پاشاگەردانی و بەرەڵایی بندەستی شێخ مەحموودن و بەپەرۆشن بێنە ژێر رکێفی ئیدارەیەکی

باش و لێوەشاوەوە. کارێکی زۆر دڵخۆشکەرە کە وا هێزی سوارەی عێراق وا بە چاکی ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن و ئەمە کاری خۆیانە لەئەستۆیان گرتووە و دەبێ هەرواشبێت.

61

29 ی تشرینی دووەمی 1923

... کارەکان بە جۆرێك بەڕێوە دەچن و ئەوەندە باشن کە تا ڕادەیەك ئەقڵ نایبڕێت. نوێنەرێکی گەورەی شیعە و تەواوی پیاوماقووڵانی شیعەی بەغدا و کازمێن سەردانی مەلیکیان کردووەو پێیان ڕاگەیاندووە کەوا کۆمەڵگەی شیعە بە هەڵەی خۆیاندا چوونەتەوە و ئێستا دەخوازن پشتی پەیماننامەکە و پەیوەندیی لەگەڵ بەریتانیادا بگرن و لە ناو ئەوانەدا پیاوانێك هەبوون کە پار ساڵ گیرابوون و دوورخرابوونەوە بۆ هەنجام لە قەیرانی پاش لێقییەکانی مەلیکدا. موحسین شەلەشی وەزیرە شیعەکەی دارایی، دوێنێ بەیانی پەیامێکی تایبەتی بۆ ناردم کە بیدەم بە سێر هێنری و پێی بڵێم کەوا ئەو، واتە موحسین، ئامادەیە دەست بخاتە ناو دەستمان و "یەکەم" ئەرکی پەسەند کردنی پەیماننامەکە و ڕێککەوتنە لاوەکییەکانی وەك خۆیان. شتێکی خۆشی تر ڕوویداوە و با نهێنی بێت هێزی ئاسمانیی شاهانە پۆستەیەکی زۆر گرنگی کۆمەڵە نامەیەکی گرتووە لە موجتەهیدەکانی ئێرانەوە بۆ بریکارەکانیان لێرە و تێیاندا هاتووە کە خاوەن شکۆی مەلیك بەڵێنی داوە کەوا کابینەکەی موحسین سەعدوون  پرووخێنێ و وەزرارەتێکی شیعە و سەرۆك وەزیرانێکی شیعە دابنێت، کە نزیك بێت لە موجتەهیدەکان و پەیماننامەکە ڕەتبکاتەوە. ئەوان باوەڕیان بە بەڵێنەکانی نەکردووە و فتوایەکیان دەرکردووە بە قەدەغە کردنی کشانەوە لە هەڵبژاردنەکان لە سەر بنەمای ئەوەی کە خاوەن شکۆ ئەو بەڵێنانە جێبەجێ دەکات. ئەمەش بۆ ئەوەی پیشانی بدرێت بەڵام بڵاو نەکرێتەوە تا ئەو کاتەی ئەو کاری خۆی دەکات. ئێمە نازانین ئەوان چۆن متمانەیان بە پۆستە هەبوو چونکە پێشتر نامە و پەیامیان بە دەست ئاڵوگۆڕ کردووە و ئێمە پاش گەیشتنیان لەلایەن پۆلیسەوە پێماندەزانین، بەڵام هیچ کاتێ نەماندەخستە لای خۆمان و لە پاش ڕاوێژی دوور و درێژ بڕیارماندا کەوا سێر هێنری بیانباتە لای خاوەن شکۆ بۆ بڕیاردان لە سەری.
... دواجار شێخ مەحموود کە هێشتا خەریکی بەرپاکردنی ئاژاوەو پشێوی بوو لە سلێمانی کۆتایی پێهات، هەموو شوێنکەوتووانیشی خەریکە وازی لێدەهێنن و پشتی تێدەکەن و دوا داواکاریی بۆ ئێمە ئەوەیە کە دەتوانێت خزمەتمان بکات بە هاندانی خێڵە کوردەکانی ئێران بۆ ڕاگەیاندنی داواکردنیان بۆ ماندێتی بەریتانیا و ئێمەش بە تەواوی ڕەتمانکردەوە و لە هەمان کاتدا مەسەلەکەمان گەیاندە حکوومەتی ئێرانی و بەم پێیە ئێمە کارمان بۆ شێخ مەحموود کردووە بەو ئاڕاستەیە ئەگەر ئەو بخوازێت کار بکات.

62

31 ی کانوونی یەکەمی 1923

... پێموایە هیچ دەرچوون و سەیرانێکمان لە عێراقدا لەمەی ئەمجارە خۆشتر و کەیفسازتر نەبوو، هەرچەندە سێر هێنری پێی ناخۆش بوو لە بەر ناچاریی مانەوەی لە بەغدا بە هۆی هەندێ ئەرکی کۆمەڵایەتییەوە. بە شێوەیەکی گشتی شتێکی تایبەت و ئەوتۆی سەرنجڕاکێش رووی نەداوە ئەمە

نەبێت: دواجار بیروڕای لە سەر ئەوە گیرسایەوە کە بۆردمانی شێخ مەحمود بکات لە سلێمانی، چونکە ئەم کابرایە سەرقاڵی پیلانگێڕان بوو لەگەڵ تورکەکان (دژ بە ئێمە) و ناو بە ناو ئەو کارەشی تێکەڵ بە هەندێ نمایش دەکرد بۆ ڕاکێشانی کوردەکانی ئێران بە لای حکوومەتی بەریتانیادا. بەم رەنگە مارشاڵی فڕۆکەوانی لە ڕۆژی جەژنی لەدایکبووندا کارەکەی بەوپەڕی نهێنییەوە لەئەستۆ گرت و بە فڕۆکە لە بەرزیی تەنها سەد و پەنجا پێ لە زەوییەوە بە سەر سلێمانیدا سووڕایەوە و لە نێو ماڵەکانی تردا ماڵەکەی شێخ مەحموودی دەسنیشان کرد و پاشان ژمارەیەکی زۆر بۆمبی بە سەردا بەردایەوە و بە مژدەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا کەوا کۆتایی بە ژیانی ئەم کابرا شەڕخوازە هێناوە. بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر برووسکەیەك لە شێخ مەحموودەوە گەیشت و تێیدا دەڵێ کەوا لەوپەڕی تەندروستی و لەشساغیدایە و لەوە تێناگات کە ئێمە بۆچی سلێمانیمان بۆمباران کردووە.
63

6 ی شوباتی 1924

... هەفتەی پێشوو بیرم چوو لە بارەی چەند کەسێکی بەڕێزەوە ئاگادارت بکەمەوە و ڕۆژێکیان لە کاتێکدا دەچوومە ژوورەوە بۆ لای وەزیری ناوخۆ بە مەبەستی گفتوگۆ کردن و بە ڕێکەوت لە ژووری چاوەڕوانی پیاوێکم بینی و دەسبەجێ هاوارم لێکرد "بابەکر ئاغا"، ئەمە ئەو پیاوە بوو کە گەورەترین مێزەری کوردیی دەبەستە سەرەوە و چاوی چەپی بە گرانترین فەقیانەی سپی دادەپۆشی و بەم رەنگە ناسیمەوە. ئەم پیاوە بەناوبانگترین پیاوانی سەر سنوورە کە لە خۆشی و ناخۆشیدا لە کێشەکانی شێخ مەحموودا لەگەڵ ئێمەدا بوو. ئەوجا لە بەر ئەوەی روخساری من زۆر ئاشکرا و بە دەرەوە نەبوو نەیناسیمەوە و ئەو سڵاو لێکردنە گەرمەی منی بە زمانی فارسی پێ کوتوپڕ بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ماریفەتێکی جوانی وەرگرت. کاتێ لە لای وەزیر هاتمە دەرەوە، ئەو زانیاریی لە بارەمەوە وەرگرتبوو و ئەوەی کە پێیبەخشیم لەوە باشتر و زیاتر بوو کە من پێشتر پێمدابوو. ئەو بە سروشتی خۆی پێشتر نەدەهات بۆ ئێرە و هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بابەکر ئاغا لە ڕۆژگاری تورکدا نەدەهاتن بۆ بەغدا و ئەگەر هەندێکیشیان هاتبن ئەوە ئێستا کەسیان لە ژیاندا نەماون. یەك لە سیفەتەکانی ئەم پیاوە ئەوە بوو کە بە هەموو جۆرێك رەتیدەکردەوە کە سەرسام بێت بە هەر شتێك بۆ نموونە بەغدا. بە هەر حاڵ بەغدا شارێکی پڕ لە قوڕ و قوڕاو بوو و ئەو شوێنی جوانتری لە چیاکانی کورددا دەبینی. ئەی سینەما؟ بێگومان ئەم شتانە رەشەخەڵکەکە پێی سەرسامن، بەڵام وامبیستووە کەوا جارێکیان لە سینەمادا خەریکبووە لە سەر لۆجەکەی بەربێتەوە لە تاو پێکەنین بە چەند دیمەنێکی دزی و گیرفان بڕین و بە کەیف و خۆشحاڵییەوە وتوویەتی "خۆ ئەمانە هەموو دزن". بێگومان دواتر هەستی بە هیچ شتێکی سەیر و سەمەرە نەدەکرد و پیاوێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو بە ناوی حاجی شێخ عارفی سەرگەڵوو کە سەیدێك بوو لە پلەیەکی بەرزی پاکیدا و زۆر بە کەمی خواردن یان خواردنەوەیەکی ئەم وڵاتە حاڵ و بار نادیارەی دەخوارد لە ترسی ئەوەی پاك نەبێت و خەریکبوو لە برسا دەمرد. بەڵام جارێکیان بۆ رمبازێنی ئەسپ (رەیسز)یان بردبوو و لە کاتی نوێژی نیوەڕۆدا نوێژی خۆی لە سەر پلە پلانەکان دابەستبوو ئەم پیاوانە لەو جۆرە کەسانە بوون کە من بە ڕاستی خۆشمدەویستن.

64

17 ی نیسانی 1924

... سێر هێنری تازە لە مووسڵ گەڕاوەتەوە و من بە پەرۆشەوەم بۆ ئەوەی بانگم بکات. ئێمە ئێستا لە سلێمانی لە شەڕداین بە عادەت و من هەوڵ دەدەم قەناعەتی پێبکەم (واتە بە سێر هێنری و) کە ئەم ئاژاوە و پشێوییە لە کۆڵی هەموومان بکاتەوە.

65

21 ی نیسانی 1924

... ئەو بەیانییە کەس نەهات بۆ بینینی من بەڵام یەکێك لە کوردەکان هات بۆ بینینی کاپتن هۆڵتی سکرتێری خاوەن شکۆ (کە بە کوردی قسەی دەکرد) و پێیوتم کەوا کوردەکان بێزار بوون لە تەواوی ورووژان و هەڵچوون و دەیانەوێت پەیماننامەکە بە یەکجاری تێپەڕێت و کاری پێبکرێت.

66

29 ی نیسانی 1924

... ئەمڕۆ نوری پاشا و ئیلتید هاتنەلام و پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد و گفتوگۆمان لە سەر پرۆژە و بەرنامەکەی من کرد کە لە سەر ئەو بناغەیە داڕێژرابوو کە ناکرێ کەسێك لە پۆستێکی باڵادا دابنێیت و متمانەت پێ نەبێت. گفتوگۆکە زۆر قەناعەتبەخش بوو، پاشان داود بەگی حەیدەری، کە یەکێك لە نوێنەرانی کوردی ئەنجومەنە (ئەنجومەنی نوێنەران و) و پێیوتم کەوا هەر هەژدە کوردەکە هەڵوێستیان یەکە لە پشتگیری کردنی پەیماننامەکەدا.

67

21 ی مایسی 1924

... بیرم چوو شتێکت لە بارەی مەسەلەی ئاسوورییەکانەوە لە کەرکووك بۆ بنووسم. ئەوە رەنگە لە هەر شوێن و هەر کاتێکدا ڕووبدات وەك دەمەقرە و شەڕێکی ناو بازاڕ وایە، بەڵام دوو راستی هەن دەبێ ئاماژەیان پێبدرێت، (ئە) مەسەلەکە لە نێوان موسڵمان و مەسیحییەکاندا بوو، (بێ) هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونی بەتالیۆنێکی لێڤی مەسەلەکەی شەڵەژاند و ناشیرینی کرد. ئەمەش هەموو شەڕخواز و خراپەکارێك گوێقوڵاخ دەکاتەوە.
شێخ مەحموود ئێستا سەرقاڵە بە وەعز و ئامۆژگاری دانەوە بۆ جیهاد و شاری سلێمانی ئێستا لەبارە بۆ بۆردمان کردن بەڵام پێشتر هۆشداریی دراوە بە دانیشتووانی بۆ ئەوەی چۆڵی بکەن. فەرماندەی هێزی ئاسمانی، کە من زۆر زۆر خۆشمدەوێت دەڵێ "ئامادەم لە سلێمانیدا بۆمبارانی هەر شتێك بکەم کە لە چوار پێ بەرزتر بێت" و ئەم پیاوە زۆر وردە و ئەقڵی بە هەموو شتێك دەشکێ و یەك لە تێبینییە راگوزەکانی ئەوەیە کەوا "هەرگیز نابێ ساتێکی تەمەڵی و بێزاربوونت لە عێراقدا ببێت".

68

28 ی مایسی 1924

باوکی ئازیزم، دوانامەت کە لە 14ی مایسدا ناردبووت زۆر مایەی خۆشی و ئاسوودەییم بوو، نازانم ئەگەر مستەر تۆماست ناسیبێت و ئەو ئێستا نەخۆشە و هەموو ئەو شتانەی کە بە چارڵست وت زۆر راستن تەنها یەك خاڵ نەبێت ئەویش کەرکووکە کە لە پار ساڵەوە لە ژێر ركێفی سەرۆکە جێمتمانە و بەڕێزە ناوخۆییەکەدایە و (ئێستا پێیدەوترێ موتەسەڕیف) کە ئێستا باشترین و ئارامترین بەشی عێراقە. کەرکووك گەلێ ئیمتیازی تایبەتی خۆی هەیە وەك زمانی لۆکاڵیی خۆی و کاربەدەستی خۆوڵاتی و لەم بارودۆخەی تەواو قایلە ببێتە بەشێك لە عێراق بۆ ئەوەی سوودد و قازانجی پەیماننامەیەك بەدەستبێنێ لەگەڵ ئێمەدا و بە پێچەوانەوە هەرگیز نەبووە بەشێك لە عێراق. ئەڵبەتە هیچ رووداوێکی تێدا نەدەبوو ئەگەر بهاتایە و هێزە بەریتانییەکان یان هندییەکان لێرە بوونایە، بەڵام نەکرا لێرەیان دابنێین و ئەمەشیان کێشەیە و کەرکووکلییەکان هەمیشە داوای دەکەن. ئێستاش باسێکی لێڤیت بۆ دەکەم و ئەمانە زۆر سەیر و بەرەڵان و ئەوە پلانێکی لە ڕادەبەدەر خراپە کەوا بکەیت هێزێکت لە کریستیانەکان هەبێت و هێزێك لە موسڵمانەکان، هەرچەندە ئەمان کەمێك ئەهوەنترن، لە ژێر سەرپەرشتیی ئەفسەرە بەریتانیەکاندا. ئەوانە بە شێوەیەکی رەها دەبنە ناحەز و دوژمنی دانیشتووان و ئێرەیی نێوان ئەمان و سوپای عێراق و حکوومەت زۆر گەرەوەیە، ئەمانە کەش و فشی ئەوە دەکەن کەوا بوون بە سەربازی بەریتانی و عەرەب و کوردی پیس نین و ئێمەش بە ناچاری و فشاری دۆخەکە لەم کێشەیەوە تێگلاوین.
ساڵی 1920 و کاتێ لە دوای یاخیبوونەکە ئێمە کوتوپڕ بەرەورووی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا بووینەوە، دەبوو لێڤییەکان بەکاربێنین بۆ پاسەوانی کردنی هێڵی شەمەندەفەر و ئەو دەمە ژمارەیان زۆر بوو و نەمانتوانی بیانخەینە ناو سوپای عێراقەوە لە بەر کۆمەڵێك هۆکار و پاساو، کە لە نێوانیاندا، نەبوونی پارەی پێویست بوو بیاندەینێ. ئەوان بارێکی گران بوون بە سەر باری دارایی بەریتانیاوە و گەنجینە نەیدەتوانی لەڕووی یاساییەوە کاری بۆ بکات و بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی یارمەتیی هێزە ناوخۆییەکانی خەڵکی خۆوڵاتی بدات کە لە ژێر سەرپەرشتیی ئەفسەرە بەریتانییەکاندا نەبوون، بۆیە گەیشتینە رێگەیەکی داخراو و دەبوو پەنا بەرینە بەر ئەو لێڤیانە کە لە ژێر سەرپەرشتیی ئەفسەرانی بەریتانیدا بوون و لەو کاتەدا ژمارەیەکی کەمی ئاسوورییەکانمان هەبوو بەم جۆرە بن و دواتر هەڕەشەی تورکیا هاتە پێشەوە لە شوباتی 1923دا و ئێمە دوو بەتالیۆنی زیادەمان بە سەرباز گرت و بە تایبەتی بۆ پاسکردنی سنوور، هەر کە هێزەکانمان بە شێوەیەکی بەرچاو هاتنە کەمی ئەمانە ناوناوس کران و مەشقیان پێکرا بۆ ئەوەی جێگەیان بگرنەوە و ئەم لێڤیانە بێ جیاکاریی لە لیواکانی باکووردا بەکاردەهێنران و بێ جیاوازی کردن بەگشتی دوودڵی و نیگەرانییەك هەبوو لە بەکارهێنانی هێزە کریستیانەکان لە شارە موسڵمان نشینەکاندا، بەڵام لە ژمارە کەمییەکی ئاوهای هێزەکاندا تا ڕادەیەك ئەم مەسەلەیە پەیرەوی نەدەکرا و بوونیان لە کەرکووك لەم سۆنگەیەوە بوو، هەروەها وا ڕێکەوتبوو کە بەتالیۆنەکەی ئەوێ لە هۆزە کێوییەکانی ئاسوورییەکان ناونووس کرابوو بەڵام ئەفسەرەکانیان بە تەواوی جێمتمانە و رەفتار جوان بوون. شەڕێکی لەناکاو دروست بوو و کوتوپڕیش گۆڕا بە هات و هاوار دژ بە موسڵمانان و دیسپلین و توندوتۆڵیی سەربازی بابردی و ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا. بۆ بەدبەختی ئەوە بوو کە بۆ رۆژی دواتر وا بڕیار درابوو کە ئەم بەتالیۆنە ئاسوورییە بنێردرێتە دەرەوەی کەرکووك بۆ گوندی چەمچەماڵی سەر رێگەی سلێمانی و نیوەیان رۆژی پێشتر رۆیشتبوون و وا ئێستا

هەموویان لەوێن. بە ڕای من، کە ئەمە تەنها ڕایەکی تایبەتییە، کەوا لە پاشەڕۆژدا دەکرێ ئاسوورییەکان تەنها لە ناوچەکانی خۆیان خزمەت بکەن و پاسەوانیی سنوورەکانی خۆیان بکەن، کە لە هەمان کاتدا سنووری عێراقیشە و ئەودواشیان دەبێ بڵاوەیان پێبکرێت و بەهیوام لە کاتێ خۆیدا بەشێکیان لە سوپای عێراقدا دابمەزرێن. ئەڵبەتە ئەوان لە ناو پۆلیسی عێراقدا بە قەناعەتەوە لە ژێر رکێفی ئەفسەرانی عێراقیدا کار دەکەن و من پێمخۆشە ئەم مەسەلەیە بۆ چارڵس روونبکەیتەوە.
هێزە خۆوڵاتییە تایبەتیەکانی لەم چەشنە هەمیشە ئەگەری سەرچاوەی مەترسین، بە تایبەتی ئەگەر ئاینەکەشیان جیاواز بێت. بە بۆچوونی من حکوومەتی بەریتانیا دەبوو بە شێوەیەکی راست ئەم هێزە دروست بکات و بە ستراتیجێك کە پارە لە خزمەتی سوپای عێراقدا خەرج بکات، کە مەشقیان بەریتانییە و بەڵام ئەفسەرانیان عێراقین، بە هەر حاڵ ئەم پرۆژە خرابووە بەر باس و ڕەتکرابووەوە.
ئێمە دوێنێ و ئەمڕۆ کاری خۆمان دژ بە شاری سلێمانی جێبەجێ کرد و شێخ مەحموود دەرفەتی رووداوەکەی کەرکووکی قۆستەوە بۆ جاڕدانی جیهاد و کاری لەم چەشنە دەبوو دەسبەجێ بوەستێنرێ. تۆ پروانە ئەو هۆزە کێوییانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت، موسڵمان و مەسیحیی دانیشتووانی شارەکە (واتە کەرکووك و) هۆشدارییەکی توندیان درایە و بەو پێیە ئاواتەخوازین زیانی گیانی کەم بێت یان هەر نەبێت. ئەوان تەنها زۆر نیگەرانی ئەوەن بۆ دەرکردنی شێخ مەحموود و دوای ئەوەش نەهێڵن بگەڕێتە دواوە و بێگومان ئەو لە ئێستادا هەڵاتووە بۆ چیاکان. ئەڵبەتە تێدەگەیت کەوا هێزی تەواومان نیە بۆ جێگیر کردن و پاراستنی شوێنێکی دووری وەك سلێمانی. فەوجێکی سوارە ئامادە کراوە کە بە زۆری لە کوردەکان پێکدێت و نێردراوە بۆ کەرکووك. دواجار من باوەڕم وایە کە سوپای عێراق لە توانایدا دەبێت سلێمانی بگرێت، بەڵام لە حاڵی حازردا تاقە چەك کە هەمانبێت فڕۆکەیە.
با ئەوەشمان لا روونبێت کە ئەگەر سەرچاوەکانمان هێندە لاواز نەبوایە ئەوە هۆکاری تر دەبوو بۆ پاراستنی وڵات، بەڵام سەبارەت بە تورکەکان و کۆکردنەوەی هێزەکانیان لە سەر سنووری باکوور ئەوە دەبێ لە بەرانبەردا تا لە توانادا بێت سوپای عێراق لە ناوچەی مووسڵ کۆبکرێتەوە و پێگەی بەهێز بکرێت.
69

11 ی حوزێرانی 1924

... رۆژی یەکشەممە عەلی سلێمان راستەوخۆ دوای قاوەڵتیی بەیانی هاتە لام بۆ هەندێك باس و ئامۆژگاری، من پێموت هێشتا وای بیر لێدەکەمەوە کە دەبێ ئەوان کۆششی خۆیان بکەن بۆ متمانە بەخشین بە پەیماننامەکە و ئەگەر وا نەکەن ئەوە بیر و بۆچوونێك لەلایەن نوێنەرە کوردەکانەوە گەڵاڵە کراوە بۆ رێگرتن لە ڕەتکردنەوەی و دەنگدان بۆ دواخستنی تاوەکو مەسەلەی مووسڵ چارەسەر دەکرێت. بێگومان ئەوەش بە واتای هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی نوێنەران دێت و گریمانەی کۆنترۆڵ کردنی تەواوی دەبێت لەلایەن نەیارانەوە، بەڵام من ئەوەم بە عەلی نەوت.
... هەموو نوێنەرانی عەمارە دەنگیان داوە بە پەیماننامەکەو هەروەها ئەوانی بەسرەش بەڵام پارێزەرێك و کوردەکان هەڵوێستیان توندە و نوێنەرانی هەولێر نەبێت کەوا ئیمزایان لە سەر چارەسەرێك کردووە کە رێگەیان پێنادات دەنگی پێ نەدەن و هەموو ئەوانی مووسڵیش، سێ کەسی لێدەرچێت. پێویستە ئەوەشت پێبڵێم کەوا هەموو ناسیۆنالیستە دەستەمۆکانی مەلیك کە

ساڵی 1920 لە دژمان یاخیبوون و ساڵی 1922 چوونە پاڵ هاندەرانی دژە ماندێت، لە دژی دەنگیان داوە. ئەمەش دەرسێکی چاك بوو بۆ مەلیك، یاسین و ناجی سوەیدی لە دژی دەنگیان داوە، بەڵام رەوف چادرچی و عەلی سڵێمان و عەجیل دەنگیان پێداوە و عەجیل پێشتر لۆبییەکی زۆر باشی بۆ کرد و من خۆشحاڵم بەوەی عەجیل تا کۆتایی رێك و راست رۆیشت.
... شێخ و وەزیرە هەواخواکانی پەیماننامەکە زۆر شانازیی دەکەن و خۆیان هەڵدەکێشن و کوردەکانی سلێمانیش، کە یەك لەوان براکەی شێخ مەحموودە، زۆر خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی و هەقی خۆشیانە چونکە هەرگیز ئەم دۆخەیان بە خۆیانەوە نەبینیوە.

70

30 ی تەمووزی 1924

... مەلیك ئێستا باشترە بەڵام هەر لاوازە و وازی لە بیرۆکەی چوون بۆ فەلەستین هێناوە و حاڵی حازر بیر لە گەشتێك دەکاتەوە بۆ شوێنێك لە باکووری دهۆکەوە، بەڵام هەندێك پێیانوابوو کە بۆ مەلاریا خراپە. راستێکەی من بیرم دێتەوە یەکەم ساڵ کە پەنابەرە ئاسوورییەکان لەو شوێنەدا نیشتەجی کران زۆربەیان نەخۆش کەوتن و وەك مێش لێیان دەمرد. ئەوجا لە پاش پرسیار و سۆراخ کردن ئەڵتەناتیڤەکە بوو بە شەقڵاوە کە دەکەوێتە نێوان هەولێر و رەواندزەوە و وەك بۆیان باس کردووم شوێنێکی خۆش و دڵگیرە و ئەڵبەتە داوای لێکردم منیش لەگەڵی بچم بەڵام ناتوانم و ئەوەندە بێتاقەتم خەریکە بگریم و رەنگە یەکەمجار بێت لە ژیانمدا واملێهاتبێت.
... کێشەی سلێمانی ئێستا لە دۆخێکی زۆر باشدایە و پێموایە شێخ مەحموود شکستی هێنا و دواجار هەڵات بۆ دەرەوەی وڵات. سوارەی عێراقی بێ هیچ بەرگرییەك چوونە ناو سلێمانییەوە و شێخ مەحموود نزیکەی دوو سەد سواری لەگەڵدایە و هەڵاتووە بۆ چیاکانی دەوروپشت، بەڵام چەند تفەنگچییەك لە پیاوەکانی هەموو شەوێك شارەکە بەر گوللە دەدەن و تەنگیان بە هێزی سوارە هەڵچنیوە و نایەڵن بە شەودا بخەون و بە رۆژیش پاسەوانی دەکەن، بەڵام کاری باش ئەنجامدەدەن و ئەمانە هەواڵی باشن دەیبیستین و لە ئێستادا شوێنکەوتووانی شێخ مەحموود لێیدەتەکێنەوە و هەڵدێن و دەستە دەستە دێنەوە و چەك و جبەخانەی کزبووە و وا چاوەڕوان دەکەم کە ڕێگەی باکووری بەرەو تورکیا گرتبێتەبەر و رەنگە بەم زوانە بگاتە ئەوێ. ئەڵبەتە لەو چیا سەختانەدا زەحمەتە کەسێك دەسگیر بکرێت و ئەمەش لە دیدو بۆچوونی ئێمەوە بە شێوەیەکی گشتی باشترین کارە کە ئەو بیکات، یان ئەوەیە کە خۆی بمرێت، چونکە تۆ بە هیچ شێوەیەك نازانی چیبکەیت لە پیاوێکی لەم چەشنە کاتێ کە دەسگیری دەکەیت و پاشان بە داواکاری و مەزبەتە تەنگت پێهەڵدەچنن بۆ بەردانی و تەنانەت ئەوانەش کە ڕقیان لێیەتی لە ترسا لەگەڵ ئەوانیتر داواکاری و عەرزەوحاڵەکان ئیمزا دەکەن بۆ ئەوەی ئازاریان نەدات ئەگەر رۆژێك هات و بەربدرێت بە هۆی بەشدار نەبوونیان لە پێشکەش کردنی داواکاریی بەردانیدا.

71

30 ی ئەیلوولی 1924

... ئێوارەی ئەو رۆژەی کە لۆرد تۆمسن گەیشت (واتە پێنجشەممە) ئێوارە ئاهەنگێکی ڕەسمی لە "موقیمییەتدا" سازدرا و دەسبەجێ سڵاوی لێکردم و پاش نانخواردنی ئێوارەش زۆر بە رووخۆشی و ئەوپەڕی نێوان خۆشیی کۆمەڵایەتییەوە کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵم. بۆ رۆژی دواتر مەلیك بانگهێشتی کردم بۆ چای خواردنەوە و بۆ ئەوەی وەرگێرانی بۆ بکەم، بەڵام ژمارەیەك لە وەزیرەکان لەوێ بوون و لەبەر ئەوە گفتوگۆکە تەنها شتێکی رووکەش بوو و هیچیتر. بۆ رۆژی شەممە لۆرد تۆمسن  بە فڕۆکە چوو بۆ مووسڵ پاشان رۆژی یەکشەممە بە سەر سنوورەکانی رۆژهەڵاتدا فڕی و سەری لە هەولێر و کەرکووکیشداو شەوێکیشی لە کەرکووك بەسەربرد و بۆ رۆژی دووشەممە بە فڕۆکە رۆیشت بۆ سلێمانی و ماوەی دوو کاتژمێری تێدا مایەوە و پاشان گەڕایەوە بۆ بەغدا و نانی نیوەڕۆی لە موقیمییەتدا خوارد. ئاخۆ ئەمە سەرسوڕهێن نیە؟ بۆ ئێوارەش بانگهێشتێکی تایبەتی نانخواردن لە کۆشکی شاهانە سازکرا و ئاهەنگێکی هێجگار خۆش و کەیفساز بوو، پاشان لە باخچەکەدا مەلیك کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ لۆرددا و وەرگێری نێوانیان ساسۆن ئەفەندی بوو و مستەر هێنری پێیوتم کەوا لۆرد تۆمسن لە دۆخێکی زۆر خۆشحاڵیدا بووە و هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە لە سلێمانی پێشوازییەکی زۆر گەورە کراوە و سەرۆکە کوردەکان هەموو هاتوون بۆ سڵاو لێکردنی و سەدان کەس لە شوێنکەوتووانیان لەگەڵدا بووە بە چەك و خەنجەر و دەمانچە و رەزنە فیشەکەوە و مەوکیبی پێشوازییەکە هێند درێژ بووە کەوا ئەمسەر و ئەوسەری لێکیداوەو لێرەدا کێشەیەکی قورسی کێ لەو سەرۆکانە پێش ئەویتر بکەوێ دروستبووە! و لۆرد تۆمسن دەگێڕێتەوە کە لەوێ هەستێکی وای لا دروستبووە کە ئیمپراتۆرێکی بچووکە لە ئیمپراتۆرەکانی رۆمان و ئەم بەیانییە بە فڕۆکە سەفەری کرد و دۆعاخوازیی لێکردین.

... مەلیك پارچە زەوییەکی لە نزیك خانەقین کڕیوە (گوندی    عەلیاوا  و) و ئەمڕۆ داوای لێکردم پێکەوە بە ئۆتۆمبیل بچین بۆ ئەوێ چونکە دەیەوێت شوێنێك هەڵبژێرێت بۆ دروستکردنی کۆشکێك لە کاتی راودا تێیدا بحەوێتەوە، بەڵام من لەگەڵ سێر هێنریدا وامڕێکخست بە شەمەندەفەری شەو بڕۆین و بۆ کاتژمێر شەشی بەیانی بگەینە ئەوێ و رۆژەکە لەگەڵ خاوەن شکۆدا بەسەربەرین و پاشان بە شەمەندەفەرەی شەوی داهاتوو بگەڕێینەوە و بەیانیی پێنجشەممە لە لە ئۆفیس دەوام بکەین و مەلیك ئێستا لەوێ لە خێوەتدا دابەزیوە. ئەمڕۆ بۆ یەکەمجارە لە دوای مانگێك بای شەماڵ لە باکوورەوە هەڵیکردووە و پێدەچێت لەمەودوا کەشوهەوا بەرەو فێنکیی پروات، ئەگەرچی ئێستا مانگی ئەیلوولە و دنیا هێشتا هەر زۆر گەرمە.

... هێشتا شەڕوشۆڕمان لە باکوور هەر بەردەوامە، بەڵام تورکەکان بایەخی خۆیان لە کوشتاری ئاسوورییەکاندا چڕکردووەتەوە و ئەوان (واتە ئاسوورییەکان) پاش پەرتوبڵاوییەکی بەکۆمەڵی کوتوپڕ لە سەرەتاوە خۆیان گرتەوە و کەوتنە بەرگری کردن. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو گوندەکانی ئەوپەڕی باکوور سووتێنران و شەش هەزار پەنابەرمان لا کۆبووەتەوە لە ئامێدی. باشە ئەمە کارێکی لە سنوور بەدەر و سامناك نیە کەوا ئێمە جارێکی تر بکەوینەوە ئەنجامدانی هەموو قۆناخەکانی فریاکەوتن و دووبارە نیشتەجێ کردنەوە. ئەوان بەمدواییە سەرلەنوی گوندەکانیان ئاوەدانکردەوە کەچی دووبارە ماڵوێران بوونەوە.

72

15 ی تشرینی یەکەمی 1924

... بەڵام سەبارەت بە جەنگ و شەڕوشۆڕ لای ئَێمە ئەوە ئێوە وەك ئێمەی لێدەزانن و رەنگە

زیاتریش. ئێستا دەزانین کەوا تورکەکان راڤەی زاراوەی "دۆخی ئێستا  الوچعالراهن" یان هەواڵەی کۆمەڵەی گەلان کردووە و ئەمە باشترە و پێموانیە شەڕیان بوێت، چونکە لە بارودۆخێکی ناسکدان لەگەڵ کوردەکانی لای خۆیاندا و باشترین بەشی کەتیبەیەکیان هەڵگەڕایەوە و لە ساتەوەختی ناردنیاندا بۆ وڵاتی ئاسوورییەکان هەڵاتن و ئەفسەرەکانیان حاڵی حازر لە مووسڵن. ئەوەی تێبینی دەکرێ بزووتنەوەی کورد کەوا قۆناخی باشی بڕیوە لە ڕەوتی خۆیدا، هەرچەندە من باوەڕم وایە کە ئەم بزووتنەوەیە هیچی تێدا بەستە نیە و بیرۆکەی بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ بیرۆکەیەکی تەواو خەیاڵییە، بەڵام دەتوانێت تا ڕادەیەکی باش تورکەکان سەرقاڵ بکات. ئێمە باوەڕمان بە لای ئەوەدا دەچێت کەوا هێرش کردنە سەر ئاسوورییەکان رەنگە بەو نیاز و ئارەزووەی حکوومەتی تورك بێت بۆ ئەوەی بیرو ئەندێشەی کوردەکان بە ئاڕاستەی تردا ببات و ئەگەر مەسەلەکە وابێت ئەوە پێدەچێت ئەو پلانە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنابێت.

73

18 ی شوباتی 1925

... هەواڵەکان لە باکوورەوە دڵخۆشکەرن و راستیەکەی هەولێر زۆر باش رەفتاری کردووە و کەرکووکیش لەو باشتر بوو کە چاوەڕوانی بووین و وەك دەزانیت ژمارەیەکی باشی تورکمان لەوێ هەن و پێمانوابوو رێژەیەکی گەورەیان داوا دەکەن بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، بەڵام کەمێکیان ئەوەیان کرد. وەرگێرە هۆڵەندییەکە، وەك چاوەڕێم دەکرد، تەواو بێتوانا بوو لە وەرگێرانی زمانی ئاسایی هەر زمانێکدا و تەنانەت کوردیش! ئێمە بیستوومانە کەوا "پسپۆرانی" زمانی تورکی تادێت  گرژ و مۆنتر دەبن.
هەرچۆنێك بێت ئێمە ئێستا لە گەرمەی قەیرانێکی وەزاریداین لە سەر مەسەلەی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی . پێموایە لە بارەی ئەم کۆمپانیاوە باسم بۆ کردوویت و ئەمە کۆمپانیایەکی ئێنتەرناشناڵ و بەریتانی و فەرەنسی و ئەمریکییە و گرووپێکی زۆر گەورەیە و هێند قەبە و بەتوانایە کە دەتوانێت سەرمایەی زەبەلاحی پێویست پەیدا بکات بۆ بە بۆریی ڕاکێشانی نەوت بە ناو دەریای ناوەڕاستدا. لە دیدی ئێمەوە مەسەلەی گەورە ئەوەیە کەوا گەشە کردنی وڵات دەبێ دەستپێبکات و سەرمایەی دەرەکیش پەرەبسێنێت. بەشداریی  فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پارێزگارییەکی ئیزافییەو ئێمە پێمان خۆشە و باوەشی بۆ دەکەینەوە. بەڵام هەڵچوون و دنەدانێکی گەوجانە و نەزانانە سەری هەڵداوە و بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن کەسانی دەرەوەی حوکم و وەك کوتەکێك بەکاریدێنن بۆ هاندانی گشت کۆمپانیاکانی تر تا وەکو رێگەیان پێبدرێت بۆ کێبەرکێ و بەدەستهێنانی ئیمتیاز ئەگەر هەل و مەرجی باشتر پێشکەش بکەن و ئەنجامەکەشی وادەبێت کە ئەوان تا ڕادەیەك هەر مەرجێك پێشکەش بکەن بە لای خۆیانەوە گونجاو بێت کە دواجار بیفرۆشنەوە بە کۆمپانیای نەوتی تورکی وەك سێر جیم. کادمان بۆی دەچێت. ئەمەش دواخستنی دوو سێ ساڵ و ناهاوتایی ئابووریی گشتی دەگەیەنێت. مەلیك کارێکی زۆر گران دەکات بۆ ئەوەی کابینەکە راستیی مەسەلەکەی بۆ دەربکەوێت بەڵام سیان لە وەزیرەکان هێشتا هەر هەڕەشەی دەست لە کار کێشانەوە دەکەن و بە سێر هێنرییان وتووە کەوا ئەوان مەترسییەکان لە پێشەوە دەبینن ئەگەر کۆمپانیای نەوتی تورکییان رەتکردەوە، بەڵام متمانەیان بە حکوومەتی خاوەن شکۆیە (واتە بەریتانیا  و) بۆ دەرباز کردنیان لەم هەرا و ئاژاوەیەی تێیکەوتوون و بەم پێیە داوا کراوە لە حکوومەتی خاوەن شکۆ دیدو بۆچوونی خۆی لە بەهێزترین

تێرمدا بە برووسکەیەك رەوانە بکات.
74

4 ی ئازاری 1925

... رۆژی شەممە، دوو کەسی ئەمەریکی، کە لە خانووی موقیمییەتدا ماونەتەوە، لەگەڵ خۆم بردمن و هەندێ دیمەنی شارم پیشاندان و پاشان سەردانی مەلیکیان کرد. یەك لەمانە ملیۆنێرەو ناوی کراڤاسە و ئەویتر پارێزەرێکی هەڵکەوتووە و ناوی ویلیامزە. تۆ قەت ناوی ئەم مستەر کراڤاسەت بیستووە؟ ئەمە ملیۆنێرێکی ناودار نیە و سەر بە پارتی کۆمارییە و دۆستی پەرلەمانی خۆمان و ویڵسنە و سپرینگی و رەنگە بڵێم هەموو کەس دەناسێت و پیاوێکی کەتەی سەر ماش و برنج و پرە لە زانیاری. ئەو پرسیاری پروپووچ ناکات لە سەر سوننی و شیعە چونکە هەموو شتێکیان لەبارەوە دەزانێت، بەڵام ئەو پرسیارانەی کە دەیکات هەموویان بایەخدارو سەرنجڕاکێشن و من زۆر پێی ئاسوودەم، مستەر ویلیامزیش پیاوێکی خۆش مەشرەبە بەڵام من زۆر قسەی لەگەڵ ناکەم. مستەر کراڤاس وەك باوکێك لەگەڵ مەلیکدا دەدوا لە بارەی ئیمیتازاتی نیشتمانییەوە و سەرۆك وەزیرانیش لەوێ بوو و ئەو بە شەخسی زۆر سەری لە مەسەلەی نەوت دەرناچێت بەڵام وەك هەموو کەسێك دەزانێت کەوا نەوت بۆ عێراق بایەخێکی بەرچاوی هەیە و کارێکی گرنگە ئەگەر ئەم گرووپە نێودەوڵەتییە گەورەیەی کۆمپانیای نەوتی تورکی رابکێشێتە وڵاتەوە. ئەم خاڵە کۆمیسیاری باڵا (المندوب السامی) زۆر جەختی لە سەر دەکات و دەکاتەوە بەڵام کابینەی وەزارەت هێشتا هەر دوودڵە و ئەوان بیرۆکەیەکی گەوجانەیان کەوا پێویست دەکات نەوتی مووسڵ بە پارچە پارچە دابەش بکرێت بە سەر ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بچووکدا بۆ هاندانی کێبەرکێ و دابەزاندنی نرخی نەوت. بێگومان مەسەلەکە زۆر گەورەیە و پێویست بە راکێشانی بۆرییە نەوتێك دەکات بۆ سەر دەریای ناوەڕاست بەم رەنگە هیچ لایەك ناتوانێ بچێتە ژێری و تەنها گرووپی گەورەی کۆمپانیاکان دێنە پێشەوە و دەرەنجام کۆمپانیا بچووکەکان پاش زیان و کات بەفیڕۆدان ناچارن پشکی خۆیان بفرۆشنە هەندێ لە گرووپی زەبەلاحی وەك کۆمپانیای نەوتی تورکی. پێدەچێت یاسین پاشا خۆی ئامادە کردبێت بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە چەند وەزیرێکی هاوکاری، ئەگەر بتوانێت ئاڵوگۆڕیان پێبکات، کە پێموایە دەتوانێت و چاپەمەنیی نیشتمانیش دەستیان کردووە بە قسە و باس و ئەمەش ئاماژەیەکی باشە.
... کۆمیسیۆنی نەخشەکێشانی سنوور بێجگە لە تێلاکی، کە تەندروستیی تەواو نەبوو، رۆیشت بۆ سلێمانی و لەوێ حوکمێکی کۆدەنگی چاکی بەدەستهێنا لە بەرژەوەندیی عێراق. شێخ مەحموود لەم پرۆسەیەدا بەشدار نەبوو لە بەر ئەوەی هەڵاتبوو و ئاودیوی سنوور بووبوو بۆ ئێران. کۆمیسیۆن لە ئێستادا بەرەو شارۆچکەکانی سنووری باکوور دەچێت بۆ تەواوکردنی ئەو کارو ئەرکەی پێی سپێردراوە.

75

22 ی نیسانی 1925

... پێناچێت شتەکان زۆر دڵخۆشکەر بن چونکە کۆبوونەوەیەکی سەربازیی گەورەی تورك لە ئارادایە کە بە ناو بۆ کۆتایی پێهێنانی یاخیبوونی کوردە، کە پێدەچێت ئەنجامدرابێت، بەڵام وا دیارە

بۆچوونێکی بۆ ترساندنی ئێمە و عیرَاقە کاتێ کە کۆمەڵەی گەلان دەگاتە بڕیاری خۆی. ئەمەش هاوشانە لەگەڵ واتەواتێکی بەربڵاو لەم وڵاتەدا کەوا کاریگەرییەکی زۆری هەیە. سەردانی کۆمیسیۆن لە خۆیدا پاڵنەر و هۆکارە بۆ بێ یاسایی. کاتێ کە ژمارەیەك لە جێنتڵمانی بەساڵاچووی ئەوروپایی دێنە ئەم ناوە و بە ڕێز و شکۆیەکی زۆر گەورەوە پرسیارت لێدەکەن ئاخۆ تۆ حکوومەتەکەی خۆت خۆشدەوێت و ئاخۆ حکوومەتێکی ترت پێ باشتر نیە و تۆ بە شێوەیەکی سروشتی دەکەویتە بیرکردنەوەی ئەوەی کە ڕا و بۆچوونت بەهایەکی گەورەی هەیە.
... با جارێکی تر بێینەوە لای سلێمانی. شێخ مەحموود سەری بەرز کردووەتەوە پاش ئەوەی کردبووی بە خۆڵدا کاتێ کەوا لیژنەی سنوور ڕۆیشتبووە ئەوێ و یەکدەنگیی دژە تورکیای بەدەستهێنابوو. ئەمە بەشێکی واتەواتە و بەشێکیشی قورسایی کۆنی کۆنترۆڵ کردنی باندەکانی چەتەیە لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە. من دوێنێ لە کەرکووك بووم و دواتر بۆت باس دەکەم و زۆرم پێناخۆشە ئەوەی کە بیستم، ئەم شتانە دەبێ دەسبەجێ و زۆر بەپەلە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت کە پێموانیە بەمجۆرە مامەڵەمان کردبێت، کە بەشێکی بە هۆی ئەوەوە بووە کەوا خاوەن شکۆ پلانی گەشتێکی هەبوو بۆ چیا سنوورییەکانی باکوور و ویستی بڕیار دوابخات تا خۆی دەچێتە کەرکووك و ئەوەش تا 2ی مایس ڕێکناکەوێت. لە ئێستادا ئاژاوە و پشێوی لە سلێمانیدا زیادی کردووە و ئاواتەخوازین کپ بکرێتەوە و مەترسیی کەمتر بێت لەوەی کە چاوەڕێی لێدەکرێت.
... مەلیك داوای لێکردم دوو رۆژێکی پێشووی جەژنی رەمەزان لەگەڵی بچم بۆ باخەکەی لە نزیك خانەقین و خاوەن شکۆ نیازیە دواینیوەڕۆی هەینی پرۆات و ڕەنگە ئەوان پێنجشەممە مانگ ببینن و پێموایە پرۆم باشە.

76

29 ی نیسانی 1925

... دوێنێ بەیانی لە کاتژمێر حەوتدا و پاش قاوەڵتیی بەیانی خاوەن شکۆ جەلالەتی مەلیك (کە بە عادەت بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستێ) و من و ئیلتید و کڵەیتن بە تەکسییەکی شەق و شڕ (باوەجوو زیاتر خەتای ڕێگەکە بوو) چووین بۆ خانەقین بە مەبەستی سەردانی پارچە مڵکێك لەوێ کە مەلیك بەنیازە خانووە بچکۆلەیەکی لە سەر دروست بکات. شوێنەکە زۆر جوان بوو و لە سەر گردێك و چوار میل لە رۆژئاوای خانەقینەوە بوو، جۆگە ئاو بە بنی گردەکەدا ڕێیدەکرد و دیمەنێکی دڵڕفێنی بەرزاییەکانی ئێران، کە زنجیرە بە دوای زنجیرە شاخدا درێژ بووبۆوە.
ئێمە لە ژێر خێوەتێکی کراوەدا دانیشتین، کە یەکێك لە بریکارەکانی خاوەن شکۆ تێیدا دەژیا و پیاوێکی خەڵکی سوریا بوو بە ناوی ئەحمەد مرێوید و پێموایە دانی بەوەدا ناوە کە پاسەوانێکی کوشتووە و پاش شوێنگۆڕکێیەکی زۆر لێرە گیرساوەتەوە و مەلیکیش دوور لە سوریا لێرە داڵدەی داوە. پاشان من و ئیلتید پیاسەیەکمان کرد و بۆ رۆژی دواتریش سەرلەبەیانییەکەی جەی. ئێم. ویڵسن گەیشت و هەموو دڵخۆش بووین کە لە گەرمای بەغدا رزگارمان بووە. بانگهێشتەکە لە ماڵەوە بوو بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ و مەلیك زۆر لە دۆخەکە رازی بوو وەك خانەخۆییەکی رووسوور و تا پەڕی ئەوپەڕ وێڵ و ماریفەتی نواند و من دواتر زانیم کە نەیانهێشتووە زەیا (خزمەتکارەکەی میس بێڵ و) پارەی تکتی قەتار بدات و هەمووی لە سەر خۆیان بووە. بۆ سبەی بەیانیی لە پاش قاوەڵتیی کردن گەشتێکمان بەو دەشت و مێرگە پڕ گوڵ و گوڵزارەدا کرد بۆ پردەکەی سەر ئەڵوەند، واتە رووباری خانەقین و لەوی بە قەراخ رووبارەکەدا هەر دەهاتین و دەچووین و مشتومڕمان بوو لە

سەر دروستکردنی ڕێگای سەرەکیی ناو مڵکەکە. لە پاش پەڕینەوە بەرەو ڕۆخی ئەوبەر جووتیارانمان دەبینی ڕاوەماسی دەکەن. لێرە لە چەمی دیالە "سیروان"دا ڕاوە بەرازێکی زۆر خۆشمان کرد، کەوا کوڕ و کاڵ و سەگەل شوێنیان کەوتبوون و پاشان مەلیکی خاوەن شکۆ بە تفەنگی پۆلیسێك تەقەی لێکرد.

... هێشتا سێر هێنری هەر خەریکی گەشت کردنە و هێشتا شێخ مەحموود هەر بێزارکەر و هۆکاری نائارامی و ناجێگیریی ئاسایشە، لە کاتێکدا کە وەزیرەکان هەر خەریکی ناکۆکیی ناوخۆیانن و پێموانیە ئەم وەزارەتە ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بێت لە حوکمدا.

## پێرست


| زنجیرە | بابەت و نامەکان | لاڵەڕە |
|---|---|---|
| | وتەیەك لە سەر ئەم کتێبە | 5 |
| | پێشەکی | 9 |
| 1 | 13ی کانوونی یەکەمی 1917 | 36 |
| 2 | 29ی کانوونی یەکەمی 1917 | 39 |
| 3 | 28ی حوزێرانی 1918 | 40 |
| 4 | 30ی ئابی 1918 | 41 |
| 5 | 31ی ئابی 1918 | 43 |
| 6 | 9ی مایسی 1920 | 44 |
| 7 | 2ی ئابی 1920 | 46 |
| 8 | 5ی ئەیلوولی 1920 | 47 |
| 9 | 5ی کانوونی یەکەمی 1920 | 52 |
| 10 | 12ی کانوونی یەکەمی 1920 | 55 |
| 11 | 22ی کانوونی دووەمی 1920 | 56 |
| 12 | 17ی شوباتی 1921 | 59 |
| 13 | 29ی ئەیلوولی 1921 | 63 |
| 14 | 5ی حوزێرانی 1921 | 67 |
| 15 | 14ی ئابی 1921 | 69 |
| 16 | 28ی ئابی 1921 | 73 |
| 17 | 17ی ئەیلوولی 1921 | 87 |
| 18 | 25ی ئەیلوولی 1921 | 92 |
| 19 | 17ی تشرینی یەکەمی 1921 | 94 |
| 20 | 24ی تشرینی یەکەمی 1921 | 99 |
| 21 | 27ی تشرینی یەکەمی 1921 | 105 |
| 22 | 9ی تشرینی دووەمی 1921 | 107 |
| 23 | 10ی تشرینی دووەمی 1921 | 130 |
| 24 | 11ی تشرینی دووەمی 1921 | 136 |
| 25 | 12ی تشرینی دووەمی 1921 | 139 |

26 13ی تشرینی دووەمی 1921 141
27 24ی تشرینی دووەمی 1921 151
28 4ی کانوونی یەکەمی 1921 153
29 5ی کانوونی یەکەمی 1921 159
30 17ی کانوونی یەکەمی 1921 162
31 20ی کانوونی یەکەمی 1921 169
32 19ی کانوونی دووەمی 1922 171
33 31ی کانوونی دووەمی 1922 173
34 26ی شوباتی 1922 174
35 22ی حوزەیرانی 1922 185
36 6ی تەمووزی 1922 186
37 16ی تەمووزی 1922 187
38 30ی تەمووزی 1922 197
39 8ی ئابی 1922 201
40 16ی ئابی 1922 203
41 18ی ئابی 1922 205
42 31ی ئابی 1922 206
43 8ی ئەیلوولی 1922 207
44 10ی ئەیلوولی 1922 211
45 14ی ئەیلوولی 1922 215
46 24ی ئەیلوولی 1922 217
47 28ی ئەیلوولی 1922 220
48 8ی تشرینی یەکەمی 1922 221
49 24ی تشرینی یەکەمی 1922 224
50 1ی تشرینی دووەمی 1922 227
51 2ی تشرینی دووەمی 1922 229
52 10ی تشرینی دووەمی 1922 230
53 19ی تشرینی دووەمی 1922 232
54 5ی کانوونی دووەمی1923 241
55 30ی کانوونی دووەمی 1923 243
56 1ی ئازاری 1923 245
57 12ی ئازاری 1923 247
58 12ی نیسانی 1923 248
59 9ی مایسی 1923 250
60 16ی تەمووزی 1923 253
61 29ی تشرینی دووەمی 1923 254
62 31ی کانوونی یەکەمی 1923 256
63 6ی شوباتی 1924 257
64 17ی نیسانی 1924 259

65 21ی نیسانی 1924 260
66 29ی نیسانی 1924 261
67 21ی مایسی 1924 262
68 28ی مایسی 1924 263
69 11ی حوزێرانی 1924 267
70 30ی تەمووزی 1924 269
71 30ی ئەیلوولی 1924 271
72 15ی تشرینی یەکەمی 1924 274
73 18ی شوباتی 1925 275
74 4ی ئازاری 1925 277
75 22ی نیسانی 1925 279
76 29ی نیسانی 1925 281

پێرست

بەرهەمە چاپکراوەکانی وەرگێڕ 283
287

بەرهەمە چاپکراوەکانی وەرگێڕ

1. جینۆساید لە عێراقدا .. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد.
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە (چاپی یەکەم 1999 بە ناوی خوازراوی سیامەندی موفتی زادەوە، 600 لاپەڕە ، ناوەندی چاپەمەنیی خاك سلێمانی. چاپی دووەم 2004 ، 460 لاپەڕە، خانەی وەرگێڕان سلێمانی). چاپی سێهەم 2013، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، 470 لاپەڕە.
چاپی فارسی (نسل کشی در عیراق، هجوم ڕنفال به کردها) لە دەقە کوردییەکەیەوە لە لایەن (رشید حیدری)یەوە وەرگێڕراوە، ساڵی 2014 ، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان چاپی کردووە، 500 لاپەڕە.
2. ڕۆمانی کیژی کاپیتان، نووسینی: ئەلێکساندەر پووشکین، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپی یەکەم، ساڵی 1999، 156 لاپەڕە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی. چاپی دووەم، ساڵی 2013، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، 261 لاپەڕە.
3. خوریی زێرین "ئەفسانەکانی گەلانی قەوقاز"
وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، ساڵی 2000 ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 260 لاپەڕە.
4. هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکۆریی کوردەواری "بەرگی یەکەم"
کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە، ساڵی 2000، وزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 442 لاپەڕە.
5. Kurdish Folktales، (چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی) کۆکردنەوە، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی پرۆفیسۆر ویلەر تاکستۆن Wheeler Thackston لە زانستگەی هارڤارد، ساڵی 1999، چاپی یەکەم، ئەمەریکا نیویۆرك دەزگای کتێبخانەی کوردی، 118 لاپەڕە. چاپی دووەم، ساڵی

2006، وەزارەتی رۆشنبیری  خانەی وەرگێران، سلێمانی، 139 لاپەڕە.
6. گۆرینی ڕژێم ، کۆمەڵە وتارێکی سیاسییە لە سەر عێراق ، نووسینی کریستۆفەر هیچنس، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە. ساڵی 2004، خانەی وەرگێران  سلیمانی، 192 لاپەڕە.
7. ڕێبەری یارمەتیدانی کەمینەی نەتەوەیی بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. ئامادە کرنی ئۆفیسی دەزگاکانی دیموکراتی و هەڵبژاردن، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، چاپکردنی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، ساڵی 2004، 122 لاپەڕە.
8. قبور غیر هادئە: البحپ عن المفقودین فی کردستان العراق / تقریر منقمە مراقبەحقوق الرنسان، الترجمە من الإنکلیزیە. الگبعە الرولی، دار الترجمە  السلیمانیە، 2004، 101 ێفحە. الگبعە الپانیە، مۆسسە جمال عرفان الپقافیە، السلیمانیە، 2013، 124 ێفحە.
9. دلیل لمساعدە الرقلیە القومیە للمساهمە فی العملیە الرنتخابیە. إعداد مکتب المۆسسات الدیقراگیە وحقوق الرنسان، الترجمە من الإنکلیزیە، من منشورات المعهد الکردی للإنتخابات، السلیمانیە، سنە 2004 ، 104 ێفحە.
10. رۆمانی دۆنی ئارام، نووسینی: میخائیل شۆلۆخۆڤ، وەرگێران لە عەرەبییەوە. خانەی وەرگێران ساڵی 2005، سلێمانی، 563 لاپەڕە.
11. ئەمەیە ئەمەریکا.. یادەوەریی کوردێك لە ئەمەریکادا، (یاداشت). دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، ساڵی 2005، 147 لاپەڕە.
12. میر ئیڤان و گورگە بۆر، (کۆمەڵێك ئەفسانە و چیرۆکی میلیی گەلان)، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی 2005، 164 لاپەڕە.
13. کارێکی ژەهراوی: ئەمەریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، نووسینی یووست هیڵتەرمان، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، ساڵی 2008، کۆمپانیای ئاوێنە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 437 لاپەڕە.
14. کەرکووك لە دوو راپۆرتی گرووپی قەیران نێودەوڵەتیدا، وەرگێران لە ئینگلیزی و عەرەبییەوە بە هاوکاریی لەگەڵ ئازا حەسیب قەرەداخی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ساڵی 2009، هەولێر، 208 لاپەڕە.
15. رێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی  خالیدی، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید، نووسینی کۆمەڵێك توێژەر، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، چاپکردنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ساڵی 2009، هەولێر، 468 لاپەڕە. چاپی دووەم، ساڵی 2014، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، 466 لاپەڕە.
16. گەلە بەشخوراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: دێڤید ئەندرۆس، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ساڵی 2009، سلێمانی، 164 لاپەڕە.
17. ڤاسیلیسای نازدار ، (چیرۆکی میلیی رووسی)، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە (بە هاوکاریی کانیی کچم و بە ناوی ئەویشەوەیە)، ساڵی 2006، وەزارەتی رۆشنبیری، خانەی وەرگێران، سلێمانی، 202 لاپەڕە.
18. شێخ مەحموود: سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی باشووری کوردی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، نووسینی وەدیع جوەیدە، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، (55 لاپەڕەیە لە کتێبی یادنامەی شێخ مەحموودی حەفید، لە بۆنەی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی شێخدا)، بنکەی ژین، سلێمانی، ساڵی 2006.
19. لە گاسنەوە بۆ کۆمپیوتەر (گۆران، رەفتاری بەکۆمەڵ، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی)، وەرگێران لە

ئینگلیزییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی 2010، کتێبی گیرفان، 116 لاپەڕە.
20. هژە هی ڕمریکا .. مژکرات وخواگر کوردی فی ڕمریکا، کتابە: محمد حمە ێالح توفیق، ترجمە: رحیم حمید عبدالکریم بالتعاون مع المؤلف، من منشورات الجمعیە الپقافیە فی کرکوك، 2013، 240 ێفحە.
21. ڕوجە الشبە بین جینوساید الکورد والهنود الحمر والهولوکوست النازی (بحپ مقدّم الی مؤتمر الجینوساید المنعقد فی ڕربیل 26 28 کانون الپانی 2008)، من منشورات مؤسسە مارکریت، 2013، السلیمانیە، 96 ێفحە.
22. الڕنفال .. الکورد ودولە العراق، تڕلیف: شورش حاجی رسول، الترجمە من الکوردیە: محمد حمە ێالح توفیق و حسن عبدالکریم و دلیر میرزا، دار الترجمە، 2005، السلیمانیە، 212 ێفحە.
23. پشیلە سپییە بچکۆلە (چیرۆکی منداڵان)، نووسینی: مابوا (چینی)، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، خانەی سمۆرە بۆ رۆشنبیریی منداڵان، ساڵی 2009، سلێمانی، 24 لاپەڕە.
24. میشکا و چێشتی سمۆلینا (چیرۆکی منداڵان)، نووسینی: نیکۆلای نۆسۆڤ (رووسی)، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، خانەی سمۆرە بۆ رۆشنبیریی منداڵان، ساڵی 2010، سلێمانی، 32 لاپەڕە.
25. A brief Study on: Anfal as Kurdish Genocide. Margaret Publication Center, Sulaimaniya, 2014.
ئەم باسە لە ئۆکتۆبەری 1913لە کۆرێکدا لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا و لە تەمووزی 2014 لە کۆنفرانسی لێکۆڵەرەوانی جینۆساید لە شاری وینیپیگی کەنەدا و لە مارتی 2015 دا لە بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی زانکۆی یاگیلۆنیا لە شاری کراکۆڤی پۆڵەندا پێشکەش کراوە.
26. کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، ساڵی 2016، سلێمانی، 340 لاپەڕە.